# پەروەر: بارزانی داوالێکردم ببمە وەزیری ڕۆشنبیریی



**ڕووداو-Taraf**

هونەرمەندی ناسراوی کورد، شڤان پەروەر ڕایگەیاند مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان جارێک داوای لێکردم ببمە وەزیری ڕۆشنبیریی، منیش پێمگوت "ئەو کارە بۆ من زەحمەتە، چونکە زمانی عەرەبی نازانم".

لەدیدارێکی درێژدا کە ڕۆژنامەی Tarafی تورکی لەگەڵی ئەنجامیداوە، شڤان پەروەر باس لەوە دەکات کە ئەو کاتەی قوتابی زانکۆ بووە لەئەنقەرە لەگەڵ یاساخ بوونی گۆرانی کوردی، کۆنسێرتی گۆرانی کوردی سازکردووە، دەڵێت "لە هەموو شوێنێک بەدوام دەگەڕان، بەڵام برادەرەکانم زۆر بەباشی منیان دەشاردەوە"، پەروەر لەگەڵ ئەوەی پشتگیری لەپرۆسەی کرانەوە بەرەو ڕووی کورد دەکات کە لەلایەن ئەردۆغانەوە هەنگاوی بۆ دەنرێت، لەهەمانکاتیشدا دەڵێت "هیچ گۆرانیبێژێکی تورک نەیوێراوە لەگەڵ من گۆرانی بڵێت و هەتا تورکیاش داوای لێبوردنم لێنەکات ناگەڕێمەوە"، هەروەها سەبارەت بە تاتلسیش دەڵێت "ئەو کەسێکە زۆر لەکوردایەتی دوورە".

10

# پیاوێک کچە 9 مانگیەکەی خۆی دەکوژێت

**ڕووداو-هەولێر**

دوای دەمەقاڵێ لەگەڵ ژنەکەی، پیاوێک گوللەیەک لەکچەکەی خۆی دەدات و بەو هۆیەوە گیان لەدەستدەدات، دراوسێیەکیان دەڵێت "ئەوەندەی بزانم ئەو بە ئەنقەست گوللەی لە کچەکەی داوە".

ڕۆژی 2009/9/3 لەگەڕەکی شۆڕشی هەولێر، فوئاد عوسمان، کە پیشەی یاریدەدەری پزیشکە، بە گوللەیەکی دەمانچەی تارق کۆتایی بەژیانی کچە تەمەن 9 مانگیەکەی خۆی دەهێنێت و لەئیفادەی پۆلیسیشدا دانی بە تاوانەکەیدا ناوە، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "فواد بە پێی مادەی 405ی یاسای سزادانی عێراقی دەستگیر کرا، بەڵام لەبەر نەبوونی سکاڵا، دوای 13 ڕۆژ بەبڕیاری دادوەر ئازاد دەکرێت"، لەلایەکی دیکەوە سەرۆکی داواکاری گشتی کوردستان، ئاماژەی بەوەکرد کە وردەکاری تەواوی کوشتنی لانە نازانن، بەڵام گوتی "بە نیازین بەدواداچوونی لەسەر بکەین".



تاوانبار: ف - ع - ط



12

# پێشەوای کۆمەڵ: وەفایەکی تەواومان هەیە بۆ ئێران



**ڕووداو-سلێمانی**

شێخ محەممەد بەرزنجی، پێشەوای کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان ڕەتیکردەوە ئەگەر بەشداری لە حکومەت بکەن لەژێر فشاری ئێران بێت، بەڵام گوتی: وەفایەکی تەواویان هەیە بەرانبەر بە ئێران.

بەرزنجی لە هەڤپەیڤینیکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "تا ئیستا بڕیاری کۆتاییمان نەداوە لە حکومەت بەشدار بین یان نا، بڕیاری بەشداریکردنمان داوەتە دەست شورای مەکتەبی سیاسی، ئەگەر شوراش قبوڵی کرد دەبێ راوێژو راپرسی بەنێو ئۆرگانەکانی کۆمەڵی ئیسلامیدا بکات".

9


ڕووداو Rûdaw

ژمارە (79)

دووشەممە 2009/9/28

6ی ڕەزبەر 2709

(750) دینار

چاپی کوردستان

www.rudaw.net

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت


# موعین شەڕی تارانی گەیاندە هەولێر...

15





زیاتر لە 10 هەزار کەس بەشداری کۆنسێرتی هونەرمەندی ناسراوی ئێرانی موعین ئەسفەهانی و هونەرمەندی کورد جەمشید بوون لە ڕۆژی 9/24 لە یاریگای نێودەوڵەتی هەولێر (فۆتۆ:ڕووداو)

عەبدولڕەحمان سدیق دوای وازهێنانی لە یەکگرتوو:

# نابمە نەوشیروانی یەکگرتوو



**تایبەت بە ڕووداو**

عەبدولڕەحمان سدیق، ئەندامی شورای یەکگرتووی ئیسلامی دوای دەست لەکارکێشانەوەی لە یەکگرتووی ئیسلامی ڕایگەیاند ئەو وەکو نەوشیروان مستەفا نابێت "ڕەنگە سەرەتاکەمان لە یەکتر بچێ، بەڵام کۆتاییەکەمان وەکو یەک نابێت".

عەبدولڕەحمان سدیق کە ڕۆژی 2009/9/9 نامەی دەست لەکارکێشانەوەکەی ئاراستەی سەرۆکی شووراو ئەمیندارو مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو کردووە. هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەکەی بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوەو گوتی "دەست لەکارکێشانەوەی من پەیوەندی بە مەسەلەیەکی فکری قووڵەوە هەیە ئەویش بریتییە لە بەحیزبیکردنی دین، ڕەنگە ئەمە بۆ سەردەمێک سوودی هەبووبێ، بەڵام ئێستا ئەو سەردەمە بەسەر چووە".

بەڵام مەولود باوە موراد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو بێ ئاگایی خۆی لەدەست لەکارکێشانەوەکەی عەبدولڕەحمان سدیق نیشانداو ڕایگەیاند "ئەو دەمێکە وازی لە بەرپرسیارێتی لەنێو یەکگرتوو هێناوە، بەڵام وازی لە یەکگرتوو نەهێناوە".

عەبدولڕەحمان سدیق، کە بەر لەوەی وازبهێنێ ئەندامی شوورای یەکگرتووی ئیسلامی بووە، ماوەی دوو ساڵە ڕەخنە لەسیستمی کارکردنی حیزبە ئیسلامییەکان دەگرێ. ساڵی ڕابردووش دەزگەی توێژینەوەی "پرد"ی دامەزراندووە و بڕیاریشداوە لەمەودوا خۆی بۆ کاری ئەو دەزگەیە تەرخانبکات.

گومان دەکرێ هەمان ئەو سیناریۆیەی لەنێو یەکێتی لەسەر دەستی نەوشیروان لەنێو یەکگرتووش لەسەر دەستی عەبدولڕەحمان سدیق ڕوویدات، بە تایبەتی ئێستا دەنگۆی سەرهەڵدانی ڕەوتی گەشە هەیە لەنێو یەکگرتوو. بەڵام عەبدولڕەحمان سدیق گوتی "ڕەنگە سەرەتاکەمان لەگەڵ نەوشیروان یەکتر بچێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە کۆتاییەکەمان وەکو یەک نابێ، چونکە من ئەگەر مەبەستم چاکسازی بووایە لە یەکگرتوو، لەنێو یەکگرتوودا دەمامەوە".

مەولود باوە موراد ئەندامی م.س یەکگرتووبەدووری زانی عەبدولڕەحمان سدیق هەمان مەبەستی نەوشیرانی هەبێ"چونکە کاک عەبدولڕەحمان لەنێو یەکگرتوو کێشەی بەرپرسیارێتی و پۆستی نەبووە، تا بڵێین لەبەر ئەوە وازی هێناوە".

4

# لەنێوخۆی یەکێتی دژایەتی بەرهەم ساڵح دەکرێ



**ڕووداو- سلێمانی**

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ حکومەتی د. بەرهەم لە هەلومەرجێکی زۆر دژواردا کاردەکات وئەندام پەرلەمانێکی یەکگرتووش دەڵێ لە ناوخۆی یەکێتی دژایەتی بەرهەم ساڵح دەکرێت.

فەرید ئەسەسەرد ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕایگەیاند لەمەولا یاساکان لە پەرلەمان زۆر بەدژواری دەردەچن و حکومەت لە دوو لاوە سانسۆری لەسەر دەبێت، لەنێو پەرلەمان و لەدەرەوەی پەرلەمان " ئیتر وەزیرەکان بانگ دەکرێن بۆ پەرلەمان و لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت، حیزبەکان لە دەرەوە بەبەردەوامی ڕەخنە لەحکومەت دەگرن و لەمیدیاکانی خۆیانەوە زەقی دەکەنەوە، بۆیە حکومەتی د. بەرهەم لە هەلومەرجێکی زۆر دژواردا کاردەکات".

شێخ جەعفەر مستەفا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و وەزیری پێشمەرگە، کەوابڕیارە یەکێک بێت لەووەزیرانەی لەکابینەی شەشەمیشدا دەمێننەوە، گوتی "هەموومان لە کۆمیتەی سەرکردایەتی بەڵێنمان بە د. بەرهەم داوە کە هاوکاری بین". گوتیشی "د.بەرهەم ئەو بەرنامەیەی جیاکردنەوەی حیزب لەحکومەت جێبەجێ دەکات کە مام جەلال ساڵێک لەمەوبەر ڕایگەیاندو پارتیش پێی ڕازیبووە". بەڵام ڕەفعەت عەبدولڕەحمان، پەرلەمانتاری پێشووی لیستی سەوز دەڵێ "بەداخەوە ململانێکانی نێو سەرکردایەتی یەکێتی بەردەوامن و ئەوەش زۆر دەدرێتەوە بەگوێی د.بەرهەمدا کە پێشمەرگایەتی نەکردووە و لەشاخ نەبووە، بەڵکو لە ئەورووپا بووە". گوتیشی "تەنانەت پێیدەڵێن بیتاقەی بۆ دەرچووە وا لە پڕ دروست دەبێت".

د.محەممەد ئەحمەد، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق ئەگەرچی بەرهەم ساڵح بە کەسێکی تەکنۆکرات و بەتوانا ناودەبات، بەڵام هاوبۆچوونە لەگەڵ ڕەفعەت عەبدولڕەحمان لەوەی لەنێو یەکێتی دژایەتی بەرهەم دەکرێت " بەداخەوە لەنێو حیزبەکەی خۆیەوە گرفتی بۆ دروستدەکرێت". گوتیشی " لەنێو یەکێتی پێوەری پێشمەرگایەتی زۆر بەکاردەهێنرێت بۆ وەرگرتنی پۆست، ئاخر پۆستی حکومی چ پێویستی بەپێشمەرگایەتییە"

3

# حکومەتی هەرێمی کوردستان 20 %ی هەیە لە هەموو گرێبەستە نەوتییەکاندا

**ڕووداو-هەولێر**

بەرپرسێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە بڵاوکردنەوەی هەواڵی کڕینی پشکەکانی کۆمپانیای نەوتیی نۆروێژی DNO لەلایەن ئاشتی هەورامی وەزیری سەرچاوە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان ئامانجێکی سیاسی لە پشت بێت.

کاروان جەمال تاهیر، جێگری بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" گومان دەکرێ وروژاندنی ئەو باسە ئامانجێکی سیاسیی لەپشتەوەبێ و مەبەست لێی گومان دروستکردنە لەسەر سیاسەتی نەوتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان".

کاروان جەمال تاهیر، کە تا چەند مانگێک بەر لە ئێستا ڕاوێژکاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بوو، بەوهۆیەشەوە ئاگاداری گرێبەستە نەوتییەکانی نێوان حکومەت و ئەو کۆمپانیا نەوتییانەیە کە لە کوردستان کار دەکەن. سەرچاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێن ئەو زانیارییانەی بۆرسەی نۆروێژیOslo Bors دەربارەی پشکەکانی حکومەتی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا نۆروێژییەکەدا بڵاویکردوونەتەوە شتی تازە نین.

کاروان جەمال تاهیر، جەخت لە سەر ئەوە دەکات کە پێشتر لە کتێبی ساڵانەی نەوت و گازی هەرێمی کوردستاندا بەڕوونی بڕ و جۆری پشکەکان لە گرێبەستە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاوکراونەتەوە، کە ئەو کتێبەش لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا بڵاوکراوەتەوەو هەر کەسێک بیەوێ دەتوانێ بەدەستی بخات " هەموو ئەو کۆمپانیایانەی لێرە کار دەکەن ئاسانکارییان بۆ دەکەین بەپێی یاسا، مەبەست لەمەش هاندانی وەبەرهێنانە لە کوردستاندا".

ئەو بەرپرسەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیشی بۆ (ڕووداو) ئاشکراکرد کە لە هەموو ئەو گرێبەستانەی کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لەگەڵ کۆمپانیاکان ئیمزای کردوون، حکومەت خاوەنی ڕێژەی 20%ی ئەو پشکەیە کە بەر کۆمپانیاکان دەکەوێت لەو گرێبەستانەدا.

4

# دیارنییە جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ پارتی دەبێ یان یەکێتی

**ڕووداو-بەغدا**

مانگێک زیاترە بەرهەم ئەحمەد ساڵح بە مەبەستی پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەتی کوردستان دەست لەکارکێشانەوەی خۆی وەک جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق پێشکەش بە نووری مالیکی کردووە، بەڵام بەهۆی ڕێکنەکەوتنی پارتی و یەکێتی تا ئێستا شوێنەکەی بە بەتاڵی ماوەتەوە.

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ پارتی فازڵ میرانی بۆ ئەو پۆستە دەستنیشانکردووە و یەکێتیش د.فوئاد مەعسوم، لە کاتێکدا بەپێی ڕێککەوتنی نێوانیان ئەو پۆستە مافی یەکێتییە. سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش لە ڕاگەیەنراوێکدا ڕایگەیاند دەستنیشانکردنی کەسێک بۆ ئەو پۆستە لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندایە".

فریاد ڕواندزی، وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە لێدوانێکی بۆ (ڕووداو) ڕەتیکردەوە کەس بۆ ئەو پۆستە دەستنیشانکرابێ وگوتی "پڕکردنەوەی ئەوپۆستە بە ڕێکەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی یەکلاییدەکرێتەوە و سەرۆکایەتی هەرێمیش کەسێک بۆ ئەو پۆستە دەسنیشاندەکات".

ئازاد چالاک، پەرلەمانتار لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، بۆچوونی وایە پارتی و یەکێتی کێشەیان هەیە لەسەر شوێنی بەرهەم ساڵح و ئەو پۆستەش بە مافی یەکێتی دەزانێ، بەڵام گوتی "لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هاوکێشەکان گۆڕان، لیستی گۆڕان هاتە مەیدانەکە 25 کورسی هێنا، بۆیە پارتی لەبەرامبەر ئەو دەنگهێنانەی لیستی گۆڕان خۆی بە مەزڵوم دەزانێ و لەو ڕێگەیەوە فشار بخاتە سەر یەکێتی و ئەو پۆستەی لێوەربگرێ".

ئازاد چالاک ئەو پۆستەی بە پۆستێکی گرنگ وەسفکردو گوتی ناکرێ هەروا بە بەتاڵی بمێنێتەوە، بەڵام فریاد ڕواندزی، وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان گوتی "ئەو پۆستە پۆستێکی ئەوەندە گرنگ نییە، میدیای کوردی ئەوەندەخۆی پێوە سەرقاڵکردووە".

مالپەڕێکی حکومەتی ئێران:

# دەزگای زانیاری یەکێتی لەپشت تیرۆرکردنی مەلایانی سنەیە

**تایبەت بەڕووداو**

ماڵپەڕێکی حکومەتی ئێران، دەزگای زانیاری یەکێتی بەوە تۆمەتبار دەکات کە لە پشت تیرۆرکردنی 6 کاربەدەستی ئێرانی شاری سنەیە، کە دووانیان مەلان و کوردن. یەکێتیش ئەو تۆمەتە ڕەتدەکاتەوە.

شەوی 2009/9/12 مەلا بورهان عالی پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی بەهاران لە شاری سنە لەکاتی گەڕانەوەی لە مزگەوت تیرۆر کرا، جگە لەویش دوو دادوەرو مەلا محەممەد شێخولئیسلام هەر لەو ماوەیەدا تیرۆر کراون. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش "ئۆپۆزسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات، حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێکخراوی ئەلقاعیدە، لایەنگرانی وەهابیزم، دەزگای موسادی ئیسرائیل" بە بکەرانی ئەوتیرۆرانە دەزانن. لەلایەکی دیکەوە بەپێی هەواڵی ئاژانسی فارس نیوز چەند کەسێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تۆمەتی تیرۆرکردنی ئەو کەسانە دەستگیر کراون.

ناوەندی هەواڵنێری مەجمەعی ئەهلی بەیت کە ماڵپەڕێکی سەر بە حکومەتی ئێرانە بڵاوی کردووەتەوە ئەوانەی تیرۆرکراون لەگەڵ کۆمەڵە (کە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانە) دژایەتی بنەڕەتیان هەبووە. کۆمەڵە لە ترسی ڕادەستکردنەوەیان بە ئێران زانیاری هەڵەیان داوەتە کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان و ئەو کەسانەیان بە نەیاری هەرێمی کوردستان وەسف کردووە.



حاکم قادر

ماڵپەڕەکە نووسیوویەتی مەلا مستەفا شێرزاد، پێشنوێژ و وتار خوێنی مزگەوتی مەریوان، ماوەیەک لەمەوبەر "دەزگای زانیاری کوردستانی عێراق و مام جەلالی بەوە تاوانبار کرد، کە لەڕێگای تیرۆریستەکانی کۆمەڵەوە، کوڕی ناوبراویان کوشتووە".

حاکم قادر حەمەجان، بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی (سلێمانی) زۆر بەتوندی هەواڵەکەی ڕەتکردەوەو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دەزگای زانیاری لەو جۆرە کارانە دوورەو بەپێچەوانەوە دژی هەموو کارێکی تیرۆستییە و هەموو کارێکی تیرۆستی مەحکوم دەکات، بە تایبەت لە ئێران کە دەوڵەتێکی دۆست و هاوسۆز بووە لەگەڵ کورد".

5

## ڕاپۆرتە هەواڵ

### ئەڵمانیەکان لە هەولێریش دەنگیاندا



ڕووداو- هەولێر

کونسوڵی گشتی حکومەتی ئەڵمانیا لە هەولێر ئۆلیڤەر شناکنبێرگ لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەڵمانیا کە دوێنێ بەڕێوەچوون هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆ لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەڵمانیاو هەرێمی کوردستان ناکات. دوێنێ لە شارۆچکەی عەنکاوەی سەر بە هەولێر ژمارەیەک هاووڵاتی ئەڵمانیا کە نیشتەجێی کوردستانن بەشداری پرۆسەکەیان کردو دەنگیاندا. پێشبینی دەکرێ ڕاوێژکاری ئێستای ئەڵمانیا ئەنگێلامێرکل هەڵبژاردنەکە لە ڕکابەری وەزیری دەرەوە شتاینمایەر بباتەوەو بۆ جاری دووەم بە ڕاوێژکار هەڵبژێردرێتەوە.

# تا زستان 24 کاژێر کارەبا دەبێت

## ڕاوێژکاری وەزارەتی کارەبا: تا ئێستا هیچ بەرنامەیەک نییە بۆ هەڵگرتنەوەی مۆلیدە ئەهلییەکان



وێستگەی کارەبای هەولێر

**ڕووداو-هەولێر**

ڕاوێژکاری وەزارەتی کارەبا ڕایگەیاند ئەگەر هاووڵاتییان هاوکارییان بکەن دەتوانن لە وەرزی زستان 24 کاژێر کارەبا بدەنە هاووڵاتییان و ڕاشیگەیاند لە ئایندەدا کوردستان دەبێتە خاوەنی 3000 مێگاوات کارەبا.

لە ڕۆژانی جەژنی ڕەمەزانەوە بەشە کارەبای هاووڵاتییان بە بەردەوامی 24 کاژێر هەیە. دڵشاد شاکر ڕاوێژکاری وەزارەتی کارەبا ڕایگەیاند ئەو بەرنامەیە لە ڕۆژانی جەژنی ڕەمەزاندا پەیڕەو کراوەو بەردەوام دەبێت تا هاتنی وەرزی زستان، بەڵام لە وەرزی زستان بڕەکە کەمدەبێتەوە.

ناوبراو هۆکاری ئەو زیادبوونەشی بۆ دوو هۆکار گەڕاندەوە ئەویش بەکارنەهێنانی ئامێری ساردکەرەوە لەلایەن هاووڵاتییان بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا، هەروەها وێستگەکانیش بەهۆی دابەزینی پلەی گەرما دەتوانن کارەبای پتر بدەن. ڕاوێژکاری وەزارەتی کارەبا ڕایگەیاند ئەوان دەتوانن لەسەر ئەو بەرنامەیە بەردەوام بن ئەگەر هاووڵاتییان کارەبای زیاد لە پێویست بەکارنەهێنن "ئەو بەرنامەیە بەردەوام دەبێت تاوەکو هاتنی وەرزی سەرما، بەڵام ئەوکات ناچارین کەمی بکەینەوە، چونکە هاووڵاتییان ئەوکات ئامێری گەرمکەرەوە بەکاردەهێنن".

دڵشاد شاکر گوتیشی "لە وەرزی زستان بڕی 1000 مێگاوات کارەبای خۆماڵیمان دەبێ، جگە لەو بڕە کارەبایەی لە ڕێگەی تۆڕی نیشتمانییەوە دەگاتە کوردستان، بەمەش دەتوانین لە وەرزی زستان 20 کاژێر کارەبا بدەین".

لە چەند ساڵی ڕابردوو کوردستان بە قەیرانێکی سەختی بێ کارەبایی تێپەڕی، بەڵام دواتر بە کۆششی حکومەت و کەرتی تایبەت توانرا قەیرانەکە بەرەو چارەسەری ببرێ، ئێستا کوردستان خاوەن چەند وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبایە لەوانەش وێستگەی 450 مێگاواتی هەولێر، کە ئێستا تەواو بووەو لە کارکردندایە، هەروەها وێستگەی 750 مێگاواتی چەمچەماڵ کە ئێستا یەکەیەکی تەواو بووەو یەکەیەکی دیکەشی لە کۆتایی ئەمساڵ تەواو دەبێ، وێستگەی کارەبای دهۆکیش لە بەهاری داهاتوو تەواو دەبێت، هەرچی وێستگەی کارەبای خەباتیشە کە ماوەیەک بەر لە ئێستا بەردی بناخەی دانرا لە ساڵی 2013 بەشی یەکەمی کە 300 مێگاواتە تەواو دەبێت.

هەروەها بەشێک لە کارەبای کوردستان لەلایەن تورکیا و ئێران دابیندەکرێ لەوانەش کارەبای پارێزگای دهۆک لە تورکیا دەکڕدرێت و هەروەها کارەبا حاجی ئۆمەران و پێنجوێنیش لە ئێرانەوە دەکڕدرێ. دڵشاد شاکر گوتی "بەتەواو بوونی سەرجەم وێستگەکان، کوردستان دەبێتە خاوەنی 3 هەزار مێگاوات کارەبا".

سەرەڕای باشبوونی بارودۆخی کارەبا و گەیشتنی کارەبای زیاتر بە هاووڵاتیان، بەڵام تا ئێستا مۆلیدە ئەهلییەکان هەڵنەگیراون و مانگانەش وەکو جارانی پێشوو پارە لە هاووڵاتییان وەردەگرن، سەبارەت بە هەڵگرتنەوەی مۆلیدە ئەهلییەکان، ڕاوێژکاری وەزارەتی کارەبا گوتی "تا ئێستا هیچ بەرنامەیەک نییە بۆ هەڵگرتنەوەی مۆلیدە ئەهلییەکان".

سەبارەت بەنرخی کارەباش دڵشاد شاکر گوتی "لەسەرەتای ساڵی 2009 نرخی کارەبامان زیاد کردووە، ئێستا لێژنەیەک دانراوە بۆ پێداچوونەوە بە نرخی کارەبا بۆ ساڵی ئایندە".

# پەرلەمانتارێکی کوردستان نیوەی مووچەی خۆی دەبەخشێت

## پەرلەمانتار سالار مەحموود:
## بەپێی پێویستی درێژە بەو کارە دەدەم و هەوڵدەدەم مانگانە نیوەی مووچەکەم ببەخشم



سالار مەحموود

**ڕووداو-هەولێر**

پەرلەمانتارێکی لیستی کوردستانی لە پەرلەمانی کوردستان نیوەی یەکەمین مووچەی خۆی، کە 3 ملیۆن و 500 هەزار دینار بوو بەخشییە 50 خێزانی کەم دەرامەتی دانیشتووی قەزای کەلارو ناحیەی ڕزگاری و بڕیاریشیداوە مانگانە لەسەر ئەو کارە خێرخوازییەی بەردەوام بێت.

سالار مەحموود، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئەو کارەی ئەنجامیداوە وەکو ئەرکێکی سەرشانی خۆی زانیوەو گوتی "پێشتر لە گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەوانی ڕامگەیاندبوو کە مانگانە بەشێک لەو مووچەیەی لە پەرلەمانی کوردستان وەریدەگرم بیدەمە کەسانی پێویست و هەر کە یەکەم مووچەشم وەرگرت نیوەی مووچەکەم دایە ئەو کەسانەی کە پێویستن".

ناوبراو گوتی "وام هەست دەکرد ئەو مووچەیەی وەریدەگرم لە بەشی پێداویستییەکانی خۆم پترە، بۆیە بەر لە جەژن داوام لە برادەرانم کرد، لە کەلارو ڕزگاری لیستێکم لە ناوی ئەو کەسانە بۆ ئامادە بکەن، کە پێویستن بۆ ئەوەی هاوکاریان بکەم، دوای ئەوەی لیستەکەم بەدەست گەیشت نیوەی مووچەکەم تەرخانکرد بۆ هاوکاری ئەو کەسانە و یارمەتییەکەشم دایە 30 خێزان لە ڕزگاری و 20 خێزانیش لە کەلار". ئەو پەرلەمانتارە گوتیشی "ئەو پارەی داومەتە ئەو خێزانانە بەنێوی هەژارییەوە نییە، ئەوانە کەسانی دەوڵەمەندن لەڕووی فیکرو بیرکردنەوەو ڕۆشنبیری، بەڵام لە لایەنی ماددیەوە پێویستیان بەهاوکارییە". هەروەها گوتی "بەپێی پێویستی درێژە بەو کارە دەدەم و هەوڵدەدەم مانگانە نیوەی مووچەکەم بدەمە ئەو جۆرە کەسانە".

ئەو پەرلەمانتارە جگە لەوەی بڕیاریداوە مانگانە بڕێک لە پارەکەی تەرخانبکات بۆ ئەو کەسانەی پێویستن، لە هەمانکاتدا بڕیاریداوە مانگانە لەسەر ئەرکی خۆی کتێبێک بۆ ئەو گەنجە بەهرەمەندانە چاپ بکات، کە لەبەر خراپی باری ئابووری بەرهەمەکانیان ڕووناکی چاپ نابینن. گوتیشی "ئەو مانگە بەو پارەیەی وەرمگرت کتێبێکم بۆ ژنە شەهیدێک بە چاپ گەیاند و هەموو مانگێکیش کتێبێک بۆ ئەو بەهرەمەندانەی گەرمیان چاپ دەکەم کە توانای چاپکردنی بەرهەمەکانیان نییە".

سالار مەحموود ئاشکرایکرد لەنێو لیستی کوردستانیدا لە پەرلەمانی کوردستان پێشنیازێک هەیە بۆ دانانی سندوقێکی خێرخوازی بۆ ئەو کەسانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتن و هەوڵدەدەین لیستەکانی دیکەش بەشداری لەو سندوقە بکەن.

بەڵام ئەو پێشنیازی کرد چەند پرۆژەیەکی دیارو بەرچاو لەسەر حیسابی خودی پەرلەمانتاران لە شارەکانی کوردستان بە ئیدارەی گەرمیانیشەوە ئەنجامبدرێت و لەسەریشی بنووسرێت پرۆژەکە لەسەر حیسابی پەرلەمانتارانی خوولی سێیەم ئەنجامدراوە. گوتیشی "ئەو پێشنیازەم لەلای چەند پەرلەمانتارێک باسکردووەو پشتگیریان کردووە".

لە خوولی ڕابردووی پەرلەمانیش، پەرلەمانتار ئارێز عەبدوڵڵا لە فراکسیۆنی سەوز لەسەر ئەرکی خۆی قوتابخانەیەکی لە یەکێک لە گوندەکانی کوردستان دروستکرد.

## حاکم قادر داوا لەفوئاد ساڵح دەکات خۆی تەسلیمی دادگا بکات

# بۆ دانانی قایمقامێکی نوێ بۆ هەڵەبجە ڕای جیاواز لەنێو یەکێتی هەیە

**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو – سلێمانی**

هەتائێستا قایمقامە هەڵاتووەکەی هەڵەبجە دەستگیر نەکراوەو بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی (سلێمانی)یش داوای لێدەکات بەر لەوەی دەستگیربکرێت خۆی ڕادەستی حکومەتی هەرێم و دادگا بکات، بەهۆی ڕای جیاوازیش لەنێوان مەکتەبی سیاسی و مەڵبەندی هەڵەبجەدا، تائێستاش یەکێتی نەیتوانیوە کەسێک لەجێگەی فوئاد ساڵح دابنێت.

ڕۆژی 2009/8/28 هێزەکانی ئاسایش بەمەبەستی دەستگیرکردنی فوئاد ساڵح، قایمقامی هەڵەبجەی شەهید، بەتۆمەتی خواردنی پارەی پرۆژەکانی وشکەساڵی ئەو شارە، چوونە نێو بارەگای قایمقامیەتی هەڵەبجەو بەهۆی هەڵهاتنی ناوبراو نەیانتوانی دەستگیری بکەن. لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو)حاکم قادر، بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی (سلێمانی)ڕایگەیاند هەتا ئێستاش هێزەکانی ئاسایش لەهەوڵی دەستگیرکردنیدان و گوتیشی "داوا لەفوئاد ساڵح دەکەم خۆی تەسلیمی دادگا بکات، بەرلەوەی دەستگیر بکرێت".

هەتاوەکو ئێستا (شاهۆ عوسمان) بەڕێوەبەری ناحیەی سیروان، بەوەکالەت ئیشوکارەکانی قایمقامیەتی هەڵەبجە بەڕێوەدەبات و کەسێک لەجێگەی دیاری نەکراوە. سەرچاوەیەکی ئیداری لەهەڵەبجەی شەهیدەوە بە (ڕووداو)ی گوت "لەنێوان مەڵبەندی هەڵەبجەو مەکتەبی سیاسیدا ڕای جیاواز بۆ دانانی کەسێک هەیە لەشوێنی فوئاد ساڵح". ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "مەڵبەند دوو کاندیدیان هەیە بەناوی وریا حاجی فەرەج و عەلی فریشتە و مەکتەبی سیاسیش هەیئەتێکی دروست کردووە، کەهەیئەتەکە لەحامیدی حاجی غالی و جەمیل هەورامی پێکهاتووەو ئەو هەیئەتە پێیان باشە مامۆستا ئەرکانی قایمقامی سەیدسادق بگێڕنەوە بۆ هەڵەبجە".

حەمەی حەمە سەعید، بەرپرسی مەڵبەندی هەڵەبجەی یەکێتی ڕەتیکردەوە ئەوان دەست وەربدەنە ئەو کارەوەو گوتی "ئەوە کاری حکومەتەو ئێمە هیچ تەدەخولی ناکەین". بەرپرسی مەڵبەند هەڵەبجە ئەوەشی گوت" ئەوە بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ دەمێنێتەوەو ئەوکات حکومەت خۆی کەسێک دیاری دەکات". حەمەی حەمە سەعید پێیوایە مانەوەی جێگەی قایمقامی هەڵەبجە بەبۆشی زیان لەهەڵەبجە دەدات و گوتی "دەکرێت لەشوێنێکی تر بۆشایی ئیداری هەبێت، بەڵام ناکرێت لەهەڵەبجە ئەوە ببێت، چونکە هەڵەبجە شوێنێکی تایبەتی و گرنگە لەکوردستان".

لەلایەکی ترەوە، جەلالی شێخ کەریم، بریکاری وەزیری ناوخۆ دانانی قایمقامێکی نوێ بۆ هەڵەبجە بەکاری پارێزگاری سلێمانی دەزانێ و دەڵێ "بڕۆن لەپارێزگاری سلێمانی بپرسن چارەسەریان چییە بۆ ئەو پۆستە ئیدارییەی هەڵەبجە". جەلالی شێخ کەریم گوتیشی "قایمقامیەت پەیوەندی بەپارێزگاری سلێمانی و ئەنجومەنی پارێزگاوە هەیەو لەڕووی ئیدارییەوە ئیشی ئەوانە".



فوئاد ساڵح، قایمقامی شوێنبزری هەڵەبجە

فوئاد ساڵح، وەک لەو تۆمەتانەی کەساخ کراوەتەوە بەسەریدا بڕی زیاتر لە100ملیۆن دیناری پرۆژەکانی شاری هەڵەبجەی خواردووەو جگەلەوەی کەبۆخۆی هەڵاتووە، تائێستا پارەکانیش نادیارن. بریکاری وەزیری ناوخۆ دەڵێ، پێویستە ئەوپارەیە بگەڕێنرێتەوە بۆ هەڵەبجە و دادگا ئەو پارەیە دەگێڕێتەوە.

# عەرەب بە لێشاو ڕوو لە کوردستان دەکەن

## 60هەزار گەشتیاری عەرەب لە ڕۆژانی جەژن هاتوونەتە کوردستان




**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی پەرەپێدانی ناوچە گەشتیارەکان و ئاسانکاری بۆ گەشتیاران، ڕۆژ بەڕۆژ ڕێژەی هاتنی گەشتیارانی عەرەب لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق بۆ کوردستان لە هەڵکشاندایە. بەرپرسانی وەزارەتی گەشتوگوزاریش دەڵێن ئەمساڵ بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو ڕێژەی هاتنی گەشتیاران بۆ کوردستان 126% زیادی کردووە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بازگەکانی هەرێمی کوردستان کە وێنەیەکی دراوەتە (ڕووداو) لە ماوەی ڕۆژانی جەژنی ڕەمەزانی ئەمساڵ پتر لە 60 هەزار گەشتیاری عەرەب ڕوویان لە کوردستان کردووە. هەروەها بەپێی زانیاری (ڕووداو) زۆربەی گەشتیاران لە ناوچە گەشتیارییەکان بەتایبەت لە شەقڵاوەو هەولێر بەهۆی دەستنەکەوتنی ئوتێل، لەنێو مزگەوت، قوتابخانە، باخچە و سەر شەقامەکان خەوتوون.

خالد ئیدریس، کە شوفێری پاسە لە کۆمپانیای گەشتیاری عەقەبە و گەشتیاران لە شارەکانی عێراق دەگوازێتەوە بۆ کوردستان دەڵێت "بەهۆی سروشتی جوانی کوردستان و ئاسانکاری بۆ گەشتیاران و هەرزانی گەشت بۆ کوردستان زۆربەی گەشتیاران داوای گەشتی کوردستان دەکەن"، گوتیشی "ئێستا زۆربەی گەشتەکانی کۆمپانیا گەشتیارییەکانی عێراق بۆ کوردستانە".

ئەحمەد محەممەد،27ساڵ، کە دانیشتووی شاری بەغدایە، لەگەڵ هاوڕێکانی سێ ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانیان لەشاری هەولێر بە ڕێ کرد، لەو ماوەیە زۆربەی ناوچە گەشتیارییەکانی هەولێریان بەسەر کردووەتەوە، ئەو گوتی"هەرگیز نەمدەزانی کوردستان وا ئارامەو ناوچە گەشتیارییەکانی وا ڕازاوەن، بۆیە بڕیارمانداوە ئەمجارە لە جیاتی سووریاو لوبنان بێینە کوردستان".

زۆربەی گەشتیارە عەرەبەکان بۆ ڕزگار بوون لە کەشوهەوای ماتەمباری عێراق لە ڕۆژانی جەژن ڕوویان لە کوردستان کردو ڕژانە نێو بازاڕەکان، زۆربەی گەشتیارەکان بەو جلانەوە دەسوڕانەوە کە پۆشینیان لە بەغدا و شارەکانی دیکە قەدەخەیە .نادیە عەلی، 22 ساڵ، گەشتیارێکی دیکەی عەرەبە لە ڕێگەی نووسینگەیەکی گەشتیاری لە پارێزگای بەسرەوە لەگەڵ خێزانەکەی بۆ گەشت لەڕۆژانی جەژن ڕوویان لەشاری هەولێر کردبوو، گوتی"سێ ڕۆژە لەکوردستانین، زۆربەی ناوچە گەشتیاریەکان، پارکەکان، شاری یاری، ڕێستۆرانت و سوپەرمارکێتەکان گەڕاوین"، ئەو کچە گوتیشی "شاری هەولێر زۆر خۆش و دڵرفێنە، شایستەی ئەوەیە بە دوبەی عێراق بانگ بکرێت". ئەو زۆر ڕازی بوو لە هەڵسوکەوتی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە گەشتیاران "ئەو چەند ڕۆژەی لێرەین هەستمان بە غەریبی نەکردووە".

ئومێد کەیفی، بەڕێوەبەری کاروباری گەشتیاری لەوەزارەتی گەشتوگوزار ڕایگەیاند کە وەزارەتەکەیان بۆ پتر سەرنجڕاکێشانی گەشتیاران بەردەوام لە هەوڵی گەشەپێدان و فراوانکردنی ناوچە گەشتیاریەکاندایە، بەتایبەتی ئاسانکاری بۆ ئەو کەسانەی لە بواری گەشتیاری کاری وەبەرهێنان دەکەن. ئومێد گوتی "هەر سەرمایەدارێک بیەوێت پرۆژەی گەشتیاری ئەنجام بدا، ئامادەین بە نرخێکی زۆر هەرزان زەوی پێبدەین لەناوچە گەشتیارییەکان".

> **بڕیارمانداوە ئەمجارە لە جیاتی سووریاو لوبنان بێینە کوردستان**
>
> گەشتیارێکی عەرەب

ئومێد ئاماژەی بەوەشدا کە لە ڕۆژانی جەژندا گرنگییەکی زۆریان بە ناوچە گەشتیارییەکانداوەو لە زۆربەی ناوچەکان لێژنەی پێشوازی لەگەشتیارانیان پێکهێناوە، جگە لەوەش چاودێری پاکڕاگرتنی هۆتێل و ریستۆرانت و چێشتخانەکان و ناوچە گەشتیاریەکانیان کردووە.

بەهۆی لێشاوی گەشتیارانی عەرەب لە ڕۆژانی جەژن سەرجەم هۆتێلەکانی سەنتەری شاری هەولێر کە ژمارەیان 65 هۆتێلە، جمەی دەهات لەمیوان، تەنانەت لەبەر نەبوونی شوێن لەهوتێلەکان، بەشێک لەگەشتیاران لەسەر شەقامەکان دەخەوتن. ئیڤا عاد، بەڕێوەبەری گشتی کارگێری هۆتێلی هەولێر پلازا، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند بە سەتان خێزان لە ڕۆژانی جەژن ڕوویان لە هوتێلەکەمان کردووە، بەڵام لەبەر زۆری گەشتیاران ژووریان بەر نەکەوت. گوتیشی "ساڵانی ڕابردوو لە جەژندا زۆربەی ژوورەکانمان بەتاڵ بوون، بەڵام ئەمساڵ بەدەیان خێزان لەنێو ئوتۆمبێلەکانیان لەبەردەمی هۆتێلەکەمان مابوونەوە بەوهیوایەی ڕۆژی دواتر ژووریان دەستبەکەوێت، هەندێکیشیان بەر لە ڕۆژانی جەژن ژووریان گرتبوو".

دوای ئەو پرۆتۆکۆڵەی کە هەردوو وەزارەتی گەشتوگوزاری بەغداو کوردستان لەمانگی نیسانی ئەمساڵ مۆریان کرد، لەسەرجەم بازگەکانی هەرێم، ئاسانکاری تەواو بۆ تێپەربوونی گەشتیارانی عەرەب دەکرێ، ئەمەش وایکردووە ڕۆژ بەڕۆژ هاتنی گەشتیاری عەرەب بۆ کوردستان پتر بێ.

کەیوان توفیق، بەڕێوەبەری بازگەکانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند گەشتیارانی عەرەب ئێستا دەتوانن بەبێ بوونی کەفیل بێنە کوردستان تەنیا هەندێک زانیاری لەبارەی شوێنی نیشتەجێبوون و هۆکاری هاتنی بۆ کوردستان و وێنەیەکی لێوەردەگیرێت، دواتر پسوولەی ڕێگەپێدانیان بۆ دەکرێ. کەیوان گوتی "بەهۆی ئەو پسولەوە گەشتیار دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی لە کوردستان بگەڕێ".

هەرچەندە بەشێک لەگەشتیاران گلەییان لە چاوەڕوانی و دواکەوتنیان لەبازگەکان هەبوو، بەڵام کەیوان ئەو چاوەڕوانییەی بە قازانجی گەشتیاران وەسفکردو گوتی "گەشتیاران نابێت دڵگران بن، بە چەند کاژێرێک چاوەڕوانی، چونکە سەرجەم ئەو ڕێ و شوێنانەی ئێمە دەیانگرینە بەر بۆ پاراستنی گیانی ئەوان و دابینکردنی ئارامییە بۆ کوردستان".

## ڕاپۆرت

### بە ئاشکرا گەندەڵی لە کوردستان هەیە



ڕووداو-ڕۆیتەرز

هێنری باڕکی توێژەری ئەمریکی لە سەنتەری کارنیگی بۆ ئاشتی نێودەوڵەتی لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆیتەرز ڕایگەیاند کەلە هەرێمی کوردستاندا گەندەڵی بە ئاشکرا دەکرێت " گەندەڵییەکی ئاشکرا هەیە. بەرپرسان لە ڕێگای گرێبەستەوە پارە پەیدا دەکەن یاخود بەشێوازێکی دیکە کە ئەمەیان ئەوەندە دیار نییە: ئەویش ئەوەیە کە دەبێ ئەندامی دوو پارتە سەرەکییە بی تا کار و پۆستێکت دەست دەکەوێت".



# تاڵەبانی موعجیزەی لە بەرهەم ساڵح دەوێ

**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو-سلێمانی**

لەو ڕۆژەوەی پەرلەمانتارانی کابینەی نوێ سوێندی یاساییان خوارد گومان لەوەدا نەما کە د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح دەبێتە سەرۆک وەزیران، تاڵەبانی بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەنێوبراو بەسەرکەوتوویی کابینەکەی بەڕێوە ببات و لەکۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دا لە 2009/9/1 دا، تاڵەبانی جارێکیتر بەئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕاگەیاندووە، کە دەبێت هاوکاری د.بەرهەم بکرێت تا سەرکەوتووبێت . کادیرێکی باڵای یەکێتیش دەڵێ، خۆی کێشەکە لەوەدایە کە بەشێک لە سەرکردەکانی یەکێتی نیشتمانی بەشێوەیەک لەد.بەرهەم دەڕوانن وەک ئەوەی "بیتاقەی بۆ دەرچووبێت" .

### لەدژوارەوە بۆ دژوارتر

د.بەرهەم ئەحمەد ساڵحی جێگری دووەمی تاڵەبانی، لەهەمان ڕۆژی سوێندخواردنی لە پەرلەمانی کوردستان، دەست لە کارکێشانەوەی پێشکێشی نووری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق کرد. بەو پێیەی کە نێوبراو جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بوو. ئەو چوار ساڵ لەبەغدا لە پۆستێکی دژوارو بارودۆخێکی سیاسی دژواردا کاری دەکرد. بەڵام ئەو لەکاتێکدا دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، کە چیتر سەردەمی 2001 نییەو هەڵبژاردنەکانی 25ی تەمموزی ڕابردوو دۆخێکی پڕ ململانێی سیاسی خوڵقاندووە.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی هەمان بۆچوونی هەیەو پێیوایە کە هەولێر بۆ د.بەرهەم لە بەغدا دژوارتر دەبێت و گوتی " ئەو دەبێتە سەرۆک وەزیری حکومەتێک کە ئۆپۆزسیۆنی جیدی هەیە " . گوتیشی " لەنێو پەرلەمانیش بەهەمان شێوە، چونکە لەمەولا یاساکانیش زۆر بەدژواری دەردەچن " . ئەسەسەرد دەڵێ،حکومەت لە دوو لاوە سانسۆری لەسەر دەبێت، لەنێو پەرلەمان و لەدەرەوەی پەرلەمان " ئیتر وەزیرەکان بانگ دەکرێن بۆ پەرلەمان و لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت " . سانسۆرەکانی دەرەوەی پەرلەمانیش، کە بەلای ئەسەسەردەوە کاریگەرییان کەمتر نییە لەوەی نێو پەرلەمان و ڕوونیدەکاتەوەو دەڵێ " حیزبەکان لە دەرەوە بەبەردەوامی ڕەخنە لەحکومەت دەگرن و لەمیدیاکانی خۆیانەوە زەقی دەکەنەوە" . هەروەها گوتی "بۆیە حکومەتی د.بەرهەم لە هەلومەرجێکی زۆر دژواردا کاردەکات".

"لەبەغدا بەبەراورد لەگەڵ ئەو دۆخە سیاسییە، د.بەرهەم باش کاری کرد" . د. محەممەد ئەحمەد، ئەندامی پەرلەمانی عێراق وادەڵێ و لە درێژەی قسەکانیدا بۆ (ڕووداو) گوتی"بەڵام لەکوردستان زەحمەتە کاری لەبەر بڕوات، چونکە لەنێو خودی یەکێتی خۆیدا ڕێگری لێدەکەن" . بەڕای ئەو ئەندامەی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامی "د.بەرهەم لەبەردەم تەحەددایەکی قورسدایە" .

### بیتاقەی بۆ دەرچووە!

شێخ جەعفەر مستەفا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و وەزیری پێشمەرگە، کەوا بڕیارە یەکێک بێت لەو وەزیرانەی لەکابینەی شەشەمیشدا دەمێننەوە، گوتی"هەموومان لە کۆمیتەی سەرکردایەتی بەڵێنمان بە د. بەرهەم داوە کە هاوکاری بین " . گوتیشی "د.بەرهەم ئەو بەرنامەیەی جیاکردنەوەی حیزب لەحکومەت جێبەجێ دەکات کە مام جەلال ساڵێک لەمەوبەر ڕایگەیاندو پارتیش پێی ڕازیبووە" .

لەنێو مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتیدا، بەرهەم ساڵح لەلایەن هەندێ کەسەوە ژمارەیەکی شیرین نییە، کە بەهۆی توانای خۆی و پشتگیرییە بێسنورەکەی تاڵەبانی، لەماوەی 15ساڵدا لەبچووکترین پۆستی حیزبییەوە گەیشتە هەموو پۆستە گەورە حیزبی و حکومییەکانی پشکی یەکێتی و ئێستا جگە لەوەی بۆ دووەمین جار دەبێتەوە سەرۆک وەزیران، ماوەی زیاتر لە دووساڵیشە بووەتە جێگری تاڵەبانی.

ڕەفعەت عەبدولڕەحمان، بەرپرسی پێشووی نووسینگەی سلێماني پەرلەمان و پەرلەمانتاری لیستی سەوز دەڵێ "بەداخەوە ململانێکانی نێو سەرکردایەتی یەکێتی بەردەوامن و هەر ئەو ململانێیانەش یەکێتیان گەیاندووەتە ئەو ڕۆژە" . ڕەفعەت گوتی "بێگومان ئەوە زۆر دەدرێتەوە بەگوێی د.بەرهەمدا کە پێشمەرگایەتی نییە و لەشاخ نەبووە، بەڵکو لە ئەوروپا بووە" . گوتیشی "تەنانەت پێیدەڵێن بیتاقەی بۆ دەرچووە وا لە پڕ دروست دەبێت" .

د.محەممەد ئەحمەد، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق، لەبارەی توانای بەرهەم ساڵحەوە دەڵێ، کەسێکی تەکنۆکرات و بەتوانایە "بەڵام بەداخەوە لەنێو حیزبەکەی خۆیەوە گرفتی بۆ دروستدەکرێت" . گوتیشی " لەنێو یەکێتی پێوەری پێشمەرگایەتی زۆر بەکاردەهێنرێت بۆوەرگرتنی پۆست،ئاخرپۆستی حکومی چ پێویستی بەپێشمەرگایەتییە" .

### گرەوەکەی یەکێتی

د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح، ساڵی 1960 لە سلێمانی لەدایکبووەو لەکۆتایی 1976 پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی یەکێتی کردووەو لەساڵی 1979 دووجار لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەستگیرکراوە، بەوهۆیەوە دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی کە یەکەمی سەرئاستی کوردستان و سێیەمی عێراق بووە، ڕوویکردووەتە بەریتانیاو لەوێ دەستی بەخوێندن کردووەتەوەو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ئەندازیاری مەدەنی و بیناسازی و لەساڵی 1987 لە زانکۆی لیڤەرپوڵی بەریتانی دکتۆرای لە بواری ئامارو کۆمپیوتەر لە ئەندازیاری گشتی بەدەستهێناوە.

ئێستا سلێمانی لە دوو ڕووەوە چاوەڕوانی دەست بەکاربونی د.بەرهەم دەکات، پێشخستنی وەک هەولێرو دیاریکردنی چارەنووسی یەکێتی لەو شارە . ئالان عەلی کە دانیشتووێکی شاری سلێمانییە، پێیوایە "د.بەرهەم گرەوی یەکێتییە لەگەڵ گۆڕان و هەولێرو ململانێکانی ناوخۆی یەکێتیش"، بەڵام ئەو لە ئێستاوە پێشبینی بردنەوەی ئەو گرەوانە ناکات " نە سلێمانی دەکاتە هەولێر و، نەنفوزی گۆڕانیشی پێ کەم دەکرێتەوە" . ئالان گوتیشی "هەرچەند بەتواناش بێت، ئەو شەڕە لە توانای د.بەرهەم گەورەترە" .

ئاسۆ عەلی، ئەندامی سەرکردایەتی باڵی ریفۆرم ڕایگەیاند، کە د.بەرهەم دەسەڵاتێکی کەمتر لەوەی دەبێت لەسلێمانیدا، کە لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئیدارەی سلێمانیدا هەیبوو. گوتیشی " ئێستا سلێمانی هی یەکێتی نییە، بەڵکو هێزی دیکەشی هەن " . هاوکات محەممەد تۆفیق ڕەحیم، ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمپانیای وشە دەڵێ " سیستەمەکەی کوردستان سیستەمێکە کەس تێیدا سەرکەوتوو نابێت" . گوتیشی "هەرکەس سەرۆک وەزیران بێت، بڕیارەکان لەدەرەوەی حکومەتەوە دەدرێن و دەموچاویش هیچ ناگۆڕن" .

ڕەفعەت عەبدولڕەحمان دەڵێ، بۆ سەرکەوتنی د.بەرهەم پێویستە جگە لەململانێ نێوخۆییەکانی یەکێتی، لە پارتیش بپرسیت کە ئاخۆ تا چەند هاوکاری دەکەن . فەرید ئەسەسەرد وەڵامی ئەوە دەداتەوە و دەڵێ "پارتیش ئەو بەڵێنەیان پێداوە" . ئەسەسەرد گوتیشی "بەو خێراییە دەستتێوەردانی حیزب کۆتایی نایێت و بەردەوام دەبێت، هەرچەندە بەڵێنی بۆ ئەوەش لە پارتی و یەکێتی وەرگرتووە" .

### دارعەساکەی تاڵەبانی

بەبڕوای زۆربەی ئەوانەی لە کێشەکانی یەکێتیدا شەن و کەویان کردووە، تاکە پشتیوانی بەهێزی د.بەرهەم، تاڵەبانییەو ئەویش بەلای تاڵەبانییەوە دارعەسایەکی بەهێزە .دەشگوترێت، کاندیدکردنی ئەو بۆ سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کرودستان، ڕای سەپێنراوی تاڵەبانی بووەو داواشی لە بارزانی کردووە کە پارتیش هاوکاری بکات . بەبڕوای محەممەدی حاجی مەحمود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیست کە دوو کورسی لە پەرلەمانی تازەدا هەیە، مادام ئۆپۆزسیۆنی جیدی دروستبووە، ئەگەر لایەنەکانی دیکە بەشداری حکومەت نەکەن " کابینەی شەش کابینەیەکی سەرکەوتوو نابێت" .

لە کاتێکدا د.بەرهەم دەبێتە سەرۆک وەزیران، کە سلێمانی لەڕووی ئیداریشەوە لەژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا نەماوە، ڕۆژانە شەڕی پارێزگار و یەکێتی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەی فەرمی یەکێتی دا دەبینرێت. ئەمەش زۆربەی خوێندنەوەکان دەباتە ئەو جێگەیەی کە ئەرکی یەکێتی بە وەرگرتنی حکومەت قورستر دەبێت. جووتیار نووری، جێگری پێشووی پارێزگاری سلێمانی دەڵێ، دەبێ یەکێتی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ئەنجوومەنی پارێزگاکان بباتەوە تا دەسەڵاتی ئیداری یەکێتی لەسلێمانی دەست بکەوێتەوە . گوتیشی " ئێستا دەسەڵاتی ئیداری سلێمانی بەدەست یەکێتییەوە نییەو هۆکاری دۆڕاندنیشی لەسلێمانی هەر ئەوەبوو کە دەسەڵاتی ئیداری لەدەستدابوو" .

کادیرێکی یەکێتی ڕەخنە لەد.بەرهەم دەگرێت و دەڵێ کار بۆ خۆی دەکات، لەوبارەشەوە باسی دانانی دەزگاکان و یارمەتیدانی باڵادەستبوونی دایکی دەکات لە نێو ڕێکخراوەکانی ژنان دا و نموونەیەک دێنێتەوەو دەڵێ " کاتێک بریمەر هاتە کوردستان و داوای کرد ڕێکخراوەکانی ژنان ببینێت و لەرەوشی ژنان تێبگات، دکتۆر بەرهەم تەنها ناردیە ڕێکخراوەکەی دایکی" .

### زمانە نەرمەکەی یەکێتی

هەندێ لە ئیسلامییەکان د.بەرهەم بەباشترین سەرکردەی یەکێتی دەزانن و دەڵێن "زمانە نەرمەکەی یەکێتییە" . شوان قەڵادزەیی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی پێیوایە کە د.بەرهەم هیچ کاتێک نەبووەتە ڕەمزێک بۆ ئاژاوە نانەوە، وەک چۆن لە هەندێک سەرکردەی دیکەی یەکێتیدا دیارە . قەڵادزەیی گوتی "هەمیشە هۆکاری تەبایی بووە" .

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوی ئیسلامیش دەڵێ، ئەگەر د.بەرهەم نەبوایە، ئەوا ڕووداوەکەی دهۆکی بەرامبەر یەکگرتوو لەسلێمانیش دووبارە دەبووەوە . محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو گوتیشی " ئێمە زۆر لێی ڕازین و لەهەموو ناڕەحەتییەکان لەگەڵمان بووەو هەمیشە گوتوومە خۆزگە هەموو سەرکردەکانی کورد وابوونایە " . بەڵام جەختی لەوە کردەوە، کە سەرکەوتنی لەنێو ئەو دۆخەی یەکێتی تێیکەوتووە سەختە.



**لە حکومەتی نوێدا وەزیرەکان بانگ دەکرێن بۆ پەرلەمان و لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت**

فەرید ئەسەسەرد
ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی



**بەرهەم لەنێو حیزبەکەی خۆیەوە گرفتی بۆ دروستدەکرێت**

محەممەد ئەحمەد ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی یەکگرتوو



**هەرکەسێک سەرۆک وەزیران بێت، بڕیارەکان لەدەرەوەی حکومەتەوە دەدرێن و دەموچاویش هیچ لە شتەکان ناگۆڕن**

محەممەد تۆفیق ڕەحیم
ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمپانیای وشە

---

## کورد لەبەغدا دەنگی مووچەکانی خۆشی ناهێنێتەوە

# هەولێر بەغدا ڕادەوەشێنێت

**ڕووداو-سلێمانی**

هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی بەغدا تادێت نزیکتر دەبێتەوەو گفتوگۆی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بەهێزیش، باڵی بەسەر هەموو کێشە سیاسی وئەمنی و ئابوورییەکاندا کێشاوە . لەدوای هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی 25ی تەمموز و ئەو دۆخە سیاسییەی نوێیەی لەهەرێمی کوردستان هاتە ئاراوە،ئێستا هەموو ئاماژە سیاسییەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە، کەهەمان (با)ی سیاسی لەبەغداش هەڵی کردووەو چیتر بنەمای مەزهەبی هێزەکانی بۆ کۆناکرێتەوە و ململانێیەکی بێوێنە لەئارادایە کەمێژوی سیاسی عێراق بەخۆیەوە نەبینیوە . پەرلەمانتارێکی عەرەبی عێراقیش دەڵێ " لەدوای هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و ئەو ئەنجامانەی لێی کەوتەوە، ڕەشەبای گۆڕانکاری لەباکوورەوە هەڵیکردووەتە سەر دیمەنی سیاسی عێراق، " .

### هەولێر، بەغدا ڕادەوەشێنێت

وائیل عەبدوللەتیف، پەرلەمانتاری عێراقی،لەسەر لیستی عیراقیە بەسەرۆکایەتی ئەیاد عەللاوی ڕایگەیاند چیتر ڕەوشی سیاسی لەبەغدا وەک خۆی نەماوەو گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە ئەو گوتیشی " ڕەشەبای گۆڕانکاری لەباکوورەوە هەڵی کردووەتە سەر دیمەنی سیاسی عێراق و لەدوای هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و ئەو ئەنجامانەی لێی کەوتەوە ".ئەو پەرلەمانتارە خاڵی بەهێزی پشت ئەو گۆڕانکارییە باس دەکات و دەڵێ " چونکە هاووڵاتیان هیچ شتێکیان لەبەڵێنەکانی پێشوو نەچنیوەتەوە بۆ چاککردنی خزمەتگوزاری، سەرەڕای ئەو هەموو پارەیەی بەخشراوە بەعێراق لەلایەن حکومەتەوە بەبێ سوود خەرجکراوە " .

بەبڕوای مەحمود زەنون مەحمود، پەرلەمانتاری کوتلەی سەربەخۆی عێراقی، کەپێشتر لەبەرەکەی ساڵح موتڵەگدا بووە، پێیوایە ئەو گۆڕانکارییەی لەبەغدا دروست بووە، فرە لیستی لەناو پەرلەمانیشدا دروست دەکات و ئۆپۆزسیۆنی جدیدیش لەناو پەرلەمان دروست دەبێ "ئیتر دەبێ لەناو پەرلەمان ئۆپۆزسیۆنێکی زۆر کارا هەبێت" . مەحمود زەنون

هەروەها گوتیشی " ئەمجارە تەوافوقی سیاسی زۆر نابێت و بانگەشەی هەڵبژاردنیش زۆر گەرم دەبێت ".

بەشێک لەچاودێرانی سیاسی لەوبڕوایەدابوون، ئەوەی لەدوای هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی هەرێمی کوردستانەوە دروست بوون، بەرهەمی سزادانی دەسەڵات بوو لەلایەن خەڵکەوە . ئازاد ڕەفیق چالاک،ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر لیستی هاوپەیمانی هەمان بڕوای هەیەو دەڵێ، ئەمجارە لەبەغداش خەڵک سزای هێزەکان دەدەن.



چالاک گوتیشی " ئیتر خەڵک کارتی هەڵبژاردن بەکاردەهێنێت بۆسزادانی لایەنەکان و بەتایبەتی ئەو لایەنانەی

**زۆر ئاساییە کوردێک دەنگ بەلیستێکی عەرەبی بدات**

ئازاد چالاک ئەندامی پەرلەمانی عێراق

کەنەیان توانیوە بەڵێنەکانی خۆیان ببەنەسەر" .

### سلێمانی دەنگ بەبەغدا دەدات

چاوەڕێ دەکرێت لەگەڵ دەست پێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردندا، بانگەشەیەکی عەرەبیش سلێمانی و هەولێر دابپۆشێت و چیتر بانگەشەکاران، تەنها ئەو لایەنگرانەی یەکێتی و پارتی و گۆڕان نەبن، کەشەوانە شەقام وشوێنە گشتیەکانیان گەرم دادەهێنا . بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو)کەوتوون، هەرلەئێستاوە لایەنە عەرەبیەکانیش خۆیان ئامادە دەکەن تابێنە هەرێمی کوردستانیشەوە .

عومەر عەبدولستار، پەرلەمانتاری حیزبی ئیسلامی لەبەرەی تەوافوق دەڵێ، بەهۆی ئەوەی ئاوارەیەکی زۆری عەرەب لەهەرێمی کوردستان هەیە، ئەمجارە لەشارەکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆکیش بانگەشەمان دەبێت و خۆمانی بۆ ئامادە دەکەین .

گوتیشی "هەڵبژاردن لەعێراق گشتیەو قەوارەکانیش مافی خۆیانە لەهەر شوێنێکی وڵات بانگەشە بۆ خۆیان بکەن ".ئەو پەرلەمانتارە کەحیزبەکەی هاوپەیمانێتیی لەگەڵ کورد هەیە دەڵێ " پێدەچێت لەگەڵ کوردەکان لەیەکتر نزیک ببینەوە بەپێی بەرژەوەندییەکانمان، ئەگەر کوردەکان ئامادەبن " .

لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی 2005دا، بەبێ ئەوەی هیچ بانگەشەیەکیان لەشارەکانی هەرێمی کوردستاندا هەبێت، هەندێک لیست و قەوارەی عەرەبی عێراقی لەهەرێمی کوردستان وبەتایبەتی لەسلێمانی دەنگێکی باشیان هێناو تەنانەت لیستی (میسال ئالوسی) و(القائمة العراقية) و (الائتيلاف العراقي الموحد) و ( حزب الاخوة العراقية) لەپێش پارتی کاری دیموکرات و پارتی پارێزگارانەوە بوون . کە لیستی عێراقیە 1878دەنگ و ئیئتیلافی مووەحەد عێراقی 313دەنگ و حزب الاخوه 267 دەنگ و مسال الوسی 133دەنگی هێنا .

هەروەها لەشاری هەولێریش چوار حیزبی عەرەبی لەپێش پارتی پارێزگاران و پارتی کاری سەربەخۆوە بوون، کەقائیمە عێراقیە 3330دەنگ و جەبهە عێراقیە حیوار وەتەنییە 488دەنگ و ئیئتیلاف عیراقی یەکگرتوو 223دەنگ و میسال ئالوسی 130دەنگی بەدەستهێنا .

پەرلەمانتارێکی کورد لەبەغدا هیوا دەخوازێت کەچیتر کوێرانە دەنگ نەدرێت و دەنگ بەبەرنامە بدرێت " من هیوا ئەخوازم ڕۆژێک لەڕۆژان لەنێوان کوردو عەرەب و تورکمان و شیعەو سوننە بەشێوەیەکی تر بیربکەنەوەو لەسەر بنەمای بەرنامە دەنگ بدەن و لایەنەکان هەڵبژێرن، نەک بابەتی تر" . ئازاد ڕەفیق چالاک گوتیشی "زۆر ئاساییە کوردێک دەنگ بدات بەلیستێکی عەرەبی و عەرەبێکیش بەلیستی کوردی .ئەگەر ئێمە بەمافی خۆمانی بزانین لەبەغدا و لەبەسرە بانگەشەی هەڵبژاردن بۆخۆمان بکەین، لایەنە عەرەبیەکانیش بۆیان هەیە بێنە سلێمانی و هەولێر " .

محەممەدی حاجی مەحمود تایبەتمەندێتی سلێمانی، لەبواری کرانەوەی زیاتری دیموکراسی و کۆمەڵایەتییەوە دەگێڕێتەوە بۆئەوەی کەهەموو هێزەسیاسیەکانی عێراقی بتوانن دەنگی تێدا بەدەست بهێنن و دەڵێ " سلێمانی شارێکە، کەدیموکراتی تیایدا زیاترەو ڕێژەی عەرەبیش تیایدا زۆرترە" .

### کورد دەنگی مووچەکانیشی ناهێنێ

لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە، بۆیەکەمین جارە کورد بەفرەلیستی بەرەو بەغدا بەرێبکەوێت، دوای ئەوەی لەمانگی تەموزی ڕابردووی ئەمساڵدا، لەناوخۆی هەرێمی کوردستان، قۆناخی پێکەوەبونی کورد کۆتایی هات و ئۆپۆزسیۆنێک لەبەرامبەر هەردوو هێزە دەسەڵاتدارەکە چوونە پەرلەمانەوە .

هەموو پێشبینیە سیاسیەکان ئەوە چاوەڕوان دەکەن، کەکورد لەبەغدا ژمارەیەکی کەمتر لەکورسیەکانی ئێستای بەدەست بهێنێتەوەو کۆمەڵێک هۆکاریش لەپشت ئەمەوە دەبیننەوە، کەدیارترینیان، فرەلیستی کوردو بەشداری کردنی جدی سوننەکان و جیابونەوەی کوردە فەیلیەکانی بەغداومانەوەی کێشەکانی نێوان بەغداو هەولێرن . بایەزید حەسەن، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر لیستی هاوپەیمانی گوتی " ئەمجارە کورد لەبەغدا دەنگی خۆی ناهێنێتەوە" . بایەزید حەسەن گوتیشی "کوردی بەغدا و ناوچە عەرەبیەکان لایەنی مەزهەبیان زاڵترەو لەشیعەکانەوە نزیکترن و کوردیش بەفرەلیستی دەڕوات " .

ئازاد چالاکیش هەمان بۆچون دووپات دەکاتەوەو هاوکات دەشڵێت، کەباس لەکوردانی بەغدا دەکرا، موبالەغەیەکی زۆر دەکرا، چونکەباس لەملیۆنێک و زیاتر دەکرا، بەڵام دوای هەڵبژاردنەکان دەرکەوت ئەو ژمارەیە ڕاست نییە. هەروەها گوتیشی " سستی و لاوازی بانگەشەی هەڵبژاردن بوو لەبەغداو دانەنانی ئەونوێنەرانەی کەلەناو خەڵک خۆشەویست بون، بۆیە هەندێک لایەنی شیعی توانیان دەنگی کوردی بۆخۆیان ببەن " .

هەردوو لیستی کوردی (هاوپەیمانی کوردستان و یەکگرتوو) خاوەنی 58 کورسین لە پەرلەمانی عێراق، بەڵام بەپێی توێژینەوەیەکی پەیمانگەی واشنتن کورد ئەمجارە 50 کورسی دەهێنێ.

سەرچاوەیەکی کوردی لەبەغداوە، دوای ئەوەی ڕەشبینی خۆی لەمەڕ هەڵبژاردنی داهاتوی پەرلەمان و چارەنوسی دەنگی کورد خستەڕوو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کورد دەنگی مووچەکانی خۆشی ناهێنێتەوە لەبەغدا، وەک چۆن ئەوە لەهەڵبژاردنی 2005ڕوویدا . ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "تەنیا مەڵبەند و لقی پارتی و یەکێتی لەبەغدا نزیکەی 30هەزار یارمەتی و مووچە دەدەنە کوردانی بەغدا و دەورووبەری، جگەلە8هەزار فەرمانبەری وەزارەتی دەرەوە، کەزۆرینەیان کوردن، هەر پەرلەمانتارێکیش چەند پاسەوانێکی هەیەو فەوجی تایبەتی کوردیش لەبەغدا هەیە، کەئەوانە هەمویان موچە خۆرن " .

لەهەڵبژاردنی 2005ی ڕابردوودا، لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەبەغدا تەنها 26542دەنگی هێناو بزوتنەوەی ئیسلامیش تەنها یەک دەنگ لەدوای یەکگرتوی ئیسلامیەوە بوو، کەبزوتنەوە 345دەنگ و یەکگرتووی ئیسلامی 355دەنگی بەدەست هێنا و پارتی چارەسەریش 141 دەنگ . خۆ ئەگەر بەپێی موچەو هاوکارییەکان بێت، پێویستە کورد لەبەغدا زیاتر لە30هەزار دەنگ بەدەست بهێنێت . ئازاد چالاک دەڵێ، بڕواناکەم بەهەموو قەوارەو لیستە کوردییەکان بتوانن 65کورسی بەدەست بهێنن .

### زۆرینە لەبەغدا ئاستەم بووە

لەبەغدا ململانێ سیاسیەکان بەشێوەیەک گەرم بوون بۆ بردنەوەی دەسەڵات، کەئیدی هاوکێشە مەزهەبیەکان بەرەو کۆتایی دەڕۆن و لیستی نیشتیمانی بابەتێکی گەرمی دانوستانی هێزە سیاسیەکانە . عەلی ئەدیب، ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی دەعوەی ئیسلامی، کەنووری مالیکی سەرۆکایەتی دەکات ڕایگەیاند، زیاتر لە60 هێزو کەسایەتی دەیانەوێت لەگەڵ دەوڵەتی یاسادا هاوپەیمانی بکەن کەکوردیشیان تێدایە. گوتیشی " ئێستا لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیە دەکرێت بۆ جیاکردنەوەی قەوارە گرنگەکان و ئەو هێزو قەوارانەی کەلەگەڵ ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا هاوپەیمانێتیان کردووە، لەزۆربەی پارێزگاکانی عێراقن و بەشێکیشیان نوێنەرایەتی ناوچە کوردییەکان دەکەن " .

مەحمود زەنون مەحمود پەرلەمانتاری لیستی سەربەخۆی عەرەبی ئەو ململانێیانەی ئێستا وادەخوێنێتەوە، کەزۆرینەی ئاستەم کردبێت و دەڵێ "بێگومان هیچ حیزبێک ناتوانێ زۆرینە بەدەست بهێنێت " . بەبڕوای ئەو پەرلەمانتارە مادام، هەموو لیستەکان و هاوپەیمانێتیەکان درزیان تێکەوتووە و بوونەتە دووبەشەوە، ئاستەمە بەئاسانی بەرەیەکی بەهێز دروست بکرێت . بەڵام بایەزید حەسەن وای دەبینێت کەئێستا ئیئتیلافی وەتەنی عێراقی بەرەیەکی بەهێزەو پێدەچێت زۆرینە بەدەست بهێنێت "تائێستا لەو بەرەیە بەهێزتر نییە ". ئەو بەرەیە کەلەمەجلیسی ئەعلاو حیزبەکەی ئیبراهیم جەعفەری و تەیاری سەدریەکان و فەزیلە پێکهاتووە، لەگفتوگۆی بەردەوامدان بۆ زیاتر فراوانکردنی بەرەکەیان .

لیستی شیعە ئێستە بوونەتە چەند بەشێک و هەندێک لایەنی سوننەش هاتونەتە نێو ئەو شیعەکانەوەو ئێستا سەحوە کەئەبوریشە سەرۆکایەتی دەکات لای مالیکیەو سەحوەی ئەنباریش لای جەعفەری یەو ئیئتیلافی شیعە بووەتە دوو بەشەوەو سوننە بوونەتە دوو بەشەوەو هەوڵ هەیە بۆئەوەی یەک بگرن، بەڵام تائێستا ئەنجامێکی نیە . لەکوردستانیش ئەمجارە کورد بەیەکەوە ناچنە بەغداو دیدەی جیاواز زۆرە و لیستی جیا زۆرە .

ئازاد ڕەفیق چالاک دەڵێ "بێگومان ئەمجارە هیچ لیستێک ناتوانێ زۆرینە بەدەست بێنێت چونکە هەموو لیستەکان بوونەتە دوو لیست و پێکەوە دانابەزن ".گوتیشی " ئەو هاوپەیمانێتیە بەهێزانەش کەدروست بون، ئەو پەڕی 70 تا 80 کورسی بەدەست دەهێنن، بۆیە هەرناتوانن حکومەت دروست بکەن " .

## ریپۆرتاژ

### پشتیوانی هەنگاوەکانی تورکیا دەکەین



Caihan-رووداو

**هوشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ئاژانسی جیهانی تورکی رایگەیاند حکومەتی عێراق وحکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر خۆشحاڵن وپشتیوانی لە هەنگاوەکانی حکومەتی تورکیا دەکەین بۆ کرانەوە بەر رووی پرسی کورد" ئێمە لە چاکسازی سیاسیدا هاوکاری حکومەتی تورکیا دەکەین بۆ لەباوش گرتنی چەکدارە هەڵخەڵەتاوەکانی PKK بۆ ئەوەی دووبارە تێکەڵبنەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی تورکیدا".**



## عەبدولڕەحمان سدیق ئەندامی ئەنجومەنی شورای یەکگرتوو دوای دەست لەکارکێشانەوەی:

# بەحیزبیکردنی دین زیانی گەورە لە دین دەدات



سالح قادر
Salihqader@yahoo.com

**رووداو- هەولێر**

دوای چەندینجار داواکاری بۆ وازهێنان لە یەکگرتوو، سەرەنجام عەبدولڕەحمان سدیق، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەستی لەکارکێشایەوەو لە نامەی دەست لەکارکێشانەوەشی بە یەکگرتوو دەڵێت "تا ئەوکاتەی یەکگرتووبووم رەخنەم لێگرتوون، لێرە بەدواوە قسەم لەسەر یەکگرتوو نییە، ئێوە ئازادن و منیش ئازاد".

عەبدولڕەحمان سدیق کە دوا پۆستی لەنێو یەکگرتوو ئەندامی شوورای یەکگرتووی ئیسلامی بوو، رۆژی 2009/9/9 نامەی دەست لەکارکێشانەوەی ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی شورای گشتی یەکگرتوو و ئەمینداری گشتی و مەکتەبی سیاسی کردو بە (رووداو)یشی راگەیاند "ئامادە نییە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە نێو یەکگرتوو".

### بۆچی وازی لە یەکگرتوو هێنا؟

عەبدولڕەحمان سدیق لە روونکردنەوەیەکدا بۆ رای گشتی هۆکاری وازهێنانەکەی رووندەکاتەوەو دەڵێت "هۆکاری سەرەکی دەستلەکارکێشانەوەم نەمانی قەناعەتە بە ئەزموونی بەحزبیکردنی دین، چونکە وادەزانم بەحزبیکردنی دین پێش هەموو شتێک زیانی گەورە لە خودی دین دەدات و، پاشان لەتاک و کۆمەڵگە".

ناوبراو لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) زیاتر هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەکەی رووندەکاتەوەو دەڵێت "دەست لە کارکێشانەوەی من پەیوەندی بە مەسەلەیەکی فکری قووڵەوە هەیە ئەویش بریتییە لە بەحیزبیکردنی دین، رەنگە ئەمە بۆ سەردەمێک سوودی هەبووبێ، بەڵام ئێستا ئەو سەردەمە بەسەر چووە، دوو ساڵیشە لە نووسینەکانم ئاماژە بەو ئەزموونی بە حیزبیکردنی دین دەکەم".

عەبدولڕەحمان سدیق کە لە 1962/3/2 لە شاری کەرکووک لەدایکبووەو ئەندازیاری راوێژکارە، نزیکەی 30 ساڵە لەنێو رەوتی ئیسلامیدا کار دەکات، لە سەرەتای دامەزراندنی یەکگرتووی ئیسلامیش لە نێو



> **کاک عەبدولڕەحمان لەنێو یەکگرتوو کێشەی بەرپرسیارێتی و پۆستی نەبووەو لەبەر ئەوە وازی نەهێناوە**
>
> مەلوود باوە مراد
> ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو

سەرکردایەتییەکەیدا بووە، لە کۆنگرەی ساڵی 2006 و 2008 خۆی بۆ مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو نەپاڵاوتووە، هەر وەک خۆشی ئاماژەی پێدەدا ئەو دەمێکە بەنیاز بووە واز لە یەکگرتوو بهێنێ، بەڵام هەموو جارێک پەشیمان کراوەتەوە.

ناوبراو لە کابینەی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان و ئەنجوومەنی حوکمی عێراق لە 2003- 2004 وەزیری ژینگەی عێراق بووە.

بۆ ماوەی چوار ساڵیش سەرۆکی کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز بووە، لە شوباتی 2008 پرۆژەی "پرد"ی دامەزراندووە، ئەو تا بەر لە دەست لەکارکێشانەوەشی لەنێو مەکتەبی سیاسی کاریدەکرد، بەڵام حەزی دەکرد زیاتر وەک سەرۆکی سەنتەری توێژینەوەی پرد بناسرێت.

### یەکگرتوو حەزی کردووە دەست لەکارکێشانەوەکەی بەنهێنی بمێنێتەوە

هەر چەندە نزیکەی 20 رۆژە دەست لەکارکێشاوەتەوە، بەڵام تا ئێستا یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە باش و خراپ قسەی لەسەردەست لەکارکێشانەوەکەی عەبدولرەحمان سدیق نەکردووە و پەیوەندیشیان پێوە نەکردووە. مەولود باوە موراد، ئەندامی مەکتەبی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بێ ئاگایی خۆی لە دەست لەکارکێشانەوەی عەبدولرەحمان سدیق نیشانداو بە (رووداو)ی راگەیاند "کاک عەبدولڕەحمان دەمێکە وازی لە بەرپرسیارێتی لەنێو یەکگرتوو هێناوە، بەڵام وازی لە یەکگرتوو نەهێناوە".

عەبدولرەحمان سدیق رایگەیاند کە دوای دەست لەکارکێشانەوەکەی، لەسەر ئاستی رەسمی یەکگرتوو، کەس پەیوەندی پێوە نەکردووە "تەنیا برادەرانی یەکگرتوو لە کەرکووک سەردانیان کردم و گوتیان هەندێک لە بەرپرسانی باڵای حیزب حەز دەکەن دەست لەکارکێشانەوەکەت نهێنی بێ، بەڵام پێمگووتن داوای لێبوردن دەکەم ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە هەڵوێستی رۆژانەم هەیە، تاکەی من ئەو مەسەلەیە هەر وا بهێڵمەوە".

### پێشتر بەرنامەی وازهێنانی هەبووە

عەبدولرەحمان ئاشکرایکرد کە دەمێکە بە نیازی وازهێنانە لە یەکگرتوو، بەڵام هەموو جارێک لەبەر خاتری رێکخستنەکانی یەکگرتوو ئەو هەنگاوەی دوا خستووە "لەساڵی 2006 کە خۆم بۆ کۆنگرە نەپاڵاوتەوە بۆ مەکتەبی سیاسی، ئەو هەنگاوەم هەبوو، قسەم لەگەڵ چەند کەسێکدا کرد گوتیان ئەوە بۆ رێکخستنەکانی یەکگرتوو خۆش نییە، لە کۆنگرەی 2008یش دیسان خۆم نەپاڵاوت، هەر هەمان بیرۆکەم هەبوو، بەڵام بەشێک لە ئەندامانی کۆنگرە گوتیان کارێکی باش دەکەی کە خۆت هەڵنابژێری رێگە بۆ خەڵکی دیکە چۆڵ دەکەی، بەڵام دەست لەکارکێشانەوە کارێکی خراپە".

دوا هەوڵی عەبدولرەحمان سدیق بۆ دەرچوون لە یەکگرتوو دوای هەڵبژاردنەکانی 25ی تەمموز بووە "دوای هەڵبژاردن بۆ جاری سێیەم داوای دەست لەکارکێشانەوەم کرد، بەڵام پێیانگووتم ئەو مەلەسەیە رێکخستنەکانی یەکگرتوو ئازار دەدات، پێمگووتن منیش ئازار دەخۆم بە شتێک کە قەناعەتم پێی نەبێت، مافی خۆمە دەست لەکاربکێشمەوە".

### ئایا عەبدولرەحمان دەبێتە نەوشیروانی یەکگرتوو؟

نەوشیروان مستەفا کاتێک لەدوای هەڵبژاردنی ئۆرگانەکانی یەکێتی، کە بەپێشنیازی ئەو ئەنجامدران و شکستی هێنا، لە یەکێتی چووە دەرەوەو رایگەیاند بە کاری راگەیاندن و توێژینەوە خەریک دەبێ و بۆ ئەو مەبەستەش کۆمپانیای وشەی دامەزراند، دواتر کۆمپانیاکە سەری کێشا بۆ دروستکردنی لیستی گۆڕان.

عەبدولڕەحمان سدیقیش کە هاوشێوەی نەوشیروان مستەفا ماوەی دوو ساڵە قسە لەسەر سیستمی کاری حیزبی ئیسلامی دەکات، داوا دەکات گۆڕانکاری بەسەر سیستمی کارکردنی حیزبە ئیسلامییەکان لە کوردستاندا بهێندرێت، لە 2008 سەنتەری توێژینەوەی پردی دامەزراندووە، کە پێکدێ لە سەنتەرێکی توێژینەوەو سایتێکی ئەلیکترۆنی و گۆڤارێکی وەرزانە.

عەبدولڕەحمان سدیق دەڵێت "پتر لە 2 ساڵە لە نووسینەکانم باس لە ئەزموونی بە حیزبیکردنی دین دەکەم، جگە لەوەش لە رۆژنامەی یەکگرتوو 52 گۆشەم لەو بارەیەوە نووسیوە کە ئاماژە بوو بۆ مەسەلەی زیادەرەوی لە پاشگری ئیسلامی و دەوڵەتی ئیسلامی و حیزبی ئیسلامی، ئیدی کە قسەکانم جێی خۆی نەگرت هەقمە دەست لەکاربکێشمەوە".

گومان دەکرێ هەمان سیناریۆی نێو یەکێتی لەنێو یەکگرتوو رووبدات، بە تایبەتی ئێستا دەنگی سەرهەڵدانی رەوتی گەشە هەیە لەنێو یەکگرتوو، هەرچەندە پێشتر عەبدولڕەحمان سدیق لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ (رووداو) بوونی ئەو رەوتەی نێو یەکگرتووی رەت کردبووەوە.

سەبارەت بە لێچکوونی ئەو و نەوشیروانیش گوتی "رەنگە سەرەتاکەمان لە یەکتر بچێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە کۆتاییەکەمان وەکو یەک نابێ، چونکە من ئەگەر مەبەستم چاکسازی بووایە لە یەکگرتوو، لەنێو

> **پێیانگووتم وازهێنانت رێکخستنەکانی یەکگرتوو ئازار دەدات، پێمگووتن منیش ئازار دەخۆم لە حیزبێک بم قەناعەتم پێی نەبێت**

یەکگرتوودا دەمامەوە، مەسەلەی چاکسازی لێدەگەڕێم بۆ ئەو کەسانەی لە نێو یەکگرتوون". گوتیشی "من لەدەست لەکارکێشانەوەکەدا گوتوومە من کەسایەتییەکی سەربەخۆم و پرۆژەی خۆم هەیە، کە پرۆژەی پردە". ناوبراو لە بەشێکی نامەی دەستلەکارکێشانەوەکەشی دەڵێت "من تا ئەوکاتەی یەکگرتووبووم رەخنەم لێگرتوون، لێرە بەدواوە قسەم لەسەر یەکگرتوو نییەو، ئێوە ئازادن و منیش ئازاد".

مەولود باوە موراد بەدووری زانی ئەوەی لەسەر دەستی نەوشیروان مستەفا لەنێو یەکێتی روویدا لەسەر دەستی عەبدولرەحمان سدیق لەنێو یەکگرتوو رووبدات "چونکە کاک عەبدولڕەحمان لەنێو یەکگرتوو کێشەی بەرپرسیارێتی و پۆستی نەبووە، تا بڵێین لەبەر ئەوە وازی هێناوە". سەبارەت بە گەڕانەوەشی بۆ نێو یەکگرتوو ئەگەر داوای لێبکرێتەوە، عەبدولرەحمان سدیق گوتی "بەهیچ شێوەیەک ئامادەنیم جارێکی دیکە بگەڕێمەوە نێو یەکگرتوو".

---

# هێشتا دیارنییە جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ پارتی دەبێ یان یەکێتی

**رووداو-هەولێر**

پتر لە مانگێکە بە مەبەستی پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەت، د.بەرهەم دەست لەکارکێشانەوەی خۆی وەک جێگری سەرۆک وەزیراتی عێراق پێشکەش بە نووری مالیکی کردووە، بەڵام بەهۆی رێکنەکەوتنی پارتی و یەکێتی تا ئێستا شوێنەکەی بە بەتاڵی ماوەتەوە.

هەرچەندە بەپێی رێککەوتنی پارتی و یەکێتی ئەو پۆستە لە بەغدا مافی یەکێتییە، بەڵام بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ پارتی سکرتێری مەکتەبی سیاسی خۆی فازڵ میرانی بۆ جێگرتنەوەی د.بەرهەم دەستنیشانکردووەو یەکێتیش د.فوئاد مەعسوم سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بۆ ئەو شوێنە دەستنیشانکردووە. بەڵام تا ئێستا کەسیان نەچوونەتە شوێنی د.بەرهەم.

فریاد رواندزی، وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە لێدوانێکی بۆ (رووداو) رەتیکردەوە کەس بۆ ئەو پۆستە دەستنیشانکرابێ و گوتی "پڕ کردنەوەی ئەو پۆستە بە رێکەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی یەکلاییدەکرێتەوە و سەرۆکایەتی هەرێمیش کەسێک بۆ ئەو پۆستە دەسنیشان دەکات".

دوای چەندین لێدوانی جیاواز لە کەناڵەکانی راگەیاندن، رۆژی 2009/9/26 سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان راگەیەنراوێکی دەرکردو لە راگەیەنراوەکەدا رەتیکردەوە کە هیچ ناکۆکییەک لەنێوان پارتی و یەکێتی هەبێ بۆ دەستنیشانکردنی کەسێک بۆ شوێنەکەی د.بەرهەم. لە بەشێکی راگەیەنراوەکەدا هاتووە "ئەو پۆستە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە بڕیاری لەسەر دەدرێ".

بەڵام ئەندامێکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق بۆچوونی وایە کە کێشە لەنێوان یەکێتی و پارتی هەیە بۆیە تا ئێستا نەیانتوانیوە کەسێک لە شوێنی د.بەرهەم دابنێن. ئازاد چالاک، پەرلەمانتاری لیستی هاوپەیمانی کوردستان گوتی "وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی دەڵێت د.فوئاد بۆ ئەو پۆستە دەستنیشانکراوەو پارتی و یەکێتیش لەسەر ئەوە رازین، بەڵام لەولاش پارتی فازڵ میرانی دەستنیشانکردووە، ئیدی نازانم بۆچی ناگەنە رێککەوتن".

ئەو پەرلەمانتارە ئەو پۆستە بە مافی یەکێتی دەزانێ، بەڵام دەڵێت دوای هەڵبژاردنی 25ی تەمموز هاوکێشەکان گۆڕاون "لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هاوکێشەکان گۆڕان، لیستی گۆڕان هاتە مەیدانەکەو 25 کورسی هێنا، بۆیە پارتی لەبەرامبەر ئەو دەنگهێنانەی لیستی گۆڕان خۆی بە مەزڵوم دەزانێ و دەیەوێ لەو رێگەیەوە فشار بخاتە سەر یەکێتی و ئەو پۆستەی لێوەربگرێ".

ئازاد چالاک ئەو پۆستەی بە پۆستێکی گرنگ وەسفکردو گوتی ناکرێ هەروا بە بەتاڵی بمێنێتەوە "چونکە هەموو ئەو بڕیارانەی لە ئەنجوومەنی وەزیران دەدرێ، جێگری سەرۆک وەزیران رۆڵێکی گرنگی تێدا دەبینێ"، بەڵام فریاد رواندزی، وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان گوتی "ئەو پۆستە پۆستێکی ئەوەندە گرنگ نییە، میدیای کوردی ئەوەندەخۆی پێوە سەرقاڵکردووە".

لەلایەکی دیکەوە رۆژنامەی شەرقولئەوسەت رۆژی 9/26 لەسەر زاری سەرچاوەیەکی کوردی بڵاوی کردووەتەوە کە د.فوئاد مەعسوم ئامادە نییە تەنازول لە پۆستی جێگری سەرۆک وەزیران بکات، بەڵام فریاد رواندزی هەواڵەکەی رەتکردەوەو گوتی "تا ئێستا کەس بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان نەکراوە تا تەنازول بکات یان نا، ئەوەی گوتراوە بۆچوونی رۆژنامەنووسەکە خۆیەتی".

---

## حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ پێشتر خۆمان ئەو زانیاریانەمان بڵاوکردوونەتەوە

# "ئاشتی هەورامی هیچی بەناوی خۆیەوە نەکردووە"



داوای لێپێچینەوە لە ئاشتی هەورامی دەکرێت

(فۆتۆ:AFP)

**رووداو- ئۆسلۆ، هەولێر**

- **حکومەتی هەرێمی کوردستان 20%ی هەیە لە هەموو گرێبەستە نەوتییەکان دا**
- **ئەگەر کۆمپانیای DNO هەڵەکەی راست نەکاتەوە کۆمپانیای بەریتانی جێگەی دەگرنەوە**

بەرپرسێکی حکومەتی کوردستان دەڵێت ئەوشتانەی دەربارەی پشکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لای کۆمپانیای نەوتیی نۆرویژی DNO بڵاوکراونەتەوە "بەشێکی هەڵبژێردراوی زانیارییەکانن کە هەموو راستییەکان وەدیارناخەن". کاروان جەمال تاهیر، جێگری بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە (رووداو)ی راگەیاند" گومان دەکرێ وروژاندنی ئەو باسە ئامانجێکی سیاسیی لەپشتەوەبێ و مەبەست لێی گومان دروستکردنە لەسەر سیاسەتی نەوتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان".

کاروان جەمال تاهیر، کە تا چەند مانگێک بەر لە ئێستا راوێژکاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بوو، بەوهۆیەشەوە ئاگاداری گرێبەستە نەوتییەکانی نێوان حکومەت و ئەو کۆمپانیا نەوتییانەیە کە لە کوردستان کار دەکەن. سەرچاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێن ئەو زانیارییانەی بۆرسەی نۆروێژیOslo Bors دەربارەی پشکەکانی حکومەتی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا نۆروێژییەکەدا بڵاویکردوونەتەوە شتی تازە نین.

کاروان جەمال تاهیر، جەخت لە سەر ئەوە دەکات کە پێشتر لە کتێبی ساڵانەی نەوت و گازی هەرێمی کوردستاندا بەروونی بڕ و جۆری پشکەکان لە گرێبەستە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاوکراونەتەوە، کە ئەو کتێبەش لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەڤانیدا بڵاوکراوەتەوەو هەر کەسێک بیەوێ دەتوانێ بەدەستی بخات " هەموو ئەو کۆمپانیایانەی لێرە کار دەکەن ئاسانکارییان بۆ دەکەین بەپێی یاسا، مەبەست لەمەش هاندانی وەبەرهێنانە لە کوردستاندا". ئەو بەرپرسەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیشی بۆ (رووداو) ئاشکراکرد کە لە هەموو ئەو گرێبەستانەی کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لەگەڵ کۆمپانیاکان ئیمزای کردوون، حکومەت خاوەنی رێژەی 20%ی ئەو پشکەیە کە بەر کۆمپانیاکان دەکەوێت لەو گرێبەستانەدا.

هەفتەی رابردوو Oslo Bors رایگەیاند کە ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نزیکەی 5%ی پشکەکانی کۆمپانیای DNO ی بە نێوی خۆیەوە کڕیوە، لەکاتی کڕینی پشکەکانی لەلایەن (جینیل ئینێرجی) تورکی. رۆژنامەی Dagnes Naeringsliv ی نۆروێژیش بڵاویکردەوە کە Oslo Bors پێیوایە کۆمپانیا نۆروێژییەکە "هەموو هەوڵی خۆی داوە بۆ ئەوەی نهێنیی هەبوونی پشکەکانی هەورامی بشارێتەوە". ئەوەش بەبڕوای بۆرسەی ئۆسلۆ "بەڵگەیە کە هەورامی پشکی هەن لە کۆمپانیاکەدا". رۆژنامەکە نووسیویەتی ئاشتی هەورامی زۆرجار پشتیوانی خۆی بۆ ئەو کۆمپانیایە پیشانداوە تاوەکو کاری ناردنە دەرەوەی نەوت لە کوردستان بکات "ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر بەرزکردنەوەی نرخی پشکەکانی کۆمپانیاکە لە بازاڕدا"، بەڵام کاروان جەمال تاهیر دەڵێ "وەزیری سامانە سروشتییەکان کەسێکی دڵسۆزە و کاری وای نەکردووە".

حکومەتی هەرێمی کوردستان، رۆژێک دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە لە میدیای نۆروێژیدا، لە رێگەی راگەیێندراوێکی فەرمی هەواڵەکەی رەتکردەوە و رایگەیاند کە وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەت لە چوارچێوەی یاسادا رەفتاریان کردووە و، ئاشتی هەورامیش بەنێوی خۆیەوە هیچ کارێکی ئەنجام نەداوە. هەرچەندە دواتر کۆمپانیای DNO یش ئەو هەواڵەی بۆرسەی ئۆسلۆی رەتکردەوە و رایگەیاند کە هەورامی کەسێکی نێوانکار (وسیگ) بووە لەنێوان حکومەتی کوردستان و ئەواندا، بەڵام هەرواش وەزیری سامانە سروشتییەکان هەموو چالاکییەکانی کۆمپانیاکەی لە کوردستاندا "بەهۆی ئەوەی نێوبانگی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکەدار کراوە"، بۆ ماوەیەک کە لە 6 هەفتە زیاتر نەبێت راگرت. جێگری بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەت دەڵێ ئەوەی کە هەیە کێشەیەکە لەنێوان کۆمپانیاکە و بۆرسەی ئۆسلۆدا. وەزارەتی سامانە سروشتییەکانیش لە راگەیێندراوێکدا رایدەگەیێنێ کە نەدەبوایە ئاشتی هەورامی بکرێتە ئامانج لەو ناکۆکییە نێوخۆییەدا کە لەنێوان بۆرسەی ئۆسلۆ و کۆمپانیا نۆروێژییەکەدا سەری هەڵداوە.

> **وروژاندنی ئەو باسە ئامانجێکی سیاسی لەپشتەوەیە**
>
> کاروان جەمال تاهیر، جێگری بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی کوردستان

پێدەچێ کێشەی نێوان ئەو دوو دامەزراوە نۆروێژییە هێشتا کۆتایی پێ نەهاتبێت، چونکە لە چەند رۆژی رابردوودا، بۆرسەی ئۆسلۆ سەرلەنوێ بابەتەکەی بە بڵاوکردنەوەی دەقی چەند ئیمیلێک کە تێیدا باسی کڕین و فرۆشتنی پشکەکانی حکومەتی کوردستان دەکرێن وروژاندەوە. لەلایەکی دیکەشەوە عەبدولهادی حەسان، کە پەرلەمانتار و ئەندامی لیژنەی نەوت و غازی پەرلەمانی عێراقە، رایگەیاند کە داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی پەرلەمانی بۆ لێکۆڵینەوە لە پرسی تێوەگلانی ئاشتی هەورامی لەو مەسەلەیەدا کردووەو گوتی دوای تەواوبوونی ماوەی پشووی پەرلەمان لێکۆڵینەوە لەو بارەیەوە دەکرێ.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون، کۆمپانیا نەوتییەکانی بەریتانیا چاویان بڕیوەتە ئەو پێگەیەی DNO لە کوردستاندا هەیبوو. بەتایبەتیش ئەگەر تاوەکو 6 هەفتەی دیکە ئەو کۆمپانیا نۆروێژییە، وەک وەزارەتی سامانە سروشتییەکان داوای دەکات، کارێک نەکات کە "نێوبانگی لەکەدارکراوی حکومەتی کوردستان پاک بکرێتەوە"، رەنگە چانسی کۆمپانیا بەریتانییەکان زیاتر بێت بۆ جێگە گرتنەوەیان.

## کوردستانی

### ئۆجەلان ڕەخنە لە DTP و PKK دەگرێت



ڕووداو - ANF

ڕێبەری زیندانیکراوی PKK عەبدوڵلا ئۆجەلان، لە زیندانی ئیمرالی، PKK و DTP بەهەڵهاتن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان تاوانبار دەکات. ئۆجەلان لەکاتی دیداری هەفتانەی خۆی لەگەڵ پارێزەرانی، ئەو ڕەخنەیەی ئاراستەی هەردوو پارتی ناوبراو کردووە. لەبەشێکی قسەکانیدا ئۆجەلان جەختی لەوە کردووەتەوە کە پێویستە DTP هەزاران بگرە بەدەیان هەزار کادیر پێبگەیێنێت. "بۆچی DTP خۆی لەمە دەدزێتەوە؟ چونکە لەبواری تیۆریدا ئەو توانایەیان نیە. لە ڕاستیشدا هەموو پارتیەکانی تورکیا بەم شێوەیەنە. لەوانەیە هەندێکیشیان لەم لایەنەوە لە DTP بێتواناترین". ئۆجەلان لە کۆتایی دیدارەکەیدا دەڵێت:" وا بڕوات دەوڵەت بەدەستی AKP کوردەکان بۆ لای خۆی پەلکێش دەکات، ئەو کات پێویست بە ئەنجامدانی ئۆپاراسیۆن ناکات.

### ماڵپەڕێکی حکومەتی ئێران دەزگای زانیاری یەکێتی تاوانبار دەکات و یەکێتیش ڕەتیدەکاتەوە

# کێ لەپشت تیرۆرەکانی شاری سنەیە

**سابیر قادری**
**ڕووداو– هەولێر**

لەماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا شەش کەس لەکاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەشاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە سێیانیان کوردن، تیرۆرکران و تائێستاش چواریان گیانیان لەدەستداوە، کۆماری ئیسلامی و حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش یەکتر بەوە تاوانبار دەکەن کە لەکردەوە تیرۆریستیەکانی شاری سنەدا دەستیان هەبووە، لەلایەکی دیکەشەوە ناوەندی هەواڵنێری کۆڕی ئەهلی بەیت کە ماڵپەڕێکی فەرمی حکومەتی ئێرانە ڕایگەیاند "دەزگای زانیاری و موسادی ئیسرائیلی دەستیان لەو کردەوە تیرۆریستیانەدا هەیە".

دادوەر کامیانی، کە لێکۆڵەری ئیدارەی ئیتلاعات و دادوەری لقی چواری شاری سنەیە، لەڕۆژی 9ی سێپتێمبەری ئەمساڵ لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراو درایە بەر دەستڕێژی گوللە و تیرۆر کرا، بەدوای ئەو کردەوەیەدا، حەسەن داوتەڵەب دادوەری لقی چوار شاری سنە، ئەمجەدی سەرۆکی دەزگای دادی شاری سنە، مەلا بورهان عالی پێشنوێژی مزگەوتی قووبا، مەلا محەممەد شێخولئیسلام نوێنەری پارێزگای سنە لەئەنجومەنی بژاردەکان و مەهدی تەخت فیروزە، سەرۆکی پێشووی شورای شاری سنە، کرانە ئامانج و تیرۆرکران، ئەم کردەوە تیرۆریستیانەش کاردانەوە و هەڵوێستی جیاجیای هێزو لایەنەکانی لێکەوتووتەوە.

هەرچەندە لایەنێک بە نێوی (لەشکری پێشمەرگەی کوردستان)، بەرپرسیارێتی تیرۆرکردنی دادوەر حەسەن داوتەڵەبیان بە ئەستۆوە گرت، بەڵام تا ئێستا هیچ گرووپ و لایەنێکی دیکە بەرپرسیارێتی خۆی لەکردەوە تیرۆریستیەکانی دیکە ڕانەگەیاندووە، هاوکات بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران (ئۆپۆزسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات، بەرپرسانی حکومەتی هەرێم، ڕێکخراوی ئەلقاعیدە، لایەنگرانی وەهابیزم، دەزگای موسادی ئیسرائیل و هەندێک گرووپی بێ ناونیشان) بە بکەرانی ئەو تیرۆرانە دەزانن و لەلایەکی دیکەش هەریەکە لەکۆمەڵەی زەحمەتکێشان و کۆمەڵەی شورشگێر و کۆمەڵەی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە-ڕەوتی یەکگرتنەوە،



مەلا بورهان عالی

بە لێدوان یا دەرکردنی ڕاگەیاندراو کردەوەکانی ئەو دواییانەی شاری سنەیان مەحکوم کردووە، هاوکات پێیانوایە "بەکەلک وەرگرتن لەڕەوشی نائارامی ناوچەکە کۆماری ئیسلامی ئێران خۆی ڕۆڵی سەرەکیی لەکردەوە تیرۆریستیەکان بینیوە".

لەلایەکی دیکەوە ناوەندی هەواڵنێری مەجمەعی ئەهلی بەیت کە ماڵپەڕێکی سەر بە حکومەتی ئێرانە ئەوەی بڵاوکردۆتەوە کە ئەو کەسانەی تیرۆرکراون لەگەڵ کۆمەڵە دژایەتی بنەڕەتیان هەبووە و لەو نێوەدا کۆمەڵە بە دانی زانیاری هەڵە بە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم ئەو کەسانەیان بە نەیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان وەسف کردووە، لەهەواڵەکەدا هاتووە "ڕووداوەکانی ئەو چەند ساڵەی دوایی وایکرد کۆمەڵە و دیموکرات لەترسی ڕادەستکردنەوەیان بە کۆماری ئیسلامی هاوکاری توندوتۆڵیان لەگەڵ حکومەتی هەرێم هەبێت".

ماڵپەڕەکە نووسیوویەتی مەلا مستەفا شێرزاد، پێشنوێژ و وتار خوێنی مزگەوتی مەریوان، "ماوەیەک لەمەوبەر دەزگای زانیاری کوردستانی عێراق و مام جەلالی بەوە تاوانبار کرد، کە لەڕێگای تیرۆریستەکانی کۆمەڵەوە، کوڕی ناوبراویان کوشتووە، هەروەها مۆساد (دەزگای سیخوڕی ئیسرائیل) لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا چالاکی هەیە و دەکرێ بڵێن کە ڕەنگە موسادیش لەو تیرۆرانەدا ڕۆڵی



مەلا محەممەد شێخوڵئیسلام

هەبێت".

بەڵام سەرچاوەیەک لەسەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە گوتی :من پێم سەیرە ئێران ئێستا دەیەوێت لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە هەواڵانەوە دەزگای زانیاری بگلێنێتە ئەم جۆرە کارە تیرۆریستیانەوە، چونکە ئێران بۆخۆی نێوانی لەگەڵ دەزگای زانیاری خراپ نیە، ڕەنگە لەگەڵ دەزگای ئاسایش پەیوەندی ئێران باش نەبێت، بەڵام لەگەڵ دەزگای زانیاری وانییە . ئەو سەرچاوەیە گوتیشی " بێگومان ئەوە ئامانجێکی سیاسی یان ئەمنی لەپشتەوەیە کەئێستا ئێران دەیەوێت یەکێتی ڕابکێشێتە نێو بابەتە ئەمنیەکانی تایبەت بەناو خۆی ئەو وڵاتەوە ". هەروەها گوتی " بێگومان ئەو هەواڵە هیچ ڕاستی تێدا نییە ".

شێخ جەعفەر مستەفا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و وەزیری پێشمەرگە بەتووندی ڕەتی ئەو هەواڵەی دایەوەو گوتی سەرتاپای هەواڵەکە دوورە لەڕاستیەوە . ئەو بەرپرسەی یەکێتی گوتی "کوردستان شوێنێکی ئارامەو هیچ ڕێکخراوێک و دەستەیەکی تیرۆریستی لەهەرێمی کوردستان و ژێردەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا جێگەی نابێتەوەو ئێمە بۆخۆشمان زیانمەندی دەستی تیرۆرین و بەهیچ شێوەیەک ڕێگە بەخەڵکانی تیرۆریست نادەین بێنە ناوچەکەمانەوە ".

مستەفا ئەوەشی گوت " ئەو دەزگایانەی ئەو جۆرە هەواڵانە بڵاو دەکەنەوە، ئامانجیان تێکدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دەورووبەرە". لەبارەی هەبوونی دەستی دەزگای زانیاریش شێخ جەعفەر مستەفا گوتی " دەزگای زانیاری بۆخۆی پەیوەندییەکی تەواوی هەیە لەگەڵ هەموو لایەک بۆ بنەبڕکردنی تیرۆرو کاری تیرۆریستی و کاری ئەو دەزگایە ئەوەیە زانیاری لەسەر ڕێکخراو گروپە تیرۆریسیتەکان کۆبکاتەوە، نەک هاوکاری خەڵکانێکی تیرۆریست بکات یان لەپشتیانەوە بێت ".

لەلایەکی ترەوە، لەهەندێک سەرچاوەی ڕاگەیاندنەوە بڵاوکرایەوە، کەڕۆژی 5-9-2009کاتێک تاڵەبانی سەردانی شارۆچکەی تەوێڵەی هەورامانی کردووە، لەگەڵ بەرپرسێکی باڵای ئەمنی ئێران چاویان بەیەک کەوتووەو گفتوگۆیان کردووە، کەئەویش قاسم سلێمانی فەرماندەی هێزی قودسی سەربەسوپای پاسدارانی ئێرانی بووە و لەکاتی بارگرژییە نێوخۆییەکانی ئەودواییەی ئێرانیشدا، بەرپرسانی ئێرانی پەنجەی تۆمەتیان بۆهەرێمی کوردستان ڕاکێشا، کەدەستی هەبوبێت لەو ئاژاوەو گرژییە نێوخۆییەی وڵاتەکەیاندا .

تیرۆرکردنی مەلایانی کوردی ڕۆژهەڵاتی وەکو مەلا بورهان عالی و مەلا محەممەد شێخولئیسلامی، هەڵوێستی جیاجیای لایەنە ئایینیەکانی لێکەوتووەتەوە، بەشێک لەمامۆستایانی ئایینی شاری مەریوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە مەلا بورهان لەلایەن کۆماری ئیسلامی تیرۆر کراوە، "ئەوەش بۆ بەرپاکردنی نانەوەی دروستکردنی دووبەرەکی و ئاژاوەیە لەنێوان کوردەکاندا"، هەروەها کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کە عومەر ئیلخانیزادە، سکرتێرێتی و لەلایەن کۆماری ئیسلامی بە شێوەی ڕاستەوخۆ تاوانبارکراوە، کۆماری ئیسلامی بە بەرپرسی سەرەکی ئەو تیرۆرانە دەزانێ و کوژرانی مەلایانی ناوبراو بە شەری نێوان سەلەفییەکان و لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی وەسفدەکەن.

نەوید مێهرئاوەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوندەی کۆمەڵەی زەحمەتکیشانی کوردستان لەلێداونێکدا بۆ (ڕووداو) ڕایگەیاند "کردەوە تیرۆریستیەکانی ئەو دواییانەی شاری سنە هیچ پەیوەندیەکی بە کۆمەڵەوە نیەو ئێمەش ئەوتیرۆرانەمان مەحکوم کردووە"، ناوبراو هەروەها گوتیشی "دەگوترێ کە مەلا بورهان عالی سەر بە سەلەفییەکان بووە و لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە کوژراوە و هاوکات کوژرانی مەلا محەممەد شێخولئیسلامی وەڵامدانەوەیەکە لەسەر کوشتنی مەلا بورهان لەلایەن سەلەفییەکانەوە".



### دەزگای زانیاری بۆخۆی دژی تیرۆرە چۆن کاری تیرۆریستی دەکات

شێخ جەعفەر مستەفا
ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی

لەلایەن خۆشیانەوە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕایانگەیاندووە کە لەگەڵ کەسانی تیرۆرکراو کێشەیەکی تایبەتییان نەبووە و کۆماری ئیسلامی بەوە تاوانبار دەکەن کە بۆ کونترۆڵکردن و ملیتاریزەکردنی هەرچی زیاتری کوردستان ئەو کردەوانەی ئەنجامداوە، "هەروەها دەیانەوێت ڕای خەڵکی کورد لەناوەخۆ و بیرورای گشتی لەدەرەوەدا چەواشە بکەن".

سەبری بەهمەنی، وتەبێژی کۆمەڵە-ڕەوتی یەکگرتنەوە کە لایەنێکە ڕاستەوخۆ لەلایەن کۆماری ئیسلامی بە بکەری ئەو کردەوە تیرۆریستیانە تاوانبار کراوە و ئاماژەی بەوەکرد کە ئەوان بەدەرکردنی ڕاگەیاندراوێک ئەو کردەوە تیرۆریستیانەیان مەحکووم کردووە، بەهمەنی ڕاشیگەیاند "لەئێران بزووتنەوەیەکی بەربڵاو لەئارادایە و کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی کە نەهێڵێ ئەو بزووتنەوەیە سەرانسەریە بۆ کوردستان تەشەنە بکات پێویستی بە پاراستنی ئاسایشی زیاتری ناوچەکە هەیە لەو ڕێگایەش ئامانجەکەی پێکاوە".

بێسەروشوێن بوونی مەلا ئەیوب گەنجی، پێشنوێژی پێشووی مزگەوتی قووبای سنە و تیرۆرکردنی مەلا ئەبوبەکر تینا، پێشنوێژی مزگەوتی خولەفای مەهاباد لەساڵی ڕابردوو، یەکێک لەو بەڵگانەیە کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ تاوانبارکردنی کۆماری ئیسلامی بە ئەنجامدانی کردەوە تیرۆریستیەکانی ئەو دواییەی شاری سنە پشتی پێدەبەستن.

عەبدوڵڵای کۆنەپۆشی، کەسی یەکەمی کۆمەڵە- ڕەوتی یەکگرتنەوە، لەو پێوەندیەدا ڕایگەیاند "ئێمە لەرابردووشدا بینیومانە کە کۆماری ئیسلامی بە ناوبردنی کەسانێکی وەک موفتی زادە و مەلا مەحمودی جوانڕۆیی ویستویانە تۆوی دووبەرەکی و ئاژاوە لەناو خەڵکی کورددا بچێنن و بێگومان ئەو ڕووداوانەی ئەمجارەش هەر لەو چوارچێوەیە دایە". کۆنەپۆشی ڕاشیگەیاند کە هیچ جۆرە پەیوەندییەکان لەگەڵ دەزگای زانیاری حکومەتی هەرێمدا نییەو بوونی دەستی دەرەکی لەو کردەوانە ڕەتکردەوە و گوتی "دەزگای زانیاری حکومەتی هەرێم و هەر دەزگایەکی دەرەکی دیکە، ڕۆڵیان لەو کردەوە تیرۆریستیانەدا نییە، ئەو شەش کردەوەیە لەماوەیەکی ئاوا کورت و لەناوچەیەکی ئاوا بەرتەسکدا تەنیا کۆماری ئیسلامی دەتوانێت ئەنجامیان بدات".

ناوەندی هەواڵنێری کۆڕی ئەهلی بەیت، دەڵێت خەڵکی کوردستانی ئێران لەسەر ئەو باوەڕەن کە کوردستانی عێراق بووەتە مەکۆیەک بۆ حەوانەوە و حەشاردانی هێزە تیرۆریستییەکانی کۆمەڵە و دیموکرات، "ئەوە لەکاتێکدایە کە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمیش لەو دۆخە نارەزایەتیان هەیە، چاوەڕوان دەکرێ کە بەرپرسانی ئەو حکومەتە هەڵوێستێکی ڕوون و یەکلاکەرەویان سەبارەت بە ئەو تیرۆرانەوە هەبێت و پێویستە چاودێری وردی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتانی بیانیش بکەن".

# سووریا ڕێگا لە خوێندکاری زانکۆکانی کوردستان دەگرێت



سیروان حەجی بەرکۆ
sirwan@amude.com

**ڕووداو- بەرلین**

لە ڕۆژانی ڕابردوودا پێویست بوو خەڵات حەسەن لە زانکۆی سەلاحەدین، بەشداری لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی کردبا. ئەوە سێ ساڵە ئەو لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان دەخوێنێ. بەڵام ئەو خوێندکارە 25 ساڵیە نەیتوانی بەشداری لە ئەزموونەکانی خولی دووەمی کۆتایی ساڵ بکات، چونکە لەو کاتەدا لەهەولێر نەبوو. خەڵات حەسەن لە شاری عاموودە لە کوردستانی سووریا ڕێگای لێگیراوەو ناتوانێ بگەڕێتەوە هەولێر.

لە پشووی خوێندنی هاوینی ئەمساڵدا نزیکەی 75 خوێندکاری کوردی کوردستانی سووریا، کە لەزانکۆکانی هەرێمی کوردستان دەخوێنن، بۆ سەردانی خزم و خانەوادەکانیان گەڕانەوە سووریا. ئەوان نەیاندەزانی کە حکومەتی سووریا ئاستەنگیان بۆ دەنێتەوە. کاتێک ئەو خوێندکارانە گەیشتنەوە سووریا، لەسەرسنووردەست بەسەرپاسپۆرتەکانیاندا گیراو پێیان ڕاگەیاندن کە ئیتر چوونی ئەوان بۆ دەرەوەی سووریا قەدەخەیە.

خەڵات حەسەن هێشتا لەو هەڵوێستەی دەوڵەتی سووریا تێناگات. ئەو دەڵێت لەو هەفتەیەی دوایی کەم خواردن دەخوات و خەو ناچێتە چاوانیەوە. ئەو خوازیارە بگەڕێتەوە هەولێر، تا درێژە بەخوێندن بدات، بەڵام دەست و قاچەکانی بەستراونەتەوە:" ئەوە سێ ساڵە من دێم و دەچم بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەک بێتە ئاراوە. من تەنیا بۆ خوێندن دەچمە هەولێر نەوەکو بۆ شتێکی تر".

لەبەر ئەوەی حکومەتی سووریا ڕێگا بە هاوڵاتیەکانی نادات تا لە ڕێگای سنووری عێراقەوە بێنەوە ناو سووریا، خەڵات حەسەن و هاوڕێکانی ناچار بوون بە فڕۆکە بچنە بەیروتی پایتەختی لوبنان و لەوێشەوە بگەڕێنەوە سووریا. هۆکاری ئەو هەڵوێستەی دەوڵەتی سووریا ئەوەیە، ئەو دان بەمافی مانەوەی خوێندکاران لەهەرێمی کوردستان نانێت. ئەمەش دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم ئەو خوێندکارو کارمەندانەی کە دەخوازن لەهەرێمی کوردستان بگەڕێنەوە سووریا.

موستەفا ئۆسۆ، چالاکڤانی مافی مرۆڤ لە ڕێکخراوی کوردی بۆ بەرگریکردن لەمافەکانی مرۆڤ و ئازادیە گشتیەکان DAD دەڵێ قەدەخەکردنی چوونە دەرەوە لە سووریا لە (سروشتی ڕژێمی سوریا) سەرچاوە دەگرێت. ئەو دەڵێت هیچ فەرمانێکی تایبەت بۆ ڕێگرتن لە چوونە دەرەوەی هاوڵاتیانی سووریا لە ئارادا نیە. ئەو لەوبارەیەوە هێزەکانی ئاسایشی ڕژێمی سووریا تاوانبار دەکات و دەڵێ:" ڕژێمی سووریا لە چوون و هاتنی هاوڵاتیانی بە ترسە. سوریا پێیوایە هەر کەسێک بچێتە دەرەوەی وڵات، چالاکڤانەو پێویستە ڕێگا لە چوونە دەرەوەی ئەوانە بگیرێت".

خەڵات حەسەن و خانەوادەکەی لە ناو دوودڵیەکی گەورە ژیان بەسەر دەبەن. ئەوان نازانن کەی خەڵات جارێکی تر دەتوانێت بگەڕێتەوە هەولێر، تا بتوانێ درێژە بە خوێندن بدات. باوکی دەڵێت ئەوە سێ هەفتەیە نەگەڕاوەتەوە ماڵەوە. چونکە ئەو لەشوێنێکی دووری عاموودە کاردەکات، ئەو تەنیا لە کۆتایی هەفتەکان دەگەڕێتەوە ماڵ. بەڵام لەو کاتەی کێشەی قەدەخەکردنی خەڵات هاتووەتە ئاراوە، ئەو هەموو هێز و کاتی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردووە تا ئەو قەدەخەکردنە هەڵبگیرێت. ئەو لەوبارەیەوە دەڵێت:" لەگەڵ چەندین کەسی پایەبەرز قسەمان کردووەو واستەشمان کردووە، بەڵام دەزگا بەرپرسیارەکان دەڵێن فەرمانەکە لە دیمەشق هاتووە و ئەوان ناتوانن لەوبارەیەوە بڕیار بدەن".

تا ئێستا چارەنووسی خوێندکارانی کوردستانی سووریا دیار نیە. خەڵات حەسەن ڕادەگەینێ ئەو زۆر بێزارەو کەمێک ماوە بەتەواوەتی بێ هیوا ببێ. ئەو هیچی لەدەست نایێت جگە لەوەی چاوەڕێی هەڵگرتنی فەرمانی قەدەخەکردن بێت.

### تورکیا داوا لە سووریا دەکات ناسنامە بەو کوردانە بداتەوە کە بێ ناسنامە کراون

# گەڕانەوەی کورد لە تورکیا چارەنووسی 2 هەزار گەریلای کوردی سووریا دەخاتە ژێر پرسیار

**ڕووداو-هەولێر**

لەم ڕۆژگارەدا تورکیا کەشێکی گەشبینانە و پەرەسەندنی گەورە بە ئاراستەی چارەسەرکردنی پرسی کورد بەخۆیەوە دەبینێت، کە ناوی لێنراوە سەردەمی "کرانەوەی کورد"، کە لەلایەن حکومەتی تورکیا بە سەرکردایەتیی پارتی داد و گەشەپێدان و سەرۆک وەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و سەرکۆمار عەبدوڵڵا گوڵەوە بەڕێوەدەچێت، هەروەها چالاکیی چڕی ئەحمەد داود ئۆغڵوو، وەزیری دەرەوەی تورکیاش بە هەمان ئاراستەیە لەپێناو گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ پرسی کورد و کۆتاییهێنان بە کێشەی پارتی کرێکارانی کوردستان و چەک و چارەنووسی گەریلاکانی، کە ماوەی پتر لە 20 ساڵە بە چیاکانی کوردستاندا پەرت و بڵاو بوونەتەوە، لەنێویشیاندا گەریلاکانی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان ( کوردستانی بندەستی سوریا) کە ژمارەیان دەگاتە 2000 گەریلا، لەمەشەوە باس لەگەلێ نموونە و نەخشەڕێ بۆ چارەسەرکردنی هەموو پرسە هەڵواسراوەکان دەکرێت، وەک ڕاگەیاندنی لێبوردنی گشتی بۆ گەریلاکانی PKK و تێکەڵ بوونیان بە کۆمەڵگای تورکیا.

### پەیوەندیی نێوان تورکیا و سووریا و کۆچی نایاسایی

دوای دەرکردنی ئۆجەلان لەسووریا، پەیوەندیی نێوان سووریا و تورکیا لەتێکڕای ئاستەکاندا بەرەو باشبوون هەنگاوی نا، گۆڕانی گەورەش ڕوویدا، بەڵام سەرباری گرفتی ئاو و چەند گرفتێکی دیکەی نێوان هەردوو وڵات، بە گوێرەی ئەدەبیاتی زۆربەی پارتە سیاسییەکانی سووریا، تا ئێستاش لیوای ئەسکەندەرۆنە لەساڵی 1939ەوە خاکێکی داگیرکراوی سووریایە.

لەم ماوەیەی دواییدا پەرەسەندنی زۆر و باشبوونی ڕەوش لەهەموو بوارەکانی ئابووری، سیاسی، ئەمنی، بازرگانی و هی دیکەش هاتە ئاراوە، هەردوولاش پرسی کوردیان هەیە کە پێویستی بە چارەسەرە، ئەمەش بۆ یەکەمین جار بوو سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە هاوینی 2005دا دانی پێدانا کە لەتورکیادا کێشەی کورد هەیە، بەم جۆرە"خەمی کورد" هەردووکیان کۆ دەکاتەوە، لەڕووی ئەمنیشەوە هەردوو لا لەپاش قەیرانەکەی 1998ەوە ڕێککەوتننامەی ئەمنیی"ئەدەنە"یان واژۆ کرد.

لەکاتی دیدار و واژۆکردنی یاداشتی لەیەکگەیشتن لەنێوانی هەردوو لا، جەخت خرایە سەر کۆچی نایاسایی، جێی باسە یەکێک لەئاڵۆزییەکانی چارەسەرکردنی دۆسیەی کورد لەسووریا و تورکیا، هۆیەکەی چارەسەر نەکردنی گرفتی سەرژمێرییە نائاساییەکەی 1962ە، کە تێیدا سووریا سەدان هەزار کوردی ئەو وڵاتەی لەناسنامەی سووریا بێ بەش کرد، بە بەهانەی ئەوەی بێگانەن و لەتورکیاوە دزەیان کردووەتە نێو خاکی سووریاوە بۆ دەستگرتن بەسەر زەوی و زاری سووریا، هەرچەندە ئەو کات سووریایەک بەو سنوورەی ئێستای بوونی نەبووە، تورکیاش داوا لەسووریا دەکات ئەو دۆسیەیە چارەسەر بکات، لەپێناو چارەسەرکردنی گرفتی کوردانی بێ ناسنامەی سووریا، کە لەنێو ریزی پارتی کرێکارانی کوردستاندان، لەحاڵەتێکدا ئەگەر پرسی کورد لەتورکیا چارەسەر کرا.

### چارەنووسی 2 هەزار گەریلای کوردی سووریا چی دەبێت؟

کوردی سووریا قورساییەکی بەرچاویان لەنێو گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا هەیە، کە لەگەڵ ئەوەی سەرۆکی پارتەکە عەبدوڵلا ئۆجەلان تا ڕۆژگاری دەسگیرکردنی لەشوباتی 1999دا، هەر لەسووریادا بوو، لاوانی کوڕ و کچی کوردی سووریا کە بەشی هەرە بچووکی کوردستانە، چوونە ریزی پارتی کرێکارانەوە و زۆر جاریش دەبوونە قوربانیی"برا گەورەکان"و بە سەدانیان لەسەر خاکی باکووری کوردستان دەکوژران.

لەگەڵ ئەو کەشە مژدەبەخش و پڕ لەکرانەوەیەی تورکیا بە ئاراستەی پرسی کورددا، پرسی چارەنووسی ئەو گەریلایانەی کوردی سووریا، کە لەنێو ریزەکانی پارتی کرێکاران دێتە پێش، کە دوای گەیشتنی پرسی کورد لەتورکیا بە چارەسەر، ئەو پرسە خۆی دەنوێنێ. ئاخۆ ئەگەر PKK بە چارەسەری ئاشتییانە ڕازی بوو، چەکیشی دانا، چارەنووسی ئەوانە چی دەبێت؟ لەکاتی گەیشتن بە چارەسەری ئاشتییانە و دانانی چەک، گەلێ لەو گەریلایانەی کوردی سووریا ناتوانن بگەڕێنەوە سووریا، چونکە زۆربەیان ناسنامەی سووریایان لێ سەندراوەتەوە و تەنانەت لەلایەن حکومەتی سووریاشەوە داوا کراون.

سەرۆک وەزیرانی تورکیا، لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ سووریا و دیداری لەگەڵ بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریا لە 22ی تەممووزی ڕابردوودا، ئەو پرسەی خستە بەر گفتوگۆ و داوای لەسەرۆکی سووریا کرد، کار بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە بکات، هەندێ هەواڵیش دزەیان کرد و ڕایانگەیاند کە ئەردۆغان داوای لەئەسەد کردووە کە ناسنامە بەو کوردانەی سووریا بداتەوە کە بێ ناسنامە کراون، وەک هەنگاوێک بە ئاراستەی پێشەوە لەچوارچێوەی هەوڵی بێ وچانیدا بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد، کە بە هۆی ئەوەی بەسەر چوار دەوڵەتی ناوچەکەدا بڵاوە، ئاڵۆز و تێکچڕژاوە.

### بەڵێنی زیاتر لە 40 ساڵ

لەو کاتەی لە 1962/10/5ەوە سەرژمێریی نائاسایی کراوە، کە بە هۆیەوە سەدان هەزار کوردی سووریا لەناسنامەی سووریا بێ بەش کران، ژمارەکەش ئێستا زیادی کردووە و گەیشتووەتە چارەکە ملیۆنێک و بە"بیانیانی حەسەکە" ناو دەبرێن، حکومەتی سووریاش تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەر بەڵێن دەدات، کە ناسنامە بەو کەسانە بداتەوە کە لێیان سەندراوەتەوە، هەروەها نەهێشتنی هەموو ئەو ئاسەوارانەی بە هۆی ئەوەوە بە درێژایی چل ساڵ بەسەر ئەو خەڵکەدا هاتووە، لە کاتی دیدارەکەی بەشار و ئەردۆغاندا سەرۆکی سووریا بەڵێنیدا ناسنامە بداتەوە ئەوانەی بێ ناسنامە کراون، بەڵام تا ئێستا هیچ شتێک لەو بارەیەوە نەهاتووەتە دی، وەزیری دەرەوەی تورکیا لەدیداری چاوەڕوانکراوی خۆی لەگەڵ بەشار ئەسەد، سەبارەت بە هەمان بابەت گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات.

### هەرێمی کوردستان دەبێتە چارەسەر؟

بەڵام ئاخۆ هەڵوێستی گەریلاکانی PKKسەبارەت بە گەڕانەوەیان بۆ سووریا چی دەبێ؟ کە بەشی هەرە زۆریان لەوانەن کە لەناسنامە بێ بەش کراون و لەلایەن حکومەتی سووریاشەوە داوا کراون، دەشگوترێ کە بەشی هەرە زۆریان نایانەوێ دووبارە بگەڕێنەوە سووریا. هەندێ چاودێر مەزەندە دەکەن کە بەشی هەرە زۆریان پێیان باش بێت کە لە هەرێمی کوردستاندا بمێننەوە، وەک ئەلتەرناتیڤی گەڕانەوە بەرەو سووریا، بەڵام تا ئێستا هەڵوێستی PKKلەو بارەیەوە ئاشکرا نییە.





**لەگەڵ ئەوانەین لە ئەرکەکانیان سەرکەوتوون**

رووداو-AFP

جەلال جەوهەر ئەندامی دەستە لەکارکێشاوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و یەکێک لە سەرکردەکانی گۆڕان رایگەیاند گۆڕان بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق دەکات وناکرێ ئەوانەی لە دەرەوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستانن بە خائین لە قەڵەم بدرێن . لەبارەی دەنگدان بۆ کاندیدی کورد بۆ پۆستە باڵاکانی عێراقیش گوتی " رۆڵی نوێنەرانی کورد لە بەغدا لەساڵانی رابردوو لە ئاستی پێویست نەبووەو نەیانتوانیوە پشتگیری لە هاوپەیمانەکانیان بن، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوانەین لە ئەرکەکانیان بەرامبەر گەلەکەیان سەرکەوتوون ".

## جۆن فیفەر، شارەزا لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا:

# لیستی گۆڕان دەبێ پێشانی دەنگدەرانی بدات هێزێکی کاریگەرە





جۆن فیفەر، بەڕێوەبەری بەشـی سیاسەتی دەرەوەیە لە پەیمانگای توێژینەوەی سیاسـی لە ئەمریکا. چەندین کتێب و وتاری لەسـەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا نووسیووەو کاری سیاسی لە ئەورووپا و ئاسیای رۆژهەڵات کردووەو چەندین وتاریشی لەسەر شەڕی عێراق و کاروباری عێراق نووسیووە. لەم هەڤپەیڤینەیدا لەگەڵ (رووداو) فیفەر پێشـبینی دەکات لە دوای کشانەوەی سـوپای ئەمریکا لە عێراق، مالیکی و سـەرکردەکانی کورد لەیەکتر نزیک ببنەوەو، پێشـیوایە ناکۆکی لەسەر مەسەلەی کەرکووک گەورەترین مەترسییە بۆ سەر بارودۆخی عێراق.

هەڤپەیڤین: هاوار عەبدولڕەزاق

**رووداو: دەستنیشانکردنی بەرهەم ساڵح بۆ پۆسـتی سـەرۆک وەزیرانـی هەرێمی کوردستان چۆن دەبینی؟**

**جۆن فێفەر:** بە شـێوەیەکی گشـتیی، پێموایە ئەوە دەست نیشانکردنێکی شیاوە. ئەو بەتوانایە و دونیای دیووەو دەشـتوانێ بە سەرکەوتووانە پێوەندی ببەستێت لەسەر ئاسـتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیش. زانیاری لەبارەی سیاسـەتی نێوخـۆی فیدراڵیەوە هەیـە، بەڵام ئایا دەتوانـێ ریفۆرم لە نێو سیاسـەتی کوردی دا بکات، ئەوە هێشتا دیار نییە.

**رووداو: لیسـتی گۆڕان کە خاوەنی 25 کورسی پەرلەمانن، دەتوانن وەک لایەنێکی ئۆپۆزیسـیۆن هیچ گۆڕانکارییەک دروست بکەن؟**

**جـۆن فیفـەر:** پارتێـک کـە خـۆی تەرخانکردووە بۆ "گۆڕان"، دەبێ زۆر بەئاگا بێت لـە بەردەوامبوونی سـەربەخۆبوونی خۆی. لە هەمانکاتدا دەبێ ئەوە پیشـانی دەنگدەرانیشی بدات کە پارتێکی کاریگەرەو ئەمەش دژبەیەکییە بۆ پارتێکی ئۆپۆسزیۆن. رەنگە گۆڕان پێش ئەوەی هەر پۆسـتێکی حکومی قبوڵ بـکات، بڕیاری دابێت جارێ چاوەڕێ بێت تاوەکو کورسی زیاتر بەدەست دێنێت و پاشان دەسەڵاتی سیاسی زیاتری دەبێت.

**رووداو: زۆر لـە پسـپۆڕان پێشـبینی داهاتوویەکـی تاریـک دەکەن بـۆ کوردی عێـراق، بەتایبەتی لە بەغـدا، چۆن ئەمە هەڵدەسەنگێنی؟**

**جۆن فیفەر:** بارودۆخەکە لە عێراق بەگشتی تاریکە، رەنگە بۆ ماوەیەکی کورتخایەنیش بێت. ئاڵۆزی سیاسـی، ململانێی و ناکۆکی هەرێمایەتـی، ئەم بارودۆخانـە وا دەکەن بارودۆخـی کوردی عێراقیـش تاریک بێت. ئەو کێشەیەی لەسەر کەرکووک هەیە رەنگە گرژترین کێشە بێت.

**رووداو: باشـترین چارەسـەر بۆ ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان چییە؟**

**جـۆن فێفەر:** دەبـێ رێککەوتنامەیەکی زیندوو لەسـەر سـنوور و دابەشـکردنی داهاتی نەوتـی هەبێت، دەبێ سـەرکردە کـورد و عەرەبەکان لەنێـو خۆیاندا ئەمە بکەن. چارەسـەرەکە نابێت لە دەرەوە (لە لایەن ئەمریکاوە) بەسـەریاندا بسەپێنرێت، ناشـبێت لە لایەن بەغدا یاخود هەولێرەوە بسەپێنرێت.

**رووداو: ئایـا بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما حەز دەکات پرسی کەرکووک چارەسەر بێت؟**

**جۆن فێفەر:** بەڵێ، بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما دەیەوێت ئەم مەسـەلەیە چارەسەر بێت و ئامادەشە سـەربازی ئەمریکی رەوانەی ئەو ناوچەیە بکات بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخە ناجێگیرەکە. رەنگە کەرکووک، ئەمریکا ناچار بکات سـوپاکەی لە دوای کاتی دیاریکراوی کشانەوەیان لەو وڵاتە، بهێڵێتەوە.

**رووداو: هەسـتێکی گشـتی لـە نێـو کورددا هەیـە کـە بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما پێداویسـتییەکانی کورد پشتگوێ دەخات، چۆن دەڕوانیتە ئەمە؟**

**جۆن فێفـەر:** ئـەوەی بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما دەیەوێـت ا) لە کاتـی دیاریکراوی خۆیدا سوپاکەی لە عێراق بکشێنێتەوە. ب) گەرەنتی عێراقێکی فیدراڵ و زیندوو بکات. لە هەردوو حاڵەتدا دەزانم کورد چۆن هەست بە ئازار دەکەن. کورد تاکە پاڵپشـتیکاری گـەورەی مانەوەی سـوپای ئەمریکابووەو زۆربەی کوردیش راڕان لەگەڵ بەغدا و عێراقی فیدراڵ بن یان نا.

**رووداو: مالیکی و سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان زۆر کێشەیان لەنێواندایە، پێتوایە ئەوان بتوانن کێشـەکانیان بەزووترین کات چارەسەر بکەن و بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتووش هاوپەیمانێتی پێک بێنن؟**

**جۆن فێفەر:** کشانەوەی سوپای ئەمریکا لە عێراق مالیکی و سـەرکردایەتی هەرێمی کوردسـتان لەیەکتـر نێزیـک دەکاتەوە، ئەمەش لەبەر پێویسـتبوون بەیەکتر نەک خۆشەویستی.

**رووداو: لەمدواییـەدا پێوەنـدی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردسـتان و تورکیا گەشەی کردووە، هۆکارەکان چین ؟**

**جـۆن فێفـەر:** حکوومەتـی تورکـی رایگەیانـدووە بەنیازە سیاسـەتێکی نوێ و کـراوەو لێبوردەتـر بەرامبـەر بە کورد بەکاربێنێت، لە هەمان کاتیشـدا بەمزووانە سـوپای ئەمریکا لە عێراق دەکشـێتەوە. ئەمەش کارێکـی سروشـتییە ئەنقەرە و هەولێر بەرژەوەندی هاوبەش ببینن و پەرە بە پێوەندییەکان بدەن و PKK دوورەپەرێز بکەن.

**رووداو: پێتوایـە PKK دەبێتە قوربانی ئەم پێوەندییە؟**

**جۆن فێفەر:** بێگومان. حکومەتی تورکی دەیەوێت سەرچاوەی پاڵپشتیکردنی PKK لەناوبەرێت لە رێـگای بەرنامەی ریفۆرمی ناوخۆیـی و نزیکبوونـەوە لـە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**رووداو: رات بەرامبـەر بـەو پلانـەی تورکیا چۆنە کە دەیەوێت ریفۆرم لە ناوچە کوردییەکانی تورکیادا بکات؟**

**جۆن فێفەر:** پێموایە ئەمە یەکەم هەنگاوی گرنگە. لە داهاتوودا پەخشی زیاتری زمانی کـوردی و بەرنامـە بە زمانی کـوردی و شـتی دیکەش دەبینین. هەتا رەنگە ئێمە ئۆتۆنۆمییەکی ناوخۆیی و هەرێمیش ببینین (ئۆتۆنۆمییەک کە پابەند بێت بە پلانەکەی تورکیاوە بۆ گەیشتن بە مەرجەکانی یەکێتی ئەورووپـا بۆ بە ئەندامبوون). تا ئێسـتاش سوپای تورکی لەگەڵ پلانەکەدا رۆیشتووە و من گەشبینم.

# تورکیا دەیەوێ بەنداوی ئیلسو وەک کارتێکی سیاسی لە دژی کوردستان و عێراق بەکاربێنێ

**رووداو-هەولێر**

ئەگەرچـی ئان هۆڵمز ماوەیەکی کەمە ئاشـنـای دۆزی کورد بووە، بەڵام لەکاتی قسەکانیداهەمیشە بە "باکووریکوردستان" و" رۆژهەڵاتی کوردستان " ناوی ئەو هەردوو پارچەی کوردسـتانی دەهێنا. ئان هۆڵمز رۆژنامەڤان وفۆتۆگرافەرێکی فەرەنسییە، ساڵی 2007 سەردانی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردسـتانی کردووە، لەوێ راسـتەوخۆ ئاشنایەتی لەگەڵ کورد پەیداکردووە.

هۆڵمز هەفتەی رابردوو لەگەڵ کچێکی کـوردی باکـووری کوردسـتان بەناوی ئایپـاک تاشـلی، کـە خەڵکی شـاری ئامەدەو لە شارەوانی باتمان کار دەکات، سـەردانی باشووری کوردستانیان کرد بۆ دەسـتپێکردنی هەڵمەتێکی هوشـیاریی لەدژی دروسـتکردنی بەنداوی ئیلسو کە حکومەتـی تورکیا بەنیازە لـە باکووری کوردسـتان لە شوێنی شـاری مێژوویی حەسکیف (حەسەنکیف) دروستی بکات.

هۆڵمز لەبارەی مەبەستی سەردانەکەی بۆ هەرێمی کوردسـتان بـە (رووداو)ی راگەیاند " من بۆ ئەوە هاتووم هەندێک زانیاری لەبـارەی رای خەڵک و رێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر بەنداوی ئیلسـو کۆبکەمەوەو، بۆ خەڵکی ئێرە روونبکەمەوە کە دروسـتکردنی ئەو بەنداوە چەنـد کاریگەرییەکی نێگەتیڤی لەسەر ژیانی خەڵکی ئێرەش هەیە".

هۆڵمز کە سـاڵی رابردوو سـەردانی شـار حەسکیفی کردووە، دەڵێ ئەو وەکو چالاکڤانێکی مافەکانی مرۆڤ ویستویەتی لە نزیکەوە ئەو خەڵکانە ببینێ کە بەهۆی دروسـتکردنی ئەو بەنداوەوە دەربەدەرو ئـاوارە دەبن " من لەبەرئـەوە دژی ئەو بەنداوەم چونکە خەڵکێکی زۆر بێ ماڵ و حاڵ دەکا".

حکومەتی تورکیا بەنیازبوو بە هاوکاری چەند کۆمپانیا و بەیارمەتی دارایی چەند بانکێکـی ئەوروپایـی بەنداوی ئیلسـو دروستبکات، بەڵام مانگی رابردوو بە هۆی چالاکییەکانـی کەمپینی دژی بەنداوەکەو چالاکڤانانی مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی شـوێنەوارە ئارکیۆلۆژییـەکان، کۆمپانیا ئەوروپاییەکانی کشـانەوەو بانکەکانیش بڕیارەکەیان هەڵوەشاندەوە کە بەنیازبوون 630 ملیـۆن دۆلار وەک قەرز بدەنە ئەو کۆمپانیایانەی بەنداوەکە دروستدەکەن.

ماوەی دوو سـاڵە لە نێوخۆی تورکیا و ئەوروپـا کەمپینێکـی بەهێـز لەدژی دروستکردنی بەنداوی ئیلسو بەڕێوەدەچوو، یەکێک لە بەشدارانی کەمپینەکە پۆپستاری نێـوداری تورک تارکانە، کە لە لێدوانێکی پێشتردا بە (رووداو)ی راگەیاند" تێکدانی شوێنەوارەکانی حەسکیف ئیشی شێتانە".

ئایپـاک تاشـلی کـە بەرپرسـی کەمپەینە کەیـە لە شـاری باتمانی باکووری کوردستان، دەڵێ ساڵی رابردوو لەسەر ئەوەی چووە وێنـەی خەڵکـی گونـدی (گەرماڤ)ی گرتووە، کە وەبـەر بەنداوەکە دەکەوێت و، راپۆرتـی لەسـەر خەڵکـی گوندەکە ئامادەکردووە، شـەوێک لەلایەن سوپای تورکیاوە دەستگیرکراوەو ئەو کامێرایەشی لێ سـەنراوە کە چەند وێنەیەکی شوێنی دروستکردنی بەنداوەکەی پێ گرتبوو.

تاشـلی دەڵێ دروستکردنی بەنداوەکە کۆمەڵێک زیانی هەمەلایەنی لێدەکەوێتەوە، لەوانـە ژمارەیەکی زۆر لـە خەڵکی ئەو ناوچەیە ماڵ و خانووی لێ تێکدەچێت و دەربەدەردەبن کە نزیکەی 75 هەزار کەس دەبن، هەروەها شوێنەوارە مێژووییەکان کە تەمەنیـان هەزاران سـاڵە بن ئاو دەبن و زیانێکی زۆریش بە بواری گەشـتوگوزار و ژینگە دەکەوێ.

سیاسەتی ئاو، ئاودێری

فۆتۆگرافـەری فەرەنسـی ئان هۆڵمز دەڵێ زیانەکانی دروسـتکردنی ئیلسـو هەر تەنها بەشـی باکووری کوردسـتان ناگرێتەوە بەڵکو کار لە هەرێمی کوردستان و تەنانەت هەموو عێراق دەکات و دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاو، بۆیە " پەیامم بۆ خەڵکی کوردستان ئەوەیە دەنگی ناڕەزایی بەرامبەر دروستکردنی ئەو بەنداوە هەڵبڕن و خۆپێشـاندان بکەن و گوشـار بخەنە سـەر حکومەتی بەغدا بۆ ئەوەی گوشار لە تورکیا بکات بۆ وەسـتاندنی، چونکە دروسـتکردنی بەنداوەکـە دەبێتە هۆی کەمبوونـەوەی ئاو و کاریگەری لە سـەر ژیانی خەڵک دروستدەکات".

تاشلی دەڵێ "دروستکردنی بەنداوەکە مەبەستی سیاسـی لەپشتەوەیەو تورکیا دەیـەوێ بەو هۆیەوە هاتنی ئاو بۆ عێراق کەمبـکات و وەکـو کارتێکی سیاسـی بەکاربێنێ "، تاشلی هەروەها پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات کە ئەوە راست نییە کە دەگوترێ گوایە ئەوبەنداوە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا یان بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ لـە ناوچەکە سوودی دەبێ " تورکیا پێویستی بە کارەبا نییە و ناوچەکەش هەر بۆخۆی ناوچەیەکی کشـتوکاڵی بەبەرهەمە و گرفتی ئاودێری نییە".

تاشـلی نموونەیەک لەبـارەی بوونی مەبەستێکی سیاسی لە پشت دروستکردنی بەنداوی ئیلسو دێنێتەوەو دەڵێ " وەزیری ئـاو و وزەی تورکی وەیسـەل ئەرئۆغلۆ، ماوەیەک لەمەوبەر بە ئاشکرا بە رۆژنامەی (رادیـکاڵ)ی تورکی گوت ئـەوان بۆیە ئەو بەنداوە دروسـتدەکەن بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە بە ئاو دابپۆشن، چونکە چەکدارانی PKKخۆیان تێدا دەشارنەوە".

هۆڵمز و تاشـلی هەردووکیان داوا لە حکومەتی کوردستان وNGO و میدیاکان لـە هەرێمی کوردسـتان کـە دژی ئەو بەنداوە بوەسـتنەوەو کەمپینێک لە دژی دروستکردنی بەڕێوەببەن.



**دروستکردنی ئەو بەنداوە کاریگەرییەکی خراپ لە ژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستانیش دەکات**

رۆژنامەوان وفۆتۆگرافەری فەرەنسی ئان هۆڵمز



**75 هەزار کەس بە هۆی بەنداوەکە دەربەدەر دەبن**

ئایپاک تاشلی چالاکڤان لە کەمپینی دژی دروستکردنی بەنداوی ئیلسو



شاری حەسکێف لە باکووری کوردستان، یەکێکە لەو ناوچانەی دەبێتە قوربانی ئیلسو

(فۆتۆ:DIHA)



نووری مالیکی

(فۆتۆ: AFP)

# مالیکی بەSMS شەڕی نەیارانی دەست پێدەکات

**رووداو– Malafpress**

لە یەکەمین رۆژی جەژنی رەمەزاندا سـەدان هەزار عیراقی سەرسامی دایگرتن لە ئاست دەقی ئەوکورتـە نامەیەی کە جیاواز بوو لە هەموو ئەو نامانـەی بـە مۆبایل لە لایەن خـزم و برادەر و دۆسـتانەوە بۆیان دەهات و پیرۆزبایی جەژنیان لێ دەکردن. ئەو نامەیە بە ئیمزای (براتان نووری کامیل ئەلمالیکی سەرۆک وەزیران) بوو، کە تێیدا پیرۆزبایی جەژن لە خاوەن مۆبایلەکە و خانەوادە بەڕێزەکەی دەکات..

لە کاتێکدا کە گەلێکیان باوەڕیان بە دەقی ئەو نامەیە نەکرد، واشیان دانا کە ئەوە تەپکە و داوە و خزم و دۆستان بۆ گاڵتە و سوعبەت ناردوویانە، بەڵام بە دوای یەکـدا هاتنی نامەکان بە هەمان ناوەرۆک و بۆ چەندین ئەندامی دیکەی خێزانەکە و خێزانانـی دی، ئیدی هەمووان دڵنیا بوون کە مالیکی شێوازێکی دیکەی بۆ ریکلامی هەڵبژاردن دۆزیوەتەوە. ئەحمەد کە یەکێکە لەوانەی مالیکی کورتە نامەی پیرۆزبایی بۆ ناردووە دەڵێ " ویستم وەڵامـی نامەکـە بدەمەوە بەڵام تەماشـام کرد ژمارەکە 0000 بوو"

هەندێ لە نەیارانی مالیکی لەوانەی کە بەرامبەر بەو شێوازی ریکلامی هەڵبژاردنە شۆک دایگرتن، ناڕەحەتیی خۆیان بەرامبەری دەربڕی، هەر بۆیە هەندێ ماڵپەڕی تەنانەت لەوانەی لە نێو هێزگەلی شیعەدان و دژ بە ئاراستەکانی مالیکین ئەوەیان خستە روو کە شێوازێکی نادروستە بۆ راکێشانی دەنگدەری عیراقی.

نەک هـەر ئەوەندە، بەڵکو هەندێک پێیانوایە کە ئەم کارە بە فیرۆدانی سامانی عیراقە و کۆی نرخی ئەو نامانەی مالیکی ناردوونی رەنگە بایی ئەوە بن شـەقامێکیان پێ قیرتـاو بکرێت یان قوتابخانەیەکیان پێ دروسـت بکرێت. هەروەها هەندێ کەسـیش لایـان وایە کـە ناردنی ئەو پیرۆزباییـە لە رۆژی یەک شـەممەدا کە هەموو عیراقییەکان نەیانکرد بووە جەژن، واتای ئەوەیە کە مالیکی پشی پشـی بۆ هەندێ لە عیراقیان دەکات بەدەر لە ئەوانی دی.

کەچی هەندێکـی دی پێیانوایە ئەو نامانە بە خۆڕایین چونکـە بە ئینتەرنێـت رەوانە کراون نەک لە رێی مۆبایلەوە کە کارت دەخوات. وێڕای ئەوە ئەو شێوازەی مالیکی بۆ پیرۆزبایی دایهێنا، دەیسەلمێنێ کە شـەڕی هەڵبژاردن لە بنچینەدا دەسـتی پێ کردووە، هەموو پێشبینییەکانیش پێیانوایـە کە لە مێژووی عیراقدا ئەو هەڵبژاردنە مەترسیدارترین هەڵبژاردن دەبێت.

مالیکـی کە وا چاوەڕوان دەکرێت لەم رۆژانەدا لیستی هەڵبژاردنەکەی کە بەناوی دەولەتی یاسا (دولـە القانون)ەو لە 60 قـەوارە پێک هاتووە، رابگەیەنێت و دەیەوێت گەورەترین لیستی بەشدار بێت. هەولی ئەوە دەدات زۆرینەی کورسییەکانی نێو پێکهاتە شـیعە بەدەست بهێنێت، بە جۆرێ ئەگەرهاوپەیمانییەکلەگەڵئیئتیلافینیشتیمانیی عیراقدا بکات، ئەوە زۆرینەی لیستەکەی مالیکی دووبـارە ئەو کاندید بکاتەوە بـۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سـەرۆک وەزیران تا ماوەی چوار ساڵی دی، بـە تایبەتی ئەگەر دەنگـی ئەو هێزانەش بەدەست بهێنێت کە تا ئێستا هەر لە دڵەڕاوکێدان کە ئاخۆ لەگەڵ ئەودا بچنە هەڵبژاردنەوە یان دوای سـەرکەوتن لە هەڵبژاردن ئی3نجا هاوپەیمانیی لەگەڵدا ببەسـتن، بۆ ئەوەی بەشـی خۆیان لە وەزارەت و پۆستەکاندا مسۆگەر بکەن.

گرنگ ئەوەیە مالیکی جەژنە پیرۆزەی رەمەزانی بۆ خۆی مسـۆگەر کرد و رەنگە شـەڕی جەژن و بۆنەکانـی لـە بەرژەوەندیی خـۆی یەکلایی کردبێتـەوە، کـە رەنگە جەژنـی قوربانیش لە کاتێکدا بێت کە شەڕی هەڵبژاردن لە قۆناخی فرە هەستیاردا بێت.

بـە بۆچوونی گەلێک کەس ئـەوەی کلیلی دەسـەڵاتی لە دەسـتدایە، ئەوە هـەر خۆی بە تواناترە لەوەی کلیلەکە بە لای راسـت و چەپدا با بدات و تەنانەت ئەگەر رکابەری بەهێزیشی لە بەرامبەردا هەبێت. بە هەر شێوەیەک بێت هەردەم دەسەڵات بەهێزترە.

# ئەمساڵ 26 هەزار قوتابی لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەردەگیرێن



دەرچووانی شەشی ئامادەیی ئەمساڵ گلەیی زۆریان لە قورسی پرسیارەکانی بەکەلۆریا هەبوو (فۆتۆ:ڕووداو)



## بەهۆی قورسی پرسیارەکان ئەمساڵ نمرە کەم هاتووە و بەشێک لە قوتابیان هۆڵی تاقیکردنەوەیان جێهێشتبوو

بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان

**ئاری عوسمان**
**ڕووداو-هەولێر**

بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان ڕاگەیاند ئەمساڵ هیچ دەرچوویەکی ئامادەیی لە دەرەوەی پلانی وەرگرتن نامێنێتەوەو سەرجەمیان وەردەگیرێن. گوتیشی بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو نمرە کەم هاتووە.

جوان جەلال شەریف، بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان ڕاگەیاند کە بۆ وەرزی ئەمساڵی خوێندن زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان توانای وەرگرتنی 26 هەزار قوتابییان هەیە و 26803 قوتابی ئامادەیی دەرچوون. لەبارەی چارەنووسی ئەو 803 قوتابییە جوان جەلال گوتی "چەندین کۆلێژ و زانکۆی ئەهلی هەن، بەشێک لە دەرچووان دەچنە ئەو زانکۆ و کۆلێژە ئەهلییانە، بۆیە بەدڵنیاییەوە هیچ قوتابییەک لە دەرەوەی پلانی وەرگرتن نامێنێتەوە".

ساڵی ڕابردوو بەهۆی زۆری ڕێژەی دەرچووان و کەمی هۆڵی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگاکان، سەرەتا 10 هەزار قوتابی لە دەرەوەی پلانی وەرگرتن مانەوە، دواتر لەژێر فشاری قوتابییە وەرنەگیراوەکان بەشێکیان وەرگیران. سەبارەت بە وەرگرتنی قوتابیانی ساڵی ڕابردوو جوان گوتی "ئەوە دەبێ وەزارەتی خوێندنی باڵا بڕیار بدات ئەو قوتابیانە وەربگیرێن یان نا".

دەرچووانی شەشی ئامادەیی ئەمساڵ گلەیی زۆریان لە قورسی پرسیارەکانی بەکەلۆریا هەبوو، دەڵێن بەو هۆیەوە نمرەی کەمیان هێناوە. حەسیبە عزیز دەرچوی شەشی ئامادەیی بەشی زانستی، کە تێکڕای نمرەکانی 75% بووە گوتی "بەهۆی قورسی پرسیارەکان نمرەیەکی کەمم هێناوە، هەر بۆیە لەو کۆلێژە وەرناگیرێم کە من حەزم لێی دەکرد".

جوان جەلال دانی بەوەدانا بەهۆی قورسی پرسیارەکان ئەمساڵ نمرە کەم هاتووە و گوتی "بەشێک لە قوتابیان هۆڵی تاقیکردنەوەیان جێهێشتبوو"، گوتیشی "ئەمساڵ بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو نمرە کەمهاتووە، بۆ نموونە ساڵی ڕابردوو 104 کەس تێکڕای نمرەکانیان لە 95% بەرەو ژووروو بوو، بەڵام ئەمساڵ 60 کەس ئەو نمرەیان بەدەستهێناوە".

سەبارەت بەکاتی دەرچوونی ناوی قوتابیان بۆ زانکۆ و پەیمانگاکان، بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان ڕایگەیاند کە دەرچوونی ناوەکان کەمێک دوادەکەوێت، بەڵام ناگاتە مانگی 11، ناوبراو هۆکاری دواکەوتنەکەی ڕوونکردەوەو گوتی "وا بڕیار بوو 2009/9/10 دوا ڕۆژی گەڕاندنەوەی فۆڕمەکان بێ، بەڵام زۆربەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە تا ئێستا فۆڕمەکانیان نەگەڕاندووەتەوە، هەر بۆیە ڕەنگە دەرچوونی ناوەکان کەمێک دوا بکەوێت، بەڵام ناگاتە مانگی 11".

## ئەمساڵیش قوتابخانەی سێ دەوامی و دوو دەوامی دەمێنن



### پاکیزە تەلعەت، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر :

# هەولێر پێویستی بە زیاتر لە 500 قوتابخانەیە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

عەبدوڵڵا سابیر، بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر، ڕایگەیاند بەهۆی کەمی بینای قوتابخانە و زۆربوونی ژمارەی قوتابیان ناتوانن سیستمی تازەی خوێندن بە ڕێکوپێکی جێبەجێ بکەن. گوتیشی بەردەوام لە هەوڵی کەمکردنەوەی قوتابخانە سێ دەوامی و دوو دەوامییەکان داین. بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر ئاماژەی بەوەدا بەهۆی زۆربوونی منداڵ لە گەڕەکە میللییەکاندا ناچارن بەشێک لە قوتابخانەکانی ئەو گەڕەکانە بکەنە سێ دەوامی کە "ئەمەش لەگەڵ سیستەمی تازەی خوێندن ناگونجێت".

ساڵانە چەندین قوتابخانە لەکوردستان دروستدەکرێن، بەڵام بەهۆی زۆربوونی ژمارەی قوتابییان گرفتی کەمی بینا بەبێ چارەسەری دەمێنێتەوە. پسپۆڕانی بواری پەروەردەش ئاماژە بەوە دەدەن تا گرفتی کەمی بینای قوتابخانە هەبێ، پرۆسەی پەروەردە لە کوردستان پێشناکەوێ.

بۆ چارەسەرکردنی گرفتی کەمی بینایەی قوتابخانە، ساڵی ڕابردوو وەزارەتی پەروەردە نووسراوێکی ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کردووە کە ڕەزامەندی بنوێنێ لەسەر دروستکردنی 3016 قوتابخانەی 4 پۆلی تا 37 پۆلی، کە تێچووی سەرجەمیان دەگاتە 1 ملیارو 633 ملیۆن و 126 هەزارو 565 دۆلار.

یوسف عوسمان، بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان لە وەزارەتی پەروەردە، ئاماژەی بەوەدا ئامانجی وەزارەتی پەروەدە لەبەرزکردنەوەی ئەو نووسراوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئاگادارکردنەوەی ئەنجوومەنە لە گرفتی کەمی بینای قوتابخانەکان "چونکە سیستەمی تازەی خوێندن لەقوتابخانەی سێ دەوامی، دوو دەوامی و بینای قوڕو کابینە جێبەجێ ناکرێت".

بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان ئاماژەی بەوەدا بۆ چارەسەری ئەو گرفتە لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی وەزیران پلانێکی سێ ساڵەیان داناوە، لەپلانەکەش ئەولەویەت دراوەتە کەمکردنەوەی قوتابخانە سێ دەوامییەکان، دواتر دوو دەوامی، پاشانیش نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان".

بەپێی ئەو پلانە کە ئەمساڵ جێبەجێ دەکرێ دەبێ 998 قوتابخانە دروستبکرێن کە ئەویش بەو جۆرە دەبێ: 64 قوتابخانەی 27 پۆلی، 240 قوتابخانەی 18 پۆلی، 82 قوتابخانەی 12 پۆلی، 452 قوتابخانەی 9 پۆلی، 160 قوتابخانەی 4 پۆلی، نۆژەنکردنەوەی 473 قوتابخانە، زیادکردنی 165 پۆل لە قوتابخانەکان، دروستکردنی 758 تاقیگەی کۆمپیوتەر و 172 باخچەی ساوایان و چەندین پرۆژەی دیکە. کە سەرجەم پرۆژەکان دەگەنە 2890 پرۆژە و تێچووەکەیان 1 بلیۆن و 771 ملیار و 306ملیۆن دینارە.

سەروەت مستەفا، بەڕێوەبەری گشتی بیناسازی لە وەزارەتی پەروەردە، ئاماژەی بەوەدا، بۆ جێبەجێکردنی پلانی 2009 داوای 555 ملیار دیناریان کردوە "بەڵام بەهۆی دابین نەکردنی بودجە تائێستا هیچ پرۆژەیەک لە پلانەکە جێبەجێنەکراوە".

بەپێی قسەی ئەو بەرپرسەی وەزارەتی پەروەردە ئێستا 209 پرۆژە لە پلانی 2008 لە قۆناخی جێبەجێکردنن کە 108 پرۆژەیان لەسەر بودجەی وەبەرهێنانی وەزارەتی پەروەردەن و زۆربەشیان دروستکردنی قوتابخانەی 18تا27 پۆلین، 111 پرۆژەکەی دیکەش لەسەر بودجەی پەرەپێدان و ڕێکخراوە بیانییەکان دروستدەکرێن. سەروت گوتی "ماوەی پرۆژەکان کەمتر لە ساڵێکە، بەڵام بەهۆی دواکەوتنی بودجە ئەمساڵیش قوتابیان سوود لەو پرۆژانە نابینن".

بەپێی ئاماری وەزارەتی پەروەردە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا 1211 قوتابخانە دروست کراون، بەڵام ئەو ژمارەیە بەهۆی زۆربوونی ژمارەی قوتابیان گرفتی کەمی بینای قوتابخانەکانی چارەسەر نەکردووە، چونکە تەنیا بۆ وەرزی خوێندنی 2008-2009 لەسەر ئاستی ئاستی پەروەردەکانی هەرێمی کوردستان 133 هەزار قوتابی لەپۆلی یەکەمی بنەڕەتی وەرگیراون، بۆ وەرزی ئەمساڵی خوێندنیش پێشبینی دەکرێت140 هەزار قوتابی وەربگیرێن.

پاکیزە تەلعەت، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر، دەڵێت دروستکردنی بینای قوتابخانە لەگەڵ ڕێژەی زۆربوونی ساڵانەی قوتابیان نا بەرامبەرە، بەم هۆیەشەوە ڕۆژ بەڕۆژ گرفتیان بۆ زیاد دەبێ، پاکیزە گوتی "بۆ ئەوەی لەگرفتی سێ دەوامی و دوو دەوامی قوتابخانەکان ڕزگارمان بێت، لە پارێزگای هەولێر پێو یستما ن بەدروستکردنی زیاتر لە 500 قوتابخانە هەیە، بۆیە لەپلانی 2008 داوای دروستکردنی 336 قوتابخانەمان کردبوو، بەڵام تەنیا ڕەزامەندی 70 قوتابخانەمان بۆ هاتەوە".

بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر ئاماژەی بەوەشدا کە گرفتی سەرەکیان سەنتەری شاری هەولێرە چونکە لە کۆی 409 قوتابخانە 256 قوتابخانەیان دوو دەوامی و سێ دەوامین. ناوبراو گوتیشی "لەبەر نەبوونی شوێنیش بۆ دروست کردنی قوتابخانە بەناچاری چەند قوتابخانەیەکمان تێکداوە بۆ ئەوەی بیانکەینە 27 پۆلی، بەڵام لەبەر نەبوونی شوێنی خوێندنی قوتابیانی قوتابخانەکە تێکدراوەکان زۆرجار ناچاربووینە پرۆژەکان دوابخەین".

بەبڕوای پسپۆڕانی بواری دانیشتوان هۆکاری زیادبوونی بەردەوامی ڕێژەی لەدایک بوون لەهەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ باری ئارامی کوردستان و زیادبوونی داهاتی تاکی و حەزی خێزانی کورد بۆ نانەوەی منداڵ. د.خەلیل ئیسماعیل، پسپۆر لە جوگرافیای دانیشتوان مامۆستا لەکۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین دەڵێ "تائێستا هۆکاری ئاینی و نەتەوەیی لەنێو هزری تاکی کورد بوونیان هەیە، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر زیادبوونی ڕێژەی لەدایکبوون".



## کوردستان چاو لەفەرەنسا دەکات

# لەمەودوا فەرمانبەریش بەڕێوەبەرەکەی دەداتە دادگا

**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو-سلێمانی**

کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەدواساتەکانی کارکردنی خۆیدا بڕیاریدا بەدروستکردنی سێ دادگای ئیداری لەهەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان و وەزیری دادیش دەڵێ، بەهۆی کەمی دادوەرەوە، تەنها بەشی دادگای هەولێرمان دادوەر



### بڕیارێکی باش و دروستە

جەلال سام ئاغا، سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی

ئامادەکردووەوسەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانیش پێی وایە، ئەگەر دادوەرەکانی ئەو دادگا ئیدارییانە ئازاو چاونەترس بن، ئەو دادگایانە کاریگەری گەورەیان دەبێت لەچارەسەر کردنی کێشە ئیدارییەکان.

فاروق جەمیل، وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری ئەو سێ دادگا ئیدارییەی بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی ئیداری نێوان دامودەزگاکانی حکومەت و کێشەی نێوان فەرمانبەران و دامودەزگاکان و سەرۆکی دەزگاکان گێڕایەوەو گوتیشی " ئێستا سەرۆک و جێگری سەرۆک دەست نیشان کراون و لەگفتوگۆدان بۆ ئەوەی بتوانین ئەندامەکانی ئەنجومەنی شوراش دەست نیشان بکەین ".

بەو پێیەی کەیەکەمین جارە لەهەرێمی کوردستان دەکرێنەوە دادگای ئیداری دەکرێنەوە، هەرلەسەرەتاوە کێشەگەلێک ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، کەدیارترینیان بێئەزموونییە . حاکم شێخ لەتیف دادوەر لەسلێمانی، کەبۆخۆی زۆر دڵخۆش نییە بە دامەزراندنی ئەو دادگایانەو پێی وایە قەزای ئیداری زۆر سەرکەوتوو نییە دەڵێ، ئەزموونەکە بەهەرحاڵ لەوانەیە دروست بکرێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کەلەکوردستان سیستم و دەسەڵاتی قەزایی لاوازە . گوتیشی " دادگای ئیداری سەربەدەسەڵاتی جێبەجێ کردنەو دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەیبات بەڕێوە ".

بۆیەکەمین جار لەساڵی 1972 لەفەرەنسا کاتێک دیاردەی دەستێوەردان لەئیش و کارەئیدارییەکان لەلایەن بەرپرسانەوە دروست دەبون،دادگای ئیداری دامەزرێنران و تائێستا ئەم مۆدێلە لە14وڵاتی جیهان هەیە . حاکم شێخ لەتیف دەڵێ،بەداخەوە مۆدێلێکی سەر کەوتوو نییە ".

جەلال سام ئاغا، سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی، کەوای دەبینێ زۆربەی کێشە ئیدارییەکان لەهەرێمی کوردستان بەهۆی دەستێوەردانی بەرپرسانەوە دروست بوون، بەپێچەوانەی ڕای حاکم شێخ لەتیفەوە بەگەشبینییەوە لەبڕیاری دروستکردنی دادگا ئیدارییەکان دەڕوانێت و دەڵێ، بڕیارێکی ڕەسەن و دروستە .

سام ئاغا دەڵێ، کاریگەری ئەم دادگایانە دەگەڕێتەوە سەر خودی دادوەرەکە "ئەگەر دادوەرەکە نەترس و ئازابێت و نەهێڵێت کەس دەست وەربداتە ئیشەکانیەوە، ئەوکات ئیشەکان زۆر بەباشی دەڕوات بەڕێوە ". گوتیشی "بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ شکستی بەدادگا هێناوە، دەستێوەردانی بەرپرسان و ناکارامەیی و ترسی دادوەرەکانە". بەڕای سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی، ئەگەر دادوەرەکان ئازاو نەترس بن، کەس ناتوانێ قسە لەقسەیاندا بکات .

فاروق جەمیل، وەزیری دادی حکومەتی هەرێم ڕەتی کردەوە کەئەو دادگایانە نەتوانن ئیش و کاری خۆیان بکەن و گوتی " دادگای بێلایەنن و سەربەخۆ ئیشی خۆیان دەکەن ".وەزیری داد گوتیشی " پرۆژە یاسای ئەنجومەنی شوراش لەپەرلەمان پەسەند کراوەو لەلایەن سەرۆکی هەرێمیشەوە ئیمزا کراوە ".

لەدوای هەڵبژاردنەکانی 25 ی تەموزی ڕابردووەوە، بەتایبەت دوای لەدەستدانی سلێمانی لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە، ژمارەیەک لەبەرپرسە ئیدارییەکان لەلایەن دیوانی چاودێری داراییەوە گڵۆپی سوریان بۆ داگیرسێندراو تائێستا جگە لەپارێزگاری سلێمانی، قایمقامی هەڵەبجە هەڵاتووەو قایمقامی چەمچەماڵ دادگا داوای دەکات و سەرۆکی شارەوانی کەلاریش بانگهێشتی دادگا کراوە بۆ لێپرسینەوە لەسەر هەندێک پرسی تایبەت بەگەندەڵی.

جەلالی شێخ کەریم، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ دەڵێ، پێویستە ئەو بەرپرسانەی کەدادگا داوایان دەکات، بچنە بەردەم دادگاووەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە . هەروەها ئەوەشی گوت "پێویستە قایمقامی هەڵەبجە دوای ئەوەی دادگایی کرا هەموو ئەوپارانەی کەبردویتی بگەڕێنرێتەوە بۆ پرۆژەکانی هەڵەبجە .

لەکابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تائێستا، هەموو ئەو کێشە ئیدارییانەی کەلەنێو وەزارەت وفەرمانگەکانی حکومەتدا دروست بوون، تەنها لەڕێگەی دروستکردنی لیژنەی لێکۆڵینەوەوە بەدوایدا چوون و هیچ کام لەو لیژنانەش نەیان توانیوە کاری جددی لەسەر کێشەکان بکەن . بەرپرسێکی ئیداری بەرزی حکومی دەڵێ، ئەو لیژنەی لێکۆڵینەوانەی کەحکومەت دروستی دەکردن، نەبونیان باشتربوو . هەروەها گوتیشی " چونکە ئەوەندەی کاتیان بەڕێدەکرد، نێو



### مۆدێلێکی سەر کەوتوو نییە

دادوەر شێخ لەتیف

ئەوەندە مەبەستیان نەبووە لەو مەسەلەیە بکۆڵنەوەو لەلایەن بەرپرسانیشەوە ئاراستە دەکران ".

ئەو بەرپرسە ئیدارییە ئەوەشی بە (ڕووداو)گوت، کەپێویستە دادوەرانی دادگای ئیداری زۆربوێرانە بێنە مەیدانەوە "بەرپرسی گەورەی کورد بەبونی دادگاش واز لەخوی دەستێوەردان ناهێنێت و شەڕیشی لەسەر دەکات، بۆیە یان دەبێت شەڕی گەورە بکەن، یان بەبێدەسەڵاتی دەمێننەوە ". حاکم شێخ لەتیف، کەلەزۆربەی گوتارو دیدارەکانیدا جەخت لەسەر دەسەڵاتی دادوەری دەکاتەوە گوتی " دادوەری ئازاو بوێرمان هەیە ئەگەر دەسەڵاتی بدەیتێ، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کەلەکوردستان دەسەڵاتی دادوەری نییە".

بەهۆی نەبونی دادگایەکی ئیدارییەوە، تائێستا لەهەرێمی کوردستان چەندین فەرمانبەرو کارمەندی حکومی لەلایەن بەرپرس و بەڕێوەبەر و فەرمانگەکانیانەوە بەناڕەوا سزادراون و هەندێکیش نان بڕاو بوون، فاروق جەمیل، وەزیری دادی حکومەتی هەرێم گوتی " ئیدی ئەو فەرمانبەرانە دەتوانن لەو حاڵەتانە لەو دادگایە سکاڵا تۆمار بکەن".



## ئابووری

### هەڵپەساردنەکە کاتییە

رووداو -رۆیتەرز
فەلاح مستەفا بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا لە واشنتن رایگەیاند هەڵپەساردنی کارەکانی کۆمپانیای نەوتی نۆرویجی DNO تەنها بۆ ماوەیەکی کاتی دەبێت" کە کێشەکە لەنێوان DNO و بازاڕی دراوی ئۆسلۆ یەکلاکرایەوە، دڵنیام کۆمپانیاکە دەتوانێ دەست بەکارەکانی بکاتەوە". ئەم لێدوانەی فەلاح مستەفا نرخی پشکەکانی کۆمپانیاکەی لە بازاڕەکاندا بەرزکردەوە. هەفتەی رابردوو میدیاکانی نۆرویج ئاشتی هەورامی وەزیری سەرچاوە سرووشتییەکانی کوردستانیان بە تێوەگلان لە کۆنتراکتێکی نێوان DNO و گەنەل ئینیرجی تورکی تاوانبار کردو بەم هۆیەشەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان کارەکانی DNOی هەڵپەسارد.

| دینار | | 1 تەن | |
|---|---|---|---|
| 100 $ | 118600 | 485 $ |  |
| 100 € | 175500 | 114 $ |  |

# رێگە لەهاتنی 180 هەزار تەن کەلوپەلی خراپ بۆ کوردستان دەگیرێ

**ئاری عوسمان**
**رووداو- هەولێر**

سەرۆکی دەستەی کۆنترۆڵی جۆری پێوانەسازییەکان رایگەیاند لە ماوەی یەک ساڵ و نیوی دەستبەکاربوونیان، رێگەیان لە 180 هەزار تەن کەلوپەلی خراپ و ماوە بەسەرچوو گرتووە کە لەهەردوو دەروازەی سنووریی ئیبراهیم خەلیل و حاجی ئۆمەرانەوە بێتە هەرێمی کوردستان.
ماوەی یەک ساڵ و نیوە دەزگەی کۆنترۆڵی



**ئەگەر خۆمان نەپارێزین جینۆسایدێکی خراپتر لە جینۆسایدەکانی سەدام بەڕێوەیە**

سەرۆکی دەستەی کۆنترۆڵی جۆری

جۆری دەستبەکار بووە بۆ پشکنینی ئەو خواردن و کەلوپەلانەی لە دەروازە سنوورییەکانەوە دەهێنرێنە هەرێمی کوردستان و کۆنترۆڵکردنی ئەوانەی لە نێوخۆی کوردستان بەرهەم دەهێنرێن. د.موئەیەد عەبدولڕەحمان، سەرۆکی دەستەی کۆنترۆڵی جۆری پێوانەسازی بە (رووداو)ی راگەیاند پشکنین بۆ سەرجەم خۆراک و کەلوپەلی هاوردە و نێوخۆیی دەکەن.

سەرەڕای دامەزراندنی دەزگەی کۆنترۆڵی جۆری، بەڵام هێشتا هاووڵاتیان گلەیی ئەوە دەکەن کە خۆراک و کەلوپەلی خراپ و بەسەرچوویان پێدەفرۆشرێ. د.موئەیەد نکۆڵی لەوە نەکرد کە تائێستاش خۆراک و کەلوپەلی بەسەر چوو لە بازاڕەکاندا هەیە، بەڵام گوتی " 95% کۆنترۆڵی بازگەکانی حاجی ئۆمەران و ئیبراهیم خەلیلمان کردووە، بەڵام نەتوانراوە بە تەواوی کۆنترۆڵی بازگەکانی کەرکووک و موسڵ بکەین".

ناوبراو ئاماژە بەوەشدا کە یەکێک لە هۆکارەکانی بوونی خۆراکی بەسەرچوو لە بازاڕەکان پەیوەندی بەخودی بازرگان و دووکاندارەکانەوە هەیە "هەندێک خۆراک دێنە نێو کوردستان ماوەکەیان کورتە، بەڵام خاوەنەکەی بەشێوەیەکی رێکوپێک نایپارێزێت، بۆیە زوو ئێکسپایەر دەبێ". د.موئەیەد باسی لەوەشکرد کە داوایان لە کەناڵەکانی راگەیاندن کردووە تا ماوەیەکیان لە بەرنامەکانیان بۆ تەرخان بکەن، تاوەکو هاووڵاتیان لە کەلوپەلی بەسەرچوو ئاگادار بکەنەوە.

سەرۆکی دەستەی کۆنترۆڵی جۆری هۆشداری دەداتە هاووڵاتیان لە بەکارهێنانی خۆراکی ماوە بەسەرچوو و دەڵێت "ئێستاش دەیڵێمەوە ئەگەر خۆمان نەپارێزین لەو کەلوپەلە خراپانەی کە رۆژانە بەکاری دەهێنین جینۆسایدێکی دیکە بەڕێوەیە زۆر لە جینۆسایدەکانی پێشووی سەدام ترسناکترە، رەنگە خەلکی کوردستان لەکاتی جینۆسایدەکانی دیکە هەڵاتبێت، بەڵام لەو جینۆسایدە رزگار بوون نییە".

هاووڵاتیان گلەیی ئەوە دەکەن کە بەشێک لەو سەوزەو میوەیەی لە دەرەوە دێتە کوردستان خراپن یان تێکچوون. د.موئەیەد لەو بارەیەوە گوتی "ئێمە کۆنترۆڵمان بەسەر سەوزەو میوەوە نییە، ئەوە کاری وەزارەتی کشتوکاڵە"، گوتیشی "بەپێی ئەو رێنماییانەی لەیاسای ژمارە54ی ساڵی1978دا هاتووە تەنیا کەلوپەل و خواردەمەنی سەر بەکۆنترۆلی جۆری دەبێت، بۆیە داوامان لە بەغدا کردووە گۆڕانکاری لەو یاسایەدا بکرێت، چونکە بەڕاستی کۆنە".

وەک د.موئەیەد ئاماژەی پێدا سەرەتا کارکردنی دەستەکەیان تەنیا کۆنترۆڵکردنی خواردن، خواردنەوە، ئاڵتون، دەرمانی پزیشکی بووە، بەڵام ئێستا بڕیاریانداوە کۆنترۆڵی کەرستەی بیناسازی، نەوت، جگەرە، کەلوپەلی پاککەرەوەو جوانکاریش بکەن.

هاووڵاتیان و خاون فرۆشگەکان دەڵێن ئەمساڵ بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو کەلوپەلی ماوە بەسەرچوو لە بازاڕدا کەمبووەتەوە. فەرهاد خالید، فەرمانبەر، گوتی"ئەمساڵ زۆر جیاوازە، کەلوپەلی ماوە بەسەر چوو زۆر کەمبووە، بگرە هەر نەماوە".

تەحسین حەمید خاوەنی فرۆشگەی هەرێم بۆ فرۆشتی بەروبومی ئاژەڵ و پەلەوەر گوتی"ئەمساڵ بەرهەمی بەسەرچووی ئاژەڵم لە بازاڕ نەبینیوە". هەروەها گوتی "ئێستا زۆر زەحمەتە بتوانی کەلوپەلی بەسەر چوو بهێنییە بازاڕ، چونکە بەردەوام چاودێر دەگەڕێن".

**ئەمساڵ خۆراکی ماوە بەسەرچوو لەبازاڕ زۆر کەمبووە**

هاووڵاتییەک



(فۆتۆ:رووداو)

بەپێی قسەی دوکانداران ئەمساڵ بە بەراورد لەگەڵ پار خۆراکی بەسەرچوو کەمتر بووە

منداڵانی کوردستان رۆژانە چەندین کەلوپەلی یاریکردن بەکاردەهێنن، کە زۆربەیان لە وڵاتی چین دروستدەکرێن. ساڵی رابردوو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بڕیاری قەدەخەکردنی هێنانی سەرجەم ئەو یاریانەیدا بۆ وڵاتەکەی کە لە وڵاتی چین دروستدەکرێن لەبەرئەوەی ئەو یارییە چینیانە ماددەیەکی ترسناکیان تێدایە کە کاریگەری بۆ سەر تەندروستی منداڵان هەیە. سەبارەت بە قەدەخەکردنی هێنانی یاری منداڵان. د.موئەیەد گوتی "لە پلانماندا هەیە رێگری بکەین لە هاتنی هەموو جۆرە یارییێکی منداڵان ئەگەر کاریگەری خراپی بۆ سەر تەندروستی منداڵان هەبێ"، گوتیشی "رەنگە ئێمە هەست نەکەین ئەم جۆرە کەلوپەلانە خراپە بۆ تەندروستیان، بەڵام پاش ماوەیەک دەردەکەوێت چ جۆرە کاردانەوەیەکی خراپی هەیە لەسەر جەستە و دەروونیان".

## کوردستان پڕ دەبێ لە مارکەی ساختەی جیهانی

# چین کۆپی دەکات و کوردستانیش ساخی دەکاتەوە





**رەوا عەبدوڵڵا**
rawaebdalla@yahoo.com

**رووداو – هەولێر**

رۆژانە بەهەزاران کەلوپەلی خراپ و لاسایی کراو هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێ و بەمارکەی نایاب بەخەڵک دەفرۆشرێنەوە، ئەمەش بووەتە جێگەی نیگەرانی خەڵک و زیان گەیاندن بە ئابووری کوردستان.

بەرپرسانی وەزارەتی بازرگانی هۆکاری سەرەکی هاتنی کەلوپەلی کۆپیکراو و خراپ بۆ نەبوونی پشکنین و کۆنترۆڵی جۆری لەخاڵە سنورە نێودەوڵەتیبەکان دەگەڕێننەوە، ئاماژە بەوەشدەدەن تا کۆنترۆڵی جۆری لەسنورە نێودەوڵەتییەکان دانەنرێت و یاسای رێکخستنی بازاڕ لەلایەن پەرلەمان پەسند نەکرێت، ناتوانن رێگە لە هاتنی کەلوپەلی تەقلید بگرن.

عەلی حوسێن، کە خاوەنی کۆمپانیای شێروان و بریکاری کۆمپانیای هیتاشی یابانییە لە هەولێر، دەڵێت بەهۆی هاوردەکردنی کەلوپەلی تەقلیدکراو خەڵک متمانەی بە مارکە جیهانییەکان نەماوە، گوتیشی بەهۆی نەبوونی کۆنترۆڵی چاودێری لە بازاڕەکانی کوردستان، هەندێ بازرگان بە ئارەزووی خۆیان مارکە جیهانییەکانی وەک: هیتاشی، ناشنال، پرۆفیلۆ، بوش، چەندین مارکەی دیکە، لەچین تەزویر دەکەن و بەمارکەی نایاب بەخەڵکی دەفرۆشێنەوە.

عەلی شێوازی لاسایی کردنی مارکەکانی بەتایبەت کەلوپەلی کارەبایی خستە روو گوتی "بەشێکیان تەنیا پیتێک لەناوە ئەسلیەکەی دەگۆڕن،بەڵام بەشێکی دیکەیان تەنانەت ناو و وێنەورەنگی کارتۆنەکەشی وەک خۆی تەقلید دەکەن، ئەگەر شارەزا نەبیت نازانی تەقلیدە".

ئەو خاوەن کۆمپانیایە، ئاماژە بە مەترسییەکانی ئەو تەقلیدکردنە دەکات و دەڵێت "لە تەقلیدکردنی مارکەکان زیان بەئێمە دەگات، بەڵام زیان لێکەوتووی یەکەم حکومەت و خەڵکە، ساڵانە بەهۆی ئەو کەلوپەلە خراپانە زیانێکی زۆر گەورەی ئابووری بە کوردستان دەگات".

تەقلید کردنی مارکەکان زۆربەی کەلوپەلی بازاڕەکانی گرتووەتەوە وەک کەلوپەلی کارەبایی، کاتژمێر، جل وبەرگ، کەلوپەلی نێو ماڵ و دەرمان. کە بەشی هەرە زۆریان لە وڵاتی چین تەقلید دەکرێن و راستەوخۆ لە چینەوە بە دەستی بازرگانی کورد دەهێندرێنە کوردستان.

(ش،ن) کە بازرگانێکی شاری هەولێرە، پێشەنگایەکی فرۆشتنی کەلوپەلی کارەبایی هەیە، گوتی "چەندین بازرگان دەناسم پیشەی سەرەکیان تەقلید کردنی مارکەکانە، هەر شتێکت بووێت دەتوانی بەئیمیلێک وێنەکەیان بۆ بنێری بۆت تەقلید دەکەن، تەنانەت بەشێکیان کێبرکێ لەگەڵ یەکتر دەکەن لەجۆری تەقلیدکردنەکە، ئەگەر پارەی باش بدەین بەشێوازێک تەقلیدت بۆ دەکەن ناتوانی کەلوپەلە تەقلیدکراوەکان و مارکە ئەسلییەکەی لە یەکتری جیا بکەیتەوە".

(ش) گومانی هەیە مارکەی جیهانی لە کوردستان هەبێ "مارکەی جیهانی ئەسل لە کوردستان زۆرکەمە، تەنانەت ئەوکۆمپانیایانەی خۆیان بە بریکاری مارکە ئەسلیەکان دەزانن 100% کەلوپەلەکانیان ئەسل نین، چونکە زۆربەی ئەو کەلوپەلانەی مارکەی یابانیشیان بەسەرەوەیە، ئەگەر سەیری ناوەرۆکەکەی بکەی بەشێکی زۆری دروستکراوی چینە".

ئیبراهیم عەزیز، بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی دەڵێت ئەوان بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی تەندروستی، کشتوکاڵ، پیشەسازی، دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری لەهەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرییەکن بۆ بارودۆخی بازاڕ، ناوبراو ئاماژەی بە چەند پرۆژە یاسایەکدا کە بە پەسەند کردنیان لە پەرلەمان دەتوانن کۆنترۆڵی بازاڕ بکەن لەوانەش پرۆژە یاسای پاراستنی بەکاربەر، یاسای کێبرکێ، قۆرخ نەکردنی بازاڕ.

بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی، ئاماژەی بەوەشدا ئەوان لە رێگەی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی زۆرجار سزای ئەو خەڵکانەیان داوە کە غەش لە کەلوپەلەکان دەکەن، هەروەها کۆمپانیاشیان بەو بۆنەیەوە خستۆتە لیستی رەشەوە، بەڵام بەبڕوای ئەو بەڕێوەبەرە، سزا دان چارەسەری کێشەکە ناکات "پێویستە حکومەت کۆنترۆڵی جۆری لە سنوورە نێو دەوڵەتییەکان دابنێ و رێگە بەهاتنی کەلوپەلی تەقلیدکراو نەدات".

بەدەیان پێشەنگا لە کوردستان تابلۆی مارکەی جیهانیان هەڵواسوە و بەشێکیشیان خۆیان وەک بریکاری تایبەتی فرۆشتنی مارکە جیهانییەکان وەسف دەکەن، بەڵام زەکەریا ئەڵلاوێردی، بەڕێوەبەری فەرمانگەی هونەری لە وەزارەتی پیشەسازی و لێپرسراوی بەخشینی مارکە بەکۆمپانیاکان گوتی جگە لەمارکەی نۆرکانی تورکی، رێگەمان بە هیچ مارکەیەکی جیهانی نەداوە وەک بریکاری تایبەت مامەڵە بە مارکە جیهانییەکان بکەن، بۆیە ئەو کۆمپانیا و پێشەنگایانەی تابلۆی مارکە جیهانیەکان هەڵواسیوە خۆیان بە بریکاری تایبەتی مارکەکەکان دەزانن هەموویان نا یاسایین".

زەکەریا ئەڵلا وێردی، گوتیشی"لەمەولا هەر کۆمپانیا و پێشەنگایەک نووسراوی فەرمی کۆمپانیای مارکە جیهانییەکان لەلایەن کۆمپانیا دایکەوە نەهێنێت و لەنووسراوەکەش وەک بریکارێک مافی فرۆشتن و هەڵواسینی تابلۆی پێنەدرابێت، تابلۆکانیان پێ دادەگرین".

بۆ یەکەمین جار کۆنترۆڵی جۆری لەهەرێمی کوردستان لە2008/7/1 کەوتووەتە کار، سەرەڕای بوونی بنکەی پشکنین لەزۆربەی خاڵ سنوورییەکان، بەڵام تائێستا نەتوانراوە پشکنین بۆ کەلوپەلی کارەبایی و جل وبەرگ بکەن.

د.موئەیەد عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری دەڵێت ئەوان وەک بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵ جۆری لەوە ئاگادارن کە کوردستان بووەتە شوێنی ساخکردنەوەی کەلوپەل خراپ و تەقلیدی، بەڵام دەڵێت "بەهۆی نەبوونی ئامێری تایبەت بە پشکنینی ئەوکەلوپەلانە، تائێستا نەمانتوانیوە جۆری باش و خراپیان لە یەکتر جیا بکەینەوە، بۆیە تا بودجەی تایبەت بۆ کڕین پێداویستیەکان دابین نەکرێت ناتوانین رێگە لەهیچ کەلوپەلێک بگرین". گوتیشی "بەهۆی نەبوونی بودجە لەوانەیە نەتوانین تا ساڵی 2011 کۆنترۆڵی ئەو جۆرە کەلوپەلانە بکەین".

ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا کە بودجەیەکی زۆر کەمیان بۆ دابین دەکرێ بۆ نمونە ئەمساڵ بۆ کڕینی پێداویستیەکانی پشکنینی سووتەمەنی و کەلوپەلی پاککەرەوە پێویستیان بە 30 ملیار دینار بووە، بەڵام تەنیا 8 ملیاریان بۆ تەرخانکراوە، بەو بڕە پارەیەش ناتوانن وەکو پێویست کار بکەن.

## د سالێت بهێتدا دێ فێقیێ کوردستانێ رەوانەی دەرڤەی وەلاتی کەن

# ئێدی هەرێما کوردستانێ پێدڤی ب فێقیێ بیانی نینە

**نەجمەددین نێرووەیی**
**رووداو- زاخۆ**

ئەو حشکاتیا ساڵا پار زوربەیا وەلاتێن جیهانێ بخۆڤە گرتین و هەرێما کوردستان ژی ئێک ژ وان دەڤەران بوو کۆ نەهاتنا باران کارتێکرنەکا زور کربوو لسەر بەرهەمێ چاندنێ و ب تایبەتی فێقی، لێ د ئەڤ ساڵەدا ب گشتی زۆر باشتر بوویە بەراورد دگەل ساڵا پاردا.

رێڤەبەریا چاندنێ ل بازێرێ زاخۆ دگووتن کۆ د ئەڤ ساڵەدا رێژەیا بەرهەم ئینانا فێقی 90% جیاوازترە ژ ساڵا پاردا و ئەگەر ب ڤی ئاوایی د سالێت بهێت دا بچیت دێ بەرهەمێ فێقیێ جوتیاران رەوانەی دەرڤەی وەلاتی کەین و بەشەکێ ئابووریا کوردستانێ دێ بخوڤە گریت، ئەندازیارێ چاندنێ سەعید سەلمان ل رێڤەبەریا چاندنێ ل بازێرێ زاخۆ دگووت ژ بەرکۆ د ئەڤ ساڵەدا رێژەیەکا باش یا بارانێ هاتبوو بویە ئەگەر کۆ بەرهەمێ ئەڤ ساله یێ فێقی بەرەڤ باشیێ بچیت و جورێ فێقی ژی باشتر بیتن، سەعیدی دگووت مە ساڵا پار هیچ ئامارەک دروست نەکر بۆ هیچ جورە فێقیەکێ چونکۆ هند بەرهەم نەهاتبوو کۆ ئەم بشێێن ئامارەکا هەیڤانە یان ساڵانە بۆ دروست بکەین لێ د ئەڤ ساڵەدا ئەم ب هەیڤانە ئامارەکێ بۆ بەرهەمێن فێقی دروست دکەین، بۆ نموونە تا نها ئەڤ بەرهەمێ هاتیە چنین و هاتیە دناڤ بازاریدا ب تنێ ل دەڤەرا زاخۆ یێ چەند فێقیان ب ڤی رەنگی بوو (خوخ 1581 تەن و باجان 513000 تەن و خیار 99000 تەن و مشمش 80875 تەن و کولند 23000 تەن و حلیک 13000 تەن و هرمی 11000 تەن و 38000 تەن و تری 678000 تەن و تا نها کۆ هێشتا سێڤێن دەڤەرێ ب دروستی نەهاتینە چنین گەهشتینە 195000 تەن و هێشتا یا بەردەوامەژی))، سەعیدی ئامارە ب ئەوێ چەندێ دا کۆ نها بەرهەمێ فێقیێ دەڤەرا زاخۆ بۆ هەرێما کوردستانێ هەمیێ دهێتە رەوانە کرن و هەر وەسا بۆ هندەک دەڤەرێن دی یێن عیراقێ ژی دهێتە رەوانە کرن و ئەگەر هەر ب ڤی ئاوایی بەرهەمێ فێقی یێ باش بیت دێ د چەند سالێن بهێت دا رەوانەی دەرڤەی وەلاتی کەن و دێ بیتە بەشەکێ گرنگ د ئابورا کوردستانێدا.

پشت کۆ حکومەتا هەرێمێ بریار دای کۆ فێقیێ بیانی ل مانگا شەش وەرە د چ

خالێن سنوری نەهێتە دناڤ ئاخا هەرێما کوردستانێدا تا رادەیەکێ باش بەرهەمێ جووتیاران ب باشی دهێتە فروتن و خەلک یێ رازییە و ئەگەر هەر ب ڤی ئاوایی حکومەت خۆ ل جوتیاران بکەتە خودان دێ خەلکەکێ دیتر ژی بەرەڤ کارێ چاندنێ چن.

جووتیارەک بناڤێ جومعە رەشید دگووت ل ساڵا پار و بەری هنگی مە باغەکێ سێڤان هەبوو و سێڤێن مە هەر وەسا دمانە پێڤە و د رزین و مە ژێڤە نەدکرن چونکۆ سێڤێن مە ب چ بهای نەدچوون و حەقێ کرێیا ترومبێلێ نە دئینا دەر تا مە دئینا د بازاریدا لێ ئەڤ سالە پشتی حکومەتێ بریار دای بەس فێقیێ خومالی بیتە پێ بهێتە دان و وە نەکری فێقیێ دی ل دەرڤە بهێت و هاریکاریا جوتیاران کری تا رادەیەکێ زور باش مە سوود ل فێقیێ خۆ وەرگرتیە و ئەگەر هەر هوسا بمینیت دێ هەول دەین هندەک زەڤیێن خۆ یێن دیژی بکەینە دارێن فێقی و داران لێ بچینین.

ئەندازیار سەعید سەلمان ل رێڤەبەریا چاندنا زاخۆ دگووت ل سالێن بووری هەر کەسەکێ لسەر حسابا خۆ فێقیێ خۆ دئینا دناڤ بازاریدا و زور جار بەس حەقێ کرێیا وان نە دەردکەڤت لەومان زوربەیا وان گرنگی ب چاندنێ و بەرهەمێ چاندنێ نە ددا لێ د ئەڤ ساڵەدا نها حکومەتێ بۆ ئینانا هەر تونەکا فێقی بۆ ناڤ بازاری گوژمێ (10000) دەه هزار دیناران بۆ دانایە و ددەتە خودانێت فێقی وەکی کرێیا هاتن و چوونێ و بارێ فێقی، ب بووچونا سەعیدی کۆ ئەگەر حکومەت یان سەرمایەدارێن هەرێما کوردستانێ هندەک کارگەهێن خەزنکرنا فێقی ب دانن و بەرهەمێن جوتیاران لێ ڤەحەوینن دێ شێن بۆ زڤستانێژی هەر فێقیێ خومالی ل بازاریدا هەبیت و حەوجەی فێقیێ بیانی نەبن. تشتێ زور سەرنج راکێش ل نیڤا بازاریدا کۆ زوربەیا فێقیێ ب چاڤێن مروڤی دکەڤت فێقیێ خومالی بوو و یێ زور دەڤەرێن کوردستانێ بوو و ب تایبەتی سێڤ و خوخ و تری و ...هتد. سالح کەرەم ئێک ژ فێقی فروشانە ل بازارێ فێقی فروشان دنیڤا بازێرێ زاخودا دگووت خەلک نها پتر فێقیێ کوردستانێ دکرن چونکۆ زور ب تامترە و یێ ئەرزانە ژی، هەر د گەنگەشەکرنا مە دگەل سالحی ژنەک بناڤێ (هەدار) کۆ دڤیا دوو کیلوییێن سێڤان ل سالحی بکریت دگووت ئەگەر چ نەبیت مروڤ دزانیت ئەڤ سێڤە یێن ئەڤ ساڵەنە و خومالینە و پشت راست دخوت و تاما وان ژی زور یا خوشە لێ ئەڤ سێڤێن سوری و ئیرانی کی دزانیت کا ئەو چەندە د کارگەهاندا ماینە و چاوا گەهشتینە و حەتا چ تامژێ تێدا نینە.




شێخ موحەممەد بەرزنجی
(فۆتۆ: ڕووداو)

## شێخ موحەممەد بەرزنجی، پێشەوای کۆمەڵی ئیسلامی:

# تا ئێستا بڕیاری کۆتاییمان نەداوە لە حکومەت بەشداربین

**شێخ موحەممەد بەرزنجی، پێشەوای کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان،کەیەکەمین دامەزرێنەرو ڕابەری بزوتنەوەی چەکداری ئیسلامی بووە لەکوردستان، ڕەتی دەکاتەوە کەهیچ ساردییەک لەنێوان ئەو و عەلی باپیری ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیدا هەبوبێت و هاوکات پەسنی عەلی باپیر دەدات بەوەی کەسەرکردەیەکی جەماوەری ولێهاتووە . لەودیدارەی (ڕووداو)دا بەرزنجی دەڵێ، تازە هیچ هێزێکی کوردستانی ناتوانێ ئێران فەرامۆش بکات و ڕەتیشی دەکاتەوە کەئێران، فشار لەسەر هیچ لایەنێکی عێراقی و کوردستانی بکات .**

**ڕووداو—سلێمانی**

**ڕووداو: دوایین بڕیاری کۆمەڵی ئیسلامی چییە سەبارەت بە بەشدارییکردنی لەکابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم، ئایا بەشدار دەبن یان ئۆپۆزسیۆن؟**

**بەرزنجی:** ئێمە وەک کۆمەڵی ئیسلامی کاتی خۆی بڕیاری بەشدارییکردنماندا لەلیستی چوارحزبەکەدا، بەپرس وراوێژی ناوخۆمان بوو، چونکە لەپێڕەوی کۆمەڵی ئیسلامیدا ئەوە نییە تەنیا کەسێک جا بەهەرناوێکەوە بێت بڕیاری یەکلایەنە بدات لەسەر مەسەلە سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو ئێمە شورایەکمان هەیە ئەو شورایە مەکتەبی سیاسی هەڵبژاردووە وبەڕاوێژی هەمووان بڕیاری سیاسیی دەدرێت. بۆیە ئێستاش بڕیاری بەشدارییکردن لەحکومەتی داهاتووی هەرێم دەخرێتە ئەستۆی ئەو شورایە . ئەگەر بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی شورا بڕیاری بەشدارییکردن درا ئەوا دیسان دەبێت شورا ڕاوێژ و ڕاپرسی بە ناو ئۆرگانەکانی خوارەوەی کۆمەڵی ئیسلامیدا بکات تا بۆچوونی ئەندامان ولایەنگرانی ئەم حزبەش وەربگیرێ بۆ بەشدارییکردن، ئەگەر لەوێش ڕەزامەندیی درا ئەوا دوایین بڕیار دەدەین.

**ڕووداو: ئەو ڕاپرسییە بەکوێ گەیشتووە، تا ئێستا ڕای زۆرینە بۆ بەشدارییکردنە یان ئۆپۆزسیۆن؟**

**بەرزنجی:** دەستی پێکراوە و لەکۆتایی نزیک بووەتەوە، بەڵام تا ئەنجامی کۆتایی و ڕەسمی دەرنەچێ ناتوانین هیچی لەبارەیەوە بڵێین

**ڕووداو:دەنگۆی ئەوە هەیە کۆمەڵی ئیسلامی بۆیە نەیتوانی وەک یەککرتووی ئیسلامی سووربێت لەسەر مانەوەی وەک ئۆپۆزسیۆن، چونکە فشاری ئێرانی لەسەرە، د ەڵێن ئەو فشارەی ئێرانیش لەسەر داوای یەکێتی و پارتییە ؟**

**بەرزنجی:** ئەوە ڕاست نییە، بەڵام شتێک هەیە ناکرێ لەبەرچاو نەگیرێ، وەختی خۆی کە ڕژێمی بەعس حوکمی عێراقی دەکرد، تەواوی نەیارەکانی (بەکورد و عەرەبەوە، کەئێستا دەسەڵاتی عێراق وکوردستانیان بەدەستەوەیە) لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پاڵپشتی وهاوکاری دەکران، بۆیە ئاسان نییە ئێستا ئەو هاوکارییانە فەرامۆش بکرێن، بەتایبەتی گەلی کوردستان، بۆیە ئیسلامییەکانی کوردستانیش ئەو مافەیان هەیە بەڕێگەی دیپلۆماسییەت ئەو پەیوەندییەیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران درێژە پێبدەن.بۆیە جەخت لەوە دەکەمەوە ئێرانیش هیچ فشارێکی لەسەر لایەنە سیاسییەکانی عێراق وکوردستان و بەتایبەت کۆمەڵی ئیسلامی نییە .

**ڕووداو: تۆ یەکەمین ڕابەری بزوتنەوە بوویت، بۆچی نەتتوانی ڕێگە لەو درز تێبوون ودواتر دابەشبوونە بگری کە کەوتە نێو بزووتنەوەی ئیسلامی؟**

**بەرزنجی:** کاتی خۆی من کۆششی زۆرم کرد بۆ ئەوەی باروذۆخەکە بەو دەردە نەچێ، لەسەرەتای دروستبوونی بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامی خۆم ڕابەری بزووتنەوەکە بووم، بەڵام کاتێک زانایەکی وەک مامۆستا شێخ لەتیف بەرزنجی هاتە ریزی بزووتنەوەکەوە من دەستبەرداریی پۆستەکەم بووم بۆ ئەو، تەنیا لەبەر ئەوەی بزووتنەوەکە پەرەبسێنێ. دواتر مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیزیش هاتە نێو بزووتنەوە، کۆششم کرد بۆ ئەوەی شێخ لەتیفیش دەستبەرداری پۆستەکە ببێ بۆ مامۆستا عوسمان، ئەمانە هەمووی بۆ پاراستنی ریزەکانی بزووتنەوە بووە، لەدوایین کۆنگرەی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیش زۆر هاوارم کرد کەهێشتا توانای هەزمکردنی کۆنگرەمان نییە و هێشتا هۆشیارییەکی وامان نییە لەم کاتەدا، ترسم لەوە بوو ئەو کەسانەی دەرناچن بۆ سەرکردایەتی درزبخەنە بزووتنەوەکەوە وجیابوونەوە بێتە ئاراوە. بەڵام دواجار کەس گوێی لەقسەکانی من نەگرت وچەند کەسێکی دێرینی ناو بزووتنەوە دەرنەچوون بۆ سەرکردایەتی، ئەو بزووتنەوە گەورەیە تێکچوو.

**ڕووداو: لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا فیلمی کوشتنی عەبدوڵڵا قەسرێ لەلایەن هێزە چەکدارەکانی یەکێتییەوە لەڕێگەی ئینتەرنێت ومۆبایلەوە بڵاوبوویەوە، دەڵێن بڵاوکردنەوەی ئەو فیلمە لەئێستادا بۆ ئەوەیە تا ئێوە بەشداریی لە حکومەتدا نەکەن، ئەوە ڕاستە؟**

**بەرزنجی:** هەموو هێزێکی سیاسی لەدنیادا بەدوو قۆناخدا تێدەپەڕێ، قۆناخی یەکەم، قۆناخی خراپ تێگەیشتن وتێکهەڵژانە، وەک ئێستا لە ئەفغانستان و سۆماڵ وپاکستان و عێراق دەیبینین، لەکوردستانیش ئەو قۆناخانە پێویستیان بەتێپەڕینە کە ئەویش ئاشتبوونەوەیە دوای پێکداهەڵپژان، بۆیە پێویستە ئێستا هەموو هەنگاوەکانمان بۆ سەرخستنی ئاشتییەکی

> **تێکەڵکردنی کچ و کوڕ لەقۆناخی سەرەتاییەوە تازانکۆ، دژایەتیکردنی خودا و پێغەمبەر و گەل و نیشتمانە**

بەردەوام بێت، ئەوەی کەئێوە باسی دەکەن بڵاوکردنەوەی ئەو فیلمە هەرکەس و لایەنێک ئەوکارەی کردبێت گلەییم لێی هەیە .

**ڕووداو: یانی ئەو کارە هیچ کاریگەرییەکی نییە بۆ سەر هەڵوێستتان لەبەشدارییکردنتان لەحکومەت؟**

**بەرزنجی:** نا، نەخێر، بەڵام ڕەنگە بۆ کەسانێکی سۆزدار کە زوو کاردانەوەیان دەبێ کاریگەریی هەبێ، بەڵام بۆ حزبێک کە بیەوێ سیاسەت بکات و گەشە بەخۆی بدات، نابێ بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو جۆرە ڕووداوانەوە .

**ڕووداو: زۆرجار دەوترێ ساردییەک هەیە لەنێوان تۆو مەلا عەلی باپیر، ئەو هەوڵ دەدات پێگەو ڕۆڵی تۆ لەناو کۆمەڵی ئیسلامیدا پەراوێز بخات ؟**

**بەرزنجی:** من لێرەدا نامەوێ لەڕووی سیاسییەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، کاتی خۆی کە هێشتا من نەچووبومە ئێران و ماڵم لەسەیدسادق بوو، مامۆستا عەلی باپیر ئەو کات گەنجێکی تازە پێگەیشتوو بوو هێشتا تێکەڵی کاری سیاسی نەبووبوو، دەهاتە ماڵمان، گەنجێکی ئیماندار بوو، لەو کاتەوە من ئەو پیاوەم خۆشدەوێ، ئێستاش بڕوای تەواوم بەکەسایەتی هەیە لەڕووی دینی وسیاسیشەوە ڕابردوویەکی سەربەرزانەی هەیە . خۆم هێشتا هەستم بەشتێکی وانەکردووە کە ئێوە باسی دەکەن، بیرم نییە لەوکاتەوە یەکتر دەناسین ساردی لەنێوانماندا ڕوویدابێت. بەڵام ئەوەی کە ئەو چالاکیی زیاتری هەیە، ئەوە پەیوەندیی بەجموجۆڵی زۆری خۆیەوە هەیە کەسێکی چالاکە، تەمەنەکەی گونجاوە، لەناو جەماوەردا خۆشەویستە، بەڵام من بەهۆی چوونە سەری تەمەن ونەخۆشی وماندووبوونی زۆر لەم ڕێگایە ئەو کارانەم پێدەکرێت کە دەتوانم بیکەم، ئەگینا شتێک نییە پێی بڵێین پەراوێزخستنی یەکتر.

**ڕووداو: لەکاتی دروستکردنی لیستی چوار حزبەکەدا بەدەیان کۆبوونەوە ساز دەدران، تۆ لەهیچ لەو کۆبوونەوانەدا دەرنەدەکەوتی، هۆکاری ئەمە چی بوو، ئایا ناڕازی بووی بە بەشدارییکردنی کۆمەڵی ئیسلامی لەو لیستەدا؟**

**بەرزنجی:** جارێکی دیکە دەیڵێمەوە، لەنێو کۆمەڵی ئیسلامیدا بڕیاری یەکجاری یەک کەس ودوو کەس نییە، بڕیار ورەزامەندی سەرکردایەتی هەبووکە بەشداریی لەو ڕێککەوتنە چوار قۆڵییەدا بکەین، ئامادە نەبوونی من بۆ ئەوەیە هەموو ئەو کارانە سپێردراوە بەمامۆستا عەلی باپیر، چونکە لێی ڕادەبینم کە هەڵبسێ بەو کارانە، ئەمجا من تەندروستیشم ڕێگەی هەڵسوڕانی زۆرم پێنادات.

**ڕووداو: لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005 دا لەناو لایەنە ئیسلامییەکاندا زۆرترین دەنگتان بەدەستهێنا، بەڵام لەساڵی 2009 دا حزبی ئیسلامی دیکەو دوو حزبی عەلمانیشتان لەگەڵ بوو، ڕێژەکە زۆر کەمتربوو، تۆ وەک کەسایەتییەکی ئیسلامی دابەزینی ئەم ڕێژە زۆرەی دەنگەکان بۆچی دەگێڕیتەوە؟**

**بەرزنجی:** من پێموایە سێ هۆکار لەپشتی ئەو ئەنجامانەوەن، یەکەمیان لەبەر ئەوەیە کەئێمە هێشتا لەکوردستاندا دەستوورێکی دەنگ بۆ دراوی جێگیرمان نییە، هێشتا لەقۆناخی گواستنەوەداین. بۆیە دەسەڵات لەکوردستاندا لەڕووی ئابووریی و سیاسی وسەربازیی و پەروەردەییەوە لەژێر کۆنتڕۆڵی دوو حزبی حوکم بەدەستی کوردستاندان، کە لەهەڵبژاردندا لەژێر (لیستی کوردستانی) دا هاتنە ناو هەڵبژاردنەکەوە، ئاشکرایە هەر حزب ولایەنێک سەرچاوەی ژیانی خەڵکی لەژێر کۆنتڕۆڵدا بێت خەڵکی ناچارە ڕووی لێبکات، بەتایبەت لەکاتێکدا لەوڵاتدا هیچ بنەمایەکی بەهێزی ئابووریی نەبێ وەک ئەوەی ئێستا لەکوردستاندا هەیە ..هۆکاری دووهەمیش لیستی گۆڕان بوون، لیستی گۆڕان کەبەشێکی گەورەی ناو یەکێتی بوون و خەڵکێکی زۆری ناڕازی هەبوون لەحکومەت، لەگەڵ ئەوان بوو و خەڵک وای دەزانی ئەو کەلەبەرانەی لەژیانی خەڵکدا هەیە، ئەوان دەتوانن پڕی بکەنەوە، بۆیە خەڵکێکی زۆر دەنگیان بەواندا . هۆکاری سێیەمیش ئەو لیستە چوار قۆڵییەی کەدروستکرا، لەبەرچاوی خەڵکی ئێمەدا ئەو توانایەی نەبوو کەبتوانن داخوازی خەڵک جێبەجێ بکەن و ئەو کەموکوڕییانە چارەسەر بکەن . هەربۆیە خەڵک متمانەیان بەلیستی چوار حیزبەکە نەبوو، بەڵام من دەڵێم لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هێشتا نەگەیشتوینەتە ئەو ئاستەی کەئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات بتوانن داخوازی جەماوەر جێبەجێ بکەن و ئەمە لەعێراقدا زۆری ماوەو لەکوردستانیشدا زۆرتری ماوە . ئێمە پێویستە لەنێوخۆماندا تەبابین و هێشتا کوردستان پێویستی زۆری بەتەبایی نێوان لایەنە سیاسییەکان هەیە، من پێم باشە سەرکردەکانی کوردستان کەبەردەوام دەڵێن برا ئێزدییەکان و برا کلدانەکان و برائاشورییەکان، بشڵێن برا مسوڵمانەکان . ئەگەر سێ جار بڵێن برا ئێزیدیەکان و ئاشوریەکان و مەسیحیەکان، ئەوا پێویستە نۆسەدو نەوەت و حەوت جار بڵێن برا مسوڵمانەکان، چونکە لە97%ی خەڵکی کوردستان مسوڵمانن . قەیناکا بابڵێن برا ئێزدییەکان، ئەوانە برامانن لەئینسانیەتدا . با حکومەت لەدامەزراندن و خوێندندا جیاوازی نەخات لەنێوان لایەنەکان و ئیسلامیەکانیشدا، چونکە کاتێک سەددام ستەمی لەبەرامبەرمان ئەنجام دەدا و ئەنفالی دەکردین،جیاوازی لەنێواندا نەدەکردین و پێکەوە دەیچەوساندینەوە .

**ڕووداو: تۆ پەیوەندییەکی گەرمت لەگەڵ ئێرانییەکان هەیە، ئایا ئەو پەیوەندییە تایبەت بەکەسایەتیی خۆتەوەیە یان وەک کۆمەڵی ئیسلامی؟**

**بەرزنجی:** من لەساڵی 1983 دا بۆ درێژەدان بەخەباتی ئاینی ونەتەوەیی خۆم دژی ڕژێمی خوێنڕێژی بەعس، چوومەتە ئێران وماوەی 9 ساڵ لەو وڵاتەدا میوان بووم و ڕێزم لێنراوە، منیش وەفای تەواوم بۆ ئەو وڵاتە هەیە، دەبێ ئەوەش بڵێم بەدرێژایی مانەوەم لەوێ هیچ تەکلیفێکی سیاسیم لێنەکراوە لەلایەن ئەو دەوڵەتەوە، هەر لەوێش یەکەم بزووتنەوەی چەکداریی ئیسلامیمان دامەزراندووە کە ئەوکات ناوی (بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامی) بوو، دواتر بووبە بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستان. نەک هەر ئیسلامییەکان بەڵکو زۆرێک لەحزبە سیاسییەکانی کوردستان لەو کاتدا کەڵکیان لەڕۆڵی جوامێرانەی ئێرانییەکان وەردەگرت. بۆیە لام وایە دەبێ وەفای ئەو کاتەمان هەبێ، یان لانیکەم کارێک بکەین کە دژی ئەو وڵاتە نەبین. بۆخۆیشم ئەوە نەریتێکی تایبەتی خۆمە هەر هێزو لایەن ودەوڵەتێک دۆستانە لەگەڵمدا مامەڵە بکات منیش ڕێز لە دۆستایەتی دەگرم ونامەوێ دژایەتی بکەم.

**ڕووداو: بۆبەشداری کردن لەپرسەی مەلا بورهان عالی چوونە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام لەمیدیاکاندا ڕەخنەی ئەوە لەو مەلایە گیرا کەلایەنگری ئەحمەدی نەژاد بووە ولەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنیشدا بانگەشەی بۆ ئەحمەدی نەژاد کردووە، ئێوە چ پەیوەندییەکتان لەگەڵ ئەو مەلایە هەبوو؟**

**بەرزنجی :** ئەو خەڵکە هەر لەخۆیەوە وای وتوە بەرامبەر ئەوپیاوە،ئەو کوڕی مامۆستا حەمەئەمینی کانی سانانییەو باوکی یەکێک بوو لەئۆپۆزسیۆنەکانی جمهوری ئیسلامی لەسەرەتادا، باوکی لەسەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیدا ئێرانی جێهێشت و هاتە بیارە .باوکی سێ ساڵ مامۆستای من بووەو دووهەم دایکی خزمی منەو مەلا بورهان کاتی خۆی فەقێی من بووە . بەتەواوی تێکەڵی خزمایەتیمان هەیەو خۆی خاڵۆی دوو بنەماڵی شەهیدە لەکوردستان . پیاوێکی خوێندەوار بووەو بڕوانامەی ماجستێری هەبووەو وانەبێژ بووە لەزانکۆی سنە و هیچ ئینتیمایەکی سیاسیشی نەبووە .

> **سەرکردەکانی کوردستان کەبەردەوام دەڵێن برا ئێزدییەکان و برا کلدانەکان و برائاشووریەکان، با بشڵێن برا مسوڵمانەکان**

**ڕووداو : لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، هەندێک بابەتی وەک کردنەوەی دیسکۆو ئەو شتانە لەکوردستان هاتنە ئاراوە، تۆ تاچەند ئاساییە بەلاتەوە ئەوانە لەکوردستان بکرێنەوە؟**

**بەرزنجی :** ئەوەی خودا لەقورئاندا پێویست و حەڵاڵی کردووە، دەبێت ئەوە ئەنجام بدرێت .بەڵام ئازادی لە مەسائیلی خیلاف شەرعدا ئەوەئازادی نییە، ئەوە بریتیە لەئینحیلالی میللەت و تەمەییوعی میللەت . بۆنموونە من لەسەرەتای شەستەکانەوە سوڵحی عەشایریم کردووە، بەڵام ئەگەر کەسێک بەچاوی خیانەت بڕوانێتە ئافرەتێک، ئەوە نەکەسوکارەکەی ئامادەیە سوڵح بکات و نەکەسێکیش ئامادەیە لەو سوڵحەدا بەشداری بکات . لەئادەمەوە تاخاتەم، چی دەستوری ئاسمانی هاتووەتە خوارەوە، لەپێناوی پاراستنی عەقڵ و ڕۆح و ناموس و ماڵ و نەسەب بووە . سفوری و ڕوتکردنەوەی ئافرەت و تێکەڵکردنی کچ و کوڕ لەقۆناخی سەرەتاییەوە تازانکۆ، ئەمە نەک دژایەتی کردنی خوداو پێغەمبەرە، بەڵکو دژایەتی کردنی مرۆڤایەتی ئەو گەل و نیشتمانەشە .

## چنار سەعد وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی کوردستان:

# ئەگەر 3 وەزیری دیکە لەشوێنی من کاریان کردبا هێندەی منیان پێنەدەکرا

**فریاد محەمەد**
**ڕووداو — هەولێر**

چنار سەعد، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی کوردستان هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتەکەی لە کابینەی داهاتوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە کارێکی دروست نازانێ و داواش دەکات وەزارەتەکەی بۆ 20ساڵی دیکە بمینێتەوە،ڕەتیشیکردەوە داواکاری مانەوەی وەزارەتەکەی بۆ مانەوەی خۆی بێت لە پۆستی وەزیری.

لە سەروبەندی پێکهێنانی کابینەی نوێدا هەموو وتوێژەکان بە ئاراستەی بچووک کردنەوەی کابینەکەدا دەڕۆن، پێشتریش ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو کابینەی داهاتوو لە 20 وەزارەت پێکدێت.

هەندێک لەوەزارەتەکان وەکو خۆیان دەمێننەوەو هەندێکی دیکەش دوو تا سێ وەزارەت لە یەک دەدرێن، بەشێک لەوەزارەتەکانیش بە زیادە ناودەبردرێن، بەڵام تا ئێستا دیار نییە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان جێگەی لە کابینەی شەش دەبێتەوە یان نا، چنارسەعد عەبدوڵڵا پێیوایە نەمانی وەزارەتەکەی کارێکی دروست نییە، لەبارەی چارەنووسی وەزارەتەکەشی گوتی "چەندین بیرۆکە هەن لەسەر مەسەلەی مانەوە نەمانی وەزارەتەکەمان، بەڵام تا ئێستا یەکلایی نەبووەتەوە".

چنار مانەوەی وەزارەتەکەی بە پێویست دەزانێ و ئەویش لەبەر ئەوەی "ئێستا دۆسیەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق تایبەت بە کورد تەواو نەبووە، نزیکەی400 هەزار کەس لە کەسوکاری شەهیدان مووچەخۆرن، پرسێکی دیکە گۆڕە بەکۆمەڵەکانە کە تا ئێستا 1%ی هەڵنەدراوەتەوە، ئەو پرسانە وادەکەن داوای مانەوەی وەزارەت بکەین لە کابینەی نوێدا".

چنار سەعد پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتەکەی کارێکی دروست نییە، ئەو وڵاتی ئێران بە نموونە دەهێنێتەوە کە لەدوای وەستانی جەنگی ئێران و عێراق دەزگایەکی تایبەتی هەیە بۆ کاروباری شەهیدان. بۆ ئەوەی بە جیهانی نیشان بدات کەبەهۆی عێراقەوە شەهیدی داوە "ئێمەش ئەنفال و جنیۆساید و کیمیاباران کراوین چۆن دەتوانین دەزگایەک هەڵوەشێنینەوەو کێشەی خۆمان لەبار ببەین".

ناوبراو ڕەتیکردەوە داواکاری مانەوەی وەزارەتەکە بۆ مانەوەی خۆی بێت لەو پۆستە "پێشبینیم دەکرد کۆمەڵە کەسانێک سەبارەت بە داواکاریم بۆ مانەوەی وەزارەتەکە بڵێن بۆ مانەوەی خۆم بێت، تەحەدا دەکەم ئەگەر ئەو مەسەلەیە تەنیا بۆ مانەوەی خودی خۆم بێت، من باوەڕم بەوە هەیە گۆڕانکاری و ئاڵوگۆری لە پۆستەکان بکرێت، ئێستا کەسانی بەتوانا هەن بۆ ئەو پۆستە من هاوکاری دەکەم بۆ ئەوەی ئەو کارانە بەڕێوەببات" چنار داواشیکرد ئەو وەزارەتە 20 ساڵی دیکە بمێنێتەوە، چونکە مەسەلەکە پەیوەندی بە کۆمەڵێک دۆسیە و بابەتی گرنگ هەیە دەبێ بایەخی پێ بدەین، من لەڕوانگەی دووربینیەوە سەیری مەسەلەکان دەکەم، نەک خۆم لەبەرچاو بگرم".

بەپێی دوا ڕووپێوی وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان 54 هەزار شەهیدی هاووڵاتی و سەنگەر و کیمیاباران و جینۆساید و ئەنفال لە کوردستان هەن، بەڵام زۆرجار ئەوە بە ڕووی وەزارەت دەدرێتەوە کە ژمارەیەک جاشی مردوو لە نێو لیستی شەهیداندا هەن، چنار ئەو تۆمەتە ڕەتدەکاتەوە، بەڵام ناشیشارێتەوە کە "ئەوانەی باسی لێوە دەکرێت ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە تا 1991 لەگەڵ ڕژێم بوونە و لەدوای ڕاپەرین بە لێخۆشبوونی بەرەی کوردستانیەوە هاتوونەتە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگە لەڕێگای یەکێک لەحیزبە سیاسییەکان و لە کارەساتە ناوخۆییەکان کوژراون پتر ئەو جۆرە کەسانەن کە ئێستا مووچە وەردەگرن".

بڕیار وایە لەمانگی ئایندە لە بارەگای یەکێتی ئەورووپا کۆنگرەیەک بۆ بە جینۆساید ناساندنی کورد ببەستێت، پێکهێنانی کابینەی شەشی حکومەتی هەرێم ڕەنگە ببێتە هۆی نەبەستی کۆنگرەکە، تا ئێستاش دیار نییە لەکاتێکی دیکە ئەو کۆنگرەیە دەبەسترێت یاخود نا، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانیش دەڵێت"گۆڕینی کابینەی نوێی حکومەت بووەتە هۆی بەڕێوەچوونی سستی بەستنی کۆنگرەکە، ئەو کەسانەی لە لیژنەکانی ئامادەکاری کۆنگرەکەدان ڕەنگە لەدەسەڵات نەمێنێن بەڵام هیوادارم بەرنامەکە بەردەوام بێت".

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراقەوە ئێستا کۆمەڵێک دۆسیە لەوانە کۆڕەوی بەهاری 1991، کوردە

> **داواکردنی مانەوەی وەزارەتەکەم لە پێناو مانەوەی خۆم نییە**

فەیلییەکان و هەڵەبجە لەبەردەم دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دایە. سەبارەت بە کاریگەری نەمانی وەزارەت لەسەر ئەو دۆسیانە چنار گوتی "ئەگەر وەزارەتیش نەمینێ پێویستە کۆمەڵە کەسانێک کار لەسەر ئەو دۆسیانە بکەن بیبرۆێنن، ئێستا سستەمێکی ڕێکوپێک بۆ بەڕێوەچوونی دۆسیەکان دانراوە، بۆیە وای دەبینم کاری ئەو وەزارەتە بە بەڕێوەبەرایەتیەک و دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەڕێوەناچێت، زۆرترین فشارو کارکردن لەسەر وەزارەتی ئێمەیە".

لەدوا ڕاپۆرتی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراواندا زیانەکانی گەلی کورد بەدەستی ڕژێمی بەعس بە 8 ملیار دۆلار خەملێندراوە، داواش لەحکومەتی عێراق کراوە خەڵکی کوردستان قەرەبوو بکاتەوە، چنار گوتی "ئەوەی دەستنیشانکراوە تەنیا بەشێکی کەمی زیانە مادییەکانە زیانە مەعنەوییەکانمان هەژمار نەکردوون". گوتیشی "نووری مالکی چەند جارێک ئامادەیی خۆی نیشانداوە بۆ یارمەتیدانی قوربانییەکان".

لەماوەی چوار ساڵی پۆستی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان هەمیشە چنار سەعد عەبدوڵڵا ڕووبەڕووی گلەیی کەس وکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان بووەتەوە،بەوەی کە لەپۆستەکەی‌سەرکەوتوونەبووە،بەردەوامیش لە سەفەری وڵاتانی جیهان بووە .

چنار سەری لەو گلەییانە سوڕماوەو دەڵێت "هیچ ئامارێک هەیە کە کەسانێک هەبن لێمان ناڕازی بن، سەبارەت بە سەفەر کردنیش، ڕەنگە بەهۆی ئەوە بێ ژمارەی ئافرەت لە حکومەت کەم بن،بۆیە زوومی کامێرا هەر لەسەر ئێمەیە، کەچی وەزیرانی پیاو زۆر پتر لە ئێمە سەفەری دەرەوە دەکەن، ڕەنگە من ساڵی جارێک یاخود دوو جار سەفەری دەرەوەم کردبێت ئەویش بۆ باری تەندروستی خۆم و کاری ڕەسمی حکومەت بووە، تەحەدا دەکەم هیچ کاتێک بۆ گەشتوگوزار سەردانی دەرەوەی وڵاتم کردبێت".

چنار بە تەحەدداوە گوتیشی "ئەگەر سێ وەزیری دیکە لەشوێنی من کاریان بکردبووایە تەحەدا دەکەم بیانتوانیایە بە توانای من کار بکەن".


چنار سەعد، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی کوردستان دەڵێ، بۆ گەشتوگوزار سەفەری دەرەوەم نەکردووە (فۆتۆ:ڕووداو)

## هونەر


نیان


خەندە


ئالان

### نیان و خەندەو ئالان بەکرمانجی

موحسین یاسین- دهۆک

تیپی مۆسیقای دهۆک ئێستا سەرقاڵی تۆمارکردنی چەند کارێکی نوێیە بۆ هەریەک لەگۆرانیبێژان نیان عەبدوڵڵا، خەندە عەبدوڵڵا و ئالان عومەر. جەمال محەممەد ئەدیب، سەرۆکی تیپی مۆسیقای دهۆک بە(ڕووداو)ی ڕایگەیاند لە ئایندەیەکی نزیکدا کار بۆ تۆمارکردنی دوو گۆرانی بۆ گۆرانیبێژ نیان عەبدوڵڵا یەکێکیان بەنێوی (ئەز هاتم)ە، هەروەها گۆرانییەکی نوێ بۆ گۆرانیبێژ ئالان عومەر بە زاراوەی کرمانجی تۆمار دەکەن و جگە لەوەش بە نیازن موزیکی گۆرانییەکی هونەرمەندی کۆچکردوو تەحسین تەها بەشێوازێکی نوێ تۆمار بکەنەوە، هەروەها بڕیاریشە گۆرانییەک بەزاراوەی کرمانجی بۆ گۆرانیبێژ خەندە عەبدوڵڵا تۆمار بکەن کە پێشتر هونەرمەند مریەم خان تۆماری کردبوو، ئەوانیش بەشێوازێکی نوێ زیندووی دەکەنەوە.

شڤان پەروەر:

# هەتا دەوڵەتی تورکیا داوای لێبوردنم لێنەکات ناگەڕێمەوە

ڕۆژنامەی Taraf ی تورکی هەڤپەیڤینێکی دوورودرێژی لەگەڵ هونەرمەندی ناسراوی کورد شڤان پەروەر سازکردووە، لەو دیدارەدا کە ڕۆژنامەڤانی تورک نەشەل دوزەل ئەنجامیداوە، شڤان پشتگیریی لە هەنگاونانی حکومەتی ئەردۆغان بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد دەکات، هەروەها باش لە کۆمەڵێک پرسی تایبەت بە هونەروسیاسەت و ئەگەری گەڕانەوەی خۆی لە ئەڵمانیاوە بۆ تورکیا دەکات.

ڕووداو–ئەنقەرە


شڤان پەروەر لە فێستیڤاڵێکی ئەم دواییەی PKK لە ئەڵمانیا (فۆتۆ: Firatnews)

**Taraf: چەند ساڵە لە تاراوگە ژیان بەسەر دەبەیت؟**

**شڤان پەروەر:** 34 ساڵە دوور لە وڵاتەکەم ژیان بەسەر دەبەم. لەساڵی 1976 هاتمە ئەڵمانیا. 34 ساڵە لەهەموو کون و کەلەبەرێکی ئەو جیهانە دەگەڕێم، بەڵام ناتوانم بچمە زێدی لەدایکبوونم.

**Taraf: بۆچی ڕووت لە تاراوگە کرد ؟**

**شڤان پەروەر:** لەبەر ئەوەی گۆرانی کوردیم گوت. یاساکانی تورکیاش کورد بەنەبوو هەژمار دەکات و ناسنامەی کوردی قەدەخەکردووە. من لە ڕەوشێکی بەم شێوەیە هەڵسامەوەو گۆرانیم بۆ کوردستان گوت. ئەی خوایە!وەکو ئەوە وابوو کراسێکی بە ئاگر لەبەر بکەم! ئەم کارە شتێکی وا نەبوو دەوڵەت خۆی لەبەرامبەردا بێدەنگ بکات، من ئەو کات لە ئەنقەرە لەزانکۆی ODTÜ قوتابی بووم. لەزانکۆی ئیستانبولیش کۆنسێرتم سازکرد و لەهەر شوێنێکیش بەدوام دەگەڕان. بەڵام هاوڕێکانم زۆر بەباشی منیان شاردەوە.

**Taraf: ئەو سەردەمەی تۆ باسی دەکەیت کوردی قەدەخەبوو؟ ئەدی کوردی لە دوای کودەتای ساڵی 1980 قەدەخە نەکرا؟**

**شڤان پەروەر:** دەمتوانی گۆرانی ئەڤینی لەبەردەم دەرگای پاشاکان بڵێم. گۆرانیبێژەکان، بە سەعات بۆ ئەوان گۆرانی کوردیان دەگوت، داستانە کوردیەکانیان بۆ دەگێڕانەوە. ئەگەر تۆ بێ هێزو پەرێشان بای لەو قۆناخەدا کەس لەدژی گوتنی گۆرانی کوردی دەرنەدەکەوت.ئەوکاتە" گۆرانیە کوردییە ئاساییەکان دەگوترانەوە". بەڵام دەوڵەت لە دژی ئەو گۆرانیانە دەوەستایەوە کە گوزارشتیان لە ڕاستی، مەینەتی و فشارەکانی کورد دەکرد.دەوڵەت یەکسەر ئەو دەنگە کوردیانەی دەبڕی. بەهۆی ئەمەوە چەندین جار زیندانی کرام. بۆیە جگە لە چوونە دەرەوە ڕێگایەکی ترم لە بەردەمدا نەبوو.

**Taraf: تۆ لەناو کوردا زۆر بەناوبانگی. تەنانەت دەکرێ بڵێین تۆ بەناوبانگترین گۆرانیبێژی کوردی. بەڵام تورک تازە بەتازە دەتناسن. زۆر لەوان نازانن گۆرانی (جانێ جانێ) گۆرانی تۆیە. ئایا هۆی ئەمە تەنیا ئەوەیە بە کوردی گۆرانیت گوتووە؟**

**شڤان پەروەر:** کاتێک بە گۆرانیبێژێکی ناسراوی تورک دەڵێن "شڤان پەروەریش گۆرانیبێژێکی ئێمە"یە، ئەو دەڵێت" ببوورە نایناسم"، بەڵام کاتێک پێیدەڵێن" ئێوە لەتەواوی کۆنسێرتەکانتاندا گۆرانی جانێ جانێ دەڵێنەوە". ئەو دەڵێت" ڕاستە من هەموو کاتێک جانێ جانێ دەڵێمەوە. ئایا ئەم گۆرانیە هی ئەوە". ڕاستیەکەش ئەمەیە، ئەڵمانەکان لە تورکەکان زیاتر من دەناسن. چونکە من لەناو ئەڵمانەکان بە ئازادانەتر گۆرانی دەڵێم. لەگەڵ گۆرانیبێژەکانی ئەوان بەیەکەوە کۆنسێرت سازدەکەین. ئەوان وەکو گۆرانیبێژێک سەیری من دەکەن و ڕێز لە هونەرەکەم دەگرن. واز لەمە بێنن کە من ناتوانم گۆرانی بۆ گەلی تورک بڵێم و گەلی تورکیا من ناناسێت، چونکە ئێمە لەگەڵ گۆرانیبێژانی تورکیش نایێینە لای یەکتر.

**Taraf: بۆچی؟**

**شڤان پەروەر:** گۆرانیبێژانی تورک دەترسن بێنە لای گۆرانیبێژانی کورد. چونکە ئەوان بەهەمان بۆچوونی دەوڵەتی تورکیا سەیری کورد دەکەن. کوردەکان لەلایەن تورکیا بەردەوام پشتگوێخراون و بە سووک سەیریان کراوە، وەکو تیرۆریست

> **ئەڵمانەکان لە تورکەکان زیاتر من دەناسن**

و جوداخواز تاوانبارکراون. ئەگەر گۆرانیبێژە تورکەکان وەکو ئێمە، پێشەنگی ڕای گشتی بن، لە ڕووی دارایی وناوبانگەوە زیانیان پێدەگات. نموونە لەسەر گۆرانیبێژێکی هاوڕێم دێنمەوە، ئەویش زولفو لیڤان ئەلیە. ئەو گۆرانی زۆر خۆشی هەیە، ڕێز لەهونەرەکەی دەگرم، دەقی زۆر جوان دەنووسێت، کاتێک بەیەکەوە دادەنیشین زۆر قسەی باش وجوان دەکات، کەچی دەچێت لەپێناو دۆستایەتی یۆنان–تورک لەگەڵ ماریا فراندۆری و میکیس تیۆدۆراکسی گۆرانی دەڵێت. بەڵام وەکو دەزانن لەو وڵاتە تورک و کورد یەکتر دەکوژن، ئەی باشە دۆستایەتی و برایەتی کورد چی ؟ بۆچی گۆرانی بۆ ئەوەش ناڵێن خۆ لە تورکیا 20–30 ملیۆن کورد هەیە.

**Taraf: ئێوە، ئامادەن لەگەڵ زولفو لیڤان ئەلی بەیەکەوە گۆرانی بڵێن؟**

**شڤان پەروەر:** بۆ نایڵێم. ئێمە منداڵی یەک وڵات و یەک شوێنین.

**Taraf: باشە، هیچ داوایەکت لە گۆرانیبێژێکی تورک کردووە بۆ ئەوەی بەیەکەوە گۆرانی بڵێن؟**

**شڤان پەروەر:** هیچ گۆرانیبێژێکی تورک ئەوبوێریەی نیشان نەداوە. ئەوان هەموویان بە پەروەردەی فەرمی دەوڵەتی تورکیاوە گەورەبوون. بە بۆچوونی فەرمی دەوڵەت پەروەردەکراون و ئەو بوێریە نیشان نادەن. چونکە ئایدیۆلۆژیای فەرمی دەوڵەت کاریگەری لەوان کردووە. بۆیە ئەوانیش بە سووک تەماشای کوردیان کردووە. جگە لەمەش ئەو گۆرانیبێژە کوردانەی لە کوردستان سەریانهەڵدا خۆیان بە بچووک دەبینن. بۆ ئەمەش کەسایەتیان ڕووخێنرا. بۆیە بەناچاری گۆرانیەکانیان بە تورکی دەگوت. چونکە کوردی قەدەخەبوو، بازاڕی میوزیکیش لەتورکیدابوو،

ئەگەر نا کوردستان ئەو شوێنەیە کە لەگەڵ میوزیک ئاوێتە بووەو کولتوورەکەی دەوڵەمەندەو ڕۆحی پڕە لە گۆرانی.

**Taraf: لەسەردەمی لاوێتیدا گۆرانیت گوتووە؟**

**شڤان پەروەر:** بێگومان، زۆرم گوتووە. من زۆر بەجوانی تورکی دەخوێنمەوە. تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لە کورد گۆرانی بەتورکی دەڵێن. بەڵام من هەوڵمدا جوانی و ڕیکو پێکی زمانی کوردی لە گۆرانیەکانم پیشانی خەڵک بدەم.

**Taraf: بیر لەوە دەکەیتەوە بگەڕێیتەوە وڵاتەکەت؟**

**شڤان پەروەر:** چۆن بیرناکەمەوە! چۆن حەز ناکەم بگەڕێمەوە! بیر لەوەدەکەمەوە لەماوەی چەند مانگێکدا بگەڕێمەوە. ئەگەر هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی پرسی کورد بەرێکوپێکی بەڕێوەبچن زووتر دەگەڕێمەوە. من بۆ بازرگانیکردن ڕووم لە دەرەوەی وڵات نەکرد. من 34 ساڵە ژیان لە دەرەوە بەسەر دەبەم. لە کاتی کۆچکردنی دایکیشم نەهاتمەوە. دوای ئەوەی هاتمە دەرەوەی وڵات هەندێک برام لە دایک بوون کە هەندێکیانم تا ئێستا نەبینیووە. دوای تێپەڕبوونی 18 ساڵ لە چوونە دەرەوەم، لە کوردستانی عێراق چاوم بەباوکم کەوت. ئەویش لەبەر ئەوەبوو چونکە پاسپۆرتیان پێنەدەدا بێتە دەرەوە سەردانی من بکات. بۆیە تا داوای لێبوردنم لێنەکەن ناگەڕێمەوە،هەر کاتێک داوای لێبوردنم لێبکەن ئەو کات دەتوانم بگەڕێمەوە.

**Taraf: کێ داوای لێبوردنت لێبکات؟**

**شڤان پەروەر:** بێگومان دەوڵەت. ئەو کاتە دەگەڕێمەوە کە بە ئازادی گۆرانی بڵێم. چونکە ئامانجی من ئازادییە، من تەنیا بۆ کورد داوای ئازادی ناکەم. بەڵکو بۆ تورکیش داوای ئازادی دەکەم. لەو سیستەمە قەدەخەکارییەدا کورد ئازارو مەینەتی زۆر دەبینێت، بەڵام تورکەکانیش لەو جۆرە سیستەمە زیانیان پێدەگات. من حەز لە کوشتنی سەربازو گەریلا ناکەم. هەردووکیان منداڵی یەک وڵاتن.

**Taraf: ڕات چییە بەرامبەر پرۆسەی کرانەوە بەرەو ڕووی کورد کە حکومەت دەستیپێکردووە؟**

**شڤان پەروەر:** ئەو پرۆسەیەم پێ باشەو پشتگیریش لە هەڵوێستی حکومەت دەکەم. گول و ئەردۆغان هەنگاوێکی باشیان نا. پێویستە لەو هەنگاوەیان پەشیمان نەبنەوە. ئەو کەسەی لە تورکیا کێشەی کورد چارەسەربکات ناوی لە لاپەڕەکانی مێژوو تۆمار دەکرێت. پێویستە پرۆسەی کرانەوە دان بەبوونی نەتەوەیی کوردا بنێت. تورکەکان خاوەن چ مافێکن، پێویستە کوردەکانیش هەمان مافیان هەبێت. برایەتی ڕاستەقینەش بەم شێوەیە دەبێت. کورد خاوەن 40-50 ملیۆن کەسە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. چواندنی کورد، بە لاز، تەتەر و چەرکەس ڕاست نیە. چونکە هەندێک لە لازەکان بۆ مۆلدۆڤیا و هەندێکی تریان بۆ یۆنان چوون. ئەوانەی مانەوەش توانەوەیان پەسندکرد. چەرکەسیش لە تورکیا نەمان و هەموویان بوونە تورک.

**Taraf: ئایا ئەو کرانەوەیە باوەڕیەکی وەهات پێدەبەخشێت تا بەئازادانە لە وڵاتەکەت گۆرانی بڵێی؟**

**شڤان پەروەر:** تا ئێستا ئەو باوەڕیە لە ئارادا نیە. چونکە جارێ لەسەرەتای پرۆسەکەداین. ئەوانەی دەستیان بەو پرۆسەیە کردووە نیازیان باشە، بەڵام تا ئێستا بەیاسا پشتگیریی لەو هەنگاوانە نەکراوە. لەو وڵاتە تا ئێستا پارێزگار بە ئارەزووی خۆی ناوونانی کوردی لە منداڵانی کورد قەدەخەدەکات. لەو قسانەی وەزیری ناوخۆی دەربارەی کرانەوە کردی یەک جاریش ناوی کوردی نەهێنا!.

**Taraf: بە ڕای تۆ پێویستە چی بکرێت؟**

**شڤان پەروەر:** بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە، پێویستە PKK بەشداری لەو پرۆسەیەدا بکات. چونکە ئەوەی شەڕی چەکداری دەکات PKKنیە؟ کەواتە پێویستە بەشداری لە قۆناخی ئاشتەوایی بکات. جگە لەمە DTP پارتێکە دەنگی دوو ملیۆن دەنگدەری بەدەستهێناوە. بۆ ئەمەش پێویستە ڕێز لە پەرلەمانتارانی DTP بگیرێت. لەهەمانکات پێویستە ئەوانیش بە زمانی خەڵکی تر قسەنەکەن، دەبێت لەو قۆناخە ڕۆڵێک لە ئەستۆ بگرن. حکومەت ناخوازێت لەگەڵ PKK دانوستان بکات.بەڵام DTP دەتوانێت ئەو ڕۆڵە لە ئەستۆ بگرێت. DTP دەتوانێ دانوستان لەنێوان حکومەت و PKK بکات.

**Taraf: تۆ لە تاراوگە کۆنسێرتی گەورەت سازکردوون. بیستوومە کە لەگەڵ ئامادەبوونی کۆنسێرت هەندێک کێشەتان بۆ دروستببوو. ئایا شتێکی لەو بارەیە هەبوو؟**

**شڤان پەروەر:** بێگومان وابوو. چەندین جار ئەم کێشا نە هاتنە ئاراوە. لە سیاسەتی کوردیدا هەندێک هەڵە، چەوتی و پێکدادانی بەم شێوەیە دەبینرێن. 35-36 ساڵە من ئەو ڕەوشانەم هەمووی بەسەربردووە. ئێمە کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستین. لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیش ڕەخنە قبوڵکردن نییە. پاشا عەرەبەکان، شێخەکان و سەرکردەکان، ئەو نووسەر، شاعیرو



هونەرمەندانەیان کوشتووە کە ڕەخنەیان ئاراستەی ئەوان کردووە. لە سووریا حافز ئەسەد و لە عێراق سەددام حوسێن ڕەخنەگرەکانیان لەناو دەبرد. لەناو کۆمەڵگەی کوردیشدا ئەو تابوویانە هەنە. کاتی خۆی ئەگەر بەرامبەر بە ئاتاتورک شتێکت بگوتایە کۆمەڵگا تۆی بەسزا دەگەیاند.

**Taraf: لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا کێ ڕەخنەی لێناگیرێت وله سەرووی ڕەخنەوەیە؟ کوردەکان ڕەخنە لەکێ بگرن سزا دەدرێن؟**

**شڤان پەروەر:** هەر کامێک لە ڕێبەرە کوردەکان... بۆ نموونە پارتی دیموکراتی کوردستان هەندێک تەحەمولی ڕەخنە دەکات. مەسعود بارزانی دەڵێت:" ئێمەی کورد یەکترمان زۆر شەکەت وماندوو کرد. بەهۆی دانبەخۆ دانەگرتنمان زیانی زۆرمان بەیەکتر گەیاند. پێویستە هەندێک سنگ فراوان بین". بەڕاستی بارزانی سیاسەتکارێکی لێهاتووە. هەندێک وەکو "ئاغا" و "سەرۆک عەشیرەت" ناوی دەبەن، بەڵام وانیە. بارزانی کەسێکە لەناو شۆڕشی کورد پێگەیشتووەو هەموو ئازارو مەینەتیەکانی ژیاوە.

**Taraf: بارزانی دەناسی؟**

**شڤان پەروەر:** زۆر لە نزیکەوە دەیناسم. من لەوێ کۆنسێرت سازدەکەم. ناتوانم لەهەر چوارپارچەی کوردستان کۆنسێرت سازبکەم. تەنیا دەتوانم لە کوردستانی عێراق کۆنسێرت سازدەکەم. کوردستانی عێراق وا بەجوانی پێشکەوتووە، کوردەکانی ئەوێ زۆر حەز لە تورک دەکەن. کورد حەز لەتورک دەکەن، بەڵام تورک بە سووکی سەیری کورد دەکەن. چونکە لە تورکیا دەوڵەت تەنیا کوردەکانی نەتواندەوە، بەڵکو دەوڵەتی تورکیا تورکەکانیشی تواندەوە، ئەوانی لەناو ئایدیۆلۆژیای فەرمی دەوڵەت توانەوەو لە ڕاستی مێژوویی خۆیان دوورکەوتنەوە.

**Taraf: باشە ڕەخنە گرتن لە تۆجەلان کارێکی زەحمەتە؟**

**شڤان پەروەر:** لەناو PKK دا شتێکی بەم شێوەیە هەیە و زەحمەتە. بەڵام لەناو ئەوانیش ئێستا کرانەوەیەک هەیە. ئەوان دەڵێن " پێویستە دەستبەرداری توندوتیژی وچاولەیەکترسوورکردنەوە بەرامبەر یەکتر ببین. پێویستە ڕۆحی لێبوردەیی لەخۆمان بەرجەستە بکەین. ئێمەی کورد یەکترمان زۆر شەکەت وماندوو کرد". لەناو ئەوانیش هەست بە نەرمبوونێک دەکرێت.

**Taraf: تۆ وەکو هونەرمەندێک چۆن دەتوانیت پشتگیریی لە ئاشتی بکەیت؟**

**شڤان پەروەر:** مرۆڤی هونەرمەند خۆشەویستی لەناو کۆمەڵگا جیاوازەکان دروست دەکات. بە گۆرانیە جوانەکانی، بە ئەلبوم و کۆنسێرتەکانی دەبێتە پردی ئاشتی. هەڵبەتە ئەو ڕۆژەی دەگەڕێمەوە

> **هیچ گۆرانیبێژێکی تورک، نەیوێراوە لەگەڵ من گۆرانی بڵێت**

مەملەکەتەکەم تەنیا بۆ کورد قسە ناکەم. لەگەڵ گۆرانیبێژانی تورک لە (ڕۆنگولدوک)ەوە بگرە تا (ئەدیرنە)، لە (دەنیزلی)ەوە بگرە تا ئامەد بۆ هەمووان قسەدەکەم. بەهەموو ڕاستگۆییەکەوە ئەمەتان پێدەڵێم. هیچ جیاوازیەک لەنێوان گەلی کوردو تورک ناکەم. بۆمن مرۆڤ گرنگە. گەلی کورد

لەو وڵاتە لەلایەن دەسەڵاتەوە ڕووبەڕووی لەناوبردن بووەوە. من دەخوازم کاتێک کۆمەڵگەی تورکی لەو ڕاستیە دەگات کۆمەڵگای کورد لەباوەش بگرێت. چونکە کاتێک کۆمەڵگاکان یەکتر لەباوەش دەگرن، دەسەڵاتی سیاسی ناتوانێت هیچ بکات.

**Taraf: کە دەگەڕێیتەوە پێشبینی دەکەی چۆن پێشوازیت لێ بکرێت؟**

**شڤان پەروەر:** نازانم. ئەوە پەیوەستە بە ئارەزووی خەڵکەوە. بەڵام بۆمن گەڕانەوە بۆ وڵات دەبێتە سەرەتایەکی نوێ و لەهەمان کات دەبێتە یەکێک لە گرنگترین ساتەکان. بۆ سازکردنی کۆنسێرت و دەستپێکردنی قۆناخی ئاشتی ئامەد زۆر لە چالاکیدایە. پێویستە بۆ گەیشتن بە ئاشتی عوسمان بایدەمیرو ئەحمەد تورک بەتەنیا بەجێ نەهێڵین. ئەحمەد تورک کەسێکە خاوەن ئەزموونێکی زۆرە. من کاک ئەحمەدم زۆر خۆشدەوێت. هەڵوێستەکانی ئەو بۆ مرۆڤ نموونەن. ئەوانەی وەکو ئەو، کە گوزارشت لە ڕاستیەکان دەکەن بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی لەنێوان کۆمەڵگاکان پردێکی ئاشتی بێ وێنەن.

**Taraf: لەدوای بەرقەرارکردنی ئاشتی، تورکیا دەبێتە وڵاتێکی چۆن؟**

**شڤان پەروەر:** دەبێتە وڵاتێکی سوپەر. خۆشگوزەرانی بەرزدەبێتەوە، دەوڵەمەند دەبێت، ڕەنگاو ڕەنگ دەبێت. کاتێک لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بیردەکەینەوە، ژمارەی کوردەکان لە تورکەکان کەمتر نیە. کۆمەڵگایەکی بەرفراوانن. لەگەڵ بەرقەرارکردنی ئاشتی، تورکیا بۆ هەرێمەکە لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە دەبێتە نموونە. ئەگەر تورکیا کێشەی کورد چارەسەر بکات، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ئاشتی دێتە ئاراوە.

**Taraf: لەچی تورکیا نیگەرانیت؟**

**شڤان پەروەر:** کاتێک لە تەلەڤزیۆن گوێبیستی دەنیز بایکاڵ دەبم، نیگەران دەبم و ترسم لێ دەنیشێت.

**Taraf: ئاشتی مانای کۆتاییهێنانە بە کوشتنی گەنجان. بۆ وەدیهێنانی ئەمەیان بیر لەوە ناکەیتەوە گۆرانی یان بەستەیەک ئامادە بکەیت؟**

**شڤان پەروەر:** لەو بارەیەوە گۆرانیم هەن. بەڵام سەبارەت بە قۆناخی ئاشتی داستانێک ئامادە دەکەم.

**Taraf: باوەڕ بە سیاسەتکارانی تورک دەکەیت؟**

**شڤان پەروەر:** گومانم لەو ئیرادەیەیان هەیە کە بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی پیشانی دەدەن. هەندێک ئیستیسنا هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتکارانی تورکیا لەپێناو ئازادی ململانێ ناکەن. ئەو ترسە ناشکێنن کە لەبەرامبەر کۆمەڵگا هەیانە. بەڕاستی عەبدوڵڵا گول و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سیاسەتکاری بوێرن. ئەردۆغان دەڵێت سەرەڕای هەموو هێرشەکان هەنگاو بۆ دواوە نانێم. پێموایە هەنگاو بۆ پێشەوە دەنێت. من زۆر ڕێز لەو کەسانە دەگرم. بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی دەخوازم پشتگیریان لێ بکەم. بۆ نموونە ئەگەر تورگوت ئۆزال لەژیاندا بمایە، بێگومان هەڵەکانی ڕاست دەکردەوە.

**Taraf: لەمەوپێش هیچ سیاسەتکارێکی تورکیا داوای لێکردووی بگەڕێیتەوە تورکیا؟**

**شڤان پەروەر:** ئۆزال ویستبووی بانگم بکات. جەم کاراجا ( گۆرانیبێژێکی تورکە) هاوڕێیەکی زۆر نزیکم بوو. ئۆزال بانگهێشتی ئەوی کردبوو. جەم پێی گوتم:" لەگەڵ بەڕێز ئۆزال قسەم کرد، بانگهێشتی ئێوەش دەکات. لەپێشدا من دەچمەوە، دواتر تۆ وەرە". بەڵام تەمەن دەرفەتی هەردووکیانی نەدا.

**Taraf: کاتێک دەگەڕێیەوە تورکیا حەز دەکەی لەکوێ بژی؟**

**شڤان پەروەر:** دەخوازم لە هەرێمەکەمدا بگەڕێم. مەسعود بارزانی جارێک داوای لێکردم ببمە وەزیری ڕۆشنبیری.منیش پێمگوت:" ئەو کارە بۆمن زەحمەتە. چونکە عەرەبی نازانم و تەنیا کوردی دەزانم".

**Taraf: گەنجانی کوردستانی عێراق عەرەبی نازانن وایە؟**

**شڤان پەروەر:** نازانن. گەنجەکان تورکی و ئینگلیزی دەزانن. 60– 70% گەنجەکان تا ئاستێکی باش بەتورکی قسەدەکەن. لە کەناڵە تەلەڤزیۆنیەکان فێربوونە. تورکمانەکان لە قسەکردنی بە تورکی لەدوای گەنجە کوردەکان دێن.

**Taraf: قەت لەگەڵ ئیبراهیم تاتلس بەیەکەوە گۆرانیتان گوتووە؟**

**شڤان پەروەر:** ئەگەر وەکو کەسێکی خەڵکی شاری ڕوها بیربکەمەوە، تاتلس وەکو هاوشارییەک تەماشا دەکەم. بەڵام من کەسێکم پەیوەستم بە ناوەڕۆک و ڕاستی کولتووری کوردی. ئەویش کەسێکە زۆر لە کوردایەتی دوورە. من کەسێکی کوردەواریم. بەڵام ئەو کەسێکی ڕوهاییە (ئورفەیی). خەڵکانی ناو ڕوها مێشکیان هەر لەلای چیخ کوفتە، لەحم عەجین و شلە یە. هەروەها مێشکیان هەربە گۆرانی گوتن و هەوڵی ناوبانگ دەرکردن سەرقاڵ دەکەن.

**Taraf: پێتوایە تورکەکان تۆیان خۆشدەوێت؟**

**شڤان پەروەر:** ئەگەر لایەنگری ئاشتین دەبێت منیان خۆشبووێت. پێموایە تورکەکان دەبێ زۆر منیان خۆشبوێت. چونکە من گوزارەم لە ڕاستیەکانی تورکیا کردووە. کوردەکان چەند ئازاریان بەهۆی ئەو ڕاستیەوە کێشابێ، تورکەکانیش ئەوەندە زیانیان پێگەیووە. کێشەی کورد، گەلی تورکیای لەچاوی جیهان وەکو گەلێکی بێ بەزەیی و ستەمکار ناساند. بەڵام بەدرێژایی مێژوو کوردو تورک وەکو دوو گەل لەلای یەکتر وەکو دووبرا ژیانیان بەسەر بردووە.لەو ساتانەدا لە تورکیا نێوان گەلان ئاشتی پێویستە. بە کورتی تورکیا پێویستی بە دیموکراسیە. ئەو شەڕە شەڕی کوردو تورک نیە.

**Taraf: بەرای تۆ ئەو شەڕە شەڕی کێیە؟**

**شڤان پەروەر:** ئەم شەڕە شەڕی ئەو کەسانەیە کە شەڕیان کردووەتە بازرگانی. ئەگەر لە تورکیا سیستەمێکی برایانە بێتە ئاراوە. پێویستە لەنێوان کوردو تورک مافەکان وەکو برا دابەش بکرێن. ئەو کات ئێمە سواڵی هیچ شتێک لە کەسێکی تر ناکەین وناپاڕێینەوە.

**Taraf: زۆر لێت تێنەگەیشتم.!**

**شڤان پەروەر:** ئێمە کۆمەڵگایەکی گەورەین. ئەگەر شێخێکی عەرەب مافی ئەوەی هەیە بە سەربەخۆیی بژی وتورکیا ونەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەمە پەسند دەکەن، باشە بۆچی بۆ کوردەکانیش

> **خەڵکی هەرێمی کوردستان زۆر حەز لە تورکەکان دەکەن**

مافێکی بەم شێوەیە نەبێت؟ کوردەکانیش مافی ئەوەیان هەیە لەسەر خاکەکەیان بە سەربەخۆیی بژین. بۆچی شێخێکی عەرەب دەوڵەتی هەبێت، بەڵام تا ئێستا بۆ کورد مافی قەوارەیەکی فیدڕالیش دانی پێدانەنراوە. هەرچەندە پێویستە ئەو ڕووداوانە ئەو قۆناخە لەبیر بکەن. ئەوەی گرنگە مرۆڤەکانن، ئەگەر کۆمەڵگاکان لەناو دەوڵەمەندی و ئاشتی ژیان بەسەربەرن، پێویست ناکات لە دوارۆژ هیچ شێک بسەپێنن. هیچ کۆمەڵگایەک ناخوازێت لە وڵاتەکەی جیاببێتەوە.

**Taraf: ئێوە داوای یەکێتی کورد دەکەن؟**

**شڤان پەروەر:** هیچ کوردێک بەتەنیا بیر لەتورکیا ناکاتەوەو پارچەکانی تر فەرامۆش ناکات. بۆ نموونە ڤالۆن بەشێکی بەلجیکایە، بەشەکەی تریشی فلاماندەرە. فلاماندەرەکان بە هۆڵەندی، ڤالۆنەکانیش بە فەرەنسی قسەدەکەن. ئەگەر ڤالۆنەکان بچنەوە سەر فەرەنسا و فلاماندەرەکانیش بچنەوە سەر هۆڵەندا زۆر بەباشی ژیان بەسەر دەبەن، بەڵام ئەمە ناکەن. ژیان بەسەر بردن لەناو بەلجیکا هەڵدەبژێرن. ئیسپانیاو سویسرا نموونەی زەقی ئەم ڕاستیەنە. ئەگەر لەداهاتووش کوردەکان بڵێن" ئێمە لە ڕەوشی تورکیا ڕازینە، یاساکان بەیەکسانی سەیری هەردوو گەل بکەن"...

**Taraf: ئەو کات چی دەبێت؟**

**شڤان پەروەر:** ئەو کات کوردەکان ناچار نابن لەگەڵ کوردەکانی تر یەکبگرن. بەڵام ئەگەر سبەی ئەو گەلە بخوازێت لەگەڵ کوردەکانی تر بەیەکەوە بژین، ئەوەشیان لەوانەیە. چونکە مرۆڤ لەهەر شتێک گرنگترە. پێویستە دلخۆشی و گوزەرانی مرۆڤ بگاتە ئاستی هەرە بەرزی.

# تاراوگە

## کوردێک چاوی کوێر دەکرێت



ڕووداو- leaderlive.co.uk

دوو گەنجی کورد بەناوەکانی موعتەسەم ڕەحیم و ڕێباز سەعید لە شاری ڕێکسهامی بەریتانیا لەلایەن گرووپێکی حەوت کەسی ڕێگەیان پێدەگیرێ و هێرشیان دەکرێتە سەر بە داری یاری بەیسبۆڵ. لەو بارەیەوە ڕێباز گوتی" ئێمە لە ماڵی هاوڕێکەمان بووین و کاتێکیش بەرەو ماڵەوە گەڕاینەوە و چوونە دوکانێک بۆ ئەوەی بوتڵێک ئاو بکڕین، کاتێک هاتینە دەرەوە ئەوانە هێرشیان کردە سەرمان".پاشان ڕەوانەی نەخۆشخانە کران، پزیشکەکان بە موعتەسەمیان گوتووە ڕەنگە چاوێکی لەدەست بدات. پۆلیس تا ئێستا نەیتوانیوە کەس دەستگیربکات.

### بە سواری پایسکل پشتیوانی لێدەکەن

# کچێکی کورد هۆڵەندای بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە



هێڤین کتێبی مافەکانی منداڵ دەداتە بەرپرسێکی شاری ڕۆتتەردام

**ڕووداو- ڕۆتتەردام**

بەسەرهاتی هێڤین، کچۆڵەیەکی 11 ساڵەی کورد و خێزانەکەی لە هۆڵەندا وای لە ژمارەیەک ڕێکخراوی جیهانی بۆ پاراستنی مافەکانی منداڵ کردووە کە کامپینێکی یەک هەفتەیی بۆ پاڵپشتیکردنی دەست پێبکەن. بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیەی ئەو کچۆڵەیە لە شاری ڕۆتتەردام لێی دەخوێنێ، دەڵێت: "لە چاوانی ئەو کچەدا تەمێکی خەمگین دەبینم. بۆیە بڕیارمداوە هەموو هۆڵەندا بە پایسکل بگەڕێم تا پشتیوانی بۆ قوتابییەکەم وەدەست بێنم".

12 ساڵ لەمەوبەر دایک وباوکی هێڤین لە سوریاوە بەرەو هۆڵەندا کۆچیان کرد. ئەوان خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانن و وەک خۆیان دەڵێن لە سوریا تەنانەت وەڵاتینامەشیان نەبووە. ساڵێک دوای داواکردنی مافی پەنابەری، یەکەمین جگەرگۆشەی ئەو ژن و مێردە لە تاراوگە لەدایک دەبێ و ناوی دەنێن (هێڤین). یانزدە ساڵ دواتر، هێڤین، کە تا ئێستاش لەگەڵ دایک و باوکی و خوشک و براکەیدا مافی مانەوەیان نییە، سەرنجی ڕێکخراوە جیهانییەکان و میدیای هۆڵەندی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. "لە ڕۆژی لەدایک بوونمەوە تا ئێستا دوانزدە جار ناچار بووین ماڵمان بار بکەین، جارێکیان ماڵەکەمان بریتی بوو لە ژێر سێبەری دارێک."

ساڵی ڕابردوو لە شاری ڕۆتتەردام مەراسیمێکی جەماوەری سازکرا بۆ پیشاندانی ئازاری ئەو منداڵانەی لە هۆڵەندا بە شێوەیەکی "نایاسایی" دەژین و مافی مانەوەیان نییە. لەوێ هێڤین وەک نوێنەری ئەو منداڵانە، کە ژمارەیان دەگاتە 30000 منداڵ، وتارێکی خوێندەوە. لە قسەکانیدا هێڤین ئەوەی گێڕایەوە کە شتێک زۆر ئازاری دەدات: "هاوڕێکانی قوتابخانەم هەمیشە لێم دەپرسن: پشووی هاوینت لە کام وڵاتدا بەسەر برد، منیش..." ئیتر هێڤین قسەکەی پێ تەواو نەکرا و لە پرمەی گریانی دا.

### نەخۆشیی دایکی ڕێگر بوو

ساڵی ڕابردوو حکومەتی هۆڵەندا بڕیاری پێدانی مافی مانەوەی بەو پەناخوازانە دا کە زیاتر لە 6 ساڵ بە بێ پچڕانەوە لەو وڵاتەدا ماونەتەوە و تۆمەتبار نین بە تاوانەکانی جەنگ. بەڵام ئەو بڕیارە هێڤین و خێزانەکەی نەگرتەوە. هۆیەکەشی ئەوە بوو ئەو خێزانە ماوەیەک پێشتر چووبوون بۆ ئەڵمانیا و دواتر سەرلەنوێ گەڕابوونەوە بۆ هۆڵەندا. باوکی هێڤین دەڵێت: "ئەوکات ناچار بووین ئەو کارە بکەین. چونکە دایکی هێڤین زۆر نەخۆش بوو و دەبووایە نەشتەرگەریی بۆ بکرێت. ئەو نەشتەرگەرییەش بۆ ئێمە تەنیا لە ئەڵمانیا بواری ئەنجامدانی هەبوو." ئەو وەڵامە کاربەدەستانی دەزگای کۆچ و پەنابەریی هۆڵەندا قایل ناکات و ئێستا هەوڵی ئەوە دەدرێت هێڤین و خێزانەکەی ڕەوانەی سوریا بکرێنەوە. دایکی هێڤین بە دڵەڕاوکێوە دەڵێت: "هەموو شەوێک کە دەخەوین دڵنیا نین ڕۆژی دواتر لە کوێ دەبین." باوکیشی بە هەناسە هەڵکێشانەوە باسی ترسی شاراوەی هێڤین دەکات: "هەمیشە منداڵەکانمان کاتژێر 8 ی شەو دەچن بخەون، تا بۆ ڕۆژی دواتر لە کاتی خۆیدا بتوانن بڕۆنە قوتابخانە. بەڵام هەندێکجار دوای کاتژێر 10 ی شەویش هێڤین هەر بەخەبەرە. کە لێی دەپرسم: بۆ ناخەویت؟ دەڵێ: ناتوانم. کە دەپرسمەوە: بۆ؟ دەڵێ: منیش بیر لەو مەسەلەیە دەکەمەوە کە ئێوە بیری لێدەکەنەوە."

### کەمپینی هاوپۆلەکان

هاوپۆلەکانی هێڤین لە قوتابخانەیەکی سەرەتایی شاری ڕۆتتەردام بڕیاریانداوە نەهێڵن حکومەتی هۆڵەندا ئەو خێزانە کوردە بەزۆر بنێرێتەوە. یەکێک لە هاوپۆل و هاوڕێکانی هێڤین دەڵێت: "ئەو لێرە لەدایک بووە و وەک ئێمە هۆڵەندییە، چۆن دەکرێ بەزۆری بنێردرێتەوە بۆ وڵاتێکی تر!" هاوڕێیەکی تریشی دەڵێت: "هێڤین کچێکی ڕۆح سووکە. ئەگەر لێرە بڕوات هەموومان بیری دەکەین." مامۆستا ئیڤۆ بڕاڤە بوور، بەڕێوەبەری قوتابخانە سەرەتاییەکە، دەڵێت: "کە بە وردی سەیری ئەو کچە نەکەیت، پێت کەسێکی ئاسایی دەبێت. بەڵام کە لە چاوەکانی ورد دەبیتەوە تەمێکی خەمگین دەبینیت. من ئەوەم ئەو کاتەش بۆ دەرکەوتووە کە ئەگەر وانەیەکی قوتابخانەکەمان باسی مەسەلەی پاسپۆرت و مافی مانەوەی تێدا بکرێت، هێڤین زۆر پێی تێکدەچێ."

لە ڕۆژی 2009/9/22 وە بەڕێوەبەر و قوتابییانی ئەو قوتابخانە سەرەتاییە، بە پشتیوانیی ڕێکخراوە جیهانییەکانی وەک: Defence for Children و Unicef و کۆمەڵێک ڕێکخراوی تری هۆڵەندی تایبەت بە پاراستنی مافەکانی منداڵ، دەستیان بە کەمپینێکی یەک هەفتەیی کردووە بۆ پشتیوانی لە قوتابی و هاوپۆلەکەیان. مەبەست لەو کەمپینە کۆکردنەوەی واژۆی هۆڵەندییەکانە لەسەرتاسەری هۆڵەندا تا پشتیوانی لە مانەوەی هێڤین و خێزانەکەی لە هۆڵەندا بکەن.

### کۆکردنەوەی واژۆ بە پایسکل

بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بڕیاریداوە لەو هەفتەیەدا بە پایسکیلێک هەموو ئەو شارانەی هۆڵەندا بگەڕێت کە ئەو کچە کوردە و خێزانەکەی تێیدا ژیاون و داوا لە خەڵکی ئەو شارانە بکات کە پاڵپشتی لە کەمپینەکەیان بکەن. لەو نێوەندەشدا قوتابییان دەچنە سەر شەقام و لەهەردوو شاری ڕۆتتەردام و دەنهاخ داوا لە خەڵک دەکەن کە سەردانی ئەو ماڵپەڕە بکەن کە بۆ کۆکردنەوەی واژۆی پشتیوانی بۆ هێڤین دایانمەزراندووە. یەکێک لەو منداڵانەی سەرپەرشتی کەمپینەکە دەکات دەڵێت: "لە دوایین ڕۆژدا لەبەردەم پەرلەمانی هۆڵەندا کۆدەبینەوە و لەوێ پێشوازی لە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان دەکەین کە بە پایسکیل هەموو هۆڵەندا گەڕاوە. دواتر ئەو و هێڤین واژۆ کۆکراوەکان دەدەن بە پەرلەمانتارانی هۆڵەندا."

جێی سەرنجە کە نوێنەرانی پارتە گەورەکانی ناو پەرلەمانیش بەشداری لە کەمپینەکەدا دەکەن. ئەندامێکی پەرلەمانیش لەسەر لیستی پارتی کرێکارانی هۆڵەندا، کە ئەندامێکی پارتەکەی ئەوان بڕیار لەسەر دۆسیەی پەنابەران دەدات، پێیوایە کە هەرچەندە بڕیاری پێدانی مافی مانەوە وادەکات خەڵکێکی زۆرتر روو لە هۆڵەندا بکەن و داوای مافی مانەوە بکەن، بەڵام "بۆ هێڤین دەرکردنی بڕیارێکی تایبەت زۆر پێویستە."

# سوێد بەرامبەر پەناخوازانی کورد توندبووە و بەرامبەر بەعسیان نەرمە

## حکومەتی سوێدی بە 16 پەناخوازی کورد و عێراقی دەڵێ: ئەگەر بەخۆتان ناچنەوە بە زۆرەملێ دەتانێرینەوە



**کاوە ئەمین**

kawe35@yhotmail.com

**ڕووداو- سوێد**

حکومەتی سوێد بە 16 پەناخوازی کوردی باشووری کوردستان و عێراقی ڕاگەیاندووە کە ئەگەر بەخۆشی خۆیان نەگەڕێنەوە بە زۆرەملێ لەلایەن پۆلیسەوە دەنێردرێنەوە، بەڵام مەسەلەی ناردنەوەی بەعسییەکی عێراقی کە دەستی لە ئەشکەنجەدانی گیراواندا هەبووە، بووەتە جێگەی مەترسی دەزگای کۆچی سوێد.

ڕۆژی 2009/9/21، هەواڵی دەرکردنی پیاوێکی عێراقی لەلایەن دەوڵەتی سوێدەوە بڵاوکرایەوە. پۆلیسی نهێنی سوێد (سێپۆ) لەو بارەوە ڕایگەیاند "ئەو پیاوە عێراقییە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی سوێد هەیە، بۆیە دەبێ ڕەوانەی عێراق بکرێتەوە". ئەم بڕیارەی سوێد لە کاتێکدایە کە دەزگای کۆچی سوێدی پێیوایە کە ژیانی ئەو پیاوە دەکەوێتە مەترسییەوە ئەگەر ڕەوانەی عێراق بکرێتەوە.

ئەو پیاوە عێراقییە لە ساڵی 2003 دا هاتووەتە سوێد و ژن و منداڵەکانی مۆڵەتی مانەوەیان لە سوێد پێدراوە. ئەو پیاوە لە کێسەکەیدا باسی ئەوەی کردووە کە لە عێراق لەگەڵ دەزگایەکی نهێنی سەردەمی بەعس کاری کردووە کە زیندانییەکانیان ئەشکەنجە داوە.

تائێستا چەندین جار باسی ئەوە کراوە کە بەرپرسانی بەعس لە سوێد داڵدەدراون، بەهۆی سوود وەرگرتنیان لە یاساکانی سوێد بۆ مانەوە بە بیانووی ئەوەی کە ژیانیان لە مەترسیدایە لە عێراق. لەو بارەوە کوردێک کە کاری وەرگێڕان دەکات لە سوێد بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام لەساڵی 2003 کوردی وا هەبوونە بۆ ئەوەی بتوانن مافی پەنابەری وەربگرن خۆیان بە بەعسی ناساندووە.

لەلایەکی دیکەوە دەزگای کۆچی سوێدی لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە 2009/9/23 لەگەڵ بەرپرسانی دەزگاکانی کۆچی وڵاتانی ئەورووپا ڕێکیخستبوو، داوایکرد کە وڵاتانی ئەورووپا ئەو پەناخوازانە وەربگرن لەو کەمپانەی جیهاندان بۆ پەنابەران دروستکراون و تێیاندا ژیانێکی ناخۆش بەسەر دەبەن. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا کە لە ستۆکهۆڵم بەسترا، وڵاتانی ئەورووپا گفتوگۆیان لەسەر ئەوە کردووە کە بە چ شێوەیەک بتوانن ژمارەی ئەو پەناخوازانەی ساڵانە بە ڕێگەیەکی یاسایی وەردەگیردرێن، زیاد بکەن.

بەڵام ئەوەی بەکردەوە لە سوێد هەیە جیاوازە. ژمارەیەکی زۆر پەناخوازی کورد و عێراقی لە زۆر وڵاتی ئەورووپایی هەڕەشەی ناردنەوەیان لێدەکرێ. هەفتەی ڕابردوو 16 پەناخوازی کورد و عەرەب کە لە شاری ئۆپسالای سوێد دەژین، بە فەرمی پێیان ڕاگەیێندرا ئەوان مافی پەنابەرێتیان پێنادرێ و دەبێ لە نزیکترین کاتدا بگەڕێنەوە کوردستان و عێراق. یەکێک لەو پەناخوازانە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە پێیان ڕاگەیێندراوە" لەو ڕۆژەوە هەموو مافێکتان لێ سەندراوەتەوەو تەنیا ڕێگا ئەوەیە بە خۆشی خۆتان بگەڕێنەوە، ئەگەرنا لە داهاتوودا، کێسەکانتان دەدرێتە پۆلیس بۆ لێکۆڵینەوە و ناردنەوەتان بەزۆرەملێیی".



سوێد سوورە لەسەر ناردنەوەی پەناخوازانی کورد




نانەوایەکی نانەواخانەی لەواشی ڕۆژهەڵاتی تەماشای ڕووداوی چاپی ئەورووپا دەکات (فۆتۆ:ڕووداو)

### بێگانەش نانی کوردییان پێخۆشە

# لە کوێلن تەندووری کوردی 7 ڕۆژی هەفتە ناکوژێتەوە

**ڕووداو- کوێلن**

نزیکەی 7 ساڵە لە نانەواخانەیەکی کوردیی شاری کوێلنەوە نانی کوردی بۆ زۆر ناوچەی ئەڵمانیا دەنێردرێت. خاوەنی نانەواخانەکە هاونیشتیمانییەکی خەڵکی شاری سلێمانیی باشووری کوردستانە و کرێکارەکانیشی هەموویان کوردن. ئەوان ڕۆژانە زیاتر لە 2500 نان ئامادە دەکەن.

نانەواخانەکە، کە ناوی (نانەواخانەی لەواشی ڕۆژهەڵاتی) یە، هەفتانە حەوت ڕۆژ کراوەیە و پێدەچێ نانی کوردی کڕیارێکی زۆری هەبێت. بۆیەش هەموو ڕۆژێک لە کاتژمێر هەشتی بەیانییەوە تا هەشتی شەو تەندورەکەی ناکوژێنێتەوە. یەکێک لە نانەواکان کە ناوی ئەحمەدە بە (ڕووداو) دەڵێت زۆربەی مارکێتە کوردی و تورکی و فارسی و عەرەبی و ئەفغانییەکان لەوان نان دەکڕن: "ڕۆژانی یەکشەممە 3000 هەزار نان دەکەین. ڕۆژانی شەممە ڕێژەکە زیاترە. ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینیش زیاتر لە 2500 نان دەکەین. جگە لە مارکێتەکان، زۆر کەسیش دێن نانی خۆیان دەکڕن و دەڕۆن."

ئەو نانەواخانەیە دوو تەندوری هەن و هەردووکیشیان بەیەکەوە هەڵکراون. یەکێک لە کرێکارەکان هەویرەکە ئامادە دەکات. دووی تریش بێ ڕاوەستان ئەنگوتک دەگرن و نانەکە دەکەن و لە تەندوور دەری دێنن و دەیخەنە سەر مێز. نانەوایەکی تر بە ناوی کاوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە لە شاری (ئێسن) یش نانەواخانەیەکی لەوجۆرە هەیە: "ئێمە چوار کەسین. بەڵام سێ کەسمان کار دەکەین و هەر ڕۆژە و یەکێکمان نایەت. لە ڕۆژانی گەرمدا کارکردن زەحمەتە. بەڵام زستانان باشە."

دیوی دەرەوەی تەندوورەکان ئاسنن، بەڵام لەناوەوە سیرامیکە. "ئەو سیرامیکەمان لە بەریتانیاوە هێناوە. لێرە ئەفغانی کاری دانانی تەندوور دەکەن. بەڵام ئەوان بەو تەندوورە نان ناکەن، بەڵکو گۆشت و ئەو خواردنەی گۆشتی تێدای پێ ئامادە دەکەن."

ئەی ئاگر؟ دەبێ تەندوورەکە بە چی گەرم بێت و نانەکە بە چی ببرژێت؟ ئەحمەد دەمانبات بۆ بەشی پشتەوەی نانەواخانەکەی. ئەوێ پاشخانی نانەواخانەکەیە. "لێرە بوتڵە غازمان هەن. هەر بوتڵێک 33 کیلۆیە و بەشی ڕۆژێک دەکات." هەر فەردە ئاردێکی 25 کیلۆیی 300 نانی لێ بەرهەم دێت. ئەوان چوار نان دەخەنە ناو کیسەیەکی سەر بەستراوە و هەر کیسەیەک بە یۆرۆیەک و چل سەنت دەفرۆشن.

کاوە دەڵێ چونکە نانەکەیان تازەیە و خەڵک دەبینێت کە لەبەرچاوی ئەوان لە تەندوور دەهێنرێتە دەرەوە، بۆیە ئەوەی جارێک نانیان لێ بکڕێت، جارێکی تریش دێتەوە. ئەحمەدیش لەوسەرەوە دەڵێت: "هەموو کارەکانمان بە دەست ئەنجام دەدەین. لێرە بە ماشێن کار ناکەین. هەموو شت بە دەستی مرۆڤان ساز دەکرێت."

یاسین کە نانەوایەکی ترە و خەڵکی ئاکرێیە، دەڵێت ئێوە یەکەمین دەزگای چاپەمەنین کە دێنە لامان. دواتر دەپرسێ: "لەلایەن کام ڕۆژنامەیەوە هاتوون؟" ئێمەش نوێترین ژمارەی (ڕووداو) ی دەدەینێ. ئەویش بە تامەزرۆییەوە سەیری لاپەڕەکانی دەکات و مانشێتی هەواڵەکانی دەخوێنێتەوە.



ژنەک خۆ ل پرا دەلالدا دهاڤێژتە خوار

# کاروباری ژنان

رووداو- زاخۆ

شەڤا 26/27-9-2009 ئافرەتەکا باژێرێ زاخۆ بناڤێ (روژین عمر عەلی) یا 23 سالی خۆ ل پرا دەلالدا دهاڤێژیتە خار و د ئەنجامدا سەرێ وی و پێیەکێ وێ ل دوو جهاندا دشکێتن، ژێدەرەکێ ل پولیسێن زاخۆ کۆ نەڤیای ناڤێ وی ئاشکرا کەین بۆ(رووداو) وەها دا دیار کرن کۆ ئەڤ ئافرەتە ل دەرڤەی وەلاتی هاتیە و ئەگەرێن ئەڤێ چەندێ ژ ئاریشێن خێزانی پەیدا بوویە لەوما ئەڤ ژنە دچیت خۆ ل پرا دەلالدا دهاڤێژتە خوار و نهاژێ ئەو هاتیە ڤەگوهاستن بۆ نەخوشخانا زاخۆ و هێشتا هشێن وێ ب دروستی نەهاتینە سەرێ .

# ژنانی هەولێر دەستبەرداری جلی رەش نابن





سۆران بەهائەدین
Soran2025@yahoo.com

رووداو – هەولێر

شەهلە عوسمان، 31 ساڵ، زۆربەی کات رەشپۆشە و هەر بە جلی رەشیش دەوام دەکات. ئەگەر رۆژێک رەنگێکی دیکە بپۆشێ وا هەست دەکات کەموکوڕییەک لە جلەکانیدا هەیە. شەهلە کە 10 ساڵە جلی رەش لەبەر دەکات دەڵێت "زۆر حەزم لە رەنگی رەشە لە هەموو رەنگەکان پتر لێم دێت".

شەهلە خوێندنی کۆلێژی بە رەنگی رەشەوە تەواو کردووە، بەڵام ئەوە هەردەم جێگەی رەخنەی هاوڕێ و خزمەکانی بووە"پێیاندەگوتم، تۆ کێشەیەکت هەیە بۆیە رەنگی رەش دەپۆشی، بۆیە ئێستا رەنگی دیکەش دەکرم، بەڵام بە دەگمەن لەبەریان دەکەم".

پۆشینی جلی رەش لەلایەن ژنانی کوردستان شتێکی باوە، بە تایبەتیش لە نێو ژنانی هەولێر، تەنانەت زۆرجار ئەو بازاڕانەی کە ژنان رووی تێدەکەن بەهۆی رەنگی جلەکانیان رەش دادەگەڕێ. ئەو ژنانەش ئاماژە بەوە دەکەن کە پۆشینی جلی رەش پتر پەیوەندی بە لەدەستدانی ئازیزانیانەوە هەیە، بە تایبەتی باوک، کوڕ، کچ، براو مێرد.

سەلما، 49 ساڵ، بەهۆی کوژرانی مێردەکەی، 11 ساڵە جلی رەش لەبەر دەکات. بەڵام سەلما دان بەوە دادەنێت کە حەزی لە رەنگی رەش نییە، بەڵام لەبەر قسەی خەڵک لەبەری دەکات "ئەگەر رەنگی دیکەم لەبەر بکردایە، دەیانگوت ئەها ئەوە دەیەوێت مێرد بکاتەوە". سەلما وا هەستدەکات رەنگی رەش رەنگی تەمەنی ئەو نییە "ژن کە پیربوو ئەوکات دەبێ جلی رەش لەبەر بکات".

ئارام زاهیر، توێژەری کۆمەڵایەتی، ئاماژە بەوە دەکات رەشپۆشی وەکو میرات بۆ کۆمەڵگەی کوردی جێماوە و هەروەها بووەتە هێمای خەم و ناخۆشی"ئەو ژنانەی رەش لەبەر دەکەن، زیاتر پەیوەندی بەو کارەساتانەوە هەیە کە بەسەریان هاتوون، زۆرجار بەهۆی مردنی کەسێکی نزیکیان، خۆیان رەشپۆش دەکەن".

هەرچەندە هەندێ لە رۆشنبیرانی کورد پێیانوایە، رەنگی رەش رەنگێکی نامۆیە بە کۆمەڵگەی کوردیی و لەگەڵ هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان عەرەبەکان لەگەڵ خۆیان هێناوە، پێش ئەوە ژنانی کورد زیاتر رەنگی سپییان پۆشیوە نەک رەش، بەڵام مەلا حیسامەدین جەودەت وتارخوێنی مزگەوتی شافیعی لە هەولێر، دەڵێ لە روانگەی ئاینی ئیسلامەوە، رەنگی رەش پەسند نییەو نابێ وەک تازیەداری لەبەر بکرێت و، ئاماژەی بەوەدا رەشپۆشی لە ئیسلامدا باش نییە، بەتایبەتی ئەگەر بەبۆنەی مردن و پرسەوە بێت نابێت لەبەر بکرێت "تەنیا ئەو ئافرەتانەی مێردیان

> **مەلایەک دەڵێ لە روانگەی ئیسلامەوە ، رەنگی رەش پەسەند نییەو نابێ وەک تازیەداری لەبەر بکرێت**

دەمرێت، تا ماوەی 4 مانگ و 10 رۆژ ئاساییە پرسەدار بن و رەنگی رەش لەبەر بکەن".

هەرچەندە کچان بۆ جوانی رەش لەبەردەکەن، بەڵام بەشێک لە کوڕان حەز لە رەنگی رەش ناکەن. شوان کەریم هەرکی، 23 ساڵ، قوتابی قۆناخی چواری کۆمەڵناسییە لە زانکۆی سەلاحەددین، باسی لە ژنانی بنەماڵەکەیان دەکرد، بە دەگمەن جگە لە رەنگی رەش رەنگی دیکە دەپۆشن، ئەو دەڵێت کچەکانیان لە تەمەنی هەرزەکارییەوە رەنگی رەش لەبەر دەکەن "لەلای ئێمە چاولێکەرییەو، بۆ جوانی لەبەری دەکەن".

ئەوەندەی بەبیری شوان دا دێت، ژنانی دەوروبەری هەر بە رەنگی رەش بینیون، بەتایبەتی لەکاتی پرسە یەک پارچە دەبنە رەش، بەڵام ئەو هیچ کات بەو رەنگە دڵخۆش نەبووە "زۆر رقم لە رەنگی رەشە، بە خزمەکانم دەڵێم رەش لەبەر مەکەن".

وەک داو ونەریتێکی کۆنی کوردەواری، ژنان کە لە ماڵ دەچنە دەرەوە، چارشێوێکی رەش بەسەر خۆیاندا دەدەن، کە پێی دەگوترێت عەبا، بەڵام ئێستا ئەوانەی جلوبەرگی رەش لەبەر دەکەن، کەمتر عەبا لەبەر دەکەن و دەڵێن رەنگی رەش لە جیاتی عەبایە.

سوهام سەمیر، 35 ساڵ، دایکی 5 منداڵ، ژنێکی نەخوێندەوارە، تەنیا لەو کاتەی دەچێتە دەرەوە رەنگی رەش لەبەر دەکات. هەرچەندە سوهام رەنگی رەشی پێ جوانە، بەڵام ئەو دەڵێت لەبەر عەبا رەشم پۆشیووە "لە ناو خێزانەکەی ئێمە نابێ ئافرەت بێ عەبا بچێتە دەرەوە، کە جلی رەش لەبەر دەکەم، عەبام ناوێت".

کچێکی تەمەن 25 ساڵان لەگەڵ سوهام بوو لەناو بازاڕی هەولێر، بەهەمانشێوە رەنگی رەشی پۆشی بوو، ئەوگوتی "رەنگی رەش جێگەی عەبای بۆ پڕکردووینەتەوە".

هەر رەنگێک لە کۆمەڵگەدا ئاماژەیە بۆ شتێک، سوور بۆ خۆشەویستی و سپی بۆ ئاشتی، رەنگی رەشیش زیاتر بۆ دڵتەنگی و پرسەدارییە، بۆیە مەلا حیسامەدین دەڵێت ئیسلام بە پەسەندی نازانێت "ئەگەر بەڵایەک بەسەر مرۆڤ هات، نابێ ژیان لە خۆی تێکبدات و دەبێ ئارام بگرێت، ئیسلام گرنگی زیاتر بەرەنگی سپی داوە".

مەلاحیسامەدین گوتیشی "ئەگەر یەکێک رەش لەبەر بکات بۆ جوانی ئاساییە، لەکاتی پرسەش ئەگەر بۆ مەبەستی جیابوونەوەی پرسەدار بێت لە خەڵکی دیکە رێگەی پێدراوە، بەڵام دوای پرسەکە نابێت".

ئەوانەی جلی رەش لەبەردەکەن لە کۆمەڵگەی کوردی بەردەوام جێگەی پرسیاری خەڵکن و پێیدەڵێن :چی بووە بۆ رەشپۆشی؟، بۆیە ئارام زاهیر بە باشی دەزانێت ژنان رەنگی دیکە لەبەر بکەن "ئەوکات دڵخۆش دەبن و، لەو پرسیارانەی خەڵکیش رزگار دەبن".

> **رەنگی رەش جێگەی عەبای بۆ پڕکردووینەتەوە**
>
> ژنێک

# ژنان درامایان دەوێ و پیاوانیش دەنگوباس

## دەنگوباس و دراما، شەڕی نێوان ژن و پیاو گەرم دەکەن



**شۆخان کەریم بێژەری هەواڵەکانی KNN: هەواڵ بەشێکە لەسیاسەت و ژنیش بەهۆی ئەرکەکانی ماڵەوە زۆر لەسیاسەت دوورە**



لەیاد قەرەداخی
Laiad_84@yahoo.com

رووداو-سلێمانی

ئەگەر لەهەرێزی تەمەن 20ساڵ بپرسی دەنگوباس چییە ؟ یەکسەر دەڵێ "واتە درۆ". هەرێز محەممەد کە زۆر رقی لەدەنگوباس خوێندنەوەی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان دەبێتەوە، دڵنیایە هەزاران کچی کورد هاو رای ئەون "چونکە ئەوەندەیان درۆ کردووە، ئیتر گومانمان هەیە لە هەموو هەواڵەکانیان".

لەزۆربەی ماڵەکانی کوردستاندا، بەشێک لەشەڕەکانی ژن و پیاو دەستی کۆنترۆڵی تەلەڤزیۆنەکانی لە پشتەوەیە. چونکە پیاوان دەنگوباسیان دەوێ و کچان و ژنانیش نایانەوێ چاویان بەچاوی ئەو بێژەرانە بکەوێ کەنیوکاژێر هەواڵ و دەنگوباسی سیاسی دەخوێننەوە و پیاوانیش نایانەوێ هیچ گەڕێکی هەواڵەکانی شەویان لەدەست بچێت .

نەسرین فەتاح، 26ساڵ لەدانیشتن بەدیار زنجیرە دراماکانەوە، نەماندوو دەبێت و نەتێریش دەخوات. ئەو دەڵێ، شەوانە هەرکات کەهاوسەرەکەم توورە دەبێت، دەڵێ "ئەو تەلەڤزیۆنە بگۆرە بزانم هەواڵەکان چییە". نەسرین کە بەخێرایی دەیگۆرێت و ناهێڵێت پیاوەکەی لەهیچ کەناڵێکدا چاوی بەدەنگوباس بکەوێت "پێیدەڵێم با رەشەی پۆلیسم لەدەست نەچێت و هەواڵ هەمووی کۆنەو درۆیە".

لەنێوان ژن و مێردی کوردیدا، کە پیاوان تاسەرئێسقان سیاسی و ژنانیش دەیانەوێ لەرێگەی دراماکانەوە لاسایی خانمە تورکی و عەرەبی و ئەورووپیەکان بکەنەوە، شەوانە کۆنترۆڵ بەزمی زۆر دەنێتەوە، بۆیە زۆربەی ماڵەکان ئێستا لە تەلەڤزیۆنێک زیاتریان تێدایە.

"زۆر رقم لەنزیکبوونەوەی هەڵبژاردنە". عائیشە دڵنیایە کە هەڵبژاردن نزیک بێتەوە، ئیدی ئەو دەبێت دەست لەخواستەکانی خۆی بەربدات و مەیدانی بەردەم شاشەی تەلەڤزیۆنەکە چۆڵ بکات بۆ هاوسەرەکەی. عائیشە شیروان، 23 ساڵ، کە ئەویش بەهەمانشێوەی کچان و ژنانی دیکە دوژمنایەتی نێوان خۆیی و دەنگوباس دووپات دەکاتەوە، دەڵێ چەندینجار لەگەڵ هاوسەرەکەم گرژی کەوتووەتە نێوانمانەوە لەسەر (هەواڵ و دراما).

زۆر جار رەخنە لەتەلەڤزیۆنی کوردی دەگیرێت بەوەی کە هێشتا دەنگوباسێکی کۆن وبەسەرچوو و بێ مانا پێشکێش دەکات و ناتوانێ بچێتە ئاستی کەناڵە ئەورووپیەکانەوە. سەباح محەممەد 36ساڵ، ئەگەرچی ئالوودەی بیستنی دەنگوباس بووە، هاوکات ناهەقی کچانیش ناگرێت و دەڵێ "دەنگوباسی پڕوپوچیشیان زۆرە". گوتیشی "ئاخر دوو بەرپرسی بچووکیش کە پێکدەگەن و چادەخۆنەوە، ئەوان دەیکەنە هەواڵ".

لە نێو تەلەڤزیۆنی کوردیدا زۆربەی بێژەرەکانی دەنگوباس کچ و ژنن، لەکاتێکدا کچان و ژنان بەدەنگوباس سەرودڵیان دەگیرێت. شۆخان کەریم بێژەری هەواڵەکانی تەلەڤزیۆنی KNNە بۆخۆشی دڵنیایە کە هەواڵەکان دەخوێنێتەوە کچان و ژنان سەیری ناکەن. شۆخان دەڵێ "هەواڵ بەشێکە لەسیاسەت و ژنیش بەهۆی ماڵ و ئەرکەکانی ماڵەوە زۆر لەسیاسەت دوورە". ئەو کچە بێژەرە وەک ژنان و کچانی دیکە بیر ناکاتەوەو بایشەخی زۆر بەسیاسەت و دەنگوباسە سیاسیەکان دەدات و هەوڵدەدات بەبەردەوامی ئاگای لەگۆڕانکارییە سیاسیەکانی جیهانیش بێت .گوتیشی "هیوادارم ئافرەت ئیتر سەیری هەموو جۆرە هەواڵێک بکات و گوێی لێ بگرێت".

لەهەرێمی کوردستان و لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا پیاوان بەرادەیەک هۆگری دەنگوباسن، هەرکاتێک بەیەک دەگەن، دوای چاک و چۆنی دەپرسن "دەنگوباس چییە". بەڵام ژنان دوای بەیەک گەیشتن باس و خواسی دوورودرێژ دادەمەزرێنن و لەبارەی مۆدیلی ماڵ و جلوبەرگ و دراما تەلەڤزیۆنییەکان قسە دەکەن هەر بۆیە ئێستا تەلەڤزیۆنە کوردییەکان دەیانەوێ ژنانیش لەبەرچاو بگرن و دراما تورکی و بیانیەکان دۆبلاژی کوردی دەکەن.

سابات بەپێکەنینەوە باس لەو حاڵەتە دەکات و دەڵێ "هەندێک جار ناوبژیوانیشی دەوێ". ئەو کچە تەمەن 20ساڵە شەڕی نێوان خۆی و برایەکی دەگێڕێتەوە و دەڵێ، من دەمگوت ئەو بەرنامەیە خۆشەو ئەویش دەیگوت من گوێ لەهەواڵی وەرزشی دەگرم "بوو بە شەڕمان و باوکم هاتە ناو مەسەلەکەوە". سابات دەڵێ "کوڕ زۆر ئینکارن، هەر قسەی خۆیان دەبەنە سەر".

بەلای مامۆستا هەڤاڵ ئەبوبەکر لە کۆلێژی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی هۆکاری لا لووتی ئافرەت لەدەنگوباس ئاشکراو روونە "لەبەر ئەوەی هەواڵەکانی ئێمە هەر بریتین لەبەیەک گەیشتنی دوو سەرکردەو چاوخواردنەوەیان". مامۆستا هەڤاڵ ئەبوبەکر گوتیشی "هەواڵەکان لایەنی سایکۆلۆژی نادوێنن، لە کاتێکدا ئافرەت دەتوانێ لەنێو جوڵەی درامایەکدا خۆی ببینێتەوە". هەڤاڵ، جەخت لەوابەستەیی ئافرەتی کوردو دراما دەکاتەوەو دەڵێ "ئەگەر ئافرەت لەدرامایەکیش تێنەگات وەک زمان، بەڵام دەتوانێ لەشێوازی جووڵەو ئەداکانەوە بەشێوەیەک لەشێوەکان لێی تێبگات".

# فوئاد تەقەی لە ژنەکەی کرد و کچەکەی کوشت

رووداو-هەولێر

فوئاد لەگەڵ گریانی منداڵە نەخۆشەکەی توورە دەبێ و دەیکاتە دەمەقاڵێ لەگەڵ ژنەکەی، هەر بەوەش ناوەستێ دەمانچەکەی سوار دەکات و پەنجەیەکی پێوە دەنێ و لە ئەنجامدا گوللەیەک لە دەمانچەکە دەردەچێ و بەر سەری کچە تەمەن دوو ساڵانەکەی دەکەوێ و دەستبەجێ گیان لەدەست دەدات. فوئاد تەنیا 13 رۆژ دەستگیر کرا، چونکە کەس سکاڵای لێنەکرد بۆیە ئازاد کرا.

رۆژی 2009/9/3 لە گەڕەکی شۆڕشی هەولێر پیاوێک بەناوی فوئاد عوسمان کە یاریدەدەری پزیشکە، دوای دەمەقاڵێ لەگەڵ ژنەکەی بە دەمانچە تەقەی لێدەکات، بەڵام گوللەیەک بەر لانەی کچی دەکەوێ کە تەمەنی ساڵێک و 9مانگ بوو، هەروەها نەخۆشی ئیسکە نەرمەشی هەبوو.

هەرچەندە گومان دەکرێت بە ئەنقەست گوللەی لێدا بێت، بەڵام فوئاد لە ئیفادەی پۆلیسدا دەڵێت "ماندوو بووم، لانەش هەر دەگریا، لەسەر بێدەنگکردنەوەی لانە بووە کێشەمان لەگەڵ ژنەکەم، توورە بووم، دەمانچەم راکێشا، گوللەیەک لە دەستم دەرچوو بەر لانە کەوت".

عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی، لە پاڵ ئاشکراکردنی کردەوەی چەند تاوانبارێک، ئاماژەی بە تاوانەکەی فوئادیشداو گوتی "ئەو لەگەڵ ژنەکەی بووەتە کێشەیان لەسەر ئەوەی منداڵەکەی دەگرییێت، فوئاد گوللەیەکی لەدەست دەرچووەو، بە کچەکەی کەوتووە، لە ئیفادەی پۆلیسیشدا دانی بە تاوانەکەی ناوەو بە پێی مادەی 405 ی یاسای سزادانی عێراقی دەستگیر کرا".



لانە




> **لەسەر بێدەنگکردنەوەی کچەکەم لەگەڵ ژنەکەم بووە کێشەمان، توورە بووم و دەمانچەم راکێشا، گوللەیەک لە دەستم دەرچوو بەر کچەکەم کەوت**
>
> فوئاد

> **بە ئەنقەست گوللەی لە کچەکەی داوە**
>
> دراوسێیەکی فوئاد

تەنیا دوو رۆژ دوای پیشاندانی وێنەی تاوانباران لەلایەن پۆلیسەوە، فوئاد رۆژی 2009/9/16 بە بڕیاری دادوەر بە کەفالەت ئازادکرا، ئەمە جگە لەوەی گومان لە کردەوەکەی دەکرێت، کە کوشتنی بە ئەنقەست بێت، بوونی چەکیش لە ماڵەوە هەموو کات مایەی مەترسییە بۆ ئەندامانی خێزان.

عەمید عەبدولخالق بە (رووداو)ی راگەیاند، کەس سکاڵای لە دژی فوئاد تۆمار نەکرد، ئەو منداڵی خۆی بوو کێ سکاڵا بکات، فوئادیش بە ئەنقەست منداڵەکەی نەکوشتووە، بۆیە دادوەر بڕیاری ئازادکردنیدا "بە ئەنقەست لە منداڵەکەی نەداوە، گوللەی لە ژنەکەی گرتووە، بە منداڵەکەی کەوتووە".

یەکێک لە دراوسێکانی فوئاد، باسی لە فوئاد دەکرد، کە پیاوێکی باش و بێدەنگ بووە، تێکەڵی خەڵکی نەبووە، ئەو کە زیاتر لە 15ساڵ بوو فوئادی دەناسی ئاماژەی بەوەدا، فوئاد منداڵەکەی خۆشدەویست و خەرجییەکی زۆری لێکرد تا بردیە وڵاتی ئەردەن بۆ چارەسەری، بەڵام دیارە چارەسەری نەبووە.

ئەو دراوسێیەیان باسی کارەساتەکە دەکات و دەڵێت "ئەو رۆژەی فوئاد کچەکەی خۆی کوشت، لەگەڵ ژنەکەی بووە کێشەیان لەسەر گریانی منداڵەکەی، چونکە لانە زۆر دەگریا، ئەوەندەی بزانم ئەو بە ئەنقەست گوللەی لە کچەکەی داوە، مرۆڤە کاتێک توورە دەبێت تاوانی سەیر دەکات".

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ئازاد کردنی ئەو کەسانەی کە دانیان بە تاوانەکانیان ناوە بە کارێکی خراپ زانی، نموونەی ئەوەی هێنایەوە، هەیە دزی کردووەو دانی بە تاوانەکەیشی ناوە، کەچی دادوەر ئازادی کردووە "ئەگەر بەڕای ئێمە بێت، هەرگیز ناهێڵین ئەوانە لە زیندان بێنە دەرەوە".



> **بە ئەنقەست گوللەی لێ نەداوە**
>
> بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر

بەگوێرەی یاسای عێراقی ئەگەر سکاڵا نەبێت، پۆلیس ناتوانێت لێکۆڵینەوە لە هیچ کێشەیەک بکات، عەمید عەبدولخالق دەڵێت بەو پێوەرە فوئاد ئازاد کرا "ئێمە زیاتر لە داخی ئازادکردنی ئەو تاوانبارانە وێنەی تاوانباران بڵاو دەکەینەوە، دەزانم هەر ئازاد دەکرێت، بۆیە دەیخەمە سەر تەلەڤزیۆن".

سازگار عەلی سەرۆکی داواکاری گشتی کوردستان، بە (رووداو)ی راگەیاند، وردەکاری تەواوی کوشتنی لانە نازانن، بەڵام بە نیازن بەدواداچوونی لەسەر بکەن "لەم هەفتەیە کاری لەسەر دەکەین، داواکاری گشتی مافی ئەوەی هەیە سکاڵا لە دژی تۆمار بکات، مادام مافی گشتی تێدایە بەپێی مادەکە سزا دەدرێت".

# کۆمەڵایەتی



## سەمیرە لە داخی مێردەکەی خۆی سووتاند

**ڕووداو-هەولێر**
ڕۆژی 2009/9/18 لە گەڕەکی بەهاری هەولێر ژنێک بەناوی سەمیرە تەحسین محەممەد 22ساڵ، ژنی ماڵەوە خۆی سووتاندو، 80 %ی لاشەی سووتا، بە هۆی زۆری ڕێژی سووتانەکەی لە نەخۆشخانەی ئیمرجنسی گیانی لە دەستدا، سەمیرە لە ئیفادەی پۆلیسدا دەڵێت لە بەر کێشەی لەگەڵ مێردەکەی خۆی سووتاندووەو سکاڵاشی لە دژی تۆمار کردووە، نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "(غ.ق) مێردی سەمیرە بە پێی مادەی 408ی یاسای سزادان دەستگیر کراوە".

### پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ژنێکی عەرەب هەبووەو مێردەکەشی کوشتووە

# پۆلیسێکی کورد هاوسەر و 3 منداڵەکەی دەکوژێت



ئومێد

**ئاکۆ شوانی و فریاد محەممەد**
**ڕووداو- کەرکووک**

سلڤان و تابان و محەممەد لەگەڵ نەزیرەی دایکیان، بە ئومێدی ڕۆژێکی نوێوە، شەو نووستن، بەو ئومێدەی بەیانی بۆ کڕینی جلوبەرگی جەژن بچنە بازاڕ و ئەوانیش وەک منداڵانی گەڕەک و هاوڕێیانیان لە قوتابخانە چاوەڕێی جەژن بکەن، بەڵام باوکەکەیان بووە بکوژیان و نەیهێشت کەروێشکەکانی چیتر لەو خەوە هەڵسنەوە.

بەرەبەیانی ڕۆژی 2009/9/13 لە گەڕەکی پەنجا عەلی شاری کەرکووک، مفەوەزی پۆلیس ئومێد عەلی، لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکووک، بەهۆی هەڵچوونێکی دەروونی زۆر، لەنێو جێگەی نووستن و لە کاتی خەودا، هاوسەرەکەی (نەزیرە حەمە عەلی،لەدایکبووی 1973 ) و هەر سێ منداڵەکەی : محەممەد (یەک ساڵ و نیو) سلڤانا (3 ساڵ)، تابان (10ساڵ)، لەنێو جێگە و لە خەودا دایە بەر ڕێژنەی گوللەی دەمانچەکەی و کوشتنی، پاشان بەجێیهێشتوون و کاژێر 6ی بەیانی لەماڵ چووەتە دەرەوە بۆ دەوامی خۆی لە بنکەی پۆلیس.

پاشان خوشکێکی نەزیرەی هاوسەری ئومێد عەلی، کەناوی ئاشتییە، کە بە نیازبوونە بۆ ئەو ڕۆژە لەگەڵ خوشک و منداڵەکانیدا بۆ کڕینی شتومەک و جلو بەرگی جەژن پێکەوە بچنە بازاڕ. بەڵام کە دەچێتە ژوورەوە 4 لاشەکەی ئەوان دەبینێت.

لەسەرەتای بڵاوکردنەوەی هەواڵی کوژرانی دایکێک و سێ منداڵی لە شاری کەرکووک بە ڕووداوێکی تیرۆریستی ناسرا،بەڵام هێزەکانی پۆلیس تەنیا لەماوەی 48کاژێردا سەرەداوی ڕاستی ڕووداوەکەیان ئاشکراکرد ئەویش کوشتنی ئافرەتێک و سێ منداڵەکەی لەلایەن باوکیانەوە بووە،چیرۆکی ئاشکرابوونی تاوانەکە وریایی پۆلیسی قەزاوناحیەکانی کەرکووک دەگەیەنێت،چونکە توانراوە تاوانێکی دیکەی کوشتن ئاشکرا بکرێت کە دوو ساڵ بەر لەئێستا ڕوویداوە.

موفەوەزی پۆلیس ئومێد عەبدول حەمید ئەو تاوانبارەیە کە بە هۆی ڕێگەنەدانی هاوسەرەکەی بە فرۆشتنی خانووەکەی،لەبەرە بەیانی ڕۆژی13-9 هاوسەرو سێ منداڵی خۆی کوشت.

سەبارەت بە وردەکاری چیرۆکی ڕووداوەکە عەمید سەرحەد قادر بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی پارێزگای کەرکوک لەلێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"وەکو هەموو ڕۆژانی ئاسایی کاتژێر 8ی بەیانی چوومە دەوام،دوو ئەفسەری بەڕێوەبەرایەتیەکەمان لە ڕووداوی کوژرانی هاوسەرو سێ منداڵی موفەوەز ئومێد عەبدول حەمید کە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی قەزاو ناحیەکان ئەرک دەگرێت ئاگادارکردمەوە".

### گومان کردن لەئومێدی تاوانبار

بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی پارێزگای کەرکووک پێشبینی ئەوەی کردووە کە ئەم ڕووداوە کردەوەیەکی تیرۆریستی نییە،گوتی"بەر لەوەی بگەمە شوێنی ڕووداوەکە دوو لەپاسەوانانم ڕاسپارد نزیک ئەو ئافرەتانە بن کە ناسیاوی ئەو خانەوادەن تا بزانین چی

> **ناسیاوو پاسەوانی من نەبوو**
> عەمید سەرحەد قادر

دەڵێن،دوو پاسەوانەکەم ئاگاداریان کردمەوە کە یەکێک لەئافرەتەکان هەر دەیگوت خوایە ئومێد جوانەمەرگ بێت کە بووەتە هۆی کوشتنی ئەو ژن وسێ منداڵەی،گوێبیستبوونمان بەو چەند وشەیە سەرەداوێکی باش بوو کە بۆ بەدواداچوونی ورد لەڕووداوەکە،لەگەل بەڕێوەبەری پۆلیسی بنکەی عرووبەش ڕێکەوتین کە دوو ئافرەتی خۆیان بۆ پرسە ڕەوانەی نێو ئەم ئافرەتانە بکات کە لەپرسەکەدان بۆ ئەوەی بزانین چی دەڵێن".

هەروەها گوتی "دەستبەجێ خوشکێکی ئافرەتە کوژراوەکەمان بانگ کرد،ئەو ئاماژەی بەوەدا کە شەوی پێشتر خوشک و سێ منداڵەکەی تا کاتژێر10 ی شەو لەماڵەکەی بوونەو بڕیاربوو بەیانەکەی بۆ کڕینی جلوبەرگ بۆ جەژن بچنە بازاڕ،سێ لەدراوسێیەکانی ماڵی ئومێدیش ڕایانگەیاند کە ئەو بەیانیەی ڕووداوەکە ڕوویداوە کاژێر 6ئومێدیان لەدەرەوەی ماڵەوە بینیوە،لەنێو پرسەی ئافرەتانیش بۆمان دەرکەوتووە کە ئومێد لەگەڵ هاوسەرەکەی کێشەی هەبووە".

### ئاشکراکردنی سەرەداوی کوشتنی پیاوێک بە دەستی ئومێد

عەمید سەرحەد قادر ڕوونیکردەوە "لەنێو پرسەی ئافرەتاندا بۆمان دەرکەوتووە کە ئومێد ساڵێک و نیو بەر لەئێستا لەگەل ژنەکەی کێشەیان هەبووە،کێشەکەش لەسەر ئەوە بووە کە ئومێد پەیوەندی سێکسی لەگەل ئافرەتێکی عەرەب هەبووە،دواتر بەیەکەوە لەلایەن مێردی ئافرەتەکەوە بینراون،بۆیە ئومێد دەستبەجێ پیاوەکەی کوشتووە،هۆی ئاشکرانەبوونی ڕووداوەکەش ئەوکات بە هۆی ئەوە بووە کە ئومێد لای ئافرەتەکە ناوی خۆی ناوە (هێمن)ئەمانە دوو سەرەداوی باش بوون بۆ ئاشکرابونی ڕووداوەکە،ئومێدی تاوانبار لەبەردەم خەڵکدا بەشێوەیەک خۆی پەرێشان کردبوو کە هیچ کەسێک گومانی نەدەکرد خۆی هاوسەرو سێ منداڵەکەی کوشتبێ".

ئاماژەی بەوەشدا"ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئاشکرابوونی کوشتنی (پ-ن)هاوسەری ئەو ئافرەتە عەرەبە کە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ هەبووە،چونکە ئافرەتەکە بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک دەستگیر کراوە،بەڵام پۆلیس هەر بە دوای دۆزینەوەی (هێمن)ی نەناسراو بوون،بۆیە ئەو تاوانەشم ئاشکرا کرد،دەستبەجێ ئومێدی تاوانبار دانی بە کوشتنی (پ-ن)دانا".

### ئومێد چۆن دانی بە ڕووداوەکە ناوە

بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاوناحیەکانی پارێزگای کەرکووک ڕوونیکردەوە کە ئومێد دانی بە کوشتنی هاوسەرو سێ منداڵەکەی نەدەنا،بۆیە کاتێک داوای دەمانچەکەی لێکردووە گوتوویەتی نازانم لەکوێم ناوە،لەهەمان کاتدا عەمید سەرحەد بڕێک ماددەی ژەهر لەلای لاپتۆپەکەی ئومێد لەماڵەکەی دەدۆزێتەوە،لەنێو مۆبایلی ئومێدیش کۆمەڵێک نامەو وێنەی دەست دەکەوێت کە پەیوەندییان بە ڕووداوەکە هەبوو"ئەمانە بوونە بەڵگەو ئومێد دانی بە کوشتی هاوسەرو سێ منداڵەکەی نا،هۆکاری کوشتنەکەشی ئەوە بووە ئومێد بڕی20میلۆن دینار قەرزاربووە،هاوسەرەکەی ڕێگای پێنەداوە خانووەکەیان کە بەهای12ملیۆن دینارە بفرۆشێت

> **ئەو پیاوە گورگەو دەبێ، بکوژرێت**
> ژنێکی دراوسێی

بۆیە هاوسەرو منداڵەکانی کوشتووە".

عەمید سەرحەد ڕەتیکردەوە کە ئومێد ناسیاو یاخود پاسەوانی ئەو بێت،دەڵێت "من بوومە هۆی ئاشکرابوونی دوو تاوانی گەورە".



ئومێد، خێزانەکەی نەزیرە و منداڵەکانی سلڤان و تابان و محەممەدی خەڵتانی خوێن کرد

### پێشاندانی ڕووداوەکە هەڵەبوو

ئەو ڕووداوە ترسێکی گەورەی لای هەندێک لە خێزانەکان دروستکردووە لە کەرکووک، چەندین خێزانی نزیکی ئەو ماڵەش، تووشی نائارامی دەروونی بوون. ژنی یەکێک لەو دراوسێیانەی ئەو ماڵە، کە ناوی جەمیلەیە و تەنها ئەوەندە دەزانێت، بەدەم گریانەوە بڵێت "ئەو پیاوە گورگەو دەبێ، بکوژرێت".منداڵێکی دراوسێی

> **پێشاندانی ڕووداوەکە لە تەلەڤزیۆن، بێ ئەوەی خەڵک پێشتر ئاگادار بکرێتەوە کارێکی هەڵەبوو**
> دەروونناسێک

ئەو ماڵەش، بەبینینی تەرمی ئەو منداڵانە، بە تایبەتیش تەرمی تابانی هاوڕێی، تووشی شۆک بووەو لەو ڕۆژەوە زۆر بەکەمی نان دەخوات و، هەموو شەوێک خەون بەو ڕووداوەوە دەبینێت و دەڵێت " تابان نەمردووە، بۆ جەژن بەیەکەوە دەچینە شاری یاری کەرکووک".

پیشاندانی دیمەنی کوژراوەکان و نیشاندانی ئەونواندنەی کە ئومێد عەلی لە شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکە دوای ئەوەی دانی بە تاوانەکەیدا دانا، کەرکووکییەکانی تووشی بێزارییەکی زۆر کردووە، تا ئەو ئاستەی هەندێک لەو ماڵانە بڕیاریاندا، هیچ خۆشی و جەژنێکی ڕەمەزان نەگێڕن.

سەبارەت بەهۆکاری برینداربوونی زۆر لەو خێزانانە و کاریگەرییە دەروونییەکانی لای هاووڵاتیان، مامۆستایەکی دەروونناس ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە هەندێک لە کەناڵەکان بێویژدانانە ئەو ڕووداوەیان نیشانداوەو ئەوەش کاریگەری خراپی دروستکردووە. هێمن کامل، پسپۆڕ لە بواری دەرونزانی لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " پێشاندانی ئەو ڕووداوە لە تەلەڤزیۆن، بێ ئەوەی خەڵک پێشتر ئاگادار بکرێتەوە کە منداڵ و نەخۆشەکان نەیبینن، کارێکی هەڵەبوو. یان کە لەیەکێک لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، زوومی کامێراکە لەسەر منداڵێک بوو، کە هەموو جەستەی خوێنە. ئەمانە حاڵەتی دەروونی زۆر ناخۆش دروستدەکەن".

# منداڵەکانی لەتیف لە جیاتی جەژنانە تەرمی باوکیان بۆ هاتەوە

**فەرمان چۆمانی**
**ڕووداو- ڕانیە**

سیتاف و ئیلاف و سیداد و زین، چاوەڕوان بوون باوکیان بگەڕێتەوە تا وەک جەژنەکانی دیکە جەژنانەی لێوەربگرن، بەڵام لە جیاتی جەژنانە، لە دووەم ڕۆژی جەژندا تەرمی لەتیفی باوکیان بۆ هاتەوە. ئیدی چیتر ناڵێن بابە گیان جەژنت پیرۆز بێت.

لەتیف ڕەسوڵ محەمەد، 30 ساڵ، دانیشتووی گوندی پاشقۆتەڵی سەر بەناحیەی سەرکەپکان، کادیری لێژنەی ناوچەی ڕانیەی پارتی بوو، ڕۆژی 2009/8/24 ون دەبێ و دواتر لە ڕۆژی 2009/9/18 تەرمەکەی لە چۆڵەوانی دۆزرایەوەو ئێستاش دوو کەس کە هاوڕێی لەتیفن بە تۆمەتی کوشتنی لەتیف دەستگیر کراون.

وەک کەسە نزیکەکانی لەتیف بۆ (ڕووداو)یان گێڕایەوە لەتیف ڕۆژی 2009/8/23 لەگەڵ خێزانەکەی چووەتە ماڵی خەزوورانی لە کۆمەڵگەی پیرزین و ڕۆژی دواتریش ئۆتۆمبێلی لە براکەی وەرگرتووە بۆ ئەوەی بچێتە قەڵادزێ مووچە وەربگرێ، ئیدی لەو ڕۆژەوە دیار نامێنێ و مۆبایلەکەی دادەخرێ، کەسوکاری دەکەونە گەڕان و سۆراخ کردن بەدوایدا، بەڵام بێ سوود دەبێ.

کەسێکی نزیک لە بنەماڵەی لەتیف کە حەزی نەکرد ناوی بهێندرێ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەو کاتەی لەتیف ونبوو هەر کەسەو قسەیەکی دەکرد، هەبوو دەیگووت ڕەنگە لەتیف ئۆتۆمبێلی براکەی فرۆشتبێ و چووبێتە ئەوروپا، دواتر هاوڕێیەکی کە دەستی لە کوشتنیدا هەبوو گوتی لەتیف لە گرتووخانەی ئاگاهی لە ئێران تەلەفۆنی بۆ کردووم گوتوویەتی دەستگیر کراوم، بەڵام دواتر دەرکەوت ئەو هاوڕێیەی ڕاست ناکات".

### تاوانەکە چۆن ئاشکرا بوو؟

سەبارەت بە چۆنیەتی ئاشکرا بوونی ڕووداوەکە کەسە نزیکەکەی لەتیف گوتی "ڕۆژی 2009/9/15 لەیەکێک لە پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل لە سلێمانی پەیوەندی بە برای لەتیف کراوە کە گرێبەستی ئۆتۆمبیلکەی بە ناو بووەو خاوەنی ئۆتۆمبیلەکەش بوو، ژمارەی تەلەفۆنەکەی لەسەر گرێبەستەکە بووە، کڕیارەکەش بە برای لەتیفی گوتبوو ئەو ئۆتۆمبێلە دەکڕم بە ناوم دەکەی؟ ئەویش بە پەشۆکاوی ڕاستەوخۆ پێیگووتبوو براکەم و ئەو ئۆتۆمبیلە ونبوون".

دواتر کەسوکاری لەتیف ڕاستەوخۆ دەچنە ئەو پێشەنگایە و پێیانڕاگەیاندن کە فرۆشیارەکە دەناسنەوە. وەک کەسە نزیکەکەی بنەماڵەی لەتیف گوتی "ئێمە گومانمان لە هاوڕێیەکی لەتیف هەبوو بەنێوی (ز)، ئێمەش بە بیانووی ئەوەی هاوکاریمان بکات لەگەڵ خۆمان بردمان بۆ سلێمانی، کە چووینە پێشانگاکە یەکسەر کڕیارەکان شاهێدیان لەسەر دا، کە ئەو ویستوویەتی ئۆتۆمبێلەکەیان بە 16 هەزار دۆلار پێبفرۆشێ، بەڵام ئەو لەوێ حاشای لێکرد، دواتر لەگەڵ خۆمان هێنامانەوەو لەڕێگا بەقسەی خۆش دانی بە تاوانەکەدا نا، هەر لەکاتی گەڕانەوە لە هیزۆپ لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیر کرا".

### نامەکەی لەتیف چی تێدا نووسرابوو؟

وەک کەسوکاری باسدەکەن لەتیف لەکاتی چوونە دەرەوەیدا ئەگەر کەسیان لە ماڵ نەبووبێ هەمیشە نامەیەکی لەدوای خۆی جێهێشتووە، بەڵام ئەمجارە نامەکە تا کاتێکی درەنگ نادۆزرێتەوە، ئەو سەرچاوەیە لەمبارەیەوە گوتی "لەتیف بەر لە ڕۆیشتنی نامەیەکی نوسیووەو لە نامەکەدا دەڵێت دوو ڕۆژ پێش ئێستا لەگەڵ (ز) چوومەتە ئەشکەوتێک بە مۆبایلیش وێنەی گیراوە، ئەمجارەش لەگەڵ ئەوان دەچم، گومانم لێیان هەیە ئەگەر نەهاتمەوە ئەشکەوتێک هەیە بە ناوی کونەکۆتر لەوێ زیندانێکی بێ بنی لێیە و لەو زیندانە بمبیننەوە".

بەشی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ڕاپەڕین دوای ڕووداوەکە ڕوونکردنەوەیەکی ئاراستەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کردووەو تێیدا ئاماژە بە دەستگیر کردنی تۆمەتباران دەدات. وەک لە ڕوونکردنەوەکەدا هاتووە "دوای دیار نەمانی لەتیف بە خۆی و ئۆتۆمبێلێکی جۆری نیسان دەبڵ هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ڕاپەڕین کەوتنە کۆکردنەوەی زانیاری بەهاوکاری بنەماڵەی ناوبراو، تا لە ڕۆژی 2009/9/18 دوو گومانلێکراو بەو تۆمەتە لەسەر بڕیاری دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی ڕانیە بەپێی مادەی (406)ی یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکران و دواتریش تۆمەتباران دانیان ناوە بەکوشتنی لەتیف".

دوای ئاشکرا بوونی ڕووداوەکە تیمێک کە پێکهاتبوو لە قائیمقامی قەزای ڕانیە، بەڕێوەبەری ئاسایشی ڕاپەڕین و دادوەرانی دادگای لێکۆڵینەوەی ڕانیە و پزیشکانی تەندروستی ڕانیە، چوونە شوێنی مەبەست و دوای دەرهێنانەوەی تەرمی ناوبراو تەرمەکە بەڕێکرا بۆ پزیشکی دادوەری سلێمانی بەمەبەستی ڕوونبونەوەی چۆنیەتی کوشتنی".



لەتیف ڕەسوڵ

# توانا خۆی کوشت و چەند وشەیەکیشی بۆ باوکی بەجێ هێشت




ئەحمەد عالی باوکی توانا دوا وشەکانی کوڕەکەی نیشان دەدات (فۆتۆ:ڕووداو)

**سۆران بەهائەدین**
**ڕووداو -پیرزین**

ئەو ئێوارەیەی ئەحمەد بەرەو نووسینگەکەی گەڕایەوە بینی بە درێژایی دوکانەکەی خوێن ڕژاوە، زۆر حەپەسا، بەڵام کاتێک تەرمی توانای کوڕی بینی تووشی شۆک بوو، لە تەنیشت تەرمەکەی توانا دەمانچەیەک و پارچە کاخەزێک کەوتبوون، کە دوایین قسەی توانای تێدا نووسرابوو "خەتا لە کەس نییە، بەخۆم لەم ژیانە بێزارم، هەمووتانم خۆشدەوێ" بەڵام باوکی توانا هێشتا باوەڕی نەدەکرد کوڕەکەی، خۆی کوشتبێت "ئەو زۆر ئاقڵ و وریا بوو، بەڵام هەموو زیرەکی خۆی جارانی سفر کرد، ماڵی کاول کردین".

تا ئێستا ڕوون نەبووەتەوە توانا بۆ خۆی کوشتووە، چونکە وەک کەسوکارەکەی دەڵێن ئەو هیچ کێشەیەکی نەبووە، بەڵام باوکی دەڵێت "توانا لای برادەرەکانی باسی کچێکی کردبوو، کە لە مێژە خۆشیدەوێت، بەڵام کچەکە شووی پێنەکردووە، بیرمان هەر بۆ ئەوە دەچێت لەسەر ئەوە خۆی کوشتبێت".

توانا ئەحمەد عالی 20ساڵ، دانیشتووی کۆمەڵگەی پیرزین، ئێوارەی ڕۆژی 2009/9/12 لەناو نووسینگەی باوکی، خۆی کووشت، توانا قوتابی پۆلی شەشی ئامادەیی بوو، بەبۆنەی نزیکبوونەوەی دەوامی قوتابخانە چەند دەستە جلێکی کڕیبوو، بەڵام مەرگ ڕێی



توانا

> **دەڵێن توانا کچێکی خۆشدەویست، بەڵام کچەکە شووی پێنەکرد ولەسەر ئەوە خۆی کوشت**
> باوکی توانا

پێنەدا لەبەریان بکات. باوکی توانا لە دووەم ڕۆژی پرسەی کوڕەکەی لە مزگەوت ڕاوەستابوو، ئەوانەی پێشوازیشیان لە میوانەکان دەکرد، جلی ڕەشیان لەبەر کردبوو، ئەحمەد کە هێندەی بگریێ چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون، گوتی من و توانا وەکو هاوڕێ بووین، بەڵام قەت باسی ئەوەی نەکردووە کێشەی هەبێ.

ئەوان نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەویان هەیە لە نزیک ماڵیان، توانا لەو کاتەی لە ماڵ بووایە هاوکاری باوکی دەکرد، ئەو ڕۆژەی توانا خۆی کوشت، باوکی لە هەولێر دەبێت، 15 خولەک بەر لە بانگی مەغریب دەگاتەوە ماڵ دەبینێت نووسینگەکەیان کراوەتەوە، بەڵام دەرگای جەمخانەکەی داخرابوو "کە چوومە ژوورەوە بینیم، توانا لەسەر دەم کەوتبوو، بە درێژایی 5 مەتری نوسینگەکە خوێن ڕژا بوو، بەوردی سەیرم کرد دەمانچەیەک کەوتبوو، لە نامەیەکدا چەند وشەیەکی بۆ باوکی جێهێشتبوو، نووسیبووی خەتا لە کەس نییە، بەخۆم لەم ژیانە بێزارم، هەمووتانم خۆشدەوێ".

وەک باوکی توانا باسیکرد، دوای ڕووداوەکە چەند هاوڕێیەکی توانا نهێنییەکانی ژیانی توانایان بۆ باوکی ئاشکرا کردووە، کە توانا چەند هاوڕێیەکی کچی هەبووەو یەکێکیانی زۆر خۆشویستووە، بەڵام لەم ڕۆژانە کچەکە گوتوویەتی مێرد بە فلان کەس دەکەم، کە کوڕە دەوڵەمەندێکە "توانا گوتبووی مێرد بە ئەو مەکە چیت بوێت بۆت دەکەم، بەڵام کچەکە سووربووە لەسەر بڕیاری خۆی". ئەوەی زیاتر کاری لە توانا کردبوو، وەک خۆی لای هاوڕێکانی باسی کردبوو، سێ ڕۆژ بووە کچەکە تەلەفۆنی داخستبوو، باوکی توانا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو گوتی هەستم بە خەمی توانا کردبوو، زۆر بێدەنگ بوو "پارشێو هیچ نانی نەخوارد، بە پەنجەکانی گەمەی لەگەڵ چێشتەکە دەکرد، گوتم کوڕم ڕۆژوو چۆن بێ نان دەگیرێت، گوتی سکم پڕە پێم ناخورێت".

توانا گەنجێکی جوان بوو، هاوڕێکانی بە چاوجوان بانگیان دەکرد، ئەو لەماڵەوە باسی لە خەمەکانی نەدەکرد، باوکی پێی گوتبوو هیچ کێشەت هەیە "گوتی کێشەی چی؟".

لە ڕوخساری زانا هەستت بە مەرگی براکەی دەکرد، سەرتاپا ڕەشپۆش بوو، ئەو نەیدەتوانی بڕوا بەوە بکات، براکەی لەسەر کچێک خۆی کوشتووە، چونکە هەرگیز باسی خۆشەویستی لە توانا نەبیستبوو "ئەو قسانەی تواناش لەلای هاوڕێکانی کردوویەتی، هیچ بەڵگەیەکمان نییە بۆ ڕاستییەکەی، ناوی کچەکەشی نەگوتووە، یان لە نامەکەدا ئەوانەی نەنوسیووە".

ئەحمەد نامەی کوڕەکەی بەدەستەوە گرتبوو، زۆر بە وردی سەیری دەکرد، ئەو پێیوایە توانا ئەقڵی زۆر لە تەمەنی خۆی گەورەتر بووە، بەڵام زیرەکایەتی و ڕەوشتی خۆی هەمووی جارانی سفر کردەوە "بە کچ و کوڕان دەڵێم قەد بەو شێوەیە نەڕووخێن، بیر لە خۆکوژی نەکەنەوە، لەناوبردنی خۆیان، تێکشکاندنی دایک و باوک و بنەماڵەکەیانە".



رۆبەرت ئێلز کە برینپێچی سەدام بووە لە زینداندا دەڵێ، دکتاتۆری عێراق زۆر پاک و خاوێن بوو (فۆتۆ:The Times)

### برینپێچێکی ئەمریکی بیرەوەرییەکانی لەگەڵ دیکتاتۆری عێراق دەگێڕێتەوە:

# سەدام نووسەرێکی داهێنەر بوو

**رووداو-ئەمریکا**

پێنچ ساڵ لەمەوپێش، رۆبەرت ئێلز گەورەترین ئەرکی لە ژیانیدا پێ سپێردرا: ئەویش ئەوەبوو پارێزگاری لە ژیانی سەدام حوسێن بکات.

ئێلز کە برینپێچێکی 59 ساڵییە، ئەوەندە نەبوو گەیشتبووە عێراق بەمەبەستی گەشتێک بۆ نێو سوپای ئەمریکا، ئێستا ئێلز خانەنشینە، بەڵام ئەو کات پزیشکی بەتالیۆنی 439ی سوپای ئەمریکی بوو، پاشان بووە برینپێچی سەدام حوسێن.

بۆ ماوەی هەشت مانگ، ئێلز رۆژانە دووجار سەردانی سەدامی دەکرد، پلەی گەرمی لەشی سەدامی دەپشکنی و بەوهۆیەوە پەیوەندییەکی لەگەڵ دروست کرد کە بووە هۆی دروستبوونی هەستێکی دژبەیەک لەناخیدا،لەمبارەیەوە ئێلز گوتی" ئەرکەکەی من ئەوەبوو لە ژیاندا بیهێڵمەوە و لەش ساخ بێت. ئەمەش بەو مانایە نایەت کە رەنگە سەدام لەژێر دەستی ئەمریکادا بمردایە، دەبووایە من چیم لە تواناداببێت بیکەم بۆ ئەوەی ورەی سەدام بەرزبێت و گوشاری خوێنی دانەبەزێت، ئەمەش بۆ ئەوەی بە لەشێکی تەندروستەوە بچێتە بەردەم پەتی سێدارە".

ئەو پرینپێچە لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت" ئەوە خووی من نییە خەڵک هەڵبخەڵەتێنم، بەڵام ئەوە کارەکەم بوو، لە مێشکی خۆمدا دەمزانی کە چی روودەدات، ئەمەش بەشێک بوو لەو ناکۆکییەی کە لەناخمدا بوو، لەبەرئەوەی ئێمە چیمان لە توانادا هەبوو، دەمانکرد بۆ ئەوەی ئەم پیاوە بە تەندروست بهێڵینەوە، لەکاتێکدا لە کۆتاییدا هەر دەمانکوشت".

سەدام لە کانوونی یەکەمی 2006دا لەسێدارەدرا، ئەمەش لەدوای ئەوەی لەبەردەم دادگا لەسەر ئەنجامدانی تاوانی کۆمەڵکوژی بە تاوانبار لەقەڵەم درا و هەروەها نێزیکەی 180 هەزار کوردیش بەهۆی هەڵمەتی ئەنفالەوە گیانیان لەدەستدا کە سەدام لە دژی کوردەکانی عێراق ئەنجامیدا.

بەڵام ئێلز لەژێر فەرمانێکی tووندا بوو کە بەهیچ شێوەیەکی لەسەر ئەو مەسەلانە قسە لەگەڵ کۆنە دەسەڵاتداری عێراقیدا نەکات.ئێلز دەڵێ لەگەڵ سەددام پێوەندییەکی هاورێیانەیان هەبووە. ئەو لەبارەی سەدامەوە دەڵێ" یەکێک لە سیفەتەکانی سەدام ئەوەبوو زۆر پاکوخاوێن بوو، رێگەی پێدرابوو هەموو رۆژێک ژوورەکەی خاوێن بکاتەوە بۆ ئەوەی زەوییەکە ئەوپەڕی خاوێن وبێگەرد بێت. سەدام هەمیشە بە بوتڵ ئاوی دەخواردەوە بەبێ ئەوەی رێگە بدات لێوی بەر بوتڵەکە بکەوێت"

هەروەها ئێلز لەبارەی سەدامەوە دەڵێ" ئەو زۆر حەزی لە خوێندنەوە دەکرد. نووسەرێکی داهێنەر بوو. حەزی لە منداڵ دەکرد، هەموو رۆژێک لە خواردنەکەی خۆی کەمێکی دەهێشتەوە بۆ ئەوەی بیداتە چۆلەکەکان. سەدام باخچەشی هەبوو، یەکەمجار هەستم کرد گژوگیایە، بەڵام دواتر بۆم ئاشکرا بوو چەند کارمەندێکی FBI تۆویان داوەتێ و ئەویش رووانددوویەتی و هەمیشەش ئاوی دەدان، سەدام دەیگوت ئەو هەمیشە باخچەی هەبووە".

ئێلز لە قسەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێ هەرگیز لایەنە رەشەکەی سەدامی نەدەبینی و گوتی" یەکجار پێیگوتم خۆشحاڵ نییە بەو شتانەی کردوویەتی، بەڵام دەبووایە هەندێ بڕیاری سەختی بدایە لە چەند کاتێکی جیاوازدا".

دوای هەشت مانگ، سەدام گواسترایەوە بۆ زیندانییەکی دیکە و لە ئێلز دوورخرایەوە.ئێلز دەڵێ پاش ماوەیەک، سەردانی سەدامی کردووە لە (کەمپی سەرکەوتن) و گوتی" ئەو هەمیشە لە سووچێکدا بوو، ئەمەش لەبەرئەوەی ژوورەکەی بەشێوەیەک دروست کرابوو کە کاتێک خۆی دەشوشت، هەموو کەس دەیبینی. کاتێک چوومە لای نانی دەخوارد و نیوەی قاپەکەی خۆی دامێ و پێکەوە نانمان خوارد. بۆ دواجار پاسەوانەکان هاتن و بردیانم، ئەویش چوو دەستی خۆی شوشت و دەستی لە پشتدام و پێیگوتم ئاگام لەخۆم بێت، ئەمەش دواجار بوو سەدامم بینی".

**لە رۆژنامەی Riverfront Timesی ئەمریکییەوە**

---

### کورد لەو شارە رێستورانت و دیسکۆیان هەیە

# ئۆدێسا شارێکی گەشتیاریی هەرزان

**زیرەک عەبدوڵڵا**
**رووداو- ئۆکراینا**

خەڵکێکی رەنگاو رەنگ، کەنار رووبارێکی قەرەباڵغ، شەوانێکی درەوشاوە، بازاڕێکی گەرم و گوڕ، ئەمە ئۆدێسایە لە هاویندا.

ئۆدێسا شارێکە، کەوتووەتە رۆژئاوای باشووری ئۆکراینا، ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی 1ملیۆن و 100هەزار کەسە. خەڵکی زیاتر لە 40 وڵات و نەتەوەی تێدا دەژی، لەوانە ئۆکراینی، رووسی، مۆلداڤی، پۆلەندی، کازاخی، ئازەری، چینی، تورکی، تەتەری، کوردی، ئەفریقی و عەرەبی بە وڵاتە جیاوازەکانیانەوە ....هتد. لەو شارەدا زمانی خەڵک رووسی و زمانی فەرمی دەوڵەتیش ئۆکرایینییە. جگە لەوەی کریستیانیەتی ئایینی زۆرینەی خەڵکی ئەو شارەیە، بەڵام خەڵکانی سەر بە ئایینی یەهودی بەرێژەیەکی کەم و بودی و ئیسلامیش لەو کەمتری تێدایە، هەریەکێک لەوانەش کەنیسە و مزگەوت و پەرستگای خۆیان هەیە.

ئەو سروشتە پێکهاتەییەی ئۆدێسا هەر بە تەنها هۆکاری دروستبوونی ئەو دۆخە نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی زۆری گەشتیاران بەشێکی دیکەی ئەو واقیعەیە.

### بۆچی گەشتیاران دەچنە ئۆدێسا؟

ئەو شارە بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافییەکەیەوە کە کەوتووەتە سەر دەریای رەش و پڕە لە دارستان و سەوزایی، لە هاویندا کەشوهەوایەکی جێگیر و فێنکی هەیە، هەروەها بەهۆی کولتووری کۆمەڵگاکەیەوە کە تارادەیەکی زۆر کۆمەڵگایەکی کراوەیە و ئازادی تاکەکەسی تێدا دەستەبەرە. لەگەڵ بوونی ژمارەیەکی زۆر لە شوێنی گەشتیاری و هۆتێلی 5 ئەستێرەیی و دیسکۆی شەوانە و باڕ و رێستورانت و پارک و مینۆمێنت و مۆزەخانە و شوێنەواری کۆن، بەمەش بووەتە یەکێک لە شارە هەرە بەناوبانگەکانی جیهان لە رووی گەشتوگوزارییەوە. لە هاویندا خەڵک لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا رووی تێدەکەن، چەند کاتێکی خۆش تیایدا بەسەر دەبەن و یادەوەری تۆمار دەکەن.

ئازاد عەزیز، کوردێکی هەولێرە، خاوەنی رێستورانتی (ئیتاڵیانسکی کڤرتاڵ)ە، ماوەی 5ساڵە لەو شارە دەژیت، لەبارەی گەشتیاری لە ئۆدێسا وتی "لە هەموو دونیا خەڵک روو لە ئۆدێسا دەکەن"، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گێڕاوە کە لە ئۆدێسا دەتوانیت لەیەککاتدا وەکو رۆژهەڵاتییەک و رۆژئاواییەک گەشت بکەیت، چونکە کۆمەڵگایەکی تێکەڵە و خەڵکی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی تێدا دەژی.

مەروان کوڕێکی فەرەنسی بە رەچەڵەک جەزائیرییە، بۆ مەبەستی گەشتیاری سەردانی ئۆدێسای کردووە، ئەو لەسەر کەناری دەریای رەش لەلای (ئەنجیرۆم) کە دەکەوێتە پشت پارکی ناونراو بە ناوی گەورە شاعیری ئۆکراینی (شیڤچینکۆ)، بە شۆرتێکەوە دانیشتووە و وێنەی ئەو خەڵکانە دەگرێت کە لە کەنار دەریا مەلەوانی دەکەن، ئەوانەش کە بە شۆرتێکەوە خۆیان داوەتە بەر تیشکی رۆژ. ئەو بەزمانی عەرەبی قسەی کرد، ئاماژەی بەوەدا زۆربەی خەڵکی ئەوروپا لە هاویندا گەشت دەکەن و دەچنە وڵاتانی جیاواز، ئەوەشی بە دیاردەیەکی جوان و پێویست وەسفکرد، چونکە بەهۆیەوە ماندووبوونی کارکردنی زستانە لەبیر مرۆڤ دەچێتەوە، جگە لەوەی شوێنێکی جیاوازتر لە شوێنی ژیانی خۆی دەبینێت. ئەو لەبارەی ئۆدێسا وتی "شارێکی زۆر خۆش و دڵگیرە بەتایبەتی کەنار دەریاکەی" وتیشی "ئەوە دووەم هاوینە بۆ گەشت دێمە ئێرە".

مەروان ئاماژەی بەوە کرد ئەو شارە لەلای هەندێک لە فەرەنسییەکان باس دەکرێت، پێدەچێت ئەمەش لەبەرئەوە بێت کە سەردەمانێک پێش ئێستا ئۆدێسا لەلای بازرگانێکی فەرەنسی ئاوەدان کراوەتەوە، لەبەرئەوەی شوێنی گرنگی بازرگانی بووە.

### گەشتکردنی بە گرووپ

گەشتکردن بۆ ئۆدێسا هەر تەنها تاکە کەسی نییە، بەڵکو شێوەی کۆمەڵیشی بەخۆوە بینیووە، ئەمەش لە رێگەی ئەو کۆمپانیا گەشتیارییانەوەیە کە خەڵک لە وڵاتانەوە دەهێننە ئەو شارە. لە (پریمۆرسکی بولڤار) کە یەکێکە لە شەقامە هەرە جوانەکان و کەوتووەتە پێش باڵەخانەی شارەوانی، لە تەنیشت دووەم گەورەترین هۆڵ لە ئەوروپا کە بە (ئۆپێرا تیاتەر) ناسراوە، کۆمەڵێک گەشتیاری ئەڵمانی بەتەمەن بەیەکەوە دانیشتوون. ماری (38) ساڵ گەشتیارێکی ئەڵمانییە لەرێگەی وەرگێڕی گرووپەکەوە وتی "من لەگەڵ مێردەکەم بەیەکەوە هاتووینەتە ئێرە بۆ گۆڕینی کەش و بینینی مۆزەخانە و شوێنەوارە مێژووییەکان"، وتیشی لە ئۆدێسا شوێنی جیاواز هەیە گەشتیار رووی تێبکات، لەوانە کەنار دەریای رەش و ئۆپێرا تیاتەر. لەو شارە لەتەک گرووپی گەشتیاری ئەلمانی، گرووپی رووسی و مۆلداڤی...هتد دەبینی.

لینا کچێکی ئۆکراینی و رێبەری ئەوکۆمەڵە گەشتیارەیە، وتی ماوەی 3 رۆژە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە گەشتیارەیە، بۆ ئەو شوێنانەیان دەبات کە لە بەرنامەی گەشتەکەیاندایە، کاری وەرگێڕانیان بۆ دەکات و لە شت کڕیندا یارمەتیان دەدات زانیاریان لەبارەی شوێنەکان پێدەدات. ئەو بەقسەی خۆی زمانی رووسی و ئۆکراینی و فەرەنسی و ئەلمانی دەزانێت، بۆ کۆمپانیای ئۆدێسا بۆ گەشتیاری کار دەکات، ئەو کۆمپانیایە لەگەڵ هەندێک کۆمپانیای ئەڵمانی و فەڕەنسی و وڵاتانی دراوسێی ئۆکراینیا کۆنتراکتی هەیە، تاوەکو لە ئۆدێسا وەرگێڕ و رێبەریان بەگەڵ بدات و کارئاسانیان بۆ بکات. لینا وتی "لەهەموو هاوینێکدا ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ئەوروپی روو لە ئۆدێسا دەکەن"، هۆکارەکەشی گێڕاوە بۆ ئەوەی ئۆدێسا شارەکی مێژووییە و زۆر شوێنی گەشتیاری تێدایە، لەهەمانکاتیشدا خەرجی هەرزانە.

ئەندری شۆفێری سەیارەی کۆمپانیای مۆسکۆیە، لە رووسیا گەشتیاری هێناوەتە ئۆدێسا، ئەو ئاماژەی بەوە کرد کۆمپانیاکەیان تەنها لەرێگەی سەیارەوە هەفتانە نزیکەی 100 گەشتیار دەهێنێتە ئۆدێسا، جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆری گەشتیار لە رێگەی فرۆکە و دەریاوە دێنە ئەو شارە، وتی "خەڵکی رووسیا زۆر حەز بەبینینی ئۆدێسا دەکەن، بەتایبەتی لە هاویندا کە شارێکی سەوز و جوانە".

### یا لۆبلو تبیا مایا ئۆدێسا

کاتێک بەشەقامەکانی ئۆدێسا گوزەر دەکەیت، چەند تابلۆیەک دەبینیت کە وێنەیەکی جوانی ئەو شارە و رستەیەک نووسینی لەسەرە، رێکلام بۆ ئەو شارە دەکات، لەوانە "یا لۆبلو تبیا مایا ئۆدێسا" واتە خۆشمدەوێی ئۆدێساکەم، "ئێتە ناش گۆڕەد" واتە ئەوە شاری ئێمەیە... هتد، جگە لەوەی چەند تابلۆیەک بەدیدەکەیت رێکلام بۆ ئیستانبۆل و ئەنتالیا کە دوو شوێنی گەشتیاری تورکیان دەکات، لەبەرامبەریشدا لە تورکیا رێکلامکردن بۆ ئۆدێسا هەیە. ئەوەش رێکەوتنێکی گەشتیارییە لە نێوان شارەوانی هەر دوولا.

لەو شارە گوڵی هەندێک لە پارکەکان بۆ نموونە (گۆڕەد ساد- باخچەی شار) زوو دەگۆڕدرێت، هەر هەفتەیەک جۆرێک و رەنگێکی جیاوازی گوڵ دەبینرێت. ئەو کارەش بەشەو ئەنجام دەدرێت بێئەوەی کەمترین کەس بیبینێت.

لەو شارەدا هەندێ لە گەنجە سەرخۆشەکان، شەوانە لەبەر هەر هۆیەک بتڵی شووشەی بیرە و ڤۆدکا و شەمپانیا لەسەر شەقامدا دەشکێنن و پیسی دەکەن، ئەگەر کاژمێر 2 شەو ئەو کردارە ئەنجام بدرێت، ئەوا کاژمێر 6 بەیانی هیچ ئاسەوارێکی بووتڵە شکاوەکە لەسەر شەقامەکە نابینرێت، ئەمە هەوڵی شارەوانی ئەو شارە دەردەخات بۆ گرنگیدان بە شار. ئەمەش هەوڵێکە بۆ زیاتر سەرنجڕاکێشانی گەشتیاران بۆ شارەکە.

### شەوانی ئۆدێسا

یەکێک لە دیاردەکانی شاری گەشتیاری، بوونی شوێنی رابواردن و کەیف سازکردنی شەوانەیە، لە ئۆدێسا شەوانە دەیان دیسکۆ تا بەیانی کراوەنەتەوە، خەڵک بە گۆرانی و مەشروب خواردنەوە و سەماکردن سەرگەرمن. لەهاویندا دیسکۆکانی ئەو شارە، بەتایبەتی ئەوانەی لە کەنار دەریان، وەکو دیسکۆکانی (ئەرکادیا و لۆزانۆڤکە.. هتد) تا بەرە بەیان جمەیان دێت. بوونی خەڵکی وڵاتانی جیاواز دیاردەیەکی بەرچاوە لەو دیسکۆیانە.

"جیاوازی ئەوانەی دێنە دیسکۆ لە هاویندا بۆ زستان 10 بۆ 1" سلێمان وایووت، ئەو کوردێکی باکوورە، جێگری بەڕێوەبەری کارگێڕی دیسکۆی (رێنە)یە لە شەقامی (دێریباسڤسکایە)، کە یەکێکە لە بەناوبانگترین شەقامەکانی یەکێتی سۆڤیەتی کۆن. ئەو ئاماژەی بەوە کرد لە هاویندا گەشتیار زۆر دەبێت و دیسکۆکەیان قەرەباڵغە، زیاتریش خەڵکی کورد و تورک و عەرەب و ئازەری و ئۆکراینی دەچنە (رێنە)، ئەوانیش بەرنامەی خۆشیان پیشکەش دەکەن.

لە دیسکۆکانی (ئەرکادیا)، کە دیسکۆی هاوینین، دەنگی گۆرانییەکان تێکەڵ بە دەنگی شەپۆلەکانی کەنار دەریای رەش دەبێت، بوونی گڵۆپە رەنگاو رەنگەکانی دیسکۆ و کچە باڵابەرزە جوانەکانی ئۆکراینی، دۆخێکی جوان دروست دەکات، بۆیە مرۆڤ ناتوانێت دەستەبەرداری خۆشی ئەو شەوەی بێت و تا کاتێکی درەنگ دەمێنێتەوە.

لەو شارە بەتایبەتی لە شەوانی شەممە و یەکشەممە خەڵک تا درەنگانێک لە شەقامی (دێریباسڤسکایە) پیاسە دەکەن و لە پارکەکەی (گۆڕەد ساد) دادەنیشن، ئەو پارکەی لە ناوەڕاستەکەیدا نافوورەیەک هەیە، لەیەککاتدا ئاو بەرز دەبێتەوە و تێکەڵ بە تیشکی گڵۆپی رەنگاورەنگ دەبێت و مۆسیقاش لێدەدرێت. ئەو نافوورەیە لەناو ئەو پارکەدا سەرنجراکێشە، خەڵک وێنەی لەگەڵ دەگرێت و یادەوەری تۆمار دەکات.

لە ئۆدێسا شەوانە گرووپی جیاواز هەن، لە هەندێک شوێندا پرۆگرام و بەرنامەی جیاواز پێشکەش دەکەن، دیسکۆ دەکەن، مۆسیقا لێدەدەن، یاری ئاگرین دەکەن، یاری لێدانی بۆکس و شووت لە تۆپ هەیە، ئەمانە بوونەتە هۆی سەرگەرمبوونی خەڵک، رەنگاورەنگێکی زیاتریشی بەو شارە بەخشیووە.

### لە کەنار دەریا چی هەیە؟

ئەو شارە 45 کم درێژە، بەدرێژایی ئەو مەودایە لایەکی شارەکە دەریایە، لە کەنار دەریادا شوێنی گەشتیاری و پشوودان و مەلەوانی زۆرە، بۆیە بازاڕی بچووک هەیە، لەوانە بازاڕی (ئەنجیرۆم و لۆزانکۆڤکە و ئەرکادیا... هتد)، لەو بازاڕانەدا کەلوپەلی پێویستی مەلەوانی، کەلوپەلی دەریایی بۆ دیاری ئازیزان دەفرۆشرێت، سەرەڕای باڕ و رێستورانتەکان. لە کەنار دەریادا (مۆڕ ڤەکزاڵ) واتە تێرمیناڵی دەریا هەیە، لەرێگەی دەرياییەوە ئەو شارەی بە جیهان بەستۆتەوە. لەو شوێنەدا کەشتی گەلێکی گەشتیاری نێو دەوڵەتی دەرەکی هەیە، هەروەها کەشتی گەلێکی گەشتیاری ناوەخۆش هەیە، کە لە دەریای رەش گەشت بۆ گەشتیاران بە نرخی (100-200) گریڤن* ساز دەکات.

### کەموکوڕی گەشتیاری لەو شارە؟

ئەو شارە لەرووی گەشتیارییەوە بێکەم و کوڕی نییە، بەتایبەتی ئەگەر بزانین پاشماوەی یەکێتی سۆڤیەتە، ئێستاش ئۆکراینە** خاوەنی ئابوورییەکی بەهێزنییە، لەمبارەیەوە ئازاد عەزیز وتی" لەلایەنی گەشتیاری کەموکوڕی هەیە، دەبایە ئەو شارە لە 1 خوولەک فرۆکەیەکی لێبنیشتایە" وتیشی پێشوازیکردنیان لە گەشتیار لەلایەن حکومەتەوە وەکو پێویست نییە، "حکومەتی ئۆکراینی نەیتوانییوە وەکو ئیسپانیا و وڵاتانی ئەوروپی خزمەتگوزاری لەکەنار دەریاکان پێشکەش بکات".

ئەوەی بەدیدەکرێت لەو شارەدا ئەو شوێنانەی خزمەتگوزارییەکانیان بەدەست هاووڵاتیانەوەیە، پێشکەوتووتر و خۆشترە لەوانەی کە بەدەست حکومەتەوەن. رۆژ دوای رۆژیش پرۆژەی گەشتیاری و جوانکردنی شار و کەنار دەریاکان بەردەوامە.

**تێبینی:**
**- بۆ ئامادەکردنی ئەو راپۆرتە سوود لە لێکچەری د. فلادیمیر میکۆلایڤیچ مامۆستای وانەبێژ لە کۆلێژی مێژوو زانکۆی مێچنیکۆڤە وەرگیراوە**
***گریڤن پارەی فەرمی ئۆکرایینییە، ئێستا 1 هەزاری عێراقی 8 گریڤنە.**
**** ئۆکراینە خەڵکی عەرەب و کورد بە هەڵە دەڵێن ئۆکرانیا، گەورەترین دووەم پانتایی جوگرافی هەیە لە ئەوروپا، 47-48 ملیۆن کەس تیایدا دەژین، بە بوونی گەنم و خەلووزی بەردی و شیش بەناوبانگە. باری ئابووریان خراپە، دووپارتی سەرەکی لەو وڵاتە هەیە.**



(فۆتۆ: رووداو)
شاری ئۆدێسا لە ئۆکراینا

---

# رۆژێکی بێ ئۆتومبێل

### لە یەکەمین شەش مانگی ساڵی 2009دا 400 کەس بە رووداوی ئۆتومبیل لە برۆکسل گیانیان لەدەست داوە



برۆکسەل

**رووداو-Safer**

رۆژی یەکشەممە 2009/9/20 سەدان هەزار ئۆتومبیل لە بەلجیکادا یەک جوولەیان نەکرد. ئەوە رۆژێکی تاقانەیە لە ساڵێکدا کە تەرخان کراوە بۆ ئەوەی بێ ئۆتومبیل بێت. پتر لە 30 شار و شارەوانی بەشدارییان لەو رووداوەدا کرد .برۆکسلی پایتەخت ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کرد، کە گەورەترین رووبەری بێ ئۆتومبیلی لە سەر ئاستی ئەوروپادا تێدا تۆمار کرا، رووبەرەکەی گەیشتە 162 کیلۆمەتری دووجا.

ئەوە هەشتەمین جارە بەلجیکا ئەم بۆنەیە رێک دەخات، کە وەک ئاهەنگی ساڵ دێتە پێش چاو. دیارترین دیمەن ئەو پاسیکلانە بوون کە شەقامە سەرەکییەکانی شارەکەیان تەنی بووەوە، کەچی لە رۆژانی ئاساییدا هەر تەنیا لە چەند رێڕەوێکی کەم و بەرتەسکدا دەبیندرێن. گەلێک کەسیش چۆلبوونی شار و شەقامیان بە هەلزانی کە خولیا و ئارەزووەکانی خۆیان بە پانایی شەقام و درێژیی ئەودا بخاتە روو، بە پاسکیل یان بە پێڵاوی بن چەرخ، نمایش و پاڵەوانبازیی خۆیان پیشان دەدا.

چەندین خێزان بە جارێ پێکەوە دەهاتن و دەچوون. پاسکیلی گەورە بۆ پیاوان، دوای ئەوانیش هی بچووک بۆ منداڵان، تەنانەت منالانی شیرەخۆرەش بێ بەش نەبوون، لە سەر سەبەتەی پێش یان پشتی پاسکیل داندرا بوون، یان خرابوونە سەر کورسیی تایبەتی پاسکیلی کەسوکاریان. پۆلیسیش ویستی لەو ئاهەنگ و یادە بێ بەش نەبێت، هەبوو پێڵاوی بن چەرخی لە پێ کرد و تێکەڵ بەو خەڵکە دەبوو.

ئامانج لەو رۆژە، وەک رێکخەرانی دەڵێن "ئەوەیە خەڵک پاڵ پێوە بنێین کە بیر بکەنەوە بۆ چی ئۆتومبیلەکانیان بەکار بهێنن"، یان هەر وازیان لێ بهێنن. بۆ سەرخستنی ئەو شتە، رێکخەران بواریان دا هۆیەکانی گواستنەوەی گشتی بە خۆڕایی بێت. تەنیا ئۆتومبیلی پۆلیس و فریاکەوتن بواری جوولەیان پێ درا بێن و بچن.

ئەوەی پێویستی بەوە هەبووایە ئۆتومبیلەکەی بۆ کارێکی گەلێک پێویست بەکار بهێنێ (چوونێکی یەکجار گرنگ، بۆ نموونە بە مەبەستی چارەسەر کردن)، دەبوو خاوەنەکەی پێشتر رەزامەندیی وەربگرتایە، تا مۆڵەتێکی وردی پێ بدرێت کە بواری فرت و فێڵ نادات: بۆ نموونە کاتی دەرچوونەکەی و ئەو رێیەی پێیدا دەڕوات تێیدا دیاری کرابووایە، ئەگینا تووشی سزادان دەبوو.

لە رۆژی بێ ئۆتومبیلدا ئەو دەنگانەی داکۆکی لە ژینگە دەکەن بەرز بوونەتەوە، گوتەبێژ بە ناوی"خانەی ژینگە"وە، کە خانەیەکی چالاکە گوتی ئەو بۆنەیە وای کرد پیس بوون "گەلێک کەمتر" بێت، روونیشی کردەوە کە رێژەی ئۆکسیدی نایترۆجین سەر لە بەیانی 49 ملیگرام بوو لە مەتری سێجادا، بۆ نیوەڕۆ پاشەکشەی کرد بۆ کەمتر لە 3 ملیگرام.

چۆلکردنی شاران لە ئۆتومبیل بۆنەیەک بوو بۆ یاد کردنەوەی ئەو کارەساتانەی بە سەریاندا هاتووە و ئەو قوربانیانەی کە داویانە. لە یەکەمین شەش مانگی ساڵی 2009دا 400 کەس بە رووداوی ئۆتومبیل لە برۆکسل گیانیان لەدەست داوە. بۆ یادی ئەوان چەپکە گوڵ لە گەلێ شوێنی شاردا بە قەد دارەوە کران.

کەشوهەواش، کە کەس مەزەندەی هات و نەهاتی ناکات، لەگەڵ رێکخەرانی بۆنەکەدا ساز بوو. ئاسمانی شین و بێگەرد وای کرد شەقامەکان جمەیان بێت لە خەڵک. گەلێک کەس ئارەزوویان بوو چاوێک بە شارانێکدا بخشێنن کە ئۆتومبیل بە ژاوەژاو و پاشەڕۆیانەوە بە نێو دەمارەکانیدا ناسوورێتەوە. تیپگەلی میوزیک و نمایشی سێرک بە سەر شەقامەوە وەربوون بۆ پێشوازی کردنی خەڵک.

هەندێ کەس گردبوونەوەی خەڵکیان وەک دەرفەتێک بۆ سوود و قازانج دیت. یەکێک بە هەزاران قەرەوێڵەی خستە نێو شەقامەوە تا ئەوانەی ئارەزوو دەکەن نانی بەیانی هەر بەدەم پاڵ کەوتنەوە و بە شامپانیا بخۆن. شارەوانیی برۆکسلیش چاوەڕوانی ئەو رۆژە بوو، تا خەڵکێکی زۆر ئامادەی رێوڕەسمی کردنەوەی گۆڕەپانی هونەر لە نێو جەرگەی شاردا بن. عەرەبانە و ئەسپ، عەرەبانەی بە پاسکیل، بە نێو شەقامەکاندا سووڕانەوە، کە پێشنیاز دەکەن گەشتێکی دەگمەن بە نێو شاردا بکەن کە گرم و هۆڕی ئۆتومبێل و هەڵپەی کوشتنی ئەو دەیانشێوێنێ.



(فۆتۆ: رووداو)

# موسەوییەکان لەهەولێر هەڵپەڕین

## فارسێک: لە ئێران سانسۆر هەیە بۆیە لەم کۆنسێرتە زۆر دانسمکرد



**وریا بوداغی**
**رووداو – هەولێر**

چوار دەوری یاریگای شەهید فرەنسۆ هەریری لەنێو ئاپۆرای خەڵک دیمەنێک بوو کەمجار دووبارە دەبێتەوە، بەهەزاران کچ و کوڕ و منداڵ چاوەڕێی دەستپێکردنی کۆنسێرتەکە بوون، بەڵام خۆشەویستی هەردوو هونەرمەند موعین و جەمشید وای لەو خەڵکە کرد کە گوێ بە چاوەڕوانی نەدەن.

کونسێرتەکەی موعین وجەمشید لەئێوارەی رۆژی 2009/9/24 لەکاژێر 9:15 خولەک، دەستیپێکرد و تا 1:30 نیوەشەو بەردەوام بوو، بە هەزاران کەس لە دوبەی، ئیسفەهان، یەزد، تاران، کەرەج، رەشت و لۆس ئەنجلۆسی ئەمەریکاو شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، لەهەولێری پایتەخت بە دیداری موعین و جەمشید شاد بوون.

کچان و کوڕان بەدەم گۆرانیەکانی هەردوو هونەرمەند دانسیان دەکرد، بەشێکیان بەشێوازی باشووری ئێران کە نزیک بوو لەدانسی "بەندەری" و هەروەها دانسە جۆراوجۆرەکانی دیکەی ناو ئێران دەکەوتنە بەرچاو، هەڵپەڕکێی کوردیش کۆنسێرتەکەی گەرم وگوڕتر کردبوو. هونەرمەند جەمشیدیش بە گوتنی بەشێک لە سروودی ئەی رەقیب کوردانی زیاتر خرۆشاند.

بەپێی قسەی بەڕێوەبەرانی کۆنسێرتەکە نزیکەی 10 هەزار کەس ئامادەی کۆنسێرتەکە بوونە. کە بەشێکیان کچان و ژنان و منداڵان بوون. ئەوان لە زووەوە لەنێو یاریگەی شەهید فرەنسۆ (شوێنی سازدانی کۆنسێرتەکە) ئامادە بوو بوون تا دەهات ترپەی دڵیان بۆ بینینی ئەو دوو هونەرمەندە خێراتر دەبوو. کە بەشی هەرە زۆریان عاشقی دەنگی موعین ئەسفەهانی بوون.

لەبەشێکی ئەم کۆنسێرتەدا دوو سەماکاری کچ کە لەگەڵ تیپی هونەرمەندانی ئەمریکی هاتبوون لەگەڵ گۆرانییەکان دانسیان دەکرد و سیمایەکی جوانیان بە سەر شانۆکە بەخشیبوو، شێوازی موسیقاکە پۆپی ئێرانی بوو، موزیسیانەکان زیاتر لە 20 کەسی فارس و ئەمریکی بوون، هەروەها زیاد لە 10 موزیسیانی کوردیان تێدا بوو کە سەید ئەحمەد رواندزی سەرپەرشتی کردن.

بەهۆی ئەو کۆچە بەرفراوانەی لەپاش راپەرینی گەلانی ئێران روویدا بە دەیان هونەرمەندی ئێرانی بۆ وڵاتانی ئەوروپا و بەتایبەتی ئەمریکا کۆچیان کرد کە بەشێکیان تا ئێستاش نەیانتوانیووە بگەڕێنەوە زێدی خۆیان و هەواداریکی یەکجار زۆریان لەئێران هەیە، کە (موعین) یەکێکە لەو هونەرمەندانە.

جەلالی نەبی، 22 ساڵ، خوێندکاری زانکۆ، کە لەشاری یەزدی باشووری ئێران هاتبوو، دەڵێ "خۆشەویستی من بۆ موعین لەعەشق تێپەڕیوە و ناتوانم هەستەکانم دەربڕم"، چەند گەنجێکی سلێمانی وەک رێزێک بۆ موعین پارچە پەڕۆییەکیان بەرز کردبووە کە لەسەری نووسرا بوو (تەنیا موعین– فقط معین) هەروەها تیشێرتی بەشێک لە ئامادەبووانیش وێنەی موعینی لەسەر بوو.

جیا لە کچانی فارس، کچانی کوردیش رێژەیەکی زۆری ئامادەبووی کونسێرتەکەیان پێکدەهێنا، شانا عوسمان، خوێندکاری زانکۆ، دانیشتووی سلێمانی بۆ (رووداو) هەستی خۆی بەمشێوەیە دەربڕی "زۆر دڵخۆشم کە لەپایتەختی هەرێمی کوردستانم و هاتووم بۆ کۆنسێرتی موعین و جەمشید".

سەرەڕای گرانی نرخی بلیتەکە، کە 30 دۆلار بوو، بەڵام گەنجان بەبێ گوێدانە نرخی بلیت بەجۆش و خرۆشەوە دەهاتنە کۆنسێرتەکە، تا وایلێهات لەبەر دەستنەکەوتنی بلیت خەڵک لەدوای کاژێر 10ی شەو بەبێ بلیت هاتنە ژوورەوە.



ئەو دیمەنەی کە زۆر هەستیپێدەکرا بەرزکردنەوەی پەڕۆی سەوز بوو لەلایەن گەنجانی ئێران لەناو یاریگاکەدا کە بە نیشانەی لایەنگری لەمیر حوسێن موسەوی کاندیدی سەرۆکایەتی لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی ئێراندا، لەناوچاوان و مەچەکیان بەستبوو، بەشێکی زۆری ئەوانە فارس بوون و دانسیان دەکرد. پەڕۆی سەوز لەدوای هەڵبژاردنەکانی ئێران بووە رەمزی لایەنگرانی موسەوی و لە زۆربەی خۆپیشاندانەکانیشیان بە رەنگی سەوز دەردەکەوتن.

ئەمیر سەدرا، 42 ساڵ، کە لە شاری رەشتی ئێرانەوە هاتبوو بۆ ئاهەنگەکە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی پەڕۆی سەوزیان لەنێوچەوانی خۆیان بەستبوو تێشێرتی سەوزیشیان لەبەر کردبوو، ئەو گوتی "هاتووم بە پەڕۆی سەوز بەشداری لەو کۆنسێرتەدا بکەم".

فەردین، لەبازاری ئازادی تاران کار دەکات و نایەوێت ناوی راستەقینەی خۆی ئاشکرا بکات لەگەڵ گۆرانییەکان دانسی دەکرد و سەراپای لەشی عارەقە بوو دەڵێت "زۆر خۆشحاڵم و ئێرە زۆر خۆشە و ئێمە کوردەکانمان خۆش دەوێ، لەمیوانداری و ئەمنیەتی کوردەکان زۆر رازیم، لەئێران سانسۆر هەیە بۆیە لەم کۆنسێرتە زۆرم سەما کرد".

**10 هەزار کەس بەشداری کۆنسێرتی موعین و جەمشید بوون**

# کچان هەڵدەخلیسکێن و کوڕانیش گڕ دەگرن

## رۆژانە زیاتر لە 1000 کەس سەردانی Ice Hall دەکەن لە هەولێر



**که دێمە ئایس هۆڵ حەز دەکەم تا دادەخرێت یاری بکەم**

کچێک




دوای ئایس هۆڵ بڕیارە پرۆژەیەکی گەورەی بەفرەخلیسکێ (SNOW DOM) لە هەولێر دروست بکرێت

(فۆتۆ: رووداو)

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو– هەولێر**

چوونە ژوورەوەی چەند کچێکی مۆدەپۆش بۆ نێو ئایس هۆڵ بەسە، تاوەکو رێبوار و هاورێکانی هەموو ئێوارەیەک بلیتی چوونە ژوورەوە بۆ نێو هۆڵەکە ببڕن، ئەوان زۆر خۆشیان لەگەڵ یاری خلیسکانی سەر سەهۆڵ نایێت، بەڵام یارییەکە بە دەرفەت دەزانن بۆ ناسینی کچان.

رێبوار محەممەد، گەنجێکی تەمەن 20ساڵەیە و پێشتر زۆربەی کاتەکانی لەنێو پارک و سەر شەقامەکان بەسەر دەبرد، بەڵام لەوەتەی ئایس هۆڵ کراوەتەوە هەموو ئێوارەیەک تا پارەی کرێکارییەکەی لەگیرفاندا مابێت بلیتی چوونە ژوورەوە دەبڕێت، ئەو دەڵێت "ئەگەر بزانم کچی جوان لە ژوورەوەن، تەواوی ئەو پارەی رۆژانە بە کرێکاری پەیدای دەکەم بە بلیت دەدەم". رێبوار، زۆر دڵخۆشە بە هاتنی کچان بۆ ئایس هۆڵ و "کاتێک لەگەڵ ئەو کچە مۆدە پۆشانە یاری دەکەم، واهەست دەکەم دونیا هەموو هی منە".

ئایس هۆڵ، یەکەمین هۆڵی داخراوی خلیسکانی سەر سەهۆڵە لەعێراق و کوردستان، کەبەپێی ستانداردی جیهانی بەشێوەیەکی مۆدێرین لەسەر رووبەری 4 هەزار مەتر دووجا، لەلایەن کەرتی تایبەت بەر لەسێ مانگ لەنزیک ئەکواپارکی شاری هەولێر دروستکراوە.

هەرچەندە هۆڵەکە، لەکاژێر 9 بەیانییەوە تا 12 شەو کراوەیە و لەیەککاتدا دەتوانێ پتر لە 100 کەس لەخۆ بگرێت.بەڵام بەهۆی تازەیی یارییەکە و حەزی خەڵک بۆ بەشداری و تێکەڵاوی کوڕان و کچان لەکاتی یاری، گەنجێکی زۆر بەتایبەتی لە شەوانە رووی تێدەکەن، بەرپرسانی هۆڵەکەش دەڵێن" تائێستاش لەبەر زۆری بەشداری خەڵک نەمان وێراوە ریکلام بۆ هۆڵەکە بکەین، چونکە بەبێ ریکلام رۆژانە زیاتر لە هەزار کەس پلیتی چوونە ژوورەوە دەبڕن".

لەوەتەی ئایس هۆڵ کراوەتەوە، ئەرکان ئازاد،17ساڵ، بە بەردەوامی دەچێتە هۆڵەکە و لەگەڵ کچان لەسەر سەهۆڵەکە هەڵدەخلیسکێ و دەڵێت "هەرکاتێک دەچمە نێو هۆڵی یاری و لەگەڵ کچان یاری دەکەم وا هەست دەکەم لەجیهانێکی دیکەم، بۆیە زۆر جار تا هۆڵەکە دادەخرێت بەردەوام بلیتی بەشداری نوێ دەکەمەوە".

کچانیش هاوشێوەی کوڕان دڵخۆشن بەیاریکردن و تێکەڵ بوونیان لەگەڵ کوڕان و زۆر جاریش لەکێبرکێ دان لەگەڵیان و بەخێرایی جوولانەوە و نمایشی سەر خلیسکان زیاتر سەرنجی کوڕان رادەکێشن و گڕیان تێبەردەدەن. هێرۆ نەوزاد،13 ساڵ، لەگەڵ چەند کچێکی هاوڕێی خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون بۆ یاریکردن ئاماژە بەوەدا، لەسەرەتا بەشەرمەوە، لەگەڵ کوڕان یاری کردوە بەڵام ئێستا دەڵێت "کێبڕکێیان لەگەڵ دەکەم و لەوانیش باشتر یاری دەکەم".

هێرۆ، نموونەی دەیان کچی هەولێرە کە رۆژانە لەگەڵ خوشک و براکانیان یان بەتەنیا بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش روو لە ئایس هۆڵ دەکەن، کرانەوەی ئەو هۆڵە وەک خەون وەسف دەکەن، هێرۆ دەڵێ" خلیسکانی سەر سەهۆڵ خۆشییەکانی تەواو نابێت، بۆیە کە دێمە ئایس هۆڵ حەز دەکەم تا دادەخرێت یاری بکەم".

بەهۆی زۆری ژمارەی میوانان بەرپرسانی هۆڵەکە بلیتی سەیرکردنیشیان کردووەتە پارە هەر کەسێک بۆ سەیرکردنی یارییەکە بچێتە ژوورەوە دەبێت پلیتێکی هەزار دیناری ببڕێت، ئەگەر بەشداری یاری خلیسکانیش بکات، بۆ یەک کاژێر دەبێت بلیتێکی 5 هەزار دیناری ببڕێت.

هێمن ئەکرەم، 22ساڵ، کە تەنیا بۆ سەیرکردنی کچان دەچێتە هۆڵەکە، زۆر دڵخۆش بوو بە کەشی نێو هۆڵەکە، ئەو گوتی " یاری کردنی کچان و کوڕان بەیەکەوە، کەشێکی خۆشی دروست کردووە"، گوتیشی "من یاری ناکەم تەنیا بۆ بەسەر بردنی کاتێکی خۆش دێمە هۆڵەکە".

رۆژانە بەسەدان کوڕ و کچ کە زۆربەیان هەرزەکارن روو لە ئایس هۆڵ دەکەن، بەڵام بەرپرسانی ئایس هۆڵ رەتیدەکەنەوە هیچ کارێکی نەشیاو لەنێو هۆڵەکە روو بدات "چاودێرمان هەیە، بەڵام تائێستا کارێکی نەشیاومان لەهیچ کەس نەبینییوە". شێروان حەمید وایگووت.

شێروان حەمید حەوێز، کە وەرزشوانێکی دێرینی شاری هەولێرە لەساڵی 1980 تا 1988 لەریزی یانەی برایەتی و هەولێر یاری کردووە و لەساڵی 1993 چووەتە ئەڵمانیا، خاوەن بیرۆکەی دامەزراندنی پرۆژەی یاری خلیسکانی سەر سەهۆڵە، ئەو دەڵێت "کاتێک لە ئەڵمانیا بووم، زۆر جار لەگەڵ منداڵەکانم بۆ یاری کردن سەردانی هۆڵە داخراوەکانی خلیسکانی سەر سەهۆڵمان دەکرد زۆر حەزم دەکرد رۆژێک بتوانم هۆڵێکی خلیسکان بۆ گەنجانی کوردستان دابمەزرێنم، ئێستاش زۆر دڵخۆشم بەوەی کە توانیومە هەم یارییەکی نوێ بۆ کوردستان بهێنمەوە، هەمیش بەو هۆیەوە کەشێکی خۆشیش بۆ کوڕان و کچان برەخسێنم".

خاوەن پرۆژەی ئایس هۆڵ، گوتیشی "لەبەرنامەم دایە پرۆژەیەکی گەورەی بەفرە خلیسکێ (SNOW DOM)، بە ستانداردی جیهانی بۆ خلیسکان لە بەرزی 65 مەتر و درێژی 250 مەتر، هاوشێوەی شاری دوبەی لەنێو هۆڵ لەسەر رووبەری 24 هەزار مەتر دووجا دروستبکەم، بۆ ئەوەی گەنجانی ئێمەش وەک گەنجانی وڵاتانی جیهان بێبەش نەبن لە خۆشیەکانی خلیسکانی سەر بەفر".



**ئەگەر بزانم کچی جوان لە ژوورەوەن، تەواوی ئەو پارەی رۆژانە بە کرێکاری پەیدای دەکەم بە بلیت دەدەم**

کوڕێک

# هەولێر ڕەنگ دەکرێت



**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بۆ ڕێکخستنی ڕەنگ و بەرزی و دیزاینی خانوو، شارەوانی هەولێر ڕێنمایی تایبەتی دروستکردنی خانووی لەدوو گەڕەک وەک نموونەیەک دیاریکردووە، بەرپرسانی شارەوانیش ئاماژە بەوە دەدەن ئەگەر ئەم پرۆژەیە سەرکەوتوو بێت، هەمان ڕێنمایی لەسەر گەڕەکەکانی دیکەش جێبەجێدەکەین، بەڵام خەڵکی گەڕەکەکە دەڵێن "پێویستە شارەوانی لەگەڵ پەیڕەوکردنی ڕێنماییەکان، خزمەتگوزاری بگەیەننە گەڕەکەکەمان".

جەمال قادر، خەریکی دروستکردنی خانووێکە لەگەڕەکی 32، کە دەکەوێتە سەر ڕێگای موسڵ، زۆر دڵخۆشە بەجێبەجێکردنی ڕێنماییەکان و دەڵێت "هەرچەندە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان کاری ئێمەی زیاتر قورس کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێنماییەکان بەبێ جیاوازی لەسەر هەموو لایەک جێبەجێ دەکرێت و سیمایەکی جوان دەبەخشێتە گەڕەکەکەمان، بۆیە پێی دڵگران نین".

بەڵام، جەمال ڕەخنەی لەبەرپرسانی شارەوانی هەبوو، کە سوورن لەسەر پابەندکردنی خەڵک بەڕێنماییەکان و سستن لە گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ گەڕەکەکە "گەڕەکەکەمان بەسەدان خانووی لێ دروستکراوە، بەڵام تا ئێستا لەرووی خزمەتگوزاری ئاو و کارەباو ڕێگاوبان و قوتابخانە بێ بەشە".

بۆ ڕێکخستن و دانانی سنوورێک بۆ دروستکردنی خانوو، سەرۆکایەتی شارەوانی لەسەر پێشنیازی پارێزگای هەولێر وەک دەسپێک بڕیاریداوە لەهەردوو گەڕەکی 32 و 284 کە دوو گەڕەکی تازەن وەک تاقیکردنەوە بەپێی ڕێنمایی تایبەت مۆڵەت بە دروستکردنی خانوو بدات.

چواس عەبدولهادی، بەڕێوەبەری نەخشەی بنەڕەتی لەسەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بۆ (ڕووداو) گوتی "ئەگەر دەرکەوت پەیڕەوکردنی ڕێنماییەکان سیمایەکی جوان بەو دوو گەڕەکە دەبەخشێت، ئەوا بەشێوازی جیا لەهەموو گەڕەکە تازەکانی دیکەش جێبەجێ دەکەین".

ئەنوەر ڕەشید، بەڕێوەبەری شارەوانی شەش، ئاماژە بەوە دەکات ئەوان لەگەیاندنی خزمەتگوزاری، گرنگی زیاتر بەو گەڕەکانە دەدەن کە زۆرترین خانووی لێ دروستکراوە و خەڵکی تێدانیشتەجێبووە، گوتیشی "گەڕەکی 32 مان پشتگوێ نەخستووە، لەساڵی ڕابردوو 31 کیلۆمەتر تۆڕی ئاو و نزیکەی 800 هەزار مەتر دووجا کاری خۆڵکاری بۆ ڕێکخستنی شەقامەکانی (15،20،30) مەتری جێبەجێکردوە، ئەمساڵیش تۆڕی ئاو فراوانتر دەکەین و شەقامەکانی ساڵی ڕابردووش تێکەڵە ڕێژی دەکەین، تەندەریش بۆ ڕاکێشانی هێڵی کارەبا دەرچووە لەکۆتایی ئەمساڵ کارەبا دەگەیەنرێتە گەڕەکەکە".

بەپێی ڕێنماییە تایبەتەکانی شارەوانی، لەم دوو گەڕەکە هیچ خانووێک مۆڵەتی دروستکردنی پێنادرێت ئەگەر ئەندازیاری سەرپەرشتیاری نەبێت و 25%ی خانووەکەی بە بۆشایی بەجێ نەهێڵێت و پابەند نەبێت بەو ڕەنگەی کە بۆ کۆڵانەکەی دیاریکراوە، لەبەشێکی دیکەی ڕێنمایەکە هاتووە، بەهیچ شێوەیەک نابێت زەوییەکان دابەشی دوو بکرێن و خانووەکان لەدوو نهۆم کەمتر و لە 3 نهۆم زیاتر دروست بکرێت، دەبێت بەرزی هەموو خانووەکان لەئاستی شەقام وەک یەک بێت و لە 9 مەتر بەرزتر نەبێت.

گەڕەکی 32 کە بە گەڕەکی (سەربەستی)ش دەناسرێت، یەکێکە لەگەڕەکە هەڵبژێردراوەکان، سنوورەکەی دەکەوێتە شارەوانی شەش، 8 هەزار پارچە زەوی بەرووبەری 200، 250 مەتر چوارگۆشە لەخۆ دەگرێت، تا ئێستا نزیکەی 400 خانووی لێ دروستکراوە، کە 56 خانوویان بەر لەدەرچوونی ڕێنماییەکان دروستکراون.

بێجگە لە نەگەیاندنی خزمەتگوزاری کێشەیەکی دیکەی خەڵکی گەڕەکەکە ئەوەیە، شارەوانی دەیەوێت ئاستی هەموو خانووەکان لەگەڵ شەقامە سەرەکییەکان یەکبخات، بەم هۆیەشەوە نزیکەی 14 خانوو نهۆمی یەکەمی خانووەکەیان کەوتووەتە ژێر زەوی.

دلێر عەزیز، خانووی لەگەڕەکەکە دروستکردوە، بەڵام خانووەکەی نزیکەی یەک مەترو نیو بەهۆی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان کەوتووەتە ژێر زەوی، دلێر دەڵێت "بەر لەدەستپێکردنی خانووەکەم، سەردانی شارەوانیم کرد و بەڵێنی ئەوەیان پێدام شەقامی بەر دەرگای خانووەکە نزم بکەنەوە، بەڵام ئێستا شەش مانگ بەسەر ئەوە بەڵێنە تێپەڕیوە خانووەکەم تەواو بوو، بەڵام کەس خۆی لێناکاتە خاوەن"، هەروەها گوتیشی "شارەوانی لەبەر نزیکی گەڕەکەکەمان لەگوندی ئینگلیزی ئەو ڕێنمایانەیان بەسەردا چەسپاندوین، بەڵام بەشێک لەم ڕێنمایانە بووەتە زیان گەیاندن بەخەڵکی گەڕەکەکە".

بەهۆی جێبەجێ نەکردنی ڕێنماییەکان تا ئێستا شارەوانی بناخەی 4 خانووی هەڵوەشاندووەتەوە و کار کردنی لەهەندێ خانوو ڕاگرتووە، ئەمەش بووەتە جێگەی ناڕەزایی خەڵکەکە.

کەریم قاسم، ئەندازیاری سەرپەرشتیاری کەرتی 32، دەربارەی هۆکاری ڕاگرتن و هەڵوەشانەوەی بناخەی خانووەکان، دەڵێ "خاوەنی هەندێکیان ئەندازیاری سەرپەرشتیارییان نییە و هەندێکیشیان لەڕێنماییەکان دەرچوون".

بەڕێوەبەری شارەوانی شەش، گرفتی پابەند نەبوونی خەڵک بەڕێنماییەکان خستە ئەستۆی دەلالەکانی خانوو، دەڵێ "ئاگادارین کەسانێک هەن دەیانەوێت بازرگانی بەفرۆشتنی زەوییەکان بکەن بۆیە خەڵک هاندەدەن ناڕازی بن لەڕێنماییەکان، ئەگینا خەڵک پابەندە بەڕێنماییەکان".

**ڕێنماییەکانی دروستکردنی خانوو لە دوو گەڕەکی نوێی هەولێر:**

- نابێت زەوییەکانی دابەش دوو بکرێت.
- گەڕەکەکە دابەشی چەند کەرتێک کراوە، هەر کەرتێکیش ڕەنگی تایبەتی پێدەدرێت.
- 50%ی ڕەنگی خانووەکە ڕەنگی (پرتەقاڵی و سەوز و پەمەیی) کاڵ بێت، 50% کەی دیکەش بە ئارەزووی خاوەن خانوو خۆیەتی دەتوانێ لەهەردوو ڕەنگی سپی و بێجی یەکێکیان هەڵبژێریت.
- 25% ی زەویەکە بە بۆشایی بەجێ بهێڵدرێت .
- بەرزی هەموو خانووەکان لەئاستی شەقام وەک یەک بێت نابێت لە 9 مەتر بەرزتر بێ.
- نابێت خانووەکان لە 2 نهۆم کەمتر و لە 3 نهۆم زیاتر بن.
- هیچ خانووێک مۆڵەتی پێنادرێت ئەگەر ئەندازیارێک ڕاستەخۆ سەرپەرشتی دروستکردنی خانووەکە نەکات.

# کوردستان لەجیاتی سەرژمێری گەمارۆسازی گەڕەکەکان دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

وێڕای ناڕەزایی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە دواخستنی، حکومەتی عێراق بۆ جاری دووەم سەرژمێری دانیشتوانی عێراقی بۆساڵێکی دیکە دواخستەوە، پسپۆرانی ئابوورییش دواخستنی بە"گەورەترین زیان بۆ سەر ئابووری هەرێمی کوردستان"دادەنێن.

ماوەی 22 ساڵە سەرژمێری دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان ئەنجام نەدراوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی حکومەت هیچ داتاو ئامارێکی ڕاستی لەبەردەست نەبێت، بۆیە وەزارەتی پلاندانان بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی بە ناچاری پشت بە ئاماری خەملێنراو دەبەستێ، جێگری سەرۆکی دەستەی ئاماری کوردستانیش دەڵێ "هیچ ئامارێکی خەملێنراو قەرەبووی داتاو ئاماری سەرژمێری ناکاتەوە، بۆیە ئەو داتاو ئامارە خەملێنراوانەی وەزارەتی پلاندانانیش لاوازن و بە کەڵکی پلان لەسەر دانان نایێن".

د.جەمال ڕەسوڵ، ڕاوێژکاری پێشکەوتووی وەزارەتی پلاندانان و پسپۆری ئامار بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لەبەر نەبوونی داتا و ئامار، وەزارەتەکەیان بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی بەناچاری پشتی بەهەندێک ئاماری خەملێنراو بەستووە، کە لەبەرئەنجامی هەندێ ڕووپێوی بەدەستهاتوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێ بۆ سەرخستنی پلانەکان 100% پشتیان پێببەسترێ "چونکە ئامارەکان زۆر ورد نین، هەموو ئامانجەکان وەک پێویست ناپێکێ".

د. جەمال گوتیشی "دواخستنی سەرژمێری دانیشتوان کاریگەری ڕاستەخۆی دەبێ لەسەر ئابووری هەرێمی کوردستان، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی کوردستان کەمتر لەمافی خۆی داهاتی ساڵانەی لە بودجەی عێراق بەرکەوێت، جگە لەوەش ئامارێکی وردمان دەستناکەوێت بۆ پلاندانان".

دوایین سەرژمێری عێراق لەساڵی 1997 ئەنجامدراوە، کە هەرێمی کوردستانی نەگرتەوە. بڕیاربوو ئەمساڵ لە مانگی تشرینی یەکەم سەرژمێری گشتیی ئەنجامبدرێ، بەڵام بەرەی تورکمانی و هەندێ لایەنی عەرەبی بە بیانووی ئەوەی کوردی ناکەرکووکی براونەتە کەرکووک داوایانکرد سەرژمێری لە کەرکووک نەکرێ. بەوشێوەیەش ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاری یەک ساڵ دواخستنی دا.

پسپۆرانی ئابووری، ئاماژە بەکەمتەرخەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پلاندانان دەکەن، بەوەی لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو لەگەڵ بوونی وەزارەتێکی تایبەت بەپلان و پێویستی کوردستان بەداتاو ئامار، هەوڵینەداوە سەرژمێرییەک ئەنجام بدات.

موسا محەممەد، شارەزا لەبواری پلاندانان، دەڵێت دەبووایە لەگەڵ دانانی وەزارەتی پلاندانان، ئەگەر بەشێوازی ناوچەییش بووایە سەرژمێری لە هەرێمی کوردستان بکرایە، گوتیشی "نابێ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر چاوەڕێی حکومەتی ناوەندی بێ بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری، چونکە دواکەوتنی سەرژمێری پێش ئەوەی زیان بەلایەنی سیاسی بگەیێنێت، زیان بە ئابووری کوردستان دەگەیێنێت، چونکە پێویستمان بە داتاو ئاماری تەندروست هەیە بۆ سەرخستن و گەشەپێدانی ئابووری کوردستان".

بەڵام د.جەمال ڕەسوڵ، ئەنجامدانی سەرژمێری لەهەرێمی کوردستان لەبەر هۆکاری سیاسی بە باش نازانێ، دەڵێ"پێویستمان بە ئامارێکی وردە، بەڵام باشتر وایە بۆ بەرژەوەندی سیاسی کوردستان چاوەڕێی سەرژمێری عێراق بکەین، چونکە ئەگەر سەرژمێری لە کوردستان ئەنجامبدەین، ئەنجامەکان بخەینەڕوو وەک ئەوە وایە قومار لەگەڵ کەسێک بکەین و کارتەکانمان لەبەردەمی بێت".

شارەزایانی ئامار ئەنجامدانی سەرژمێری بە بنەمای ڕاستەقینەی بەدەستهێنانی داتا و ئامار تەندروست دەزانن وپێیانوایە بەبێ بەدەستهێنانی داتا ئەستەمە پلاندانان سەرکەوتووبێت.

موسا محەممەد، ڕەخنە لە وەزارەتی پلاندانان دەگرێ و دەڵێ "ئەگەر وەزارەتی پلاندانان ساڵانە پلانێکی توکمەی هەبووایە بۆ سوود وەرگرتن لە بودجەی کوردستان و سەرچاوە ئابوورییەکان، دەیتوانی توانای داهاتی تاک و ژێرخانی ئابووری کوردستان زۆر بەهێزتر بکات، چونکە توانای سەرچاوە ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان ئەوەندە بەهێزن، لەجیاتی 5 ملیۆن کەس، دەتوانێ 50 کەس ملیۆن کەس بژیێنێت".

حەبیب فرەنسی یوسف، جێگری دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، دەڵێت کوردستان پتری عێراق پێویستی بە سەرژمێریە، چونکە لەساڵی 1987وە هیچ سەرژمێرییەک لەهەرێمی کوردستان ئەنجام نەدراوە، گوتیشی"دواخستنی سەرژمێری کاریگەریەکی ڕاستەخۆی هەیە لەسەر ئابووری کوردستان، چونکە ئەگەر بمانەوێ بەشێوەیەکی تەندروست هەنگاو بۆ گەشەپێدانی ئابووری کوردستان بنێین پێویستمان بەداتاو ئاماری وردە، کە ئەوەش لەڕێگەی سەرژمێرییەوە بەدەست دێ".

لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە، هەر 10 ساڵ جارێک سەرژمێری گشتی دانیشتووان ئەنجامدراوە، کە یەکەم سەرژمێری لە عێراق لە 1927/10/17 و دوایین سەرژمێریش لە 1997/10/17 ئەنجامدراوە، بەڵام لە دوای 1987/10/17 هیچ سەرژمێرییەک لە سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان ئەنجامنەدراوە.

ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی لە عێراق و کوردستان لە دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی دایە، هەرچەندە وا بڕیار بوو لە 2007/10/17 سەرژمێرییەکە بکرێ، بەڵام دواخرا بۆ 2009/10/17، بەڵام ئەنجوومەنی وەزیرانی لە کۆتایی مانگی ڕابردوو ئەو سەرژمێریەی ساڵێکی دیکە دواخستەوە.

دوای ئەوەی حکومەتی عێراق سەرژمێرییەکەی دواخست دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان پێشنیازیان بۆ حکومەتی عێراق کردووە کە دەستەکەیان لەلای خۆیەوە هەندێک ئامادەکاری بکات بۆ ئەو سەرژمێرییە، ئەوانیش ڕەزامەند بوون. حەبیب فرەنسی، گوتی "وەک ئامادەکارییەک بۆ سەرژمێری لە 2009/10/2 دەست دەکەین بە گەمارۆسازی و ژمارەدانان بۆ گەڕەکەکان، بۆ ئێمە ئەم قۆناخەش زۆر گرنگە و دەتوانین لەبواری بیناسازی و کشتوکاڵ و وەبەرهێنان و بازرگانی سوودی لێوەربگرین".

# ئەو کاتە بۆ هەستت بە شەرمەزاری نەدەکرد؟

سەبارەت بە لێدوانەکەی بەڕێز کەنعان موفتی کە لە هەفتەنامەی (ڕووداو) ژمارە (78) لە بەرواری 2009/9/14، لە لاپەڕە (2) بابەتێک بڵاوکراوەتەوە لە ژێر ناونیشانی (مۆزەخانەی هەولێر جێگەی شەرمەزارییە) بۆیە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر بە پێویستی زانی ئەم ڕوونکردنەوەیە بداتە هەفتەنامەکەتان..

سەبارەت بە لێدوانەکەی بەڕێز کەنعان موفتی کە باسی شەرمەزاری دەکات لە بەرامبەر مۆزەخانەی شارستانی هەولێر ئێمەش دەڵێین بەڕێز کاک کەنعان ئەو کاتەی کە بەڕێوەبەری گشتی بووی میوانی بیانی و ناوخۆیی دەهاتنە لات بۆ سەردانی مۆزەخانە، ئەو کاتە بۆ هەستت بە شەرمەزاری نە دەکرد و چارەیەکت بۆ نەدەکرد خۆ وەکو خۆت باسی لێ دەکەیت ئەوکاتەش سیمایەکی شارستانی بوو، بۆ دیارە کاک کەنعان ئاگای لێ نییە ئێمە چەندین هەوڵمان داوە بۆ باشترکردنی و لە لایەن پارێزگای هەولێرەوە کارەبا و سارد کەرەوە و دا پۆشینی زەوی بەکاشی پلاستیک کراوە و هەوڵمانداوە کە مۆزەخانەیەکی گەورە و مۆدێرن دروست بکرێت بەم نزیکانە.

**ڕاگەیاندنی شوێنەواری هەولێر**


"مۆزەخانەی هەولێر مایەی شەرمەزارییە"

## ڕای شەقام



### فرە لیستی کورد لە کەرکووک مەترسیدارە

**هێمن کامیل، مامۆستا لە پەیمانگەی مامۆستایانی شاری کەرکووک پێیوایە فرە لیستی بۆ کورد لە کەرکووک زۆر مەترسیدارە "چونکە کورد ناتوانێ پۆستە سیادییەکان بەدەستبهێنێ".**

**ڕووداو-کەرکووک**

**ڕووداو: پێتباشە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بکرێ؟**

**هێمن:** نەک هەر پێمباشە. بەڵکو زۆر بە گرنگی دەزانم بۆ کورد.

**ڕووداو: ئەگەر کورد بە یەک لیست بەشداری بکات قازانج دەکات یان زەرەر؟**

**هێمن:** لایەنی باش و خراپی هەیە ئەگەر یەک لیست بێ، کەرکوک دوور دەبێت لە ململانێی توندی نێوان لیستە کوردییەکان. لایەنە خراپەکەشی ئەوەیە ڕەنگە کورد دەنگ نەدات بەهۆی ئەو ئیدارە کوردییە خراپەی لە ڕابردوودا هەبووە.

**ڕووداو: ئەی فرە لیستی کوردیت پێ باشە؟**

**هێمن:** بە مەترسییەکی زۆر گەورەی دەبینم، چونکە کورد ناتوانێ بە فرە لیستی کێبڕکێ بۆ بەدەسهێنانی پۆستە سیادییەکان بکات.



### دڵخۆشم بە هاتنی گەشتیارانی عەرەب

**سەنگەر ئەیوب، 19 ساڵ، قوتابی ئامادەیی، پێیوایە ئەگەر گرنگی بەناوچە گەشتیارییەکانی کوردستان بدرێ، چەند ساڵێکی دیکە کوردستان دەبێتە جێی سەرنجی گەشتیارانی جیهان.**

**ڕووداو- هەولێر**

**ڕووداو: زیادبوونی ڕێژەی گەشتیارانی عەرەب بۆ کوردستان بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**سەنگەر:** ئارامی کوردستان وگەشەسەندنی ناوچەگەشتیارییەکان.

**ڕووداو: پێتوایە ڕۆژێک بێ، گەشتیارانی بیانیش بێنە کوردستان؟**

**سەنگەر:** ئەگەر زیاتر گرنگی بەناوچەگەشتیارییەکان بدرێ چەند ساڵێکی دیکە کوردستان دەبێتە جێی سەرنجی گەشتیارانی هەموو جیهان و کێبڕکێی وڵاتانی دەوروبەر دەکات.

**ڕووداو: دڵخۆشی بەهاتنی گەشتیارانی عەرەب؟**

**سەنگەر:** زۆر دڵخۆشم، چونکە هاتنیان دەبێتە پاڵپشتیەکی باش بۆ بووژانەوەی کەرتی ئابووری و گەشتیاری کوردستان.

# وەڵامم نەدەنەوە خۆم دەسووتێنم

**بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

بەڕێزان من کە هاووڵاتی (ا.ع.م) ناوە، هەر لەمنداڵییەوە هەردوو پێم بەهۆی دەرزی لێدانی هەڵەوە دووچاری ئیفلیجی بوون .خۆم و خێزانم ناتەواوین.پێش زیاتر لە چوار ساڵێک ژیانی هاوسەرێتیم پێکهێناوە ئێستاش دوو منداڵم هەیە و کرێچیم، لەبەر ئەوەش خۆم و خێزانەکەم لەبواری ئابووری و دەرونی دا گوشارێکی زۆرم بۆ هاتووە.

ئێمە کە لە گەڕەکی گڵکەند لەناو یەک ژووردا بە کریچێتی دەژین، خانووەکەمان تەنها 50 مەترەو پێشتر تەویلە بووە.

ئێستاش مامۆستای پەیمانگایەکم لە هەولێر بۆ فێرکردنی پیشەو زمان. ماوەی دوو ساڵ زیاترە هاتووچۆی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم هیچ وەڵامێکم نادرێتەوە. وەزعم زۆر خراپە، ئەگەر وەڵامم نەدرێتەوە چیتر تەحەمولی ئەو وەزعە ناکەم.



لەرۆژی بڵاوبوونەوەی، ئەم بابەتەوە بۆ ماوەی مانگێک ئەگەر وەڵامم نەدرێتەوە، دێمە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیران، بە ئاگادارکردنەوەی سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی سەرجەم کونسولخانەکانی ناو هەولێر هێزی هاوپەیمانان و نوێنەری UN، ئاگرێک دەنێم بە جەستەی خۆمەوەو لەبەر بێ جێگەو ڕێگەیی کۆتایی بەژیانی خۆم دێنم . تکایە وەڵام، چیتر تەحەمول ناکەم.

**ناونیشانم**
**مۆبایل:** 07706458759
**نۆرمال:** 0662536527
**ئیمەیل:** umid1980@yahoo.com
**ئیمەیل:** umid1980@hotmail.com

## هەمەجۆر

### کورد بۆ دواوە دەگەڕێتەوە



ڕووداو-سوێد

هونەرمەنـد نەجمەدین غولامی ڕایگەیاند کە هەسـتی نەتەوەیـی کورد زۆر لاواز بووە دەگەڕێتـەوە دواوە. غولامی لە دیدارێکی تایبەتدا لە گەڵ (ڕووداو) کە ژمارەی داهاتوو بڵاودەبێتەوە گوتی " من پێموایە هەستی نەتەوەیی لە کوردستاندا بە گشتی کزبووە، من چوار پێنج ساڵ لەمەوپێش سەردانی کوردستانم کرد ئەوکاتە خەڵکەکە بە جۆرێکی دیکە بوون. با نموونەیەکتان بۆ بهێنمەوە، ماوەیەک لەمەوپێش لە کۆیە چوون کێلی گۆڕەکەی دڵداریان شکاندووە گوایە ئەو کافرە لەبەرئەوەی وەختی خۆی وتوویەتی دینمان و ئاینمان هەر نیشتمان، جا بزانە نەتەوەی ئێمە تا چ ڕادەیەک دەگەڕێتەوە بۆ دواوە"

# سۆڵۆی کەمانی زەمانی نامرێت

## میوزیکژەن حەسەن زەمانی: 200 ئاوازی کوردی و فارسیم ئامادەکردووە



یوسف زەمانی لەگەڵ هونەرمەندی بەناوبانگی فارسی شەجەریان

**هێرۆ مەولوودی**
**ڕووداو-هەولێر**

ڕەنگە خۆشـی بـاوەڕ نەکات چـۆن بوو بەهونەرمەند، چونکە ئەو ژیانی لە کۆشـک و تەلارە بەرزەکان بەسەر نەبردووەو مامۆستای تایبەتی بۆ نەهێنراوەتە کۆشک، بەڵکو زۆربەی تەمەنـی منداڵی و هـەرزەکاری لە کارکردن ولە ماڵ بۆ ئەو ماڵ بەسـەر بردووە. حەسەن زەمانی مانگی ڕابردوو لە تەمەنی 78 ساڵی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا بۆ یەکجاری ماڵئاوایی لە دونیای ئاوازو مۆزیک کرد.

حەسـەن یوسـف زەمانـی، یەکێکە لە میوزیکـژەن و ئاوازدانەرە بلیمەتەکانی کورد، زەمانـی کە زۆر خۆشـی لە خۆ دەرخسـتن نەدەهـات، بـەر لەوەی کۆچـی دوایی بکات هەندێـک لە نهێنییەکانی ژیانی بۆ خوێنەرانی (ڕووداو) ئاشکرا کرد. زەمانی لەگەڵ حوسێنی برای کـە ئەویش هونەرمەنـدە دامەزرێنەری یەکەمین ئۆرکێسـترای کوردین لـە تاران لە ساڵی 1960. کە خۆی بەڕێوەبەر و براکەشی سەرپەرشتیاری ئۆرکێستراکە بووە.

زەمانی لە ماوەی کارکردنی لەو ئۆرکێسترایە بە چەندین هونەرمەندی کوردی ئەو سـەردەم ئاشـنا دەبێ و کاریان بـۆ دەکات لەوانەش حەسەن زیرەک و مەزهەری خاڵقی. نەسیمەکەی سـەردی پایزی مەزهەری خاڵقی یەکێکە لە شـاکارەکانی زەمانی. زەمانی ئاشکرایکرد کە لەو ماوەیەدا پتر لە 30 ئاوازی بۆ گۆرانییەکانی مەزهەری خاڵقی داناوە.

حەسـەن زەمانی لە ساڵی 1931 لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، وەک خـۆی دەیگێڕێتەوە تەمەنی 4 سـاڵان بووە باوکی کۆچی دوایی کردووە، بۆیە چووەتە لای خاڵی هەرچی حوسێنی براشیەتی چووەتە لای مامی. زەمانی دەڵێت "لە تەمەنی 10 ساڵیدا بەهۆی نەبوونی سەرپەرشتیار لەگەڵ حوسێنی برام هەموو جۆرە کارێکی سووک و قورسمان دەکرد".

وەک زەمانی دەیگێڕێتەوە یەکەم هەنگاوی ئاشنا بوونی بە کتێب و خوێندن لە حوجرەو پاشـان لـە قوتابخانـە بووە، ئـەو بەهۆی نەبوونییەوە تا پۆلی پێنجی سەرەتایی خوێند دواتریـش لـە قوتابخانەی شـەوان قۆناخی سەرەتایی تەواو کردووە. زەمانی دەڵێت "ئەگەر تەمەنی منداڵیم بە خۆشـی بەسەر بردبووایە نەدەبوومە ئەو هونەرمەندە"، ئەو دایکیشـی لەبیر ناکات کە پاڵپشـتێکی گەورە بووە بۆی "هەموو ئەو ئاسـایش و ئارامییەی کە هەمە بەهۆی فریشـتەیەکی میهرەبان بووە ئەویش دایکمە".

ئـەوەی لـە ژیانیدا زۆر ڕقـی لێبووە خۆ دەرخسـتن و ڕێـکلام کردن بـووە، زەمانی هەمیشـە خۆی لە خۆ دەرخسـتن بە دوور گرتـووە، ئـەو دەڵێت "بزەیەکـی منداڵان و چەپڵـەی هاووڵاتییانم بەلاوە گرنگتر بووە لە خۆ ناسـاندم، نەمویسـتووە هەموو کەسێک من بناسـێت، ئەوەی هونەر بناسـێ منیش دەناسێ".

زەمانی باسـی چۆنیەتی ئاشـنا بوون و هەنگاونـان بەرەو دونیای هونـەری میوزیک دەکات و دەڵێـت تەمەنـی 15 سـاڵان بووە چووەتـە قوتابخانـەی نیـزام شـوکری لە شـاری سـنە و لەوێ فێری ژەنینی کلارنێت و ساکسـیفون بووە. بەڵام لە سـاڵی 1946 قوتابخانەکە دەگوزارێتەوە بۆ شـاری ورمێ، هۆگـری زەمانـی و هاوڕێکانی بۆ مۆسـیقا وایانلێدەکات بەدوای گواستنەوەی قوتابخانەکە بچنە ورمێ. هـەر لەوێش ژیانی هاوسـەری پێکدێنێ، پاشان لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی مۆزیکژەن بۆ ماوەی 2 سـاڵ لە ڕادیۆی ورمێ پرۆگرامی میوزیکیان پێشکەشکردووە، بەڵام لە ساڵی 1957 جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە سنە و لە ڕادیۆی سنە کار دەکات.

زەمانی دڵی بەو برە زانستەی مۆسیقا تێرئاو نابێت و بۆ پتر فێربوون لە سـاڵی 1960 روو دەکاتە تاران و دەچێتە پەیمانگەی مۆسـیقا لەتاران لەوێ لەسـەر دەسـتی مامۆستایان هوشەنگ ئوستوار، حەسەن ناسحی، قەریب، لویچی پاساناری، مستەفا کوردی، کلارنێت و ڤیولۆن و هارمۆنی فێردەبێت. هەروەها دەبێتە ئەندامی گرووپی نەکیسـا و باربود، لە هەمان کات لە ڕادیۆی تاران کار دەکات.

زەمانی هـەر چەندە بە فێربوونی میوزیکی فارسـی دەسـتپێدەکات، بەڵام مۆسـیقای میللەتەکەشـی لەبیر ناکات ئەو دەڵێت کە لە تـاران بووین لەگەڵ مەزهـەری خاڵقی، عەلا بابا شـەهابی و محمد تەهماسبی، گروپێکی موسیقای کوردیمان دامەزراند و بۆ یەکەم جار ئاواز و موزیکی کوردیمان پێشکەشکرد.

ڕۆژ بەڕۆژ بەهرەکانی زەمانی وەدەردەکەون ئەو سەرەتا بە ژەنینی مۆسیقا و لاسایکردنەوەی هونەرمەندانی مۆزیکژەن دەستپێدەکات، بەڵام دواتر بەهرەکەی خۆی دەدۆزێتەوەو دەست بە دانانی ئـاواز دەکات. بۆ چەند هونەرمەندێکی دیاری کوردو فارس کاری دابەشکردنی ئاوازی کردووە لەوانەش محەممەد ڕەزا شـەجەریان، شەهرام نازری و حسامەددین سیراج. هەروەها ئـاوازی بۆ هونەرمەندان سـیما بینا، پوران، پەروین، مەرزیە، عەهدیە و ڕامش داناوە.

زەمانی لە سـاڵی 1991 چووەتە شـاری تۆرنتـۆی کەنـەداو لەوێ نیشـتەجێ بووە. ئـەو دەڵێت جگە لەوەی کە تا ئێسـتا چەند کۆنسێرتێکی لە شارەکانی کەنەدا ساز کردووە، زۆربـەی کاتەکانی بـۆ فێرکردنـی گەنجان بەئامێرەکانی ڤیولۆن و کلارنێت تەرخانکردبوو. هەروەها دەڵێت تا ئێستا نزیکەی 200 ئاوازی کوردی و فارسیم ئامادەو پێشکێشکردووە و 96 ئاوازی کوردیم نووسیوەتەوەو ئامادەم کردوون.

مامۆسـتا زەمانـی جگـە لـە میوزیـک ئاشنایەتیشـی لەگـەڵ شـیعر نووسـین هەبـووە، هەروەک خـۆی باسـیکرد "ڕۆژی 14 مارسـی 2004 خوای عەشـق بەسیلەی نیگای ڕووناکییەکی خستە دڵ و ڕۆحـم و زمانـم بە شیعر کرایەوە".



حەسەن زەمانی



بە بەشداری ژمارەیەکی زۆری ڕەوەندی کوردی زەمانی لە شاری تۆرۆنتۆ بە خاک سپێردرا (فۆتۆ:ڕووداو)

- لە 1931 لە شـاری سنە ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە
- لەتەمەنـی 4 سـاڵی باوکـی کۆچی دوایـی کـردووە و بنەماڵەکەیان لە یەک جیابوونەتەوە و لەگەڵ ماڵی مامی ژیاوە. دوایی گەڕاوەتەوە لای دایکی.
- لە تەمەنی 15 ساڵی لە شاری سنە فێری ژەنینی کلارنێت و ساکسیفۆن بووە.
- زیاتر لە 100 ئاوازی کوردی داناوە
- لـە1991 کۆچیکردووە بـۆ کەنەدا، لە 2009/8/16 لە شاری تۆرنتۆ بە نەخۆشی کۆچی دوای کردووەو لەوێش نێژراوە.

## بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalaky@hotmail.com

### کاوڕ
Mar 21–Apr 19

هەسـت بە ئارامیەکی زیاتر دەکەن لە جاران بەڵام ناتوانن لە باری سۆزدارییەوە دڵنیا بن، پێویسـتە زیاتـر خۆڕاگربن و کۆنترۆڵی تووڕەییتان بکەن. بەڵام هەموو شـتەکان لەم ماوەیـەدا زۆر بە کتوپڕی گۆڕانی تێدەکەوێت.

### تەرازوو
Sep 23–Oct 23

وا بـەدەر دەکەوێت هەندێک لە کارەکان قـورس دەبن یـان دووا دەکەنەوە لە کاتی خۆیان، ئەمەش هەرگیز پێویسـت بە ترس ناکات، باشترین ڕێنمایی بۆ ئێوە ئەوەیە زۆر بە وریایی کارەکانتان جێگیر بکەن و ئەوەندە باز بەسەر ئەو کارانەدا هەڵنەدەن.

### گا
Apr 20–May 20

دەتوانن هەست بە خۆشی زیاتر بکەن لە ڕۆژانی ڕابردوو، هەندێک لە سـەرەتای کارەکان ئەنجامی باشیان ئاشکرا کردووە هـەوڵ بدەن بەهـۆی تووڕەیی و کەمێک بێزاریتانەوە لەدەستیان نەدەن.

### دووپشک
Oct 24–Nov 21

دەکرێـت بـڕوا بـە هەموو شـتەکانی چواردەورمان بکەین، ئەوانەی لە خەیاڵماندایە بەڵام ناکرێت هەندێک جار دوای ئەو خەیاڵانە بکەوین کە دەزانین بەدیهاتنیان ئەستەمە، ڕاسـتبینانە بیـر بکەنـەوە چونکە کاتی ئەنجامدانی گەورەیە.

### جمک
May 21–Jun 21

کاتێکی باشتان دەبێت، زیاتر لە جاران کـراوە دەبن بەهۆی ئـەو چاوپێکەوتن و دیدارە نوێیانەی ئـەم ماوەیەتان. دەبێت بـاری سـۆزداری جێگیر بکـەن چونکە بە ئاقارێکی قورسـدا تێدەپەڕێت. باری دەرامەت باش دەبێت.

### کەوان
Nov 22–Dec 21

لە باری سۆزداریدا هەست بە ماندوبوون دەکـەن، ئەمەش پێویسـتی بە یەکلایی کردنەوە هەیە کە لەم کاتەدا تەنها دەتوانن چـاوەڕوان بن، باری دەرامەت ئاسـتێکی بەرزتر لە جاران بە خۆیەوە دەبینێت.

### قرژاڵ
Jun 22–Jul 22

بەتوانا دەبن بۆ سووک کردنی ئەرکەکانی سەرشانتان بەڵام جار لەدوای جار کارەکان گەورەتر دەبن و پێویسـتە زیاتر لە جاران بۆیان مانـدوو بن. باری دەرامەتتان باش دەبێت ڕەنگە بتوانن سـەرچاوەی دارایتان زیاتر بکەن.

### کارژۆلە
Dec 22–Jan 19

ئەگەر نهێنیت هەیە، هەوڵ بدە هێشتا هەر پارێزراو بێت و بۆ کەسی باس مەکە، ئەو شـتانەی هەنگاوەکانت دوا دەخاتەوە هەر ئەو شتانەن کە پێشتر نەتتوانیوە بە وردی مامەڵـەیـان لەگەڵ بکەیت. دەتوانی چالاکی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدەیت.

### شێر
Jul 23-Aug 22

خۆشەویسـتیتان زیـاد دەکات لـە کۆمـەڵ و چواردەورەکەتانـدا، وا باشـە چاوخشـاندنەوەیەک بە نێو هاوڕێکانتاندا بکەن و بتوانن کەسـی شـیاو ودڵسۆز بۆ هەندێک لـە کارەکان هەڵبژێرن و کوێرانە بڕوا بە هەموو کەس نەکەن.

### سەتڵ
Jan 20– Feb 18

بیرکردنـەوەی زۆر لـە هەموو کاتێکدا دەبێتـە هۆی ڕەشـبینی، ئێسـتا ئەگەر پشـویەکی هێمن وەربگریت و هەندێک لەو کارانـە لەیاد بکەیت کەگرنگ نین بۆ ژیانی تایبەتی خۆت، ڕەنگە دنیا بە شـێوەیەکی زۆر خۆش بگۆڕێت.

### گوڵەگەنم
Aug 23–Sep 22

لەم کاتە بـەدواوە هەموو شـتەکان دەگۆڕێت، گرفتەکان کەم دەبنەوەو وچەندین دەرگا دەکرێنەوە، هەوڵ بدەن بەرگری بکەن لەو شتانەی تا ئێستا بەدەستتان هێناوە و بەئاسانی لەدەستیان مەدەن. داهاتو لەوە باشترە چاوەڕوانی دەکەیت.

### نەهەنگ
Feb 19–Mar 20

پێویسـتتان بە هـەوڵ و ماندوو بونی زیاتر هەیە، لـەو کارانە دور بکەونەوە کە ماندووتـان دەکات و هیچ سـودێکتان پێ نابەخشـێت، ئەم هەفتەیـە گۆڕانی زۆری تێدایەو هەندێکیان زۆر دڵخۆشکەر دەبن.

### بەگشتی :

- چالاکییەکانی ئەم ماوەیەمان دەتوانێت پێمان بڵێت تا چ ڕادەیەک ئێمە توانامان هەیە،سەیری ئەم 10 ڕۆژە بکە کە ڕۆیشت، بزانە چ کەموکوریەک لە ژیانی کۆمەڵایەتی ڕوویـداوە تۆمـاری بکە لای خۆت، ئەو فرسـەتانەی دێنەوە دەتوانی چارەسـەری کەموکورتیەکان بکەیت.
- ئەم ماوەیە کە هەسارەی خۆر لە بورجی تەرازووە هەست بە گەشبینییەکی زیاتر دەکەین و هەمیشـە خۆشحاڵین، هەندێک جار شتی زۆر باش ڕومان تێدەکات، بەڵام کەللەڕەقی دەمانگرێت و ڕەنگە ئەوەی هەشمانە لەدەستی بدەین.
- بـەڵام کە هەتاو دەچێتە بورجی تەرازوو لـەوێ زوحەلی لێیە، واتا هەندێک لە نەگبەتیەکانـی ئەم ماوەیە کەم دەبێتەوە، ڕێگریەکان کەمن، بەڵام هەواڵەکان خۆش نین. کاتێکی باشە بۆ چارەسەری کێشەکان بە هێمنی.

# بارێ من یێ ئابووری گەلەک خراپەو دبن سفرێدایە

## عەبدولقەهار زاخۆیی دێ ب خێزانڤە چیت ل دەرڤەی وەلاتی ژیت



**نەجمەددین نێرەویی**
**ڕووداو- زاخۆ**

د داخویانیەکێـدا بـۆ (ڕووداو) هونەرمەند عەبدولقەهـار زاخویی گووت ئەگـەر ڕێکەک و دەلیڤـەک بۆ من پەیدا ببن دێ ئێدی ب خێزانڤە چمـە دەرڤەی وەلاتـی و ل وێرێ ژیـم، ل دیڤ پێ زانینێن مە وەرگرتین کـۆ نها بارێ ئابووریێ هونەرمەندی د لاوازییدایە لەوما سـەبارەت ئەڤێ چەندێ عەبدولقەهار زاخۆیی گووت بارێ من یێ ئابووری لبن سـفرێدایە و ئەگەر نها ب هاریکاریا هەڤال و برادەران و برایێ من (ئیسلام زاخویی) نەبیتن کۆ ئەو دچیتە دەواتان ئەز نەشێم ژیانا خۆ ببمە سـەر چونکـۆ مووچەیێ من بتنێ (284000) دینـارن و ئەز هەیڤانە نێزیکی (1000) دولاران د مەزێخم، ئەوژی گووت مروڤ دچیـت دوو تا سـێ دەفتەرێن دۆلاران ل بەرهەمێ خۆ د مەزێخیتن و هەر ب ساناهی خەڵک کۆپی دکەن و دکەنە د فلاش مێمۆریاندا و تا نها هێشتا من پارێ چ بەرهەمێن خۆ نەکرییە د بەریکا خۆدا، عەبدولقەهار زاخۆیـی دبێژیت جیاوازی یا هاتیـە کرن دناڤبەرا هونەرمەندان و هونەرمەند هەبوویە ل دەرڤەی وەلاتی هاتی و ئێکسـەر وەزیران پێشوازی لێ کرییە و ب پێنج مۆنیکا کەڤتینە دی و هێشـتا ئەم نەشـێین بەرپرسـەکێ ببینین و ل ڤێرە ئەگەر هونەرمەندی بەرپرسـەک ل پشت نەبیت نەشێت ب سەر کەڤیت ئەگەر چەند یێ خودان شیان و دەنگ خوش بیت.

لسـەر وان ئاهەنگێن د پروپاگندێن هەلبژارتنان هاتینە کرن، عەبدولقەهـاری گووت من ئاهەنگ بۆ لیستا کوردسـتانی د گێڕان و هندەکێن دی هاتنە خـەلات کرن و خۆ تا نها ئێکێ نە گووتیە من هەما سـوپاس بۆ تەژی تە زەحمەت کێشا، عەبدولقهاری دگـووت ئێدی د چ هەلبژارتناندا ئەز سـترانا بۆ چ لیستەیان نابێژم ئەگەر چەند پاران بدەنە من و دێ خۆ ژ سیاسەتێ دوور ئێخم.

سـەبارەت کۆ ل جادەیان دگووتن عەبدولقەهار زاخۆیـی ترومبێلەکا مۆنیکا و 5000مەترێن عەردی دگـەل 25000 دۆلاران وەرگرتینە، عەبدولقەهاری گـووت ئاها ئەز عێجزێ ئەڤێ چەندێ مە خەلک وە دبێژن لێ بلا بۆ وان ئاشکرا ببیت کو تا نها کەسەکێ نەگووتیە من سـوپاس بۆ تە و ها هەما ئەڤە بۆ تە گولەک ژی، وێجا حەتا ڤان تشتا هەمیا بدەنە من.

عەبدولقهاری دگووت ئەز یێ د حەسـم د وارێ خودا یێ غەریب لێ هاتیم و ئەڤێ چەندێ ژی دێ ب ستران بەرسڤ دەم و ناڤێ سترانێ ژی (ئەز د وارێ خودا ئەڤرو غەریبم) لەورا من هزر کرییە بچم ئێدی ل دەرڤەی وەلاتی بژیم، چونکو هونەر د کوردستانێدا زور یێ لاواز بووی و چ پیتە پێ ناهێتە دان و بتنێ پیتەی ب هنـدەک هونەرمەندان ددەن و ئەڤێن دی هەمـی هاڤێتینە و هونەر نوکە یـا بوویە ماددە و ئەگەر تە هەبیت تۆ هونەرمەندەکێ باشـی و ئەگەر تە نەبیت تۆ نەشێی بەردەوامیێ پێ بدەی لەوما من هزر کرییە ئەز دەسـتا ژ هونەری بەردەم بەری ئەو دەستا ژ من بەردەت.

# پیاو درۆزنترن

## پیاو ڕۆژانە 6 درۆ دەکەن

**ڕووداو- UPI**

لـە توێژینەوەیەکـی نوێـدا کـە ڕۆژنامەی"دەیلی ئیکسپرێس"ی بەریتانی ئەنجامەکەی بڵاو کردەوە، دەرکەوت پیاو دوو هێنـدەی ژن درۆ لەگـەڵ بەرپـرس و هاوکارانـی لـە شـوێنی کار و لەگەڵ هاوسـەرەکەیدا دەکات. توێژینەوەکـە ئاشکرای دەکات پیاوان ڕۆژانە نزیکەی 6 جار درۆ دەکـەن، واتە بە ڕێژەی 42 درۆ لە هەفتەیەکدا و لە ساڵێکیشدا 2184 درۆ دەکەن، بە درێژایی ژیانیشیان 126 هەزار و 672 درۆ دەکەن.

هەمـان توێژینەوە دەڵـێ کە ژنان لە ڕۆژێکدا نزیکـەی 3 درۆ دەکەن، واتە لە هەفتەیەکدا 21 درۆ دەکەن. لە ساڵێکیشدا 1092 درۆ و بە درێژایی ژیانیشـیان 68 هەزار و 876 درۆ دەکەن.

توێژینەوەکە بۆی دەرکەوت کە لە نێو هەر پێنج کەسـدا چوار کەس دووپاتیان کـردەوە، کە ئەوان دەتوانن بە ئاسـانی هەست بەوە بکەن کە ئاخۆ بەرامبەرەکەیان درۆ دەکات یـان نـا. هـاوکات نیوەی بەشدارانی ئەو توێژینەوەیە لە ژنان پیاوان دووپاتیان کردەوە کە ئەوان لە کاتی درۆ کردنیان لەگەڵ هاوسـەرانیان، درۆکانیان ئاشکرا بووە.

توێژینەوەکە ئاماژەش دەدات کە 25%ی خێزانداران ددانیان بەوەدا نا، کە بە هۆی درۆوە تووشی شـەڕ و فەرتەنە هاتوون، هەروەها 7%یشیان ددانیان بەوەدا نا، کە درۆ بەرەو جیابوونەوە و پاشـان تەڵاقی بردوون.

توێژینەوەکـە دەڵێ باوترین درۆی لای پیاوان ئەوەیە کە دەڵێن" من باشم وهیچ کێشەیەکم نییە"،"بە هۆی قەرەباڵغییەوە دوا کەوتم". درۆی هەرە باوی نێو ژنانیش ئەوەیە کە دەڵێن"ئێستا نا چونکە سەرم دێشێ"و،"نەمتوانی وەڵامت بدەمەوە چونکە مۆبایلەکەم شەحنی نەما بوو"و،"من ئێستا بە ڕێوەم".

# تـــارا شەڕفرۆش بوو



**ڕووداو- سوێد**

گۆرانیبێژ تارا ڕەسوڵ، کە ئێستا بەسەردانێک گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، بەنیازە دوو کۆنسێرت لەشارەکانی سلێمانی و کەرکووک سـاز بکات. تارا لەو بارەیەوە بۆ (ڕووداو) گوتـی "بە نیازم بـە هاوکاری یەکێـک لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنی شاری سلێمانی دوو کۆنسێرت لەشارەکانی سلێمانی و کەرکووک سـاز بکەم". لەبەشێکی دیکەی قسە کانیدا تارا باسی لەوەکرد، کە لەمنداڵیدا هەمیشە بەخیلـی بەهاوڕێکانی بردووە "لەبەر ئـەوەی لە یاری پێشبرکێدا هەمیشـە لەپێش منەوە بوون و زۆرجاریش شەرم پێدەفرۆشتن". هەروەها گوتی "ئێستاش زۆرجار دەبمەوە منداڵ و یاری دەکەم".

تارا لە سـالی 1993 یەکەم گۆرانی بەناوی (بەتەنیا جێم مەهێڵـن) تۆمارکردو، تاکو ئێسـتا خاوەنی دوو ئەلبومە، دەرچووی بەشی مۆزیکی زانکۆی ستۆکهۆلمە و لەساڵی 2000 ژیانی هاوسەری لەگەڵ ژەنیار فەرهاد محەممەد پێکهێناوە و دواتر لەساڵی 2002 لە یەکتری جیابوونەتەوە.



رامیار مەحمود - سلێمانی
karwanmramyar55@gmail.com

# بەخێربێن بۆ کوردستان

## قۆناخی پاش کوردایەتی

**تکایە عەرەبە بێگانەکان مەگەڕێنەوە و بە جێمان مەهێڵن بە تەنیا لە گەڵ کوردا**

ئەم جەژنە بە رادەیەکی زۆر تایبەت و دەگمەن بوو لە ژیانمدا. ئەوەشی وا دەکات تایبەتمەندییەکی گرنگ بەو جەژنە ببەخشێت خوشک و برایانی فیدراڵین. ئەو هاووڵاتییە عێراقیانەی لە بەشەکانی تری دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە بۆ سەیران و ئاهەنگ دێنە کوردستان. جگە لە ئارامی، تایبەتمەندی جوگرافی ناوچەکە خاڵی سەرەکی هاندانیانە بۆ ئەوەی روو لە هەرێمی کوردستان بکەن. دەشێت خەڵکانێکی زۆریان بۆ سەردانی کەس و خزمەکانیان بێن کە دانیشتووی هەرێمی کوردستانن و جەژنیان لە گەڵ بکەن .

یەک لەو وەرچەرخانە گرنگانەی هەرێمی کوردستان، نیشتەجێبوونی عەرەبە. کە دەبێت وەک شانسێکی کولتوری و کۆمەڵایەتی گرنگ سەیری بکەین کە پێشتر ئەزموونی لەو شێوەیەمان نەکردووە کە دراوسێکانمان سەر بە هەمان زمان و ئەزمونی مێژووی ئێمە نەبن. لەو رۆژانەدا بۆ شۆخیکردن بە دراوسێکەمان وت سوپاس بۆ تیرۆر لە بەشەکانی تری عێراق کە ئێوەی کردووە بە دراوسێم. ئەگەرچی راهێنانێکی عەقڵی زیاتری دەوێت بۆ ئەوەی لە بەهای ئەم هەمەرەنگییە تێبگەین و رەنگە بەشێکی ئەم کارە بۆ فەزڵی ئەو دوور بینیە سیاسیە بگەڕێتەوە کە هەندێک سەرکردەی کورد گرتیانە بەر بۆ باوەش کردنەوەی هەرێم بەسەر خەڵکی بەشەکانی تری عێراقدا.

رەنگە بۆ خەڵکانێک خاڵێکی تری گرنگ دروستکردنی کەرتێکی ئابوورییە کە دەشێت بە شێوەیەکی ستراتیجی بەکار بهێنرێت و قازانجی ئابووری گەورە بە هەرێمی کوردستان بگەیەنێت بەڵام دروستکردنی پیشەسازی گەشتیاری تا بڵێی ئاڵۆزە و بێ بەربەرەکانی و داهێنان کردن بە رێوە ناچێت. مەسەلەکە ئەوە نییە کە هەندێک خەڵک پێیانوایە کوردستان هەموو شوێنێکی سەیرانە کە هەرگیز وانییە. بەڵام من پێمخۆشە لە سەردیوە سیاسی و کەلتوورییەکە کەمێک بوەستم. ئەویش لە رێگای بە هەند وەرگرتنی ئەو وەرچەرخانە نوێیەی هەرێمی کوردستان کە دەیکاتە شوێنێکی کۆمەڵایەتی هەمەڕەنگ.

کەنەدا و ئوستراليا لە ساڵی 1970 بە شێوەیەکی رەسمی خۆیان وەک کۆمەڵگای مۆڵتی کەلچرالیزم راگەیاند . بە دەر لەوەی ئەو ئەرگومێنت و لێکدانەوانە چین لەسەر ئەم تێرمە لە دۆخی کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا هەیە. بێگومان کۆی لێکدانەوەکانیش سەر بە شوێن و کاتی دیاریکراون لە رووی مێژووی و کۆمەڵایەتییەوە . مۆڵتی کەلچەراليزم واتا هەمەڕەنگی دانیشتووان و کەلتوور وەک سیاسەتێکی گشتی. لێرەدا سیاسەتی رەسمی هەڵدەسێت بە بەڕێوەبردنی هەمەڕەنگی و دابینکردنی دادپەروەری و یەکسانی و پاراستنی هەمەرەنگی. بەم پێیە کۆمەڵگای هاوچەرخ یەک یەکەی کەلتووری چونیەک ناگەیەنێت.

بە درێژایی سەردەمی تازە، هەرێمی کوردستان سەرقاڵی دروستکردنی دیمەنێکی ئایدیلۆجی وسیاسی بووە کە ئەم کۆمەڵگایە یەک یەکەی کەلتووری ومێژوویی و نەژادییە . ئەوانەی تائێستاش داوای جیابوونەوە دەکەن لە رووی ئایدیلۆجییەوە سەر بەو بلۆکەی کۆنەی بیرکردنەوەن. کە کوردەکان یەک نەتەوەو یەک گەلن . بەڵام هێدی هێدی لە دوای روخانی (سەدام حوسەین) ەوە. کوردەکان رووبەڕووی چەند بەرهەڵستییەک دەبنەوە و سێ رەوشی تازە ناچارمان دەکات دەستکاری دیمەنی خۆمان و شێوەی سیاسەتکردنمان بکەین: یەکەمیان کارکردن لە ناو عێراقدا و وەک چوارچێوەیەک. دووەمیان مەسەلەی کەرکووک وەک شارێکی هەمەرەنگ لە رووی کەلتووری و نەژادییەوە. سێیەمیان نیشتە جێبوونی عەرەب لە ناو شارەکانی هەرێمی کوردستاندا وەک فینومینەیەکی سیاسی و کەلتوری نوێ.

رەنگە هیچ سیاسییەک لە کوردستاندا هێندەی تاڵەبانی نەبووبێتە قوربانی کارکردن بە ئاراستەی پشتیوانی کردن لەم رەوشە نوێیانە بە هۆی بەدحاڵیبوونی عەوام و میدیای بە تاڵ لە عەقڵەوە کە لە پشت وروژاندنی سایکۆلۆجی خەڵکی عەوامەوەیە.



گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

# هۆڕن لە لوبنان فیکە لە کوردستان

یەک لە نوکتەکانی ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان ئەوەیە زۆربەی ئەندامەکان، نازانن کێ سەر بە کوێیە، بە تایبەتی ئەندامانی لیستی گۆڕان و کوردستانی، زۆربەی ئەندامە تازە گۆڕاوەکان هێشتا بە تەواوی لایان روون نەبۆتەوە هاوڕێکانیان کامیان گۆڕاون و کێهانیان جاری نەگۆڕە. هەروا یەکێتییە نەگۆڕاوەکانیش جارێ تەواو دڵنیا نین ئەوانەی دەست بڵند دەکەن، یان نایکەن، کامیان لە خۆیانە و کامیان گۆڕاوە. بۆیە چەند جارێک رووی داوە لە کاتی دەنگداندا ئەم لەو دەپرسێ بێ زەحمەت جەنابت سەر بە کوێیت؟ لە هەموان گوناحتر لەوانەیە پارتییەکان بن، ئاخر ئەوان بە تەواوەتی لێیان تێکچووە و نازانن کێ گۆڕاوە و کێ نەگۆڕە.

قوتابی یەکەم ساڵی کۆلیژ لە کوردستاندا پێی دەگوترێ قاز، ئاخر چونکە هەموویان ساڵانێکە وەک مەڕی دابەستە لە قوتابخانەکانیان تەنیا هاورەگەزی خۆیان دەبینن و لە پاسدا نەبێ، کوڕ و کچ لە تەنیشت یەکەوە دانەنیشتوون، بۆیە کاتێ لە ناکاو دێنە کۆلیژ شەرم دایاندەگرێت و ناوێرن لە خۆیانەوە هیچ شتێک بکەن، رۆژانی یەکەم ئەگەر یەکێکیان رێگەی یانە بدۆزێتەوە شەشی دیکە وەک قاز دوای دەکەون، ئەوی دیکە ژووری بڕیاردەر پێدەزانێ دوازدەی دیکە وەک قاز دوای دەکەون، ئاخر ئەوە تەنیا قازە بە ریز و یەک بە دوای یەکدا روو لە جێیەک دەکەن. بۆ قۆشمەش رووی داوی قازێک کە شازدەی دیکەی بە دواوە بووە پرسیاری ژووری جەنابی عەمیدی لە قوتابییەکی قۆشمەی پۆلەکانی دیکە کردووە و ئەویش هەموویانی رەوانەی ئاودەستی کچان کردووە.

حاڵی ئێستای پەرلەمانیش ئەم جۆرە قازێتییەی پێوە دیارە، ئاخر ئەو ئەندامانەی جارێ نازانن کێ سەر بە کوێیە و پێشیان شەرمە پرسیار بکەن، چاوەڕێی دەستبەرزکردنەوەی سەرۆکی فراکسیۆنەکان دەکەن، ئەگەر سۆزان دەستی بڵند کرد کوردستانی هەمووی سنگ دەردەپەڕێنن و ئەگەر پێیان بکرێت لە بری دەستێ، دوان بەرز دەکەنەوە ئیدی باسەکە هەرچییەک بێت. خۆ ئەگەر کوردستان نارەزایی نیشان دا، ئیدی هەرچی گۆڕانە خۆیان مۆن و گرژ دەکەن و مۆڕە لە دەوروبەریان دەکەن ئیدی قەناعەتیان هەرچی بێت ئەوە باسێکی دیکەیە.

شۆفێرێکی لوبنانی بە دەم جگەرەکێشان و ئۆتۆمبیل لێخوڕین و بەڵغەم فڕێدانەوە بۆی باس دەکردم چۆن لە لوبنان لایەنگرانی هەر گرووپە و جۆرە هۆڕنێکی دیاریکراویان هەیە، لە کاتێکدا بۆ نموونە دە دوازدە ئۆتۆمبێلی سەر بە قووات دەسووڕێنەوە و بە شێوازێکی دیاریکراو هۆڕن لێدەدەن، لەولاوە ئەوانەی سەر بە عەون بە جۆرێکی دیکەی هۆڕن لێدان وەڵامیان دەدەنەوە. چەندین جاریش رووی داوە دوو جۆرە هۆڕن لێدەر، بە شەڕە بۆکس و لەقە کۆتاییان بە پرۆسە دیموکراسییەکە هێناوە. بەو پێیەی هۆڕن لێدان دیاردەیەکی شارستانی نییە. پێشنیار دەکەم سەرۆکی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان هەر یەکەو خۆی فێرە جۆرە فیکەیەک بکات، هەر کە کاتی دەنگدان هات هەر یەکەو فیکە تایبەتەکەی لێبدات و بەم پێیەش ئەندامان فیکەی خۆیان دەناسنەوە. چونکە زۆربەی سەرۆک فراکسیۆنەکان ژنن، بۆیە هەڵهەڵەش حیسابە.

ئیتر بۆ پێشەوە



کەریم مودەریس

# سەندیکا دەتوانێ زمانی زبر ببڕێ؟!

## میدیای کوردستان تاوانبارە لەناشرینکردنی هەرێمی کوردستان

تورکمان گوتەنی دوای ئەوەی پۆخی دەرچوو و ساڵانێکی زۆرە کونییەو هەراجکردنی نهێنی یەکتر بگرە گرتنەبەری رێسایەکی رۆژنامەنووسی ناوازە مەگەر هەر لە کەسانی هیچ نەدیو بوەشێتەوە کە ناخی زۆرینەی بریندار کرد (بەخوێنەری بێلایەنیشەوە)، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان خۆشبەختانە هاتەگۆو کۆنفرانسێکی قنجی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەکارهێنانی زمانی زبر لەمیدیای کوردستاندا رێکخست کە لەهەمووی سەرنجراکێشتر لەو کۆنفرانسەدا ئەوە بوو پشکێکی زۆری زبرچییەکان ( بەشێوەزاری هەولێری نا چونکە زبر لەهەولێر بەواتای زبڵ دێت) خۆیان بەشداریان تێدا کرد و داوایان دەکرد حوکمی غەفوور بەسەر ئەهلییەکاندا بدەن و وەک خۆیان بمێننەوە .!!

مەعلوومی هەمووتانە میدیای کوردستان لەچەند ساڵی رابردوودا نەک هەر گۆبەندی زۆری بۆ کۆمەڵگەکە نایەوە، بەتایبەتی لەسەرەتای نەوەتەکان و بارودۆخە نەگریسەکەی ئەوسادا، بەڵکو دەستی هەبوو لە ناکۆکی دروستکردن لە نێوان هەموولایەک ( بەخەڵک و حزبیشەوە) و بگرە ئەم رەفتارەیان گەیشتە ئاستی فیتنەکردن و فیتنەکردنەکەش گەیشتە ئەوەی حزبەکانیش تێوەبگلێنێ و ئەوانیش ناشرین بکرێن لەبەر چاوی خەڵکدا بێ ئەوەی کەسانی دڵسۆزو خۆپەرست لەیەکتر جودا بکرێنەوەو بەیەک ئاودا بچن.

بەدەرلەوەش بڵاوکردنەوەی چەندین هەواڵی تایبەت بە تایبەتمەندییەکانی بەرپرسان و کرداری حزب و حکومەت (کە هەندێکیان زێدەڕۆییشیان تێدا کراوەو هەندێکیشیان پەی بە مسقالیک لەو تایبەتمەندیانە نەبردووە کەئەگەر لەکوردستان نەبووایە حەقی دادگاییکردنی هەبوو لەسەری) و تەپڵ لێدان بۆ بڵاوبوونەوەی گەندەڵی (کە زۆرێک لەمیدیاکان خۆیان لەو گەندەڵییە بێبەش نین ئەگەر میحوەریش نەبن) خەفەتی زۆری بۆ هاووڵاتی دروستکردووە، چونکە هەواڵی دەستکاریکردنی ماڵی میللەت و تەسەڕووفکردن بەزەوی و زارو بگرە چارەنووسی خەڵک، هەستی ئەوەی دایە هاووڵاتی کە بەداخەوە ئەمانەتەکان لەدەستێکی ئەمیندانین (کە لێرەشدا ئەمین و مەئموون خرانە پاپۆڕێکەوە).

ئەم دیاردەیە تەشەنەی ئەوەیکرد کە سەرەتا لەرێی گلەیی و گازاندە لەرەفتاری بەرپرسان بگاتە ئەوەی یەکتر ناشرین بکەن و دەرەنجام سایتەکان خۆش بن بایی مونقرێک ئومێدیان بەکەسێک نەهێشتین کە ئەمانەتی وڵاتیان پێ بسپێرین و دلمان خۆشبێ بەگەیشتنی هەر بەڕێزێک بۆ سەرەوەی مەجلیسی هەر ئەنجوومەنێکی بەڕێوەبەردنی هەرێم (ئەگەرچی وردە ئەنجوومەنەکانیش پتر ئەنجوومەنی ئیستهلاکین نەک ئینتاجیی).

میدیای کوردستان تا رادەی تاوانباری خەتابارە لەناشرینکردنی هەرێمی کوردستان و ناوزڕاندنی هاووڵاتیانی ( هەرچەندە زۆرێک لەبەرپرسانیش لەوەیان تێپەڕاندووەو خۆیان موستەحەقی تیروتانەی ئاشنا و بێگانە کردووە) و سەندیکای رۆژنامەنووسانیش دەرەقەتی ئەوە نەهاتووە یاخود هاوکارێکی ئەوتۆی نەبووە یاسایەکی لێپێچینەوە بۆ ئەو ناوزڕاندن و پشێوی نانەوەیە دەربکات و جڵەو بگرێتەدەست و سواری پشتی دۆخەکە ببێ.

لەبەرانبەردا حکومەتی کوردستانیش تا ئێستا پیاوی خۆی نەناسیوەو نەیتوانیوە دڵڕەق و دڵسۆزی خۆی پۆلین بکات، بەڵکو ئەویش پێی کەوتووەتە نێو گۆماوی عاتیفەو خەمخۆرانی خۆی وەک پێویست نەدۆزیوەتەوە تا ببنە هاوکاری رێکخستن و کۆنترۆڵکردنی بواری رۆژنامەگەری.

ئەو دەستپێشخەرییەی ئەم دواییەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان هیوایەک دەگەڕێنێتەوە کە بتوانین کۆنترۆڵی دۆخەکە بکەین و رووی جوانی راستەقینەی رۆژنامەگەری نیشان بدەین، رەنگە ئەمە بە یاسایەک و بەدواداچوونیک چارەسەر بکرێت (بەڵام بەبێ پێکهێنانی ئەنجوومەنی موتابەعە توخوا) بەڵام گرفتەکە تەنها لەرۆژنامەنووساندا نییە بەڵکو سەندیکا چی لەو بەرپرسانە دەکات ( بەبەرپرسانی کەناڵەکانی راگەیاندنیشەوە) کە نەک زمانی زبر بەڵکو ئەگەر دومەڵی شوێنێکی دیکەی ئازاری بدات ئەو تەلەفون هەڵدەگرێ و ئابڕووی ئەژداوو ئابایی رۆژنامەنووس دەکاتە حەیای پیاز فرۆش و شک و گومانی لەخۆڕاو بەلاشی خۆی پێ بەتاڵ دەکات..!!

لەم وڵاتەدا بەرپرس رۆڵی جۆکەر و خوای خەڵک دەبینێ، هەم موبارەکەو هەم رزق و رۆژی خەڵکی بەدەستەو بەپێی عەقڵ و مەزاجی خۆی لەرووبارەوە تا قەترە بەسەریاندا دابەش دەکات. ئەوەشمان لەبیر نەچێ ئەو زمانە زبرەی ئەمرۆ لێمان بووەتە بەڵا بەهۆی رەفتاری بەرپرسان هاتووەتەدەر، ئایە رۆژنامەنووسانی کوردستانی فەقیر دەتوانن رێسایەک بۆ بەرپرسانی کەناڵەکانی راگەیاندنیش دابنێن کە هیچ نەبێ حورمەتی کەسایەتیان بپارێزن و ئەگەر هەڵەیەک لەرۆژنامەنووسێک روویدا رێگایەک هەبێ بۆ گەیشتن بە مەبەستی راستەقینەی بەدەستەوەدانی ئەم زانیارییەو یا یاسایەکیش هەبێ لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات نەک بەپێی هەوەس و ئیعرابی خۆی بۆ وشەو مەبەستەکان رەفتار بکات.

بەرپرسی راگەیاندن هەیە بەبێ ئەوەی بەرپرسێک ئاگای لەوتارێک بێت و بگرە ئەگەر ئاگاشی لێ بووبێ بەحوکمی پێگەو پۆستەکەی خۆی بەروحێکی ریازی وەریدەگرێ بەڵام بەرپرسەکەی راگەیاندن هەر لەخۆیەوە داوای لێبوردن بەرۆژنامەنووس دەنووسێ و سەرەڕای ئەوەش وەها نارەحەتی دەکات زۆر بەمەمنوونییەوە دەست لەکار بکێشێتەوە و هەم سەرچاوەی رزق و هەم دەرفەتی کارو حەزی رۆژنامەنووسی لەکیس بدات، سەندیکا دەتوانێت ئەمجۆرە زۆرلێکردنە رابگرێ...!! کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە، کێیە ئەو پاڵەوانەی بتوانێ بەرانبەر بە بەرپرسێک بوەستێ کە بڕیاری دانان و لابردنی بەدەستە (ئەگەرچی بە ئینتیخاباتیش بێت)....!!!

باشە ئەوە میدیاکانی ناوخۆ چارەسەرکرا ئەی چی لەو سایتانە دەکەن کە بەناوی خوازراوەوە هیچیان تێدا نەهێشتووەتەوەو کەس لەچنگیان دەرباز نابێ و نەبووە، کێ دەتوانێ یاسا بۆ کەسێک دابنێ یاخود لەسەری جێبەجێ بکات کە بەگەورەترین نوکتەی زەمانەی زانیوە.



جۆزێف پودەر

# دکتۆر زیا و سەربەخۆیی کورد

## ئەلییێڤ بزنسمانێکی سەرکەوتووەو خەون بە دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆوە دەبینێت

لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمدا کە لە 7/25 لە هەرێمی کودستاندا بەڕێوەچوون، وروژانێکی زۆر بەدی دەکرا بەهۆی دەرکەوتنی رکابەری نوێ بۆ دەسەڵاتی ئێستا .

نەوشیروان موستەفا، بەخۆو پارتەکەی (گۆڕان) هەوڵی گۆڕانکاری دەدات لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستانی ئێراق و حکومەتەکەی، کە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرکردایەتی مەسعود بارزانی سەرۆکی دووبارە هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی بەسەرۆکایەتی جەلال تالەبانی کە ئێستا سەرۆک کۆماری ئێراقە بەڕێوەدەبرێت .

نەوشیروان موستەفا، ئەندامی نارازی پێشووی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان رکابەرەکانی بە ″گەندەڵی و خزم خزمێنە تاوانبار دەکات. بەڵام سەرەڕای پارتەکەی نەوشیروان، پارتی و یەکێتی کەوتنە بەر رکابەری چەندەها پارتی هەمەجۆری دیکە لە ئیسلامییەوە بگرە تا چەپەکان. بەتایبەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کە بە پەیامی دژ بە گەندەڵی هەندێک گۆڕانکاری گەورەی لە کۆمەڵگەی نیمچە عیلمانی کوردستاندا دروست کرد .

ناوێک کە هەڵپەی نەبووە بۆ خۆپالاوتن بۆ سەرکردایەتیکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان میر بەدرخان بووە . ئەو ئێستا لە کازاخستان بەناوێکی رووسی (زیا عەزیز ئەلییێڤ) نیشتەجێیە . ئەو یەکێکە لە بەناوبانگترین و بەرێزترین کەسایەتی لەنێو کۆمەڵگەی کوردی لە سەرتاسەری دونیادا. ئەرێ دەبێت رۆژێک دابێت کە بڕیاربدات کلاوەکەی فرێداتە ناو گۆڕەپانی سیاسەت؟ خۆ رەنگە ئەو ببێتە هەڵبژێردراوی زۆربەی کوردان لەسەرتاسەی جیهان، لەنێویشیاندا کوردستانی ئێراق.

بنەماڵەی بەدرخان بۆ ماوەی چەند سەدەیەک، کە دەکەوێتە پێش هاتنی عوسمانییەکان، فەرمانڕەوایەتی ئەو ناوچەیەیان کردووە کە دواتر بووەتە میرنشینی بۆتان. لە ساڵی 1812 بنەماڵەکە خۆی بە یەکەم شانشینی کوردی راگەیاند. میرنشینەکە،کە پایتەختەکەی جەزیرە بوو، تا ساڵی 1908 بەردەوام بوو. ئەم میرنشینە، تاکە دەسەڵاتی سەربەخۆی کوردی بووە و لە لێوارەکانی رۆژهەڵاتی دەریاچەی ئورومیەی ئێران بۆ باکووری سووریا و حەلەب لە رۆژئاوا، لە باکووریش تاوەکو باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا و شاری دیاربەکر، لە باشووریش تا کوردستانی ئێراق و شاری موسل درێژبۆتەوە.

وەچەی بەدرخانییەکان خۆشەویستییەکەیان لە رێگەی دروستکردنی رێگا و پرد و قوتابخانە و میوانخانەی گەشتیاری بەدەستهێناوە. بەدرخانییەکان دەرگای بازرگانییان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ناوچە دوورەکان کردەوە و سیستەمێکی دادپەروەرانەیان بۆ سەردەمی خۆیان پێکهێنا و حوکمی یاسایان بەسەر خەڵکدا سەپاند.

لە ماوەی فەرمانڕەوایی بەدرخانییەکاندا، پێشکەوتنی کولتووریش بە دروستکردنی کتێبخانە و گەشەپێدانی وێژەی کوردی بەدیهات.

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تورکی، لە زۆرترین ماوەکانی سەدەی 19دا دەستی بەسەر میرنشینەکەدا گرتبوو، بەڵام مافی ئۆتۆنۆمی تەواوی پێدابوون. کاتێک بیرۆکراتییە عوسمانییەکان خۆیان لە شێوازی ژیانی کوردەواری هەڵقورتاند، شۆڕش هەڵگیرسا .لەراستیدازۆریاخیبوونی کوردی روویاندا، بەلام بەناوبانگترینیان لە ساڵی 1843 بوو. بەدرخان داوای لە میرنشینە کوردییەکانی دیکە کرد کە لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتی کوردی یەکبگرن. دوای چەندەها ساڵ شەڕکردن لەگەڵ عوسمانییەکان، هێزەکانی بەدرخان شکان و بەدرخان دوورخرایەوە لە ساڵی 1848 . لە ساڵی 1868 بەدرخان کۆچی دوایی کرد.

بنەماڵەی بەدرخان زۆر نزیک بوون لە وەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ کوردان، بەلام سامان و پشتگیریی رۆژئاوایان کەم بوو، ئەوان کەوتبوونە ژێر رەحمەتی هێزی سەربازی عوسمانی کە هەم زۆرتر و هەم بەهێزتر بوو.

لەترسی بەردەوامبوونی یاخیبوونی کوردی، دەسەڵاتدارانی عوسمانی سەرکردەکانی نێو بنەماڵەی بەدرخانیان دوورخستەوە بۆ بەلقان و دواتر بۆ دوورگەی کریت، ئینجا بۆ ئیستانبول و دیمەشق.

کاتێک لە ئیستانبول بوون، حوسێن عەلی خان، لەبەر جەور و ستەمی عوسمانییەکان، پەیوەندی بە کونسوڵی رووسیا کرد تا داوایان لێبکات کە دووبارە لە رووسیا نیشتەجێیان بکەنەوە .حکومەتی رووسیاش رێگەی بە بنەماڵەکەدا بچن بۆ ڕووسیا . لە رووسی، بنەماڵەکە رووبەڕووی دڕندایەتی سەردەمی ستالین بوویەوە.

لە جەنگی جیهانی دووەمدا ئافرەت و منداڵەکانی بنەماڵەکە بەزۆر ڕاپێچی کازاخستان کران، پیاوەکانیش بردران بۆ شەڕکردن لە دژی نازییەکان.

لە ئەنجامی ئەم ئاوارەبوونە، بنەماڵەکە زۆربەی بەڵگەنامە مێژووییەکانی سەردەمی عوسمانی لەدەستدا.

کوردەکان لە هەموو شوێنێک وەک پەیامبەرێک رێزیان لە میر جەلادەت عەلی بەدرخان دەگرت. ئەو گۆڤاری هەواری دەرکرد لە سووریا لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی ئیمپریالیستی فەرەنسی. هەروەها جەلادەت یەکەم رێزمانی گشتگیری کوردی دروستکرد و هەروەها کتێبی بە پیتی لاتینی بڵاوکردەوە لەجیاتی پیتی عەرەبی.

دکتۆر زیا عەزیز ئەلییێڤ یەکێکە لە نەوەکانی حوسێن عەلی خان و بزنسمانێکی سەرکەوتووە. ئەو لە زانکۆی مۆسکۆ بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری ئابووری وەرگرتووە و بەهۆی کارە خێرخوازییەکانی چەندین میدالیای وەرگرتووە. سەرەڕای ئەمانەش، ئەلییێڤ سامانەکەی لەرێگەی کۆمپانیا جۆراوجۆرەکانی دەستکەوتووە کە لە بواری بنیاتنان و دروستکردنی پرد و پاڵاوتنی نەوت کاردەکەن.

ئەلییێڤ، وەکو باوەگەورەکانی پێشووی خۆی، خەون بە بنیاتنانی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ دەبینێت. هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و بوونی کازاخستان بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، وای لە دکتۆر ئەلییێڤ کرد کە خەبات بکات بۆ نیشتیمانێکی سەربەخۆی کوردی. لەلای زۆر لە کوردان بنەماڵەی بەدرخان بنەماڵەی شاهانەی کوردییەو تاکە بنەماڵەیە کە دەتوانێت هەموو کوردان یەکبخات.

شێرکۆ عەباس، سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان لە سووریا دەڵێت ″بنەماڵەی بەدرخان بۆ ماوەیەکی زۆر بۆ یەکخستنی گەلی کورد تێکۆشاون و بەردەوام بوون لە برەو پێدانی کولتوور و ئەدەبی کوردی و دانانی یاسا. ئەگەر هەر یەکێک لە ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە بڕیار بدات سەرکردایەتی کوردان بکات، من دڵنیام کە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت. ئەم بنەماڵەیە دەتوانێت داهاتوویەکی شکۆدار بۆ کوردان دەستەبەربکات″.

*** نووسەرێکی ئەمەریکییە**

**لە رۆژنامەی The Bulletin ی ئەمریکییەوە**





حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

# ئەگەر بەعس بگەڕێتەوە چ دەقەومێ؟!

## لەگەڵ هەموو تەقینەوەیەکدا، ڕاگەیاندنی کوردستان فووی پێدا دەکات: ئەو تیرۆرستانە ناتوانن برایەتی عارەب و کورد تێکبدەن!

لەو ڕۆژانەدا نووسینێکی (وائل القادری)م لە سایتی کیتاباتدا خوێندەوە، کە باسی گەڕانەوەی بەعس دەکا بۆ سەر دەسەڵات، بێ ئەوەی پێوەی دیار بێ بەعسییە یا لایەنگری بەعسە. دوای خوێندنەوەی بابەتەکە، سەرنجم چووە سەر ئەو بارودۆخ و کەشوهەوایەی کە عیراقیان گرتووەتەوە و هەڵوێستەیەکم کرد: خۆ بارودۆخ بۆ گەڕانەوەی بەعس زۆر لەبارە، ئیتر بۆچی بەعس ناگەڕێتەوە؟ خۆ بارودۆخی ئێستا لە سەردەمی بەعس باشتر نییە، ئیتر بۆچی نەگەڕێتەوە؟! گەڕانەوەی بەعس بۆ کێی عیراق زەرەری هەیە؟! شیعە؟! ئێ شیعە لەگەڵ چەوسانەوەدا ڕانەهاتوون وا ئێستا لێمان بوونەتە چەوسێنەر؟! لە سەرجەمی عیراقدا، چ شتێ هەیە لەو سەردەمە باشتر بێ کە بەعس دەسەڵاتی هەبوو و بۆ کوردستانیش، چاوەڕوانی چی لەوانە دەکرێ کە جێی بەعسیان گرتۆتەوە؟! ژمارەی قوربانیانی کورد لە تەقینەوەکانی دوای سەردەمی بەعس، لە قوربانیانی کیمیابارانی کوردستان، هەڵەبجەی لێ دەرچێ، کەمتر نییە و ئەگەر وا بڕوا، بە دڵنیاییەوە ژمارەی شەهیدانی هەڵەبجەش تێدەپەڕێنێ و خۆت ڕاگرە بۆ ژمارەی ئەنفالکراوانیش. ڕاستە بەعس لە مەسەلەی کەرکووکدا ڕەق بوو و هەتا نەشکا نەچەما.. خۆ ئەمانەی دوای بەعس لە بەعس نەرمتر نین و لە تەعریبکردنیش بەردەوامن. ئیتر بۆ نەگەڕێنەوە؟ بەعسییەکان کوردیان لەبەر ئەوە دەکوشت دژی بوون، بەڵام ئەمانەی دوای بەعس کورد بە هۆی کوردبوونەوە دەکوژن. کوردکوشتن بە لای منەوە کارەساتێکی گەورەش بێ، لەوە گەورەتر نییە سەرانی کورد لێی بێدەنگ بن، وەک ئێستا لێی بێدەنگن! لەگەڵ هەموو تەقینەوەیەکدا، ڕاگەیاندنی کوردستان فووی پێدا دەکات: ئەو تیرۆرستانە ناتوانن برایەتی عارەب و کورد تێکبدەن و دوژمنایەتی لە نێوان پێکهاتەکانی عیراقدا دروست بکەن.. وایە! بە بەختم وایە! ئەگەر کورد قڕ بکرێ و نەمێنێ و تۆش باکت نەبێ، قەت شیرازەی یەکپارچەیی عیراق تێکناچێ! بۆچی تێکدەچێ؟! کە تۆ بە دیار کەرت و پارچەی دەیان ژن و منداڵی کوردەوە لە سەر برایەتی و یەکپارچەیی عیراق سوور بیت، چ هێزێک هەیە شیرازەی عیراق تێکبدات؟! ئەگەر جاروبار و لێرە و لەوێ، کورد هەبێ ئاوات بۆ گەڕانەوەی بەعس بخوازێ، بۆچی ڕێژەیەکی زۆر لەوە زۆرتری نەتەوەکانی تری عیراق، بە تایبەتی عارەب، ئەو ئاواتە نەخوازن و کاری بۆ نەکەن و ڕێی بۆ خۆش نەکەن؟ بە دڵنیاییەوە کاری بۆ دەکەن و ئەو بشێوێنیانەی عیراق ڕێخۆشکەرن بۆ ئەو ئامانجەیانە.

وائل القادری پێشبینی ئەوە دەکا بەعسییەکان دەسەڵات وەردەگرنەوە و بە ملیۆنەها خەڵک لەباشووری عیراقەوە بەرەو ئێران ڕەو دەکەن، بەڵام کوردی لە بیر چووەتەوە یا لە بیری خۆی بردۆتەوە ئاخۆ لەو دەمەدا چ دەکەن! بەرگری دەکەن یا ڕەو؟! پێموایە بەر لە ڕەوی شیعە بەرەو ئێران، کورد دەستی خۆیان دەوەشێنن و وڵاتی خۆیان چۆڵ دەکەن و سەرانیان، لە سەر گردێکی ئۆردوگایەکەوە دەڕواننە ڕێگەی هاتنی شیعەکانی عیراق تا بزانن بەراییان دەرکەوتووە یان نا! ئەوەی ئێستا دەکرێ ئامادەکارییە بۆ ئەو ڕەوە. ساڵەهای ساڵە کار بۆ ئەوە دەکرێ کورد لە هەستی کوردبوون و کوردستانیبوونی خۆی داماڵدرێ و ڕۆژ بە ڕۆژ بچووک بێتەوە تا ئەوەی کەرامەتی شەخسی و نەتەوایەتی خۆی پێ پووچ بێ. تۆ کارێک بکەیت بە پێی یاسا، بەڵام بێ دادگا، کورد سزا بدەیت ئەگەر کێشەی لەگەڵ نەفەرێکی عارەبدا هەبێ، با خەتابار عارەبەکەش بێ، نەدەبوو کار بۆ ڕووخاندنی بەعس بکەیت، بەڵکو دەبوو هاوکاری بیت.. خۆ ئەویش لەوەی زیاتر نەدەکرد. ئەوەی بەعس دەیکرد کاردانەوەی هەبوو بەڵام ئەوەی خۆمان دەیکەین هیچ کاردانەوەیەکی ئاشکرای نییە.. خۆ لە سەرانی خۆمان هەڵناگەڕێینەوە!!

ئێمە گلەییمان لە بەعس دەکرد سیاسەتی بچووککردنەوەی کوردی پەیڕەو دەکرد، بەڵام کە خۆشمان ئەوە بکەین، بۆچی بەعس نەگەڕێتەوە؟! خۆ هیچ یەکێ لە بەعسییەکان هێندەی یەکێ لە سەرانی خۆمان دزی نەکردووە و گەندەڵکار نەبووە! کێ دزی لە ڕزقی ڕەشەخەڵکی عیراق کرد و ئیعدام نەکرا و ئێستا کێ لە سەر دزینی ملیۆنە دۆلاریش چپەیەکی لەبارەوە دەکرێ؟! ئیتر بۆ بەعس نەگەڕێتەوە؟!

وائل القادری فشەی بەوە دێ کاردانەوەی نێودەوڵەتی ڕێنەدا بەعس جارێکی تر قەسابخانە لەعیراقدا دانێتەوە. بەعس ئاسایشێکی وەک سەردەمی خۆی بەرپابکا، ئەمەریکا بە پێزانینەوە هاوکاریشی دەکا، با پێنج شەش ملیۆن بەشەر و سێ چوار ملیۆن کورد فت بن! چ دەقەومێ؟! ئەو دەڵێ: هاکە زانیت لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەوە بەعس گەڕانەوەی خۆی ڕاگەیاند و ئیتر ئەوەی چەکی هەبێ تووڕی دەدا و ئەوەی عەمامەی لە سەر بێ فڕەی دەدا و ڕیشدار ڕیشی خۆی دەتاشێ و ژن حیجابیان دادەماڵن.. فڕۆکەوانی بەعسی بە ئاسمانی عیراقدا دەفڕن...

منیش دەڵێم: ئەگەر بەعس بگەڕێتەوە، ئەو کوردەی بەعسی نەبووبێ وتوانای هەبێ، هەڵدێ وئەوانی تر خۆیان دەدەنە پاڵ فایلدار و کۆنە موستەشار و هەندێ لە سەرکردەکانی ئەمڕۆ و ئەوەی نێزیکەی چل ساڵ خۆی لە بەعسیبوون پاراستووە، بۆی مۆر دەکا و هاشا لەو کوردبوونە دەکا، هەموو تەمەنی پێوەی تلاوەتەوە و لە کاتی دەسەڵاتی خۆماڵیشدا لێی بەڵا بووە. بۆچی نا؟! ئەدی کورد ئێستاش لە قەرەبووکردنەوەدا نیوەی عارەبی پێ نادرێ؟! بۆچی نا؟! ئەدی کوردێک لەگەڵ عارەبێکدا دەمەقاڵەی هەبێ، دەسەڵاتی کورد سزای نادا؟! بۆچی نا؟! کورد خۆی ئاسانکاری بۆ گەڕانەوەی عارەب نەکرد بۆ کەرکووک؟! بۆچی نا؟! ئەدی ئێستاش یاساکانی بەعس بۆ سزادانی خۆمان پەیڕەو ناکەین؟!

ئەرێ بەعس ڕووخاوە تا بگەڕێتەوە سەر دەسەڵات؟!



نوورەدین وەیسی
nuradinwaisi@rudaw.net

# بەرهەم ئەرکی سەختە

ڕاستە بەرهەم ئەحمەد ساڵح کەسێکی تەکنۆکرات و پرۆفیشناڵەو ئەزموونی چەندین ساڵ حکومەت بەڕێوەبردنی لە کوردستان و عێراقدا هەیە و پەیوەندییەکی نێودەوڵەتی بەربڵاویشی هەیە، بەڵام ئەمانە هیچیان وامان لێناکەن ئومێدێکی زۆر لەسەر حکومەتەکەی هەڵبچنین، چونکە حکومەتەکەی چەندین ئاستەنگی گەورەی لەپێشە کە ئەرکەکەی زۆر سەخت دەکەن.

یەک لە ئاستەنگەکان ئەوەیە ئایا بەڕاست ئەمجارە پارتی و یەکێتی لەسەر بنەمای شارەزایی و لێزانی وەزیرەکانیان دەستنیشان دەکەن یان وەک جاران کوڕوکچی بەرپرسەکانیان و دەست و پێوەندەکانیان دادەنێن کە تاکە بەهرەیان ئەوەیە خزم و کەسوکاری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی ئەو دوو حیزبەن؟ ئایا د.بەرهەم ساڵح توانای ئەوەی هەیە کاندیدێکی وەزارەتێک ڕەتبکاتە کە بزانێ شیاوی پۆستەکەی نییە، یان دەبێ ملکەچی ئەو سیاسەتە شکستخواردووەی دەستنیشانکردنی وەزیر و بەرپرسە باڵاکانی حکومەت بێت کەوایکردووە وەزیر هەیە پازدە ساڵە لەم وەزارەتەوە دەچێتە ئەو وەزارەت؟! چونکە بەرهەم چەند لێهاتوو و بەتواناش بێت بەڵام ئەگەر دەستێوەردانی حیزبی لە حکومەت بەردەوام بێت و وەزیر و کاربەدەستە باڵاکانی تری حکومەت خەڵکی ناشارەزا و هەلپەرست بن و لەو خەڵکانە بن کە پۆستەکانیان بقۆزنەوە بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن وەک لە ڕابردوودا بینیمان، ئەوە حکومەتەکە خەڵک نائومێد دەکات.

ئاستەنگێکی تری بەردەم بەرهەم یەکنەگرتنەوەی وەزارەتەکانە، چونکە جیا لە یەکنەگرتنەوەی هەر سێ وەزارەتی گرنگی حکومەت: دارایی و ناوخۆ و پێشمەرگە، دامودەزگەکانی حکومەتیش لە هەر دوو ناوچەی قەڵەمڕەوی پارتی و یەکێتیدا بەتەواوی یەکیان نەگرتووەتەوە و تا ئێستاش دیار نییە ئاخۆ لە کابینەی نوێدا یەک دەگرنەوە یان نا.

ململانێی نێوخۆی یەکێتیش، گرفتێکی دیکەی بەردەم سەرکەوتنی بەرهەمە لە پۆستەکەیدا، چونکە هەندێک کەسی دیاری سەرکردایەتی یەکێتیش بەتایبەتی باڵی سەربازی، پۆستی سەرۆکی حکومەت بەزۆر دەزانن بۆ بەرهەم کە بەبۆچوونی خۆیان لەبەر ئەوەی پێشمەرگایەتی نەکردووە پێیانوایە لە پڕێک بووەتە کوڕێک.

جیا لە مانەی سەرەوە، بەرهەم دەبێتە سەرۆکی حکومەتێک کە ئۆپۆزیسیۆنێکی هەیە هەموو ئارەزووی ئەوەیە شکست بێنێ و، لەم پێناوەشدا هەرچی لە دەستیان بێ دەیکەن!.



عارف زێرەڤان-ئیستانبول
zerevan@nefel.com

# گول کەی خۆی فێری کوردی دەکا

عەبدوڵڵا گول سەرۆک کۆماری تورکیای ئەمڕۆیە. لەناو سنووری ئەو دەوڵەتەدا 20 ملیۆن هاووڵاتی کورد دەژین. بۆ ئەوەی عەبدوڵڵا گول بتوانێ لەگەڵ هاووڵاتییە کوردیەکانی بە زمانی زکماکی ئەوان قسەبکات، پێویستە خۆی فێری کوردی بکات.

بولەنت ئارینج وەزیری دەوڵەت و یاریدەدەری سەرۆک وەزیر ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، لەم ڕۆژانەدا ڕەخنەی ئاراستەی هەموو تورک کردو گوتی با تورک خۆیان فێری زمانی کوردی بکەن و بەکوردی بەبرا کوردەکانیان بڵێن" بەسەر چاو" یان "خوا لێتان ڕازی بێ".

ئارینجی جوامێری سیاسیی تورکیا بەخۆشی دەزانێت کە ئەو مەسەلەیە بەدوو ڕستە کۆتایی نایێت و پێویستە تورک خۆیان فێری زمانی کوردی بکەن و بتوانن بەکوردیەکی ڕەوان قسەبکەن. بۆ نموونە، ئەو پارێزگارەی کوردی نەزانێت، پێویستە لە کوردستان و شارە کوردییەکاندا بەرپرسیارییەتی پێ نەدرێت. ئەو سەرۆک شارەوانیەی کوردی نەزانێت پێویستە سەرۆک شارەوانیەتی نەکات. بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش ئەگەر کوردی نەزانێت پێویستە لەشارە کوردیەکان بەرپرسیارییێتی نەگرێتە ئەستۆ. هەروەها ئەگەر بەڕێوەبەری دەزگا حکوومیەکان لەشارە کوردیەکان کوردی نەزانن نابێت ئەرک و بەرپرسیاریەتی بگرنە ئەستۆ.

لەلایەنی کردارییەوە لەوانەیە هەندێک کەس بڵێن ئەمەیان زەحمەتە و چۆن ئەوەندە بەرپرسە فێری کوردی دەبن. بەڵام بۆ ئەوەی کەسێک لە زانکۆیەکی کوردستان بۆ نموونە لە زانکۆی دیجلە ببێتە مامۆستا و دابمەزرێت، پێویستە ئەو لەتاقیکردنەوەی ئینگلیزی دەربچێت ئەمەشیان ناچارییە. بەهەمان شێوە، پێویستە یاسا لەسەر ئەو بەڕێوەبەرانەی لەشارە کوردییەکان بەرپرسیاریەتی دەگرنە ئەستۆ بسەپێنێ کە دەبێت لەتاقیکردنەوەی زمانی کوردی سەرکەوتوو بن و بڕوانامە بەدەست بێنن بۆ ئەوەی بتوانن لەو هەرێمە کاربکەن.

با باسی ڕووداوێکی سادەو بچووک بکەم: پێش ساڵ و نیوێک لە ستۆکهۆڵم چاوم بە کۆنسڵی گشتی نوێی سوێد لە ئیستانبول کەوت. هێشتا ئەو لە ستۆکهۆڵم بوو دەستی بەفێربوونی زمانی تورکی کردبوو بۆ ئەمەش دەچووە کۆرسی فێربوونی زمانی تورکی. پێم گوت خێرە، بۆچی هەوڵ دەدەیت فێری تورکی بیت؟

ئەو گوتی: من پێنج ساڵ لە ئیستانبول دەمێنمەوە و دەزانم ژمارەیەکی زۆر لە تورکانیش ئینگلیزی نازانن. بۆیە بڕیارمدا خۆم فێری تورکی بکەم تا بتوانم بەزمانی هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە گفتوگۆ بکەم.

سەیری کۆنتراستی دیپلۆماتێکی ئەورووپی و سەرۆک کۆماری تورکیا بکەن. دیپلۆماتی ئەورووپی بۆئەوەی کاری پێنج ساڵی خۆی لە تورکیا بەڕێوەببات خۆی فێری تورکی دەکات، بەڵام عەبدوڵڵا گول سەرۆک کۆماری تورکیا

لە پێناو پایەی بڵندی خۆی و لە پێناو بیست ملیۆن کوردی هاووڵاتی خۆی، خۆی فێری کوردی ناکات.

تراژیدیای هەرە گەورەی ئەو کۆنتڕاستە، بەر لەهەفتەیەک لە کۆشکی چانقایا لە شوێنی حەوانەوەی عەبدوڵڵا گول واتە لە ماڵی ئەو هاتە ئاراوە. سەرۆک کۆماری تورکیا بۆ فتارکردنەوە لە چەندین ناوچەی تورکیا دایکانی بانگهێشتی کۆشکەکەی کردن و لەگەڵ ئەوان بەتورکی قسەیکرد، بەڵام ئەو دایکەی عەبدوڵڵا گول قسەی لەگەڵ کرد تورکی نەدەزانی. پاشان گول ئاگادار کرایەوە کە ئەو دایکە ژنێکی کوردەو تورکی نازانێ. دیالۆگ لەنێوان هەردوو لادا بەڕێگەی وەرگێڕێک ئەنجامدرا و دایک دەیویست دەرفەتی چوونە حەجی بۆ دابین بکرێت.

تیر لەکەوان هاتووەتە دەرەوە. کوردو زمانی کوردی ئیتر بوونەتە ڕاستیەکی ئەو وڵاتە. ئەگەر نیازی بەیەکەوە ژیانی کوردو تورک لەناو سنووری یەک دەوڵەتدا هەبێت، پێویستە هەردوو گەل خۆیان فێری زمانی یەکتر بکەن و لەو مەسەلەیەو لەم ساتەدا باری هەرە گران لەسەر شانی گەلی تورکە.

وەکو بولەنت ئارینچ دەڵێ پێویستە تورک خۆیان فێری کوردی بکەن و بەتایبەتی عەبدوڵڵا گول سەرۆک کۆماری تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک وەزیران، ئیلکەر باشبوگ سەرۆکی ئەرکان و هەروەها هەموو ئەو وەزیرو گزیرانەی هەنە پێویستە خۆیان فێری کوردی بکەن.



ولادیمێر فان ولخنبێرخ-هۆڵەندا
vvanwilgenburg@gmail.com

# تیمی کوێتی گوڵاو باران بکەن!

## هیواردارم یانەی هەولێر یاریەکە بباتەوە بۆ ئەوەی تۆڵەی ڕابردوو لە کوێت بکەنەوە

لەکاتی هەڵمەتی جینۆسایدی ئەنفالدا، وڵاتانی ڕۆژئاوا و عەرەبی بەیەکەوە دڕندەیی عێراقیان بەرامبەر بە کورد پشتگوێ خست، بەڵام ئێستا وڵاتانی عەرەبی پێوەندی لەگەڵ کوردستان دەبەستن و تیمی عەرەبی یاری تۆپی دەکەن لە کوردستان. ئەم یارییانەش بیرەوەرییەکانی ڕابردوو دەگۆڕێت.

هیچ کوردێکی عێراقی ئەو دڕندەیی و کوشتنکارییەی بیرناچێتەوە کە لەژێر سایەی ڕژێمی سەدامدا دووچاری هاتن. ڕەنگە ئەم کارەساتانەش کەمتر لەلای گەنجەکان جێی بایەخ بێت. لەساڵانی نەوەدەکان، کاتێک شاندێکی کوردی سەردانی کوێتی کرد و هەوڵیدا کوێت ڕازی بکات بەوەی کیمیابارانکردنی خەڵکی سیڤیلی کورد شەرمەزار بکات، بەرپرسێکی کوێتی بە تووڕەیی وگاڵتەجاڕییەوە وەڵامی دایەوە و گوتی" چاوەڕوان دەکەن گوڵاوپرژێنیان بکەن؟"

بەڵام ئێستا تیمێکی تۆپی پێی کوێتی سەردانی هەولێر دەکات. یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا، ڕازی بوو بەوەی هەولێر میوانداری یاریی گەڕانەوەی قۆناخی هەشتەمی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا بکات بەرامبەر بە یانەی کوێتی. یاریگای فرانسۆ هەریری لە پایەتەختی هەرێمی کوردستان شوێنی ئەو یارییە دەبێت کە چاوەڕوان دەکرێت لە 9/30 بەڕێوەبچێت.

باشتر دەبێ ئەگەر هاندەرانی تۆپی پێی کورد، تیمی یانەی کوێتی گوڵاو باران بکەن بۆ ئەوەی پشتگوێخستنی ڕابردوویان وەبیر کوێتییەکان بێننەوە. ماوەیەکیش لەمەوپێش هەولێر میوانداری یاری نێوان عێراق و فەڵەستینی کرد و کوردەکانیش هانی تیمی عێراقیان دا. ئەمە لە کاتێکدا فەڵەستینییەکانیش پاڵپشتی سەدامیان کرد و تەنانەت کوردیان لە کەرکووک کوشت، کاتێکیش سەدام لەسێدارە درا، فەڵەستینییەکان بۆی گریان، بەڵام ئێستا یاریی تۆپانێ دەکەن لە کوردستان، هەروەها ئێستا ئەوان هەولێریان پێباشترە لە بەغدا و بۆ ماوەیەکی کورت ئەوەیان لە بیرخۆیان بردووەتەوە کە کوردیان تۆمەتبار دەکرد بەوەی "زایۆنی"ن.

لە تورکیا تیمێکی تۆپی پێی کوردی بەرامبەر تیمێکی تورکی بەناوی "قەهرەمان مەرەش سپۆر" یاریی کرد بۆ ئەوەی گرژی نێوان هەردوولا هێور بکاتەوە. هەروەها تۆپی پێ هۆکارێک بوو بۆ پێشخستنی پێوەندییەکانی نێوان ئەرمینیا و تورکیا. تەنانەت سەرۆکی تورکیا تەماشای یەکەم یاریی نێوان ئەرمینیا و تورکیای لە ئەرمینیا کرد، ئەو یارییە تەنیا بۆ وەرزش نەبوو، بەڵکو بۆ ئەوەش بوو بیرەوەرییەکانی ڕابردوو بگۆڕێ.

کاتێک هۆڵەندا لە یاریی جامی ئەورووپای ساڵی 1988 بەسەر ئەڵمانیادا سەرکەوت، یەکێک لە هاندەرەکان لافیتەیەکی سەیرو سەمەرەی بەرز کردبووەوە کە لەسەری نووسرابوو "داپیرە، پایسکلەکەتمان گەڕاندەوە!"، کە مەبەستی لە ڕابردوو بوو کاتێک ئەڵمانیا لە ساڵی 1941دا هۆڵەندای داگیر کرد، ئەڵمانییەکان هەموو پایسکلەکانمانی دزی و بردیانەوە بۆ ئەڵمانیا، بەڵام ئەو یارییە تۆڵەی هۆڵەندییەکان بوو. هیواردارم ئەنجامی یارییەکەی کوێت بە سەرکەوتنی یانەی هەولێر کۆتایی بێت و گوڵاو بارانیان بکەن بۆ ئەوەی تۆڵەی ڕابردوو بکەنەوە!

# هولیا پەشیمان نییە

**رووداو- Sabah**

بەهۆی باسکردنی کوردبوونی خۆی لەدیمانەیەکی درێژی رۆژنامەی MİLLİYET دا، داواکاری گشتی بەبیانووی "هاندانی خەڵک، بەرەو رووی دوژمنایەتی و کین هەڵگرتن" دۆزێکی لەدژی هونەرمەندی ناوداری تورکیا هولیا ئاڤشار دەست پێکرد.



هولیا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا گوتی" تا دوایی سوورم لەسەر قسەکانم. ئەگەر لەسەر ئەو قسانە دادگایی بکرێم یان نەکرێم بۆمن هیچ جیاوازیەکی نییە. قسەکانم لەچوارچێوەی بیروڕای ئازادا کردوون". ئاڤشار داواشیکرد " واز لەو قسانەش بێنن کە هونەرمەندێک هاوولاتیانی ولاتەکەی بۆ دوژمنایەتی هان بدات. چونکە دوژمنیش ئەو قسەیە ناکات".

# بۆ (رووداو) رەشبینن

**رووداو-کوێلن**

رۆژی 27/ 9/2009 لە رێستۆرانتی Gold Slegarی شاری کوێلن، زۆرتر لە 70 رۆژنامەڤان و سیاسەتکار و چالاکڤانی کوردی دانیشتووی ئەڵمانیا بەشدارییان لە ئێوارە دانیشتنێکی کۆمپانیای رووداو دا کرد کە ئاکۆ محەممەد سەرنووسەری (رووداو) تێیدائامادەبوو بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی چاپی ئەورووپای (رووداو) و ناساندنی (لۆمۆند دیپلۆماتیک-چاپی کوردی). هەندێ لە ئامادەبووان دەرکردنی (لۆمۆند دیپلۆماتیک) بە کوردی بە "شۆڕش"ێک لە مێژووی میدیای کوردی دا دانا، بەڵام گەشبین نەبوون بەرامبەر بەردەوامبوونی (رووداو)ی چاپی ئەورووپا.





چاپی ئەورووپای (رووداو) بەشێوەی هەفتانە و لۆمۆند دیپلۆماتیکیش، وەک هەموو چاپەکانی بە 35 زمانەکەی دیکە، مانگانە بڵاودەکرێتەوە و خوێنەرەکانی دەتوانن راستەوخۆ وەک تاک ژمارە یان بەشێوەی ئابۆنەکردن بیخوێننەوە.

# کێ کردی و کێ خواردی



**رووداو- زاخۆ**

گۆرانیبێژعەبدولقەهار زاخۆیی رایگەیاند لەبەرامبەر بەشداریکردنی لەئاهەنگێک بۆ پروپاگەندەکردن بۆ لیستی کوردستانی، لەجیاتی ئەو، خەڵکانی دیکە خەلات کران و تا ئێستاش کەسێک پێینەگوتووە "سوپاس بۆ تۆ کە زەحمەتت کێشا".

عەبدولقەهار زاخۆیی کە گۆرانیبێژێکی گەنج وناسراوی دەڤەری بادینانە ئاماژەی بەوەکرد کە باری ئابووری زۆر خراپە و ئەگەر هاورێ و براکەی نەبێت ناتوانێت بژیت، بۆیە دەڵێت "دەمەوێت سەری خۆم هەڵگرم"، لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "ناتوانم ژیانی ئاسایی خۆم ببمە سەر، مووچەکەم 284 هەزار دینارە، کەچی مانگانە 1000 دۆلارم پێویستە".

زاخۆیی راشیگەیاند هونەرمەند هەیە لەدەرەوەی وڵات هاتووەتەوە ئەنجومەنی وەزیران پێشوازی لێکردووە و بە 5 مۆنیکا کەوتوونەتە دوای "کەچی ئێمە تا ئێستا ناتوانین بەرپرسێک ببینین"، هەروەها گوتیشی "لێرە ئەگەر هونەرمەندێک، بەرپرسێکی لەپشت نەبێت سەرکەوتوو نابێت".

17 »

Rûdaw
Rudaw readers know more

خاوەنی ئیمتیاز : کۆمپانیای رووداو
سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net
سەرنووسەر : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com
جێگری سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com
بەڕێوەبەری نووسین : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net
نوێنەری ئەورووپا : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net
دیزاین : عەبدوڵڵا رەفیق- بەختیار مستەفا- ڤیان سلێمان

www.rudaw.net rudaw@rudaw.net Tel: 0750 488 5696 ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی 07501130997 نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات

# سەدام واز لە هەولێر ناهێنێ



## نیهاد قۆجە، قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر: شاپاوە و دڕکاوەو کلک مشک عەیبیان چییە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

گەڕەکەکەی ئومێد کاکە مەم، 32 ساڵ، لە سەردەمی بەعس ناوی جەیش شەعبی بوو، بەڵام لە دوای راپەڕینەوە لەلایەن شارەوانییەوە کرایە رەنگین، دواتریش کرایە نیشتمان، بەڵام زۆربەی دانیشتووانەکەی ئێستاش ناوە کۆنەکەی بەکاردەهێنن.

ئومێد دەڵێ "خەڵک لە ناوە کۆنەکە راهاتووەو ئەو ناوە تازانە وا بە ئاسانی ناچەسپێن". ئومێد پێشنیاز بۆ شارەوانی دەکات کە هەر ناوە کۆنەکە لە گەڕەکەکە بنێتەوە "چونکە هەتا ئێوارە بڵێی گەڕەکی رەنگین و نیشتمان کەس نازانێت، باشترە هەر جەیش شەعبییەکە بێ".

ماوەی چەند ساڵێکە شارەوانی هەولێر ناوی کۆنی چەند گەڕەکێکی گۆڕیوەو ناوی تازەشی بۆ ئەو گەڕەکانە داناوە کە لەلایەن بەعسەوە ناوی نەشیاویان لێنرابوو، بەڵام هاووڵاتیان پابەند نین بەو ناونانەی شارەوانی و هەر بەناوە کۆنەکە ناوی گەڕەکەکانیان دەهێنن.

ناوی هەندێک لەو گەڕەکانی شاری هەولێر پەیوەندییان بە سیاسەت و سیمبولەکانی رژێمی بەعسەوە هەبوو، لەوانەش گەڕەکی سەدام، عەسکەری، جەیش شەعبی، سەبعە نیسان، ئەمین عامەکان. بەڵام هەندێک گەڕەکی تازە دروستکراوی دوای راپەڕینیش، بەتایبەتی ئەوانەی بە زێدەڕۆیی دروستکراون لەلایەن خەڵکەوە ناونراون، وەک دڕکاوە، پۆتیناوە، شاپاوە، بەلاشاوا. هەندێکیشیان بەناوی خەڵکەوە کراون لەوانەش لەتیفاوا، ماجیداوا، مامزاوا و چەند ناوێکی دیکە. جگە لە گەڕەکە کۆنەکان، لەگەڕەکە تازەکانیش وەک پێویست ناوەکانی شارەوانی نەچەسپاون، گەڕەکی کارێزان، ئاری، هاوکار، رۆشنبیری، نموونەی ئەو گەڕەکە تازانەن کە خەڵک بەناوەکانی شاپاوە، پۆتیناوە، دڕکاوە، کونە گورگ ناویان دەبات.

بیلال ئیسماعیل، 45 ساڵ، مامۆستایە و دانیشتووی گەڕەکی رۆشنبیرییە دەڵێت ئەوەی وایکردووە تائێستا خەڵک گەڕەکەکەیان بە کونە گورک ناوببات نەبوونی تابلۆی ناوە تازەکەیە "چەند جارێک داوامان لە شارەوانی کردووە تابلۆ دابنێ، چونکە شەرم دەکەم بەو ناوە ناوی گەڕەکەکەمان دەهێندرێ".

لەکۆتایی ساڵی 2006، دوای زیادبوونی چەند گەڕەکێک لە شاری هەولێر، ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر لێژنەیەکی بۆ ناونانی گەڕەکەکان بە بەشداری نوێنەری هەریەک لە بەرێوەرایەتی شوێنەوار، ئەنجوومەنی پارێزگا، وەزارەتی رۆشنبیری، کۆڕی زانیاری (ئەکادیمیای کوردی) و سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین پێکهێنا، لێژنەکەش دوای سێ رۆژ گفتوگۆ و را گۆڕینەوە ناوی تازەی بۆ چەند گەڕەکێک هەڵبژارد.

بەکر گەردی، ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر و سەرۆکی لێژنەی ناونانی گەڕەکەکان بە (رووداو)ی راگەیاند، لێژنەکە لەهەڵبژاردنی ناو بۆ گەڕەکەکان رەچاوی شوێنی جوگرافی و شیاوی ناوەکانیان بۆ گەڕەکەکان کردووە، بەڵام لەهەڵبژاردنی هیچ ناوێک پرس و رایان بەخەڵکی گەڕەکەکان نەکردووە "رەنگە ئەوەش هۆکاری پشتگوێخستنی ئەو ناوە تازانە بێ لەلایەن خەڵکەوە"، بەڵام بە بڕوای ئەو هۆکاری سەرەکی نەبوونی لێژنەیەکی چاودێر بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە و دانەنانی تابلۆ بۆ گەڕەکە تازەکان، هۆی بەکارنەهێنانی ناوەکانی شارەوانییە.

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی شارەوانی بە پێویستی دەزانێ لێژنەیەکی تایبەت بەردەوام بۆ ناونانی گەڕەکەکان هەبێت و بەردەوام لە هەماهەنگی دابێت لەگەڵ بەشی موڵکداریتی شارەوانی بۆ ئەوەی لە کاتی ئیفرازکردنی زەوییەکانی شارەوانی، پێش دابەشکردنیان ناوێکی تایبەتی بۆ هەڵبژێردرێت، گوتیشی "پێویستە لەگەڵ دروستبوونی خانوو لە گەڕەکەکان تابلۆی ناوی گەڕەکەکە هەڵبواسراێت، تاوەکو خەڵک لەناوە نوێیەکان را بێ".

بەڵام سدقی زراری، سەرۆکی شارەوانی هەولێر، بوونی لێژنەیەکی بەردەوام بۆ ناونانی گەڕەکەکان بەپێویست نازانێ و گوتی "گەڕەک بە شەو و رۆژێک دروست نابێ، بۆیە پێویستمان بەدانانی لێژنەیەکی بەردەوام نییە، بەڵام بەنیازین لەجیاتی لێژنە، بەشێکی تایبەت لەسەنتەری زانیاری جوگرافی GIS لە شاری هەولێر بکەینەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ دیاریکردنی سنووری هەر گەڕەک و شەقامێک لەسەر نەخشەی دیجیتاڵی، بەنووسراو ئاگادارمان بکەنەوە لە پێویستی هەڵبژاردنی ناو بۆیان".



سەدام حوسێن بە جلوبەرگی کوردی لە کاتی گەشتێکی دا بۆ هەرێمی کوردستان لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا

سەرۆکی شارەوانی هەولێر، نووسینگەکانی کڕین و فرۆشتنی خانوو، ناهۆشیاری خەڵک و کەمتەرخەمی کارمەندانی شارەوانی لەناو هێنانی گەڕەکەکان بەناوی کەرتەکان بەهۆکار دەزانێ و دەڵێ "بۆ زیاتر چەسپاندنی ناوەکان، بەنیازین لەمەولا لە شەقامە سەرەکییەکانی هەموو گەڕەکێک و شوێنی وەستانی پاسەکان، تابلۆی ناوە تازەکان هەڵبواسین، کارمەندانی شارەوانیش ئاگادار دەکەینەوە لەجیاتی ژمارەی کەرتەکان ناوی تازەی گەڕەکەکان لەسەر مامەڵەی هاووڵاتیان بنووسن".

نیهاد قۆجە، قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر، ناونانی گەڕەک بەپێویست نازانێ و پێیوایە پێویستە خەڵک خۆیان ناو بۆ گەڕەکەکان هەڵبژێرن نەک شارەوانی. ئەو لەوبارەوە بۆ (رووداو) قسەی کرد و گوتی"هیچ نە شازییەک لەناوی گەڕەکەکانی دڕکاوە، شاپاوە، کلک مشک نییە، بۆیە هەق نییە شارەوانی رێگە بە خۆی بدات بیانگۆڕێت، چونکە گۆڕینیان دەبێتە شێواندنی ناوە ئەسلییەکەی و سەر لێشواندنی خەڵک".

نیهاد، کە چەند ساڵ لە ئەڵمانیا ژیاوە، ناوی شاری müllheimی ئەڵمانیا بە نموونە دەهێنێتەوەو دەڵێ "ناوی ئەو شارە بەزمانی ئەڵمانی واتە زبڵخانە، بەڵام حکومەت ناڵێت ناوێکی نەشیاوە و دەبێ بگۆڕدرێت".





## کوردێک دەبێتە درێژترین مرۆڤی جیهان

# سوڵتان شێت بووە بۆ ژنان





سوڵتان کۆسین لە شەقامی برادوەی شاری نیویۆرک (فۆتۆ:Reuters)

**رووداو- رۆیتەرز**

سوڵتان کۆسین کە کوردێکی باکووری کوردستانە، بە نازناوی درێژترین پیاوی جیهان و بە بەژنێکی 2.47 مەتر بەرزەوە چووە نێو کتێبی گینیس بۆ ژمارەی پێوانەیی. کۆسین بە 11 سانتیمەتر لە (باو شیشۆن)ی چینی درێژترە کە بەر لە ئەو خاوەنی نازناوەکە بوو.

وا دیارە بەژنی یەکجار درێژی کۆسین (27 ساڵ) گەلێک گرفتی لەگەڵ ژناندا بۆ دروست دەکات. سوڵتان لەمبارەیەوە دەڵێ "تا ئێستا پەیداکردنی خانمێکی هاورێ بۆ من کارێکی زەحمەتە، هەرگیز دۆستێکی کچم نەبووە، چونکە ئەوان لێم دەترسن."

کۆسین ئەوەشی راگەیاند کە ئەو بە هیوایە خۆشەویست و ئەڤینداری گەورەی خۆی بدۆزێتەوە، دەشڵێ:"یەکەم شت دەمەوێ ئوتومبیلێکم دەست بکەوێت کە بتوانم سواری بم، بەڵام ئەوەی زیاتر مەبەستمە و دەمەوێ هاوسەرێکە. رەنگە لە ئێستا بە دواوە بتوانم ژنم دەست بکەوێت چونکە ناوبانگم پەیدا کردووە."

کۆسین هەروەها خاوەنی درێژترین دەست و قاچە لە جیهاندا، درێژیی لەپی دەگاتە 27.5 سانتیمەتر و درێژیی پێشی دەگاتە 36.5 سانتیمەتر. بە هۆی بەژنی بێ هاوتا درێژییەوە کۆسین گرفتی ئەوەی هەیە جلی جوان و رێکی دەست ناکەوێت کە پڕ بە بەژنی ئەو بێت. هەروەها خەویشی لێ ناکەوێت تەنیا مەگەر لەسەر سیسەمێک کە بە تایبەت بۆ ئەو دروست کراوە و درێژیشی 3 مەترە.

سەرباری ئەو گرفتانە کۆسین وای دەبینێت کە درێژیەکەی هەندێک شتی باشیشی بۆ ئەو تێدایە، ئەو گوتی:"لە مەودایەکی دوورەوە دەتوانم خەڵک بناسم، لەماڵێشدا سوود لە بەژنم وەردەگرم و گڵۆپ و پەردەی ماڵێ بە ئاسانی و بە ئیسراحەت دەگۆڕم."



کۆسین تا دەیەمین ساڵەی جەژنی لەدایک بوونی زۆر ئاساییانە جەستەی گەشەی کردووە، بەڵام لە پڕ دوومەڵێک لە جەستەی هاتووەو تووشی پەتای بەژن درێژی هاتووە. ساڵی رابردوو ئەو دوومەڵەی دەرهێندرا بۆ ئەوەی گەشە کردنەکەی رابگیرێت.

کریگ گلیندای سەرنووسەری ئەنسکلۆپیدیای گینیس، کۆسین بە بەژن درێژە ناسکەکە ناو دەبات و دەڵێ:"ئەو پیاوێکی هەست ناسک و ئارامە، سەبارەت بە رەوشی تایبەتی خۆی هیچ نیگەران و سەرسام نییە." کۆسین ئێستا لە ئەمریکایە لە چوارچێوەی گەشتێکدا بۆ وڵاتانی جیهان.

پێشتر لیونید ستادنیک-ی ئۆکرانی کە بەژنی دەگاتە 2،57 مەتر بە شێوەیەکی فەرمی نازناوی درێژترین پیاوی جیهانی بەدەست هێنا، بەڵام دواتر ناچار وازی لە نازناوەکە هێنا چونکە دەربارەی ئەو پێوەرەی بەکاری هێنا بوو مشتومڕ پەیدا بوو.